# قوڕئـان

پەیامی خۆشەویستیی ++++ پەیامی ڕق و کینە

نووسینی: حامید عەبدولسەمەد

وەرگێڕانی لە ئاڵمانییەوە: (شوانە)

www.rojhalat.de

www.bokan.de

خاکەلێوەی ٢٠١٧ ی زایینی

ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات - بۆکان

ئەو کتێبە پێشکەش باوکم، کە لە تەمنی منداڵیدا منی فێری قورئان کرد. یەکەم پرسیار و رەخنەی منی لەسەر کتێبی قورئان لە تەمەنی گەنجیدا بە تووڕەییەوە وەڵام نەدامەوە. بەڵام دواتر کە مرۆڤێکی گەورەبووم پێکەوە لەسەر شێوازێکی ڕێزدارانە لەسەر ئەگەری ئیلاهیبوونی تێکستەکانی قورئان باس و لێکۆڵینەوەمان دەکرد. کاتێ مرۆڤە فناتیکە ئیسلامییەکان لە میسر گوشارییێکی زۆریان بۆ باوکم وەك مەلا هێنابوو کە دژ بە تێزەکانی من لەسەر ئیسلام هەڵوێست بگرێ، پشتی منی بەر نەدا. زۆر بەداخەوە ئیتر ناتوانم لەگەڵی لەسەر تەوەری ئایین باس و ڕاوێژ بکەم چونکە چەند مانگ پێشتر کۆچی دوایی کرد.

شەڕی ناوخۆیی وڵاتە موسوڵمانەکان، هەروەها ناکۆکی و بەربەرەکانی نێوان ئایینەکەیان لەگەڵ دنیای ڕۆژئاوا، بەڵگەیە بۆ ڕەنگدانەوەی گوتەکانی قورئان و پێکهێنانی شەڕی سەردەم. نوسراوەکانی ناو قورئان خۆیان بەرپرسن بۆ دروستکردنی ئەو کێشەیە، چونکە لە لایەکەوە پەیامی ئاشتیان پێیە و لە لایەکیتریشەوە هەوڵی بەفەرمیکردنی شەڕ و ناکۆکی لە نێوان مرۆڤدا دەدەن. ئەو دژایەتی و پەرچەکردارە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ژیانی محەمەدەوە هەبووە، کە لە سەرەتاوە ئاشتیخوازانە بانگەوازی بۆ ئایینەکەی داوە، کەچی لە کۆتاییدا تۆوی شەڕ و ڕق و کینەی چاندووە.

حامید عەبدولسەمەد جارێکیتر هەر وەك کارە بەکەڵکەکانی پێشووی (کتێبی "ئیسلامی فاشیستی" و "محەمەد" کە وەرگێڕاوەکەی ئێستا لە سەر ئەم ماڵپەڕە دانراوە)، قۆڵی لێ هەڵماڵیوە و هەوڵی فێرکردن و راهێنانی وەچەی نوێ دەدات بۆ ئەوەی بە چاوی ڕەخنەوە سەیری چەمکەکان بکەن.

## پێرست:


پێشەکی وەرگێڕ: .......... 6
ڕوونکردنەوە .......... 9
قورئان چییە؟ .......... 13
قۆناخە جیاوازەکانی قورئان .......... 17
[بەشی ١] .......... 25
قورئان لە سەرووی مرۆڤەوە .......... 25
خودا مرۆڤ ئازار دەدات .......... 29
خودا تەنیا ڕێزی بۆ ئەو کەسانە هەیە، کە وەدوای قسەکانی کەوتوون .......... 34
[بەشی ٢] .......... 39
قورئان لە سەرووی ژیانەوە .......... 39
خودا و چرای جادوویی .......... 44
ژیانی ڕاستەقینە لە بەهەشتەوە دەستپێدەکا .......... 48
[بەشی ٣] .......... 52
هەڕەشەکانی قورئان .......... 52
لە ئاگری جەهەنەمدا .......... 59
نان شەکری لەجیاتی قامچیکاریی .......... 66
چاولێکەری لە ئینجیل .......... 68
لاوازیی محەمەد و نیشانەکانی خودا .......... 73
[بەشی ٤] .......... 77
تولەرانس و ناتولەرانسی لە قورئاندا .......... 77

ئایینی هاوبەش یا کێبەرکێی ناوخۆی ئیسلامی.....................................82
بێ هێزی پێغەمبەر .......................................................................85
هیچ زۆرداربیەك لە باوەڕەکەدا نییە، یا: مەزنترین "خراپ تێگەیشتن" ........90
[بەشی ٥]...................................................................................97
شەڕ و ئاشتی لە قورئاندا..............................................................97
چاوپۆشیکرن لە شەڕخوازییەوە بۆ شەڕی مان و نەمان.........................101
کۆیلایەتی، پەرەستن  و کولتوری شەهیدبوون.....................................105
سەردار و شەڕکەری دوورنواڕ........................................................109
ئاشتی – کات بۆ خۆ پتەوکردن.......................................................112
[بەشی ٦] ..................................................................................115
سوورەی ٩ ، مانیفێست "بەیاننامە" ی کۆتایی......................................115
رق و کێنەی پیرۆز.......................................................................118
دووڕوو، زەکات نەدەر و گاڵتەجاڕ ...................................................121
پارە و خوێن بۆ جیهاد ..................................................................126
[بەشی ٧] ..................................................................................129
یەهودییەکان لە قورئاندا ...............................................................129
ئایینی نموونە و ئارەزووی یەکگرتن...................................................135
یەکەم ڕاونان و دەرکردنەکان .........................................................138
زمانی قورئان توند و تیژتر دەبێتەوە..................................................141
تووناکردنی هۆزی بەنوقورەیزە ......................................................148
[بەشی ٨] ..................................................................................153
مەسیحییەکان لە قورئاندا ..............................................................153

چەواشەکرانی "پەرتووك" ........................................................... 157
قەدەغەی دۆستایەتیکردن، دواتریش شەڕ........................................... 160
[بەشی ٩] ........................................................................ 162
ژن لە قورئاندا.................................................................... 162
ژن و پیاو لە یەك ڕیزدا........................................................ 166
هاوسەری و سێکس................................................................ 170
لادان لە ڕێی خودا و زینا........................................................ 174
سزادان و ناوبژیوانی .............................................................. 178
داپۆشراو و هەڵپێچراو............................................................ 181
موزاحیمەتی سێکسی............................................................. 185
[بەشی ١٠] ...................................................................... 190
هۆمۆسێکسوالیتە(هاوجنس بازی) لە قورئاندا.................................... 190
چیرۆکی سدوم و عموره (گمورا).................................................. 194
خودا ڕقی لە تاوان و تاوانبارانە.................................................. 197
لێکۆڵینەوە لە پرسیار، ئەزمونەکەی مەترسیە بۆ گیان .......................... 201
[بەشی ١١] ...................................................................... 204
ئەو شتەی لە پەرتووکی قورئان دەمێنێتەوە...................................... 204
هۆگری بۆ زانست................................................................. 208
مەعنەوییەت لە قورئاندا........................................................... 212
گوتەی کۆتایی..................................................................... 214

## پێشەکی وەرگێڕ:

هەر کەس لە وڵاتانی ئیسلامی غەیری عەرەبی رەخنە لە سوورەکانی قورئان، حەدیس و بە گشتی ئایین بگرێ، روبەرووی بەرگریکردنی ئایینییەکان دەبێتەوە. ئارگۆمێنتیان ئەوەیە کە بەهۆی زمانی ئاڵۆزی قورئانەوە واتە عەرەبی، وەرگێرانی بۆ سەر زمانێکی دووهەم ئەو مانایەی لە زمانی دایکدا هەیەتی ناگەیێنێ و مرۆڤ تووشی هەڵە دەکات.

بەڵام حامید عەبدولسەمەد خۆی عەرەبە و لە میسر لەدایك بووە. نەتەنیا عەرەبی زۆر باش دەزانێ و زمانی دایکییەتی، بەڵکوو وەك مرۆڤێکی ئەدیب و نووسەر شارەزاییەکی زۆری لەسەر ئەو زمانە هەیە. بەهۆی بنەماڵەکەی و باوکی کە مەلا بووە، قورئانی هەر لە منداڵییەوە خوێندوە و سەردەمی لاویەتی خۆی بەو کتێبە و مێژووی ئایینی ئیسلامەوە تێپەڕ کردووە. وەك خۆی باسی لێوە دەکا هەر ئەو سەردەمەش هەستی بە دژ و پێچەوانەبوونی سوورەکان کردووە و کاتێ هۆکاری ئەو هەڵانەی لە باوکی پرسیوە، هیچ وەڵامێکی نەدراوەتەوە. هەر وەك دەزانین لە وڵاتانی ئیسلامیدا پرسیار و وەڵام لەسەر تەوەری ئایین و بەتایبەت قورئان، کەسایەتی محەمەد و حەدیس بە تاوان لە ئەژمار دێ.

محەمەد لە سەردەمی کاری بازرگانیدا لەگەڵ نەتەوەکانی یەهوودی و مەسیحی و ئایینەکەیان ناسیاویی پەیدا کردووە. بە لاساییکردنەوەی باپیری کە هەوڵی یەکگرتوویی نەتەوە عەرەبەکانی داوە، و بە هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگای ئەو سەردەمەی عەرەبستان کە زۆربەی خەڵکەکەی بوت پەرەست بوون، ویستوویە بە تێکەڵاوییەك لە مێژووی ئایینی ئیبراهیمی، ئایینێکی نوێ پێک بێنی کە بتوانێ نەتەوە و هۆزەکانی عەرەب یەکگرتوو بکات. لە سەرەتاوە وەکوو هەموو مرۆڤە ئایینیەکان و بوت پەرەستەکانی شاری مەککە لەو شارە بە شێوازێکی ئاشتیخوازانە بۆ بانگەوازی ئایینەکەی هەوڵی داوە. سوورەکانی ئەو سەردەمەی قورئان زۆربەیان ئاشتیخوازانەن و قاو بۆ پێکەوە ژیانی بۆچوونە هەمەرەنگەکان دەدەن.

دوای ماوەیەك لەبەر ئەوەی کەس گوێڕاگری لێ ناکا، لەگەڵ چەندکەس لە یارانیدا دەچنە یثریب (دواتر مەدینةالنبی یان مەدینە). لەوێ لەگەڵ چەندین باندی چەتە و دزدا هێزێکی نیزامی پێك دێنن کە زۆربەی چالاکییەکانیان بریتی بووە لە هێرش بۆ سەر بازرگانان و کاروانەکانی ڕێگای مەککە و مەدینە. لێرەبەدواوە زمانی قوڕئان بەتەواوی دەگۆڕێت و روخسارێکی شەڕخوازانە پەیدا دەکات.

چەند دەیە دوای مردنی محەمەد ئایەکانی قوڕئان لە لایەن عوسمانەوە کۆ دەکرێنەوە. لە سەردەمی ئەمەویی، عەباسییەکان و حاکمانی دواتردا، دەقەکەی عوسمانیش لەناو دەچێ و قوڕئان سەرلەنوێ دەنووسرێتەوە. بەداخەوە هەرچەند لە سەدەمی محەمەد دوور کەوتووینەتەوە، کتێبی قوڕئان و حەدیس پیرۆزتر بوونەتەوە و ڕەخنەلێگرتنیان ئاستەمتر بۆتەوە. هەڵس و کەوتە شەڕخوازییەکانی سەردەمی محەمەد وەك کارێکی نموونە لە لایەن ئیسلامیستەکانەوە تەنانەت تا ئەمڕۆش لاسایی دەکرێتەوە.

شەڕی ناوخۆیی وڵاتە موسوڵمانەکان هەروەها ناکۆکی و بەربەرەکانی نێوان ئایینیەکان لەگەڵ دنیای ڕۆژئاوا بەڵگەیە بۆ ڕەنگدانەوەی گوتەکانی قورئان و پێکهێنانی شەڕی سەردەم. نوسراوەکانی ناو قورئان خۆیان بەرپرسن بۆ دروستکردنی ئەو کێشەیە، چونکە لە لایەکەوە پەیامی ئاشتیان پێیە و لە لایەکیتریشەوە هەوڵی بەفەرمیکردنی شەڕ و ناکۆکی لە نێوان مرۆڤدا دەدەن. ئەو دژایەتی و پەرچەکردارە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ژیانی محەمەدەوە هەبووە، کە لە سەرەتاوە ئاشتیخوازانە بانگەوازی بۆ ئایینەکەی داوە بەڵام لە کۆتاییدا تووی شەڕ و ڕق و کینەی چاندووە.

حامید عەبدولسەمەد جارێکیتر هەر وەك کارە بەکەڵکەکانی پێشووی (کتێبی "ئیسلامی فاشیستی" و "محەمەد" کە وەرگێڕاوەکەی ئێستا لە سەر ئەم ماڵپەڕە دانراوە)، قۆڵی لێ هەڵماڵیوە و هەوڵی فێرکردن و راهێنانی وەچەی نوێ بە شێوازێکی زانستی و ئاکادێمیک دەدات کە بە چاوی ڕەخنەوە سەیری چەمکەکان بکەن.

هیوادارم بەو چەشنە کتێب و نووسراوانە بتوانرێ لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا و بەتایبەت کۆمەڵگای کوردەواری ڕچەی رەخنە بشکێندرێ و نەوەی نوێ بە چاوێکی کراوە و رەخنە ئامێزەوە سەیری هەموو بابەتەکان و تەوەرەکان بکات.

بۆ وەرگێڕانی ئایەکان لە ئاڵمانییەوە، لە دەقەکەی مامۆستا هەژار کەڵکم وەرگرتووە.

شوانە خاکەلێوەی ٢٠١٧ی زایینی

## ڕوونکردنەوە

دڵنیام ئەو شتە بەسەر ئێوەش هاتووە، کاتێ لە بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنیدا باس و گفتوگۆی نێوان ڕەخنەگرێکی ئیسلامی و باوەڕپێکراوێکی ئایینی ئیسلام لەسەر هۆکاری پەنگراوی زۆرداریی و تووڕەیی قورئان سەیر دەکرێ، و لە کۆتاییدا ناتوانین بزانین قسەی کامیان ڕاستە؟ لایەکیان بەڵگە لە سوورەی قورئان دێنێتەوە کە تووڕەیی لە هەنبەر ئایینیەکانیتر، بێ دینەکان و ژنان دەسەلمێنێ، ئەویتریشیان سووڕە لە قورئان دەخوێنێتەوە کە بانگی ڕەنگاڵەیی، خۆشەویستیی و لێبووردن دەدات.

ئەوەی نەتوانین پشتیوانی لە لایەنێك لەو دوانە بکەین، هەڵەی ئێمە نییە، هەڵەی بەرپرسی وتووێژەکەش نییە. لە زۆربەی ئەو چەشنە وتووێژ و باسانەدا، هەردوولا پەیتا پەیتا بۆچوونی یەکتر پووچەڵ دەکەنەوە و لە کۆتاییدا بە هیچ ئەنجامێك ناگەن. لە ڕاستیدا ئەو ناکۆکی و جیاوازییەش پەیوەندیی بە خودی قورئانەوە هەیە کە بەڵگە بۆ هەردووك بۆچوونەکە دەداتە خوێنەر: **"پەیامی خۆشەویستی و هەروەها پەیامی ڕق و کینە"**. سەیر ئەوەیە کە لە زۆربەی ئەو بارودۆخانەدا نە بەرپرسی وتووێژەکە و نە تەماشاڤانەکان بە وردی لە ناوەرۆکی ئەو سووڕانە و کێشەی نێوان دوو لایەنەکە تێناگەن و لایەنەکانیش بە ئانقەست یاخود لەڕووی نەزانییەوە لەسەر بەستێن و بوونی تێکستەکان بێدەنگی ڕەچاو دەکەن. مرۆڤ لەوناوەدا ئەگەر زانیاریی پێویستی لەسەر قورئان، ئایینەکە و چۆنیەتیی پێکهاتنی مێژووەکەی نەبێ، سەرلێ شێواو، مات و سەرگەردان دەمێنێتەوە.

هەرکەس سەری خۆی بە مێژوو و چۆنیەتیی پێکهاتنی کتێبی قورئانەوە خەریك کردبێ، دەبێ بزانێ کە نووسراوەکانی قورئان لە باری کات و سەردەمەوە، خۆیان بەسەر دوو سەردەمی مەککە و مەدینەدا دابەش دەکەن. لە یەکەمیاندا سووڕەکان باس لە ئاشتی دەکەن و لە سووڕەکانی دووهەمدا بانگی تووڕەیی و شەڕ دەدرێ. بەڵام ئەگەر بە وردی سەیری ئەو دوو بەشە بکرێ، دابەشکردنەکە بەو شێوەیە نییە کە دایان ناوە. ئەگەرچی لە

سووڕەکانی مەککەدا نابینرێت کاری چەکدارانە دژ بە بێدینەکان بەڕێوە بچێ، بەڵام زۆرێك لە سووڕەکانی ئەو قۆناغە قاو بۆ هاندانی هەستی ڕقلێبوونەوە دەدەن. هەر بەو شێوەیەش لە سووڕەکانی مەدینەدا کە بەسووڕەی پێکهێنانی جیهاد ناسراون، سووڕەی وای تێدایە کە سەبارەت بە ئازادی ئایین و ژیانێکی پڕ لە ئاشتی بۆ نەتەوە جۆراوجۆرەکان دەدوێ.

بەڵام پرسیار ئەوەیە: کام لەو سووڕانە جێی باوەڕە و دەبێ متمانەی پێ بکرێ؟ هەروەها چ شتێك بۆتە هۆی پێکهێنانی ئەو پارادۆکس و دژوازییە؟- کێشەیەك کە ڕاڤەکارانی قورئان و ئایینیەکان ساڵانێکی زۆرە لەگەڵ خۆیان ڕایدەکێشن. ئەوان یارمەتیدەری یەکتر بوون بۆ پێکهێنانی پرەنسیبی کوێرکردنەوە و پووچەڵکردنەوەی ئەو باس و وتووێژانەی وا لە سووڕەکانی پێشتردا گوتراون، یان بۆ بێ بایەخکردنیان.

سەرجەم مێژووی داگیرکەریی لەئیسلام، کە بە کۆنترۆڵی محەمەد بەسەر عەرەبستاندا دەستیپێکرد و بە هەرەسهێنانی عوسمانییەکان لە سەدەی بیستەمدا کۆتایی پێ هات، بە متمانەکردن و بەفەرمیکردنی سووڕەکانی قورئانی سەردەمی مەدینە پێکهاتن. هەوڵدان بۆ گەشەپێدان، هەڵماسان و گەورەکردنەوەی ئەو کێشەیە، چەوسانەوە و ڕاوەنانی مرۆڤی بێ دین بە ناوی خوداوە، تەواوی ئەو کارەساتانە ڕەنگدانەوەی خۆیان لە سوڕەکانی قورئاندا دەبیننەوە. بەهۆی پرەنسیپی کوێرکردنەوە و پووچەڵکردنەوە کە هەر وەك گوتمان لە لایەن وتووێژکەران و ڕاڤەکارانی قورئانەوە پێکهاتوە، سووڕەکانی مەدینە، بە پێی ئەو پرەنسیپە سووڕەکانی مەککەیان کە باس لەسەر ئاشتی و تولەرانس دەکات، پووچەڵ کردۆتەوە.

کێشەیەك کە تەنیا لە ناوەرۆکی بەشێك لە قورئان سەرچاوەی گرتووە. بەگشتی قورئان وەك گوتەی خودا سەیر دەکرێ، و بەو هۆیەشەوە هەموو سووڕەکان لە ڕوانگەی کاتییەوە تەفسیری ئەخلاقییان بۆ لێدراوەتەوە. ئەگەر خودا ویستبێتی وەحی، واتە قسەکانی پێشووی وەلابنرێت و پووچەڵ بکرێتەوە، ئەدی بۆ بە شەفافی باسی لێوە نەکردووە؟ پرسیارێکی کافرانە، کە لە لایەن ڕیفۆرمیستی سوودانی محەمەد محەمەد تەها (١٩٠٩- یا

١٩١١)وه كراوه، و سزايەكی لە گوێن سزاكانی سەردەمی سەدەكانی ناوەڕاست لە جيهانی مەسيحيدا بەسەردا سەپاوە. محەمەد تەها سووڕەكانی سەردەمی مەدينە وەك كاردانەوە و دژكردەوەی پەرەسەندنی بارودۆخی سياسی و نيزامی سەردەمی خۆی سەير كردووە كە بە هيچ شێوەيەك مەبەستی پووچەڵكردنەوەی 'وەحی'يەكانی پێش خۆی نەبووە. بەو هۆيەش ياساكانی شەريعەت كە خۆيان لە سووڕەكانی مەدينەدا دەدۆزنەوە، بە كێشەی سەردەم نازانێ. تەها ويستوويە ڕێنێسانسێك لە رۆحی مەككەدا پێك بێنێ، سەردەمێك كە قورئان قاوی بۆ پرەنسيپێكی گشتيی دەدا و هەوڵدانێكی كەمتری بۆ كاری پڕتووڕەيی و كاردانەوەی ناحەز تێدايە. ئەو لە ناوەڕاستی ساڵەكانی هەشتادا لە خارتووم لەسەر تێزە ئايينيەكەی لە سێدارە درا.

بە بڕوای من نە سووڕەكانی مەككە و نە هی مەدينە كارتێكەری بە فەرميكردنی كردەوەی ئەخلاقييان بۆ هەڵس وكەوتی سيستماتيكی موسوڵمانی مودێرنی ئەوڕۆييان تێدا بەدی ناكرێ. نەك لەبەر ئەوەی من نكۆڵی و حاشا لە پرەنسيپی ئەخلاقيی قورئان دەكەم، بەڵكوو تەواو بە پێچەوانەكەی و لەبەر ئەوەی ئەگەر پرەنسيپی حاشاهەڵنەگری پەيام و وەحيەكانی محەمەد وەك پێغەمبەر رەد بكرێتەوە، كە ٢٣ ساڵ درێژە و كارتێكەريی بووە، ئەدی چلۆن موسوڵمانان چاردە سەدە دواتر هێشتا هەر پشتی پێ دەبەستن؟ ئەوەشمان لەبەر چاو بێ كە شێوازی ژيانی پێغەمبەر كە وەحی و پەيامەكانی خودای وەرگرتووە، دەبێ لەو سەردەمە و بەشێوەيەكی بنەڕەتی گۆڕانيان بەسەردا هاتبێت.

بەوهۆيەوە، لێكدانەوەی قورئان تەنيا كاتێک دەتوانێ بەر و ميوە بدات، كە مرۆڤ خۆی لە هێزی تێكستەكەی وەك نووسراوەيەكی خودايی، ئيلاهی و هەميشەيی ڕزگار بكات. خودا نە بە كات و نە بە بەستێنەوە دەبەسترێتەوە، بەڵام بە گوتە و كردەوەی مرۆڤەوە بەستوويانەتەوە. تەفسير و لێكدانەوەی قورئان بە بێ رەخنە و بە بێ هاوتايی و هاو ئاستی كاتيی هيچ مانای نابێ.

ئەو چەشنە تێئۆریی و فەلسەفی کردنانە تەنیا کاتێک گونجاو دەبێت کە ئێمە کتێبی قورئان وەك بەرهەمێکی ئینسانی ئەوتۆ سەیر بکەین کە تەنیا پەرەسەندن و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگایەکی ٢٣ ساڵەی ئەو سەردەمە لەخۆی دەگرێ. لە مەککە کۆمەڵگاکە زۆر لاواز و لەژێر گوشاردا بووە و هیچ دەرەتانێکی بۆ بەڕێوەبردنی چالاکیی چەکدارانە نەبووە و ویستی زیاتر پێکەوە ژیان بووە.

بارودۆخی مەدینە جیاوازیی هەبوو، کۆچەرانی موسوڵمان بە سەرکردەیی محەمەد هێزێکی نیزامی بەقەوەتیان پێکهێنابوو و چەندین شەڕی سەرکەوتووانەیان بەڕێوە بردبوو. لەوێ بارودۆخێکی تایبەت بۆ چارەسەری کێشە لە ڕێگای زۆرداریی و شەڕەوە پێکهات، لەبەر ئەوەی ژیانی کۆمەڵگاکە  بە دەسکەوتی سوپایی و فرۆشتنی کۆیلەی شەڕەوە بەسترابۆوە. ئەوپەرەسەندنە بە باشی لە قورئاندا ڕەنگی داوەتەوە، لای کەم سوورەکانی سەردەمی کۆتایی مەدینە بە ئاشکرایی بۆنی شەڕخوازانە و دوژمنایەتییان لێوە دێت.

## قورئان چییه؟

وشەی قورئان له زمانی عەرەبیدا به مانای "ذکر" واته باسکردن، خوێندنەوه، دەربڕین، خوێندنەوەی نزا و ویرد هاتووه و دەگەڕێتەوه بۆ وشەی سوریانی قیریان"qiryan" که به پەرتووکی سەڵانامه گوتراوه و مەسیحییەکانی سەردەمی محەمەد له کلیساکانیاندا بۆ دۆعاکردن کەڵکیان لێ وەرگرتووه. قورئان، کتێبی ئایینی موسوڵمانان له ١١٤ سووره پێکهاتووه که درێژاییان جیاوازه. درێژترین سووره ی قوڕئان سوورەی دووهەمه به ٢٨٥ ئایەوه. کورتترین سووره (سوورەی ١٠٨) تەنیا له سێ ئایه پێکهاتووه. ژمارەی سوورەکان کرۆنۆلۆگی مێژووی کاتیی گوتنی وتەکان پیشان نادەن و له لایەن خەلیفەی سێهەم عوسمان (خەلافەتەکەی له ساڵی ٦٤٤ تا ٦٥٦) ەوه تەنیا بۆ ڕێکوپێککردنی سوورەکان دانراوه.

عوسمان هەوڵی داوه سوورەکان به پێی درێژیەکەیان بەدوای یەکتردابێن. بەو هۆیه یەکەم سووره خراوەته ژێر ژمارەی ٩٦ و ئاخرین سووره له ژێر ژمارەی ٩ دایه. سوورەکان نەك به نووسراوه بەڵکوو له ڕێی بیستنەوه به محەمەد ڕاگەیاندراون. پێغەمبەریش ئەو سوورانەی وا بۆی نازڵ بوون هەر وەك له بیوگرافییەکەیدا دەبینرێ، دەبێ هەر بەو شێوەیەی گوێی لێ بووبێت، بۆ لایەنگرەکانی گێڕابێتەوه. نیزیکەی دوو دەیه دوای مردنی محەمەد سوورەکانی قورئان و گوتەکانیتری محەمەد که دواتر ناوی حەدیسی لەسەر دانرا، کۆکرانەوه. له کاتی کۆکردنەوکەدا زۆربەی ئەو کەسانەی ڕاستەوخۆ گوتەکانیان لەزمانی محەمەد بیستبوو، نەمابوون و قسەکانی زار به زار گەڕاون و مرۆڤیش به ئیشتیای خۆیان شتیان لێ زیاد کردووه و ڕازاندوویانەتەوه، به شێوەیەك که وەچەکانی داهاتوو زۆر دژوار دەیانتوانی جیاوازی نێوان ئەفسانه و ڕاستییەکانی ئەو سەردەمه بناسن.

سەرەڕای ئەوەش کێشەی هەڵنەبژاردنی جێگر له لایەن محەمەدەوه هێندەی تر مەسەلەکەی ئاڵۆز کردوه. بارودۆخەکه وای لێهاتوه که بەدوای

مردنیدا چەندین گرووپ لەسەر بەدەستەوەگرتنی هێز لەگەڵ یەکتر بەربەرەکانیان کردووە. شەڕ لەسەر بەدەستەوە گرتنی حکوومەت لە ڕۆژی ٨ی ژوئێنی ساڵی ٦٣٢ ڕاست ئەو ڕۆژە دەستیپێکرد کە مێژوونووسانی ئیسلامی بۆ مردنی کوتوپڕی محەمەدیان دیاریکردووە. هەرکام لە گرووپ و لایەنەکان نەک هەر مافی حکوومەتی تەنیایان بە خۆ ڕەوا دەبینی، بەڵکوو بەهۆی جیاوازی مێژوویی گێڕاوەکانیانەوە، لە سەرەتادا بەسەر دوو لایەنی شیعە و سوننەدا دابەش کران. شیعەکان تا ئەمڕۆش لەسەر ئەوە سوورن کە جێگری محەمەد دەبێ تەنیا لە لایەن یەك لە ئەندامانی بنەماڵەی پێغەمبەرەوە دابندرێت. سوننەکان کە زۆریەی موسوڵمانانی جیهان پێکدێنن بە پێچەوانەی شیعەکان، سێ ڕێگایان بۆ ئەو جێگرییە دیاری کردووە: هەڵبژاردنی کەسێك بە شێوەی دەنگدان لە نێوان مرۆڤە ئایینیەکان، وەدەستهێنانی هێز بەهۆی سەرکەوتوویی لە شەڕدا و هەروەها وەرگرتنی هێز لەناو ئیمپراتۆرییەکەدا بە شێوەی میراتی.

مرۆڤ دەتوانێ وێنای بکات کە لەو بارودۆخە ئاڵۆز و تێکەڵپێکەڵەدا هەرکام لە گرووپەکان بە هەموو تواناوە هەوڵیان داوە خۆیان بە فەرمی بکەن و دوای پێغەمبەر هێز بەدەستەوە گرن. ئەگەر لەو بارودۆخەدا ئەوپەڕەکەی بە هێزی شەڕ و ئاژاوەگێڕان کارەکە بۆیان سەری نەگرتبێت، هەوڵیتریان بۆ وەرگرتنی هێز داوە. لەو قۆناخەدا هیچ چەکێك لە گوتە و وشەکانی پێغەمبەر کاراتر نەبووە و بۆ وەپێشخستنی نیازەکەیان بە ئیشتیای خۆیان گوتەیان لێ زیاد کردووە.

بەتایبەت عوسمان ئەو ئەرکەی لە ئەستۆ گرتووە و دەستی بە کۆکردنەوە و نووسینی گێڕاوەکانی محەمەد لەسەر پێستی مەڕ کردووە. تا ئەمڕۆش ئەگەرچی عوسمان وەك کەسایەتییەکی کزی سیاسی ناسراوە، شانازی بە کۆکراوەکەی دەکرێ، کە وەك پایەی سەرەکی داڕشتنی کتێبی قورئان لە ئەژمار دێت. مرۆڤ ناتوانێ ئەو بۆچوونە ڕەد بکاتەوە کە ڕەنگە چەندەهایەک لە گوتەکانی قورئان لەو سەردەمەدا لە ناوچووبن یا خود بە ئانقەست قرت کرابێتن. خەلیفە خۆی لەو سەردەمەدا ئەمری لەناوبردن و سووتاندنی هەموو ئەو دەقانەی داوە کە جیاوازیان لەگەڵ کۆکراوەکەی

خۆی هەبووە. بەڵام دەقە سەرەکییەکەی خۆیشی چلۆن و چۆن بووە، ناتوانین ئەمڕۆ بزانین، چونکە ژمارێکی زۆر لە دەقەکانی دوای ئەو سەردەمە لە ویترینەکانی جیهانیدا ماون و دەبینرین. تازە ئەو دەقانەش بۆ قایمکردن و داسەپاندنی حکوومەتی خەلیفەکانی سەردەمی خۆیان گۆڕانکارییەکی زۆریان بەسەردا هاتووە.

هەموو مرۆڤێکی موسوڵمان لەسەر ئەو باوەڕەیە کە قورئان ڕاستەوخۆ لە لایەن خوداوە و بەهۆی فریشتەی سەرەکی جوبڕائیل بۆ محەمەد ناردراوە. لە خودی قورئاندا نە باس لەسەر جێ و شوێنی وەحیەکان کراوە و نە باس لەسەر چۆنیەتی پێکهاتنیان. تەنیا لە سووڕەی ٢٧ ئایەی ٦ دا خودا لەگەڵ پێغەمبەر دەدوێ: ***"تۆ ئەم قورئانەت هەر لە لای کارزانێکی زۆر زاناوە، پێ فێر دەکرێ."*** .

مێژووی ئەو سەردەمە بەهۆی بیوگرافییەکانی محەمەدەوە کە ١٣٠ ساڵ دوای مردنی کۆکراونەتەوە و بەتایبەت کۆکراوەکانی حەدیسەکەی البخاری[1] زانیاریی وردمان دەدەنێ. لەوێدا دەخوێنینەوە کە محەمەد لە تەمەنی ٤٠ ساڵاندا خۆی لە کۆمەڵ دوور خستۆتەوە و بۆ بیرکردنەوە لە ناو ئەشکەوتێکی دەرەوەی شاری مەککە گیرساوەتەوە. دەبێ لەخەودا بووبێ و زۆریش ترسابێ، کاتێ کەسێك لە خەوەکەدا ڕایچڵەکاندووە و پێی گوتووە: "*بخوێنەوە*!" محەمەد وەڵامی داوەتەوە: "*من ناتوانم بخوێنمەوە*" کەسەکە هەمیسان یەخەی گرتووە و دووجاریتر دووپاتیکردۆتەوە: "*بخوێنەوە!*" کاتێ محەمەد هەمیسان پێی گوتۆتەوە کە ناتوانێ بخوێنێتەوە، کەسەکە خۆی بە فریشتەی سەرەکی واتە جوبرائیل پێ ناساندووە و یەکەم سووڕەی قورئانی بۆ خوێندۆتەوە:

*" وانە بەناو پەروەرەندەت! کە زیندەوەر کاری ئەوە. جنسی مرۆی لە جڵتەێی وەدی هێنا "*

[1] Sahīh al-Bukhāri: Hadith Nr. 3

ئەو ئايانە سەرەتای سوورەی ٩٦ پێكدێنن. لە قورئاندا باس لەسەر كاتی گوتنی ئەو وەحیانە نەكراوە. تەنیا لە سوورەی ٢ دا بە شێوازێكی نادیار باس كراوە:

*"مانگی رەمەزان مانگێكە قورئان لەودا كل كراوە، كە رێ بە مەردم نیشان دا و زۆر نیشانەی شارەزایی و هۆی لێكترهەڵوەژاردنی پاك و ناپاكی تێدایە. جا هەر كەسێ مانگی رەمەزان دەبینێ لەسەریەتی بەرۆژووبێ، هەركەسێكیش لەش بە بارە یان رێبوارە، ئەو ژمارە لە رۆژانی دیكە پێ بێ. خوا سانایی ئێوەی دەوێ و نایەوێ ئەركو گران بێ. رۆژەكانی تەواو - پێ بن و یادی خودا بكەنەوە؛ كە ئەو رێگەی نیشان داونو پێویستە شوكرانەی بكەین."* (سوورەی ٢ ئایەی ١٨٥)

هەمیسان بەڵگەی سەرچاوەی جیا لە قورئان ئەو باسە بە وردی روون دەكەنەوە، كە سوورەكانی قورئان نە لە یەك مانگدا بەڵكوو لە ماوەی ٢٣ ساڵ دا گوتراون، واتە لە نێوان ساڵەكانی ٦١٠ و ٦٣٢ دا لە دوو شاری مەككە و مەدینە. لەو دوو شارەی كە محەمەد تێیاندا هەڵسووڕاو بووە و لەو كاتەدا كە بۆ پەرەپێدانی ئایینەكەی بەدوای كۆمەڵدا دەگەڕا. لەسەر ئەو باسە، پاشان زیاتر دەدوێین.

قورئان نە مێژووی محەمەد دەگێڕێتەوە و نە مێژووی جیهان. سوورەكانیشی وەدوای هیچ ساختارێكی بابەتی یا ریوایەتێك نەكەوتوون. تەنانەت چیرۆكی پێغەمبەرەكانیش لە قورئاندا وەك شێوازی كتێبی ئینجیل نین كە سەرەتا و بە لووتكە گەیشتن و كۆتاییەكیان هەبێ، بەڵكوو تەنیا بە شێوازی وێنەیەكی كاتی باسیان لێوە كراوە. تەوەرەكانیش ئەگەرچی لە قورئاندا جیاكراونەتەوە بەڵام وەك چەمك و لایەنی تایبەت و لە پەیوەندیی لەگەڵ یەكتردا نەهاتوون و تەنیا بەسەر سوورەكاندا دابەشكراون، وەك:

بانگەوازی یەک خودایی، یاسا و یاساخەكان، ئاگاداركردنەوە لە ئاگری جەهەننەم، وێناكردنی بەهەشت، باسی نەتەوەكانی یەهوودی و مەسیحی، بەڵگە و پرۆتۆكۆلی شەڕەكان، چیرۆكی پێغەمبەران و ئەفسانەكان.

## قۆناخە جیاوازەکانی قورئان

بڕێك وردتر سەیری سەردەمی کاتی (مەککە / مەدینە) و قاتبەندیی بابەتوانییەکەی دەکەین:

**قۆناخی خۆ سەلماندن**

یەکەم کورتە سوورەکانی قورئان بەشێوەی شیعر پێکهاتوون کە شێوازی بیر کردنەوەییان هەیە و زیاتر بێ لایەنن. بیرۆکەی تەوحید و مانا و چەمکەکانی بەهەشت و جەهەنەم زۆر بە ئەسپایی و ئاستەمی باسیان لێوەکراوە. لێرەدا محەمەد تەنیا ئەو ویستەی هەیە کە وەك پێغەمبەر سەیر بکرێ و بسەلمێندرێ.

**قۆناخی نیزیکبوونەوە لە عەرەبەکان**

قورئان بە شێوازێکی ئارام هەوڵی بانگەشەکردن دەدات. بیرۆکەی تەوحید ئەگەرچی وەك خاڵی سەرەکی لە ناوەڕاست سووڕەکاندا جێی گرتووە، بەڵام ڕاستەوخۆ مرۆڤی "polytheismus"[2] یا "paganismus"[3] ی شاری مەککە ناگرێتەوە. لە قورئانی ئەو قۆناغەدا هیچ سووکایەتییەك بەو مرۆڤانەی تێدا نابینرێ. ئەو سەردەمە کاتی خۆپارێزییە و محەمەدی بە تەواوی بە خۆیەوە خەریك کردووە چونکە خەڵکەکە لەسەر ئەو بۆچوونە بوون کە محەمەد درۆ دەکات یا قورئانی لە رووی کتێبەکانیتر نووسیوەتەوە و لە ئەفسانە کۆنەکانی کەڵك وەرگرتووە.

[2] پەرستنی چەند خودایی
[3] بێ بڕوایی یاخود بێ دینی

**قۆناخی شکاندنی دابو نەریت و سوننەت**

دوای ئەوەی محەمەد هاتبووە سەر ئەو باوەڕە کە خەڵکانی مەککە پەیامەکەی بە جیددی وەرناگرن و گرنگایەتی پێنادەن، دەنگی قورئان دەگۆڕێ و لەگەڵ خەڵک و خوداکانیان زۆر بە تووڕەیی دەدوێ. ئەو قۆناخە بە تایبەت دژایەتیکردنی کافرانی بە ئاشکرا تێدا دەبینرێ، ئەگەرچی هێشتا باسی ڕاستەوخۆی شەڕی چەکدارانەی تێدا نییە. هاوکات تۆوی رق و کینە و چەقەرەی زۆرداریی لە ناو دڵی خەڵکیدا دژ بە بێدینەکان دادەچێنێ. ئەو کەسەی مرۆڤی بێدین وەك کافر سەیر بکات، کە بۆ هەمیشە لە جەهەننەمدا دەسووتێن، پردێکی دیالۆگ و باسکردنەوە لە ناو خەڵکیدا پێك دێنێ. بەهۆی بێ بەش بوون و کورتی هێنان و ناتەواوی، مرۆڤ دەتوانێ خۆی بە خوداکانەوە هەڵواسێ: ئەگەر تەنانەت خودا خۆی رقی لە بێ دینەکان بێ و ویستی ئەوە بێ بە توندی تاوانیان بدا، بۆ دەبێ مرۆڤێکی موسوڵمان بەزەیی پێیان دابێ و لە ڕێزی مرۆڤیان دابنێ؟

**قۆناخی هێنانەدەری ئیسلام لە ناو عەرەب**

لەبەر ئەوەی گۆڕینی دەنگی قورئانیش لە ناو کۆمەڵگای شاری مەککە لایەنگری بۆ محەمەد بە دیاری نەهێنا، ناهومێد و هیوابڕاو لە مەککەوە کۆچ دەکا بۆ مەدینە. لەوێ لە سەرەتاوە هەوڵی نیزیکبوونەوە لە نەتەوەی یەهوودی دەدا بەو هیوایەی بیسەلمێنن، پشتیوانی لێبکەن و باوەڕی پێ بێنن. لەو قۆناخە سەرەتاییەی شاری مەدینەدا زۆربەی داب و نەریت و گێڕاوەکانیی یەهوودی ئاوێتەی ناو گوتەکانی قورئان دەکرێن. لایەنێك لە قورئان لەو قۆناخەدا پێك دێ کە بانگەوازی پێکەوەژیانی ئایینەکان دەدا و نەتەوەی یەهوودی وەك نەتەوەی ئەهلی کتێب دەناسێنێ. تەنانەت مەسیحیەکانیش لەو قۆناخەی قورئاندا بە شێوەی رێژەیی وەبەر تولەرانس دەکەون و رەحمەتیان بەسەردا دەبارێ.

**قۆناخی بە عەڕەبی کردنەوە**

لەبەر ئەوەی یەهوودییەکان نە پەیامەکەی بە فەرمی دادەنێن و نە پشتیوانی خۆی و هێزە نیزامییەکەی دژ بە خەڵکانی مەککە دەکەن، محەمەد خۆیان لێ دەکێشێتەوە دواوە. بە پێی کات محەمەد هەم لە ڕوانگەی سیاسییەوە و هەم ئایینی، یەهوودییەکان وەك رەقیبێک سەیر دەکا. دەنگی قورئان تووڕەتر دەبێ: لەجیاتیی یەکەم هەڵبژاردەی نەتەوەی یەهوودی لە لایەن خوداوە و خەڵکی ئەهلی کتێب، بە ناوی درۆزن، ساختەچی کتێب و تەنانەت وەك بن و بنەچەی مەمیمون و بەراز ناودەنرێن. هاوتەریب لەگەڵ بێ نرخکردنی یەهوودییەکان، بۆ ماوەیەکی کورت مەسیحییەکان و باوەڕەکەیان دەکەوێتە ژێر ڕەخنەوە. بەڵام ئەو رق و کینەیە بو ماوەیەکی زۆر نامێنێتەوە و وەك قۆناخە سەرەتاییەکانی قورئان، لە نێوان باوەرەکانیتردا یەهوودی و مەسیحی، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ بۆچوونەکانیتر جیاوازی دادەنرێ و هەموو باوەرەکانیتر جیا لەو دوانە بە بێ دین لە ئەژمار دێنن.

**قۆناخی خاوێنکردنەوە و سڕینەوە**

چەمکی پێکەوەژیانی فرە ئایینی لە مەدینە بەهۆی بەرزەفڕی و مەقامخوازی محەمەدەوە چ لە باری سیاسی و چ لە ڕوانگەی ئابوورییەوە سەر ناکەوێ. خۆکێشانەوە و دوژمنایەتی لە هەنبەر یەهوودییەکان تەنیا وەك ناخۆشیی و دڵشکانێك نامێنێتەوە، بەڵکوو لەشکریان دەکاتە سەر و ناچاریان دەکات هۆز بەدوای هۆزدا مەدینە بەجێ بێڵن. لە هەنبەر هۆزێك بە ناوی بەنوقورەیزە"Banū Quraiza" کارەساتێکی پیاوکوژی پێك دێنێ، کۆمەڵکوژییەک کە دەبوو وەك نموونە و چاوترسێنێك بۆ مرۆڤەکانی ناوچە لە ئەژمار بێت. کتێبی قورئانیش وەك بەڵگەنامە، ڕێخۆشکەر، رێدەر و بەفەرمیکەری کاری شەڕخوازانەی دژ بە یەهوودییەکانە.

**قۆناخی شەڕی تەواوعەیار**

سوورِه کۆتاییەکانی ناو قورِئان قاو بۆ شەڕی سەروماڵ دژ بە هەموو بێ دینەکان دەدەن. ئەگەر لە قۆناخی سەرەتایی بارودۆخی مەدینەدا قورئان ئیزنی شەڕی پارێزگاریکردن لە خۆی، بەفەرمی کردبوو، ئەمجارەیان سوورِه کۆتاییەکان بەتایبەت سوورِەی ٩ بە تەواوی هێزەوە ئایینییەکان هان دەدات بۆ کوشتنی بێ دینەکان. شاری مەککە دەگیررێتەوە، هەموو خوداکانی عەرەب و نەتەوەکانیتر لەبەر دەرکی کەعبە توونا دەکرێن. رێککەوتە کۆنەکانی لەسەر ئاشتی و پێکەوە ژیانی نەتەوەکان، بە پێی سوورِەکانی قورِئان، هەڵدەوەشێندرێنەوە. هۆزە بەجێماوەکانی سەر نیوچە دورگەکانی عەرەبی و بەتایبەت مەسیحییەکان لە ترس و وەحشەتدا ناچار بە کۆچکردن دەکرێن.

ئەگەر مرۆڤ ئەو قۆناخە جیاوازانە بە وردی سەیر بکات، دەبینێ کە کتێبی قورِئان بە ئاشکرایی و ڕاستەوخۆ لەسەر بارودۆخی سیاسیی کاتییەک هەڵس و کەوتی کردووە کە بە بێ پسانەوە لەگەڵ کەسایەتیی و بارودۆخی محەمەد وەك سەرۆکی ئایینی و سیاسیدا جۆشی خواردووە. لە سەردەمی کاتیی محەمەد دا قورِئان بە شێوەی دەم بە دەم و زارەکی ڕادەگوێزرا و هەڵس و کەوتێکی کاتی بووە کە لەهەنبەر هەموو بارودۆخەکانی سەردەمی خۆی بە شێوازی سەرزارەکی هەڵوێستی گرتووە و وەڵامی داوەتەوە. مرۆڤ ئەگەر بە وردی سەرنجی بداتێ، دەبینێ کە لە زۆربەی بارودۆخەکاندا بە پێی بەرژەوەندیی، هەڵس و کەوتەکان دەگۆڕرێن و چاکسازی دەکرێنەوە.

چەند دەیە دوای مردنی پێغەمبەر، کتێبی قورِئان وەك نووسراوەیەکی پیرۆز و ئیلاهی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی، ئابووری و یاسایی وڵاتە ئیسلامییەکان، زیندوو کراوەتەوە. هەرچەندە زیاتر مەودای کاتیی موسوڵمانان لەگەڵ سەردەمی محەمەد دوورتر دەبێتەوە، بەو ڕادەیەش زیاتر کتێبی قورِئان پیرۆزتر و ڕەخنەلێگرتنی دژوارتر دەبێتەوە. لە ڕوانگەی ئایینیە موسوڵمانەکانەوە وێناکردنی ئەو کتێبە وەك ئاخرین کتێبی

ئیلاهیی و نووسراوەیەکە کە ڕاستەوخۆ لە لایەن خوداوە بۆ مرۆڤ نێرراوە، پلەیەکی وەها بەرزی پێدراوە کە بە گوێرەی کات، خۆی لە هەنبەر رەخنەدا بەهێزتر پاراستووە.

حاکمان و سەرۆك هۆزانێک کە دوای محەمەد هاتوونەتە سەر کاری حکوومەتدارییی، بۆ باشتر حکوومەتکردن و لەشکەرکێشان بۆ سەر دراوسێ و وڵاتانی دەوروبەریان و پشتیوانی و وەرگرتنی متمانەی موسوڵمانەکان، بەردەوام بۆ بەفەرمیکردنی حکوومەتەکەیان بەدوای بەڵگە و یاسای ناو قورئاندا گەڕاون و هەمیشەش شتێکی پڕبە پێستیان تێدا دۆزیوەتەوە یاخود لێیان زیاد کردووە. ئایینیەکان بۆ پشتیوانی ئەخلاقی و رووحانی، هەمیشە پێویستیان بە نووسراوەکانی ناو قورئان هەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی قورئان تێکستی دژبەیەک وپێچەوانەی زۆری تێدایە و عالمانی ئیسلامیش پەیتا پەیتا بۆ بارودۆخی جۆراوجۆر کەڵکیان لێوەرگرتووە، بە پێی کات سەرنجیان بۆ ئەو دژایەتی وپێچەوانەبوونە ڕاکێشراوە و هەرکام بە شێوازی خۆیان هەوڵی روونکردنەویان داوە.

ئەو گۆڕانکارییانە نیزیکەی هەزار ساڵ بەر لە ئێستا کۆتاییان پێ هاتووە. لەو سەردەمەدا چوار قوتابخانەی ئیسلامی پێکهاتبوون، بەڵام هێشتا بۆچوون و باسی هەمەڕەنگ لەسەر تێکستەکانی قورئان لە ئارادابووە. بۆ کۆتایی هێنان بەسەر ئەو جیاوازییانە، چوار قوتابخانەی ئیسلامی هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە یاسایەکی گشتیی پێك بێنن: عالمانی هەر چوار قوتابخانەکە هاتنە سەر ئەو بڕیارە کە نوسخەی قورئان و نووسراوەکانی حەدیس بە فەرمی بناسن. بەو شێوەیە دەرگایان لەسەر شیکردنەوە و پەرەسەندنی ئەو نووسراوانە داخست. لێرە بەدواوە عالمانی ئایینی نووسراوەکانیان وەك نوسخەیەکی تەواو و کامیل سەیر کردووە و لە پەیوەندیی لەگەڵ کات و شوێندا گرنگایەتیی و بڕواپێکراوی گشتییان پێداوە. ئەو کارە بووە هۆی قایم و پتەوکردنی ئیدیۆلۆژییەك کە تا ئەمڕۆش ئەزموونێکی تاڵ و فناتیکانەی بۆ بیرکردنەوەی ئایینی و کۆمەڵگایی ئیسلامی لەخۆی بەجێ هێشتووە.

ڕەخنەگرتن و بەربەرەکانیکردن دژ بە نووسراوەکانی کتێبی قورئان ئەوکاتە پێکدێت، کە مرۆڤ ئەو پەرتووکە نەك وەك تێکستێکی ئیلاهی و گوتەی کۆتایی خودا سەیر بکا، بەڵکوو وەك تێکستێکی ئینسانی هەڵس و کەوتی لەگەڵدا بکرێت. چونکە کێشەی مەزن، نووسراوەی ئەو چەشنە نییە، بەڵکوو چەسپاندن و بایەخپێدان بە گوتەی ڕاستەوخۆی خودایە کە ناکرێ گۆڕانکاریی بەسەردا بێ و کارەکە دژوار دەکات. بە پێچەوانەی تێکست و نووسراوەکانی کتێبی ئایینی یەهوودی و مەسیحییەکان، کە ئەگەرچی ئەوانیش وەك وەحی لە لایەن خوداوە سەیر دەکرێن، لە لایەن مرۆڤەوە نووسراون و بەپێی زمان و شێوازی ماناکردنەوە و لێحاڵیبوونی ئەو مرۆڤانە لە نووسراوەکان، کارتێکەریی و گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، کتێبی ئایینی ئیسلام لە لایەن هەموو موسوڵمانەکانەوە بە کتێبێکی نەگۆڕ و هەمیشەیی دادەنرێ کە لە هەوەڵ ڕۆژەکانی خوڵقاندنەوە بە زمانێك و ناوەڕۆکێکی نەگۆڕ لای خودا پارێزراوە. تەنانەت لە تێکستەکانی قورئاندا خودا خۆی بەڵێنی داوە ئەو کتێبە لە گۆڕان بەسەرداهاتن دەپارێزێت. بەو هۆیەوە پرەنسیپی نەسخ کردن دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. هاوکات وەك خۆراگریی تێکستەکانی قورئان کە ١٤٠٠ ساڵ بەسەر تەمەنیدا تێپەڕ بووە، دەبێتەهۆی کۆسپێك لەسەر ڕێ و شێوازی ژیانی مودێرنی ئەمڕۆیی و کەس ناتوانێ دوای ئەو کاتە دوورودرێژە بڵێ من دەزانم کە خودا بەو نووسراوانە ویستوویە چ شتێك بە مرۆڤ بڵێ.

هەر وەك گوتمان قورئان کتێبێکی ئاڵۆز و هەمەلایەنەیە کە دژ و پێچەوانەییەکی زۆریشی تێدایە. دەتوانین لەگەڵ سوپرمارکتێکی گەورە هەڵیسەنگێنن: مرۆڤ هەمووشتێکی تێدا دەدۆزێتەوە: بەزەیی پێداهاتن و رق و کینە، ئاشتی و شەڕخوازیی، سەبووری، تولەرانس و ناسەبووری و نا تولەرانسی، بەخشین و تۆڵەسەندنەوە، پێکەوە ژیان و ڕاوەنانی باوەڕەکانیتر. هەرکەس قورئان وردتر بخوێنێتەوە، هەست بە دژ و پێچەوانەیی نێوان سوورەکانی دەکات کە لە لایەکەوە قاو بۆ بەخشین و بەزەیی پێداهاتن دەدات و لە لایەکیتریشەوە باوەڕپێکراوەکانی بۆ شەڕخوازی دژ بە بێدینەکان یاخود دیندارەکانی جیا لە ئیسلام هان دەدا.

ئەگەر موسوڵمانی مودێرنی ئەمڕۆیی خۆیان لە ئیسلامیستەکان دوور خەنەوە و بیانەوێ ئایینەکەیان وەك ئایینی ئاشتی و تولورانس نیشان بدەن، دەبێ خۆ بە سووڕەکانی سەرەتای سەردەمی مەککەوە هەڵواسن. هەروەها ئەو ئیسلامیستە ڕادیکاڵە فناتیکانەی وەداوی شەڕخوازی و تووڕەیی دژ بە ئایینییەکانیتر کەوتوون، دەبێ خۆیان لەگەڵ سووڕەکانی مەدینە ڕێکبخەن. لیبرالەکان هەر وەك ڕادیکاڵەکان بەدوای ئەو بەشە لە قورئان کەوتوون کە بتوانن مەقام و بارودۆخی خۆیانی پێ پتەو و قایم بکەن.

هەر بۆیە لە وتووێژەکاندا هەر وەك ئەو باسە تەلەفیزیۆنییەی لە سەرتای نووسراوەکەدا باسمان لێکرد، ناتوانرێ بە دیالۆگێکی سالم و پڕ سوود بۆ لایەنەکان کۆتایی پێ بێت، بەڵکوو بە دژکاری و پێچەوانەکارییەکانی ناو قورئان تەنیا وەك یاری شەترنج، دەبنە هۆی ماتکردنی یەکتری.

زۆربەی ڕەخنەگران و ڕاوێژکارانی ئیسلامیی ئەو پارادۆکس و جیاوازییەی نێوان نووسراوەکانی قورئان بە ئاوێنەی سەردەمی پێکهاتنی کاتیی دانانێن. هەروەها هەڵس و کەوتەکانی ئەو سەردەمە نەك وەك هەڵوێستگرتن لە هەنبەر بارودۆخی تایبەتیی سەدەی حەوتەم بەڵکوو وەك ڕێنوێنییەك و دەستوورێکی کاریی بۆ گشت کاتێکی دەبینن. چونکە ڕاوێژکارەکە خودی خودایە و قورئانیش کەلامی کۆتاییە بۆ مرۆڤایەتیی. لەبەر ئەوە، زۆر بۆیان گرانە قورئان وەك سەرچاوەیەکی مێژوویی سەردەمی خۆی سەیر بکەن. زۆربەی موسوڵمانی موحافەزەکار و خۆپارێز لەسەر ئەو باوەڕەن کە خودا بۆ ئاخافتن پێویستی بە بەستێن نییە، چونکە ئەو بە کاتەوە نابەسترێتەوە و گوتەکانی بە شوێن و بارودۆخەکانەوە نابەسترێنەوە. بۆ فامکردنی گوتەکانی قورئان، ئەوە هاوکات، هەم بەفەرمیکردن و هەم وەئەستۆگرتن و پەیمان دانە.

من پێمخۆشە لەو کتێبەدا هەوڵ بدەم بەشە دژ و پێچەوانەکانی قورئان لەسەر مرۆڤ و وێناکردنی وێنەی خودا، لەسەر تاوان و خەڵات، شەڕ و ئاشتیی، لەسەر یەهوودی و جیهانی مەسیحی و هەروەها وێنەی ژن لە بەستێنی پێکهاتنەکەیدا نیشان بدەم. من پێمخۆشە نیشانی بدەم کە قورئان

ئەزموونی پەرەسەندنی کۆمەڵگایەکی ٢٣ ساڵەی ئەو سەردەمە وێنا دەکا و ئاشتیخواز بوو ئەوکاتەی نە هێز و نە چەکەمەنیی هەبوو، و شەڕخواز بوو ئەو کاتەی پوتانسیەلی نیزامی لە دەستدابوو. تەنیا ئەگەر مرۆڤ ئەوە لەبەر چاوی خۆی وێنا بکات، روون دەبێتەوە کە قورئان لە دەوری ئەو باس و کێشانەی مرۆڤی سەدەی حەوتەم دەخولایەوە کە لە پەیوەندایەتیی خەڵکانی ئەو سەردەمە بووە. وەك مەیلێکی پارمەتیدەری ئەخلاقی بۆ مرۆڤی سەدەی بیست و یەکەم، تەنیا دەتوانێ بە مەرجداری خزمەت بکات. لێکدانەوەی کاتیی قورئان ناتوانێ ڕێگاچارە بێ، بەڵکوو ڕزگاربوون لە پارێزراویی و ڕاگیراویی تێکستەکانی قورئان وەك تێکستێکی خودایی دەتوانێ رێگا چارە بێ.

## [بەشی ١]

### قورئان لە سەرووی مرۆڤەوە

هەر وەك دواتر لەو نووسراوەیەدا دەیبینین، لە قورئاندا نەك هەر دژ و پێچەوانە لەسەر سوورەکانی ئاشتی و شەڕخوازیدا بوونیان هەیە بەڵکوو وێنە و روخساری جیاواز لە خودا و مرۆڤیش نیشان دەدریّ: لە لایەکەوە خودایەکی بە بەزەیی کە ڕێز بۆ مرۆڤ دادەنێ، باوەڕی پێی هەیە، خوڵقاندنەکەی بەرز ڕادەگری و بە کارێکی باشی دادەنێ، لە لایەکیترەوە خودایەکی ناهومید و زاڵم و تووڕە کە خوڵقاندنی مرۆڤ وەك کارێکی ناسەرکەوتوانە و بە ئاکام نەگەیشتوو دەبینێ و بەردەوام تف و لەعنەتی لێ دەکات.

لە سەرەتاوە سەیری ئەو بەشە دەکەین کە لەڕاستیدا بە گوێرەی قورئان چلۆن خودا هاتە سەر ئەو بڕیارە کە مرۆڤ وەك بەشێکی خوڵقاندنەکەی بە حیساب بێنێ و ژیانی بداتێ: مێژووی خوڵقاندنی ئادەم، وەك یەکەم مرۆڤ، لە زۆر ڕوانگەوە لە چیرۆکی ناو کتێبی تەورات دەچێ بەڵام بەو جیاوازییە کە لە قورئاندا خودا فریشتەکان لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە و پێیان ڕادەگەیێنێ کە دەیهەوێ بوونەوەرێکی نوێ بخوڵقێنێ:

*"ئەو کاتەی پەروەرەندەی تۆ بە فریشتانی ڕاگەیاند: من دەمەوێ بریکارێك لەسەر زەمین دیاری بکەم، گوتیان: تۆ کەسی وادێنێ لەوێدا خراپە بکا و خوێن بڕێژێ، کەچی ئێمە هەر شوکرانەی تۆ دەکەین و پەسنی پیرۆزی تۆ دەدەین؟ گوتی: ئەوەی من دەیزانم، ئێوە ئاگاتان لێ نییە.* (سوورەی ٢ ئایەی ٣٠)

## ستایشی خودا و شانازیکردنی بە خوڵقاندنە نوێیەکەی

کەوابوو، خودا پێش ئەوی ئادەم بخوڵقێنێ، وەك نوێنەری خوی یاخود جێگرێکی سەرزەوی دەیناسێنێ. ئەو کارە پیشان دەدا کە خودا ڕێزێکی تایبەتی بۆ مرۆڤ هەیە و دەیهەوێ کارێکی گرنگی پێ بسپێرێ. نارەزایەتیی فریشتەکان لەبەر چاو ناگرێ و نگەرانییەکەیان کە مرۆڤ بە شەڕخواز و خوێنڕێژ لەقەڵەم دەدەن، لە بڕیارەکەی پەشیمانی ناکاتەوە. خودا باوەڕی بە خوڵقاندنە نوێیەکەی هەیە و تەنانەت دواتر ئەمر دەکا کە فریشتەکان بۆ ڕێز گرتنی ئادەم لە بەرانبەریدا بچنە سەر ئەژنۆ، کارێک کە تەنیا لە بەرابەر خودا دا دەبوو بکرێ:

*"ئێمە ئێوەمان لەم هەردە جێ کردەوە؛ هەر لەوێشدا بژیومان بۆ بڕینەوە. کەمتان شوکرانە بژێرن. ئێمەین ئێوەمان ساز داوە و لە پاشانا بەو شکڵەمان دەرێناون، پاشان بە فریشتەکانمان گوت: سەر بۆ ئادەم نەوی بکەن. هومویان سەریان دانەواند ئیبلیس نەبێ؛ ئەو لە کۆڕی کڕنۆش بەران خۆی هەڵاوارد.* (سوورەی ٧ ئایەی ١٠ و ١١)

لە سوورەیەکیتردا خودا دەڵێ کە ئەو سەروەرییەی بەسەر هەموو خوڵقێنراوەکانیتر بۆ ئادەمم دیاری کردووە، نەک هەر بۆ ئادەم وەك یەکەم مرۆڤ، بەڵکوو بۆ هەموو منداڵەکان و مرۆڤی دوای ئەویش هەر بەحیساب دێت:

*"ئێمە ڕێزمان لە تۆرەمەی ئادەم گرت و لە وشکانی و لە زەریادا هەڵمان گرتن؛ ڕۆزی پاکژمان پێداون؛ لە چاو زۆرێک لە کردەی خۆمان، پێر قەدرمان گرتوون."* (سوورەی ١٧ ئایەی ٧٠)

بە چ خواردەمەنی و شتومەکێکی باش خودا بیری مرۆڤی کردووە و ئەو هەموو کارەی بۆ مرۆڤی بەجێ هێناوە، لەم سوورەیەدا باسی لێوەکردووە:

*"ئەو خودایەی ئاسمانەکان و زەمینی داهێناوە و لە حەواوە ئاوێکی دابارندوە، بەروبوی بژیوی ئێوەی پێ دەڕوێنێ؛ گەمیەشی داوەتە دەست - کە هەر بە پێی فەرمانی ئەوە - لە زەریا دا بێت و بچێ و ئەم هەموو ڕووبارانەشی بۆ ڕام کردوون. خۆر و هەیڤی بۆ ئێوە خستۆتە بەر کار؛ وەستان و وچانیان نیە. ئەم شەوگار و ڕۆژگارەشی هەر بۆ ئێوە دەستەمۆ کرد. هەرچی لێتان خواستوە، پێی ڕەوادیون. ئەگەر بێینە سەر ژماری چاکەی خودا، لە ژماردن دا دەمێنن. بەڕاستی کە مرۆ گەلێ ناهەقیکار و سپڵەیە."* (سووڕەی ١٤ ئایەکانی ٣٢، ٣٣، و ٣٤)

کەوابوو خودایەکی زۆر بەخشەندە، هەرچییەك مرۆڤ لێی داوا بکا، بە بێ مەرج بۆی فەراهەم دەکا؟ ڕەنگە مرۆڤ ئەو هەستەی تێدا پەروەردە ببایە، ئەگەر لە کۆتایی سووڕەی ١٤دا ئەم دێرە نەبایە:

*" بەڕاستی کە مرۆ گەلێ ناهەقیکار و سپڵەیە."*

لە کۆتایی زۆربەی سووڕەکاندا ئەو دێرە دەگوترێ و سەر لە مرۆڤ دەشێوێنێ: شتێکی زۆر سەیر و سەمەرەیە، کە خودا، مرۆڤی بەو شێوەیەی کە هەیە، خولّق کردووە، ژیانی بە ئاو، خواردەمەنی، ڕۆشنایی و گەرماوە بەستۆتەوە، چاوەڕوانیشی لێ دەکات کە بۆ دابینکردنی ئاو، خواردەمەنی، ڕۆشنایی و گەرما، ئەمەگناسیی لە خۆی نیشان بدا. خولّقاندنێك کە خودا خۆی و بە بێ دەستەڵاتی مرۆڤ بڕیاری دابێ، بەستنەوەی مرۆڤ بەو شتانەی کە بە بی ئەوان ژیانی بۆ گونجاو نابێ، شتێکی نالۆژیکییە. ئەگەر خودا بیویستایە بوونەوەرێکی خۆبژێو و خۆبەڕێوەبەر بخولّقێنێ، دەی خۆ دەیتوانی بیکا، چونکە خودا هەموو کارێکی لە دەست بەردێت. لەجیاتی ئەوە بوونەوەرێکی خولّقاند کە بە لێهاتووییەکانیەوە بەستوویەتەوە. دەتوانین بڵێین: خودا بەو کارەی یا بەرهەمێکی ناتەواو و سەقەتی خولّقاندووە، یاخود ویستی خۆی بووە کە بە بەستراوەیی مرۆڤ بەخۆیەوە ئەمەگناسی هەمیشەیی بۆخۆی دابین بکات.

لە سووڕی ٢١ ئایەی ٣٧ دا دەخوێنینەوە کە خودا لە خولّقاندنی مرۆڤ پەلەی کردووە. دیارە کەس ئەوی ناچار بەو کارە نەکردبوو یاخود هیچ گوشارێکی بۆ ئەو کارە لەسەر نەبوو، تەنانەت ناڕەزایی فریشتەکان لەو

کارەی نەبووە هۆی ئەوەی بیرێکی زانایانە لەو خوڵقاندنەی بکاتەوە. بە بڕوای من دوو هەم چەشنی خوێندنەوەی دێرەکە دەبێ ڕاست بێ: ئەو کاتەی خودا بڕیار بۆ ئەو کارە دەدا، مرۆڤ لە بارودۆخێکی بەستراوەیی وەهادا بخوڵقێنێ، کە چاوەڕوانی داواکاریی و داخوازیشی لێ هەبێ. بۆ وێنە خودا دەتوانێ هەڕەشەی لێ بکا ئەگەر مرۆڤ ئەم یاخود ئەو ئەرکە بەجێ نەهێنی یا گوێ لە فەرمانەکانی ڕانەگرێ، بتوانی تاوانی بدا.

ئەوەی کە خودا لە ناتەواویی و کەم وکۆڕی خوڵقاندنەکەی واتە مرۆڤ ئاگادار بوو، لێرەدا هەستی پێ دەکەین: ئەگەرچی خودا دەبێ عالم و زانایەکی تەواو و بێ عەیب بێ، لەسەر خوڵقاندنەکەی هەستی بێ متمانەییەکی وەهای تێیدا پێك دێ کە دوو فریشتە بۆ مرۆڤ دەنێرێ و لەسەر شانی چەپ و ڕاستی دادەنێ بۆ نووسین و ڕاگرتنی هەموو ئەرك و گوتەکانیان. چەشنە ڕێکخراوێکی ئەمنییەتیی ئیلاهی:

*"دیارە ئێمە مرۆمان دروست کردوە و دەشزانین چۆن خەیاڵاتی بەدڵدادێ. ئێمە بۆ ئەو لە شادەماری ملی نیزیکترین. ئەوێ کاتێ لە لای ڕاست و چەپیشەوە جووتێ فریشتە ڕۆنیشتوون [بۆی دەنووسن]. هەر ورتەی لە دەم دەربچێ، چاوەدێرێکی لا هەیە."* (سووڕەی ٥٠ ئایەی ١٦ تا ١٨)

خودا نیزیکتر لە مرۆڤە تا مرۆڤ لەخۆی، سەرەڕای ئەوەش بۆ هاتوچۆی لەسەر زەوی دوو جاسووسی بۆ داناوە. بە روونی لەوە دەترسێ مرۆڤ لە ڕێگای ڕاست لابدا. لە روانگەی خوداوە ئەو ڕێگایە چلۆنە، لە سووڕەی ٢ دا دەتوانین بخوێنینەوە:

*"هەرگایەکی عەبدەکانم لەمەڕ من لە تۆ دەپرسن، من نزیکم؛ هەر کەس هانام وەبەر بێنێ، بێ وەرامی ناهێڵمەوە. با ئەوانیش لە فەرمانی من دەرنەچن، بڕوای تەواویان بە من بێ؛ بەشکوو ڕێی ڕاست بەدی بکەن."* (سووڕەی ٢ ئایەی ١٨٦)

وشەی "بەشکوو" لەو پەیوەندییەدا مرۆڤ سەرسووڕماو و سەرسام دەکات. باوەڕ بە خودا پێداویستییە - بەڵام وادیارە بەشێوەیەکی ئوتوماتیکی، دەستەبەر نییە کە مرۆڤ بەرەو ڕێگای ڕاست ڕابکێشێت.

## خودا مرۆڤ ئازار دەدات

ئەگەر لە سوورەکانی کتێبی قورئاندا زیاتر بەدوای وشەی "مرۆڤ"دا بگەڕێن، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەو وشەیە هەمیشە بە شێوەی نەرێنی باسی لێکراوە. جێی باوەڕ نییە، کە خودا لە لایەکەوە ویستوویە کارێکی ئەوها گرنگ بە جێگرەکەی بسپێرێ، کەچی لە لایەکیترەوە ئاوا ئازاری پێ بگەێینێ؟ بڵێی فریشتەکان لە بۆچوونەکەیاندا سەبارەت بە مرۆڤ ڕاستیان نەگوتبێ؟ بڵێی مرۆڤ سەرنەکەوتوو و ناکام نەبووبێ؟ یاخود بڵێی ئەو سەرنەکەوتووییە لە پلانی خودا دا بە ئانقەست بۆی دیاری نەکرابێ؟

لە سوورەی ٩٥ دا دەخوێنینەوە:

*"ئێمە مرۆمان لە ڕێکترین شێوەدا وەدی هێناوە. پاشان گێڕاومانەتەوە بۆ پلەی هەرە بەرەژێر؛"* (سوورەی ٩٥ ئایەی ٤ ــ ٥)

لە جێگایەکیتردا دەخوێنینەوە: "*لە ڕاستیدا مرۆڤ دۆڕاوە*" (سوورەی ١٠٣ ئایەی ١). لە زیاتر لە ٤٠ سوورەی قورئاندا بە گشتی مرۆڤ بە درۆزن، دۆڕاو، لەخۆڕازی، نادادگەر، لەچەر، خۆبەزل زان، ناشوکر و ... ناوبراوە. ئەگەر مرۆڤ لەسەر هەڵس و کەوت و بڕیارەکانی ئازاد بایە، تووڕە بوونی خودا جێی خۆی دەبوو، بەڵام مرۆڤ ئازاد نییە. هەر ڕێگایەکی هەڵیبژێری لە دەستی خۆیدا نییە و بەستراوەتەوە بە خوداوە. چونکە:

*"هەرکێ ئازار بدەم کەیفی خۆمە."* (سوورەی ٧ ئایەی ١٥٦)

ئەو سوورەیە بە ڕاگەیاندنێکی کارەسات ساز دەستپێدەکات. خودا سزا دەدات ئەگەر پێی خۆش بێ. بیرۆکەیەك کە لە زۆربەی سوورەکانی قورئاندا دوویات دەکرێتەوە: خودا ڕێگای ڕاست بە مرۆڤ نیشان دەدا، تا ئەو جێگایەی خودا خۆی پێی خۆش بێ. خودا سەرلێشێواوی پێك دێنێ، **ئەگەر پێی خۆش بێ و هەر کاتێك بیهەوێ.**

بەڵگەکان: بۆچی خودا جارێك بە ڕێی راستدا دەبات و جارێکیش سەرلێشێواوی پێکدێنێ؟ ئەو کارە خودایەکی دادگەر و توانا بەیان ناکات. وێدەچێ زیاتر خۆسەرانە مرۆڤ رەوانەی لایەنەکان بکات. تەنیا ئەو شتە روونە کە لە روانگەی خوداوە کام لایەن راستە:

*"هەرکەسێ خودا حەز بکا بۆخۆی ڕێگەی نیشان دەدا و بۆ بڕوا بە ئیسلامەتی دڵی گوشادی دەداتێ. کێش حەز بکا گومڕای بکا، هێندە نەفەس تەنگی دەکا، وەك بەرەو ئاسمان سەرکەوێ. خودا ئاوا ئەو کەسانەی بڕوا ناهێنن تووشی رسوایی دەکا."* (سووڕەی ٦ ئایەی ١٢٥)

جارێکیتر کورتی دەکەینەوە: خودا مرۆڤی خوڵقاندووە، وەسەر هەموو بوونەوەرانی دەخات و لە کۆتاییدا بەرەو نزمترین پلە دایدەبەزێنێ. لەو جێگا تەفروتوونایەوە هەڵیاندەبژێرێ کە کێ ئیماندار و کێ بێ ئیمان بێ. لە چوارچێوەی کافرەکاندا چەند دەستەیەك بۆ هیدایەتکردن هەڵدەبژێرێ. بەهۆی دەست پێدانانی دوگمەیەکی تایبەت لە ناو دڵیاندا بڕیار دەدا کە ئیسلام هەڵبژێرن. ئەوانیتریش، بۆ ئەوەی ئیمان نەهێنن بەهۆی دەست پێدانانی دوگمەیەکیتر دڵیان تەنگ و دژوار دەکاتەوە و لە دنیایەکی سەرلێ شێواویدا دەیانهێڵێتەوە.

خودا چی دەوێ؟ چلۆن دەتوانێ مرۆڤێك بەهۆی کافربوونیەوە سزا بدا، لەحاڵێکدا ئەو کەسە خۆی دەسەڵاتی لە هەڵبژاردنیدا نەبووە و یاخود دەتوانین بڵێین لە سەرەوە کونترۆڵ کراوە! کە ئەو بارودۆخە بەو شێوەیەیە، خودا خۆی دانی پێدا دادەنێ. هەر خۆیەتی کە مرۆڤ لە لایەکەوە بۆ لایەکیتر هیدایەت دەکا. ئەوە هەڵس و کەوتە تاوانبارەکەی مرۆڤ نییە کە بەرپرسە بۆ ئەو کارە، بەڵکوو تەنیا خوڵقێنەر خۆی بەرپرسە:

*"ئاخۆ ئێوە گەرەکتانە کەسێ خوا ڕێگەی لێ گوم کا، بیخەنەوە سەر ڕاستەڕێ؟ هەر کەسێ کە خودا ڕێگەی لێ بگۆڕێ، تۆ ناتوانی ڕێگایەکی بۆ پەیداکەی."* (سووڕەی ٤ ئایەی ٨٨)

ئەو ڕاگەیەندراوە ئەو مانایەشی دەتوانێ هەبێ کە تەنانەت کافرێکی تۆبەکار شانسی وەرگەڕانەوەی نییە، ئەگەر خودا پێی خۆش نەبێ.

بەپێی پلانی ئیلاهی مرۆڤی لەڕێدەرچووگ بەدشانسییەکی زۆر گەورەی هێناوە. خودای توانا شەیتان دەنێرێتە جەستەی بۆ ئەوەی هێندەیتریش بەدبەخت و قوڕبەسەری کات. خودا لەگەڵ محەمەد ئاخەفتن دەکات:

*"تۆ نەتزانی ئێمە شەیاتینیەکانمان ناردۆتە سەر خوانەناسان ختووکە و هانەیان دەدەن؟ هیچ پەلەیەکیان لێ مەکە، ئەوا ئێمە بەژماردەن لەسەر ئەوانی دەژمێرین."* (سووڕەی ۱۹ ئایەی ۸۳)

لە جێگایەکیتردا لەسەر کافران دەخوێنینەوە:

*"دڵیان دەغەزێکی هەیە و خوا دەغەزی پتر کردوون."* (سووڕە ی ۲ ئایەی ۱۰)

مرۆڤ لەبەرچاوی خۆی نەخۆشێك وێنا دەکات کە بۆ لای دوکتۆر دەچێ. دوکتۆرەکە بۆ ئەوەی نەخۆشییەکەی سارێژ نەبێ، نەک هەر یارمەتی کەسەکە نادا، بەڵکوو بە تاوانی نەخۆشبوونی، نەخۆشییەکەی لێ خراپتر دەکات. هەروەها دوکتۆرەکە چاوەڕوانی لێ دەکا کە بۆ ئەو کارەی بە دڵسۆز و دڵنەرمی دابنێ!

تەواو ئەو چەشن دڵسۆزییە لە لایەن خوداوە شکایەتی لێ دەکرێ. ۱۱۳ لە ۱۱٤ سووڕەی قوڕئان بەو فورمۆلە دەستپێدەکات: بە ناوی خودای دڵسۆز و میهرەبان. تەنیا لە سووڕەی ۹ دا لەو فورمۆلە کەڵك وەرنەگیراوە و توونابوونی کافران ڕادەگەیێنێ.

سەرەڕای ئەوانەش خودا لە ۷۲ جێگای کتێبی قوڕئاندا و لە سووڕەکانی هەم مەککە و هەم مەدینەدا، خەڵک بۆ پەشیمانی، بانگهێشتن دەکات و خوێشی بە دڵسۆز، میهرەبان و سەخی و دڵئاوا دادەنێ: سووڕەی ۲ (۱۷۳، ۱۸۲، ۱۹۲، ۱۹۹، ۲۱۸، ۲۳۵)، سووڕەی ۳ (۳۱، ۸۹، ۱۲۹، ۱۵۵)، سووڕەی ٤ (۲۳، ۲٥، ۹٦، ۱۰۰، ۱۰٦، ۱۱۰، ۱۲۹، ۱٥۲)، سووڕەی ٥ (۳، ۳٤، ۷٤، ۹۸، ۱۰۱)، سووڕەی ٦ (٥٤، ۱٤٥، ۱٦٥)، سووڕەی

٧ (١٦٧)، سوورەی ٨ (٦٩،٧٠)، سوورەی ٩ (٥،٢٧،٩١،٩٩،١٠٢)، سوورەی ١٠ (١٠٧)، سوورەی ١١ (٤١)، سوورەی ١٢ (٥٣، ٩٨)، سوورەی ١٤ (٣٦)، سوورەی ١٦ (٥، ٢٢، ٣٣، ٦٢)، سوورەی ٢٥ (٦، ٧٠)، سوورەی ٢٧ (١١)، سوورەی٢٨ (١٦)، سوورەی٣٣ (٥، ٢٤، ٥٠، ٥٩، ٧٣)، سوورەی٣٤ (٢)، سوورەی٣٩ (٥٣)، سوورەی٤١ (٣٢)، سوورەی٤٢ (٥)، سوورەی٤٦ (٨)، سوورەی٤٨ (١٤)، سوورەی٤٩ (٥، ١٤)، سوورەی٥٧ (٢٨)، سوورەی٥٨ (١٢)، سوورەی٦٠ (٧، ١٢)، سوورەی٦٤ (١٤)، سوورەی٦٦ (١)، سوورەی٧٣ (٢٠).

لە قورئاندا ڕەش لەسەر سپی نووسراوە کە دڵسۆزی و میهرەبانیی خودا هەموو شتێك دەگرێتەوە. (سوورەی ٧ ئایەی ١٥٦ کە پێشتر باسمان لێوە کرد) زۆربەی موسوڵمانان زۆر جار بە مەیلەوە ئەو سوورەیە دەهێننەوە، بەڵام سەرنج نادەنە ئەوەی ئایەکانی پێش و دوای ئەو چییان تێدا نووسراوە. ئەگەر مرۆڤ بە پتوونی سوورەکە بخوێنێتەوە، بۆی روون دەبێتەوە کە دڵسۆزی و میهرەبانیی خودا نەك هەمووشتێك ناگرێتەوە بەڵکوو زۆر بەهێز باریك دەکرێتەوە و بە بارودۆخی تایبەتەوە دەبەسترێتەوە:

*"گوتی: هەرکێ ئازار بدەم کەیفی خۆمە. بەزەییشم هەموو شتی داگرتووە. چاکەی ئەوانە دەنووسم کە لە خراپە خۆپارێزن و زەکات دەدەن؛ ئەو کەسانەش کە بڕوایان بە خوا هەیە."* (سوورەی ٧ ئایەی ١٥٦)

لە سوورەیەکیتردا دەڵێ:

*"ئەم کتێبە پیرۆز و پڕ لە پیتەشمان ناردۆتە خوار. گشتوو پەیرەوی لێ بکەن و ترسیشتان لە خودا هەبێ، بەشکوو بەزەیی پێودابێ."* (سوورەی ٦ ئایەی ١٥٥)

کە وابوو هەرکەس باوەڕی بە قوڕئان هەبێ و دەستوورەکانی بەڕێوەبەرێ، دەبێ چاوەڕوانی هیواداربوونی دڵسۆزیی و میهرەبانی خودا بێت. بەو پێیە، ئەو گوتەیە کە "دڵسۆزی و میهرەبانیی خودا هەموو شتێك دەگرێتەوە" دروست دەرنایەت. عالمی ئایینی هەن کە دەڵێن خودا لە

سزاداندا زۆر دڵسۆز و میهرەبانە، ئەگەرچی کافران لە ئاگری جەهەننەمدا دەسووتێنێ. خودی پێغەمبەریش هەمیشە دڵسۆز و میهرەبان بووە، تەنانەت ئەو کاتەی کافرانی سەربڕیوە و ژنەکانی بە کۆیلە گرتوون. هەر بۆیە زۆربەی وێژەرانی داعیش بۆ ئاخەفتن ئاوا دەست پێدەکەن: "سپاس بۆ ئەو خودایەی، بە شمشیری پێغەمبەرەکەی دڵسۆزیی و میهرەبانی بۆ ناردوون."

## خودا تەنیا ڕێزی بۆ ئەو کەسانە هەیە، کە وەدوای قسەکانی کەوتوون

خودا مرۆڤی وك زیندەوەرێکی بەستراوە بەخۆیەوە ئەفراندووە کە بە زانایییەوە بەرەو ڕێگای ڕاست یاخود ڕێگای هەڵە هیدایەتی دەکا. شەیتانی بۆ ناردووە، بۆ ئەوەی هێندەیتر سەری لێ بشێوێنێ. خۆی بڕیار دەدا کەنگێ مرۆڤ بێتە سەر دنیا، چلۆن ژیان بکا و کەنگێ کۆتایی پێ بێ:

*"من هەر بۆیە جندۆکە و مرۆم دروس کرد، بمپەرەستن."* (سوورەی ٥١ ئایەی ٥٦)

وێدەچێ پلانەکەی خودا بەو شێوەیەی ویستوویە بەجێ نەهاتبێ، چونکە خوای گەورە و توانا لە سوورەی ١٢ دا دەڵێ:

*هەر چەندە زۆریش پاپا بی، ئەم مەردمە زۆربەیان بڕوا ناهێنن."* (سوورەی ١٢ ئایەی ١٠٣)

ئەو دوو دڵی و ناهومێدیەی وا لەو سەردەمە هەڵدەقوڵێ، بۆنی هێزێکی مەزن و بەتوانای خودایی لێ نایەت. بۆچی مەگەر بەو شێوەیە نەبوو کە خودا لە ناوەندی ژووری کونترۆڵەوە پەنجە بەم دوگمە یاخود ئەو دوگمەوە دەنێ و مرۆڤی باوەڕدار و بێ باوەڕ دیاری دەکا؟

ئەو چەشنە دژ و پێچەوانەکارییە، وەك گرێ پووچکەیەك، سەرجەمی قورئانیان داگرتووە. بەڵام کاتێ سەیری کەسایەتیی و بیۆگرافییەکانی محەمەد وەك پێغەمبەری ناردراو لە لایەن خوداوە بکەین، دەتوانین هۆی گرێ پووچکەکانیش بناسین.

محەمەد لەو سەردەمەدا خۆی بەوەوە خەریك کردبوو کە کۆمەڵێك لایەنگر کۆ بکاتەوە. ئەو لەو سەردەمەدا هێزی قەناعەت پێکردن، دزە پێکردن، زاڵبوون و دەستبەسەرداگرتنی زۆر لاواز بووە. ئەویش وەك زۆربەی ئامۆژگاریدەرەکانی دەوری کەعبە لە مەککە، بەربەرەکانی بۆ ئەوە کردووە گوێگر و لایەنگر وەدەست بێنی. وێدەچێت کۆمەڵانی ناو کۆمەڵگا هیچ تامەزرۆییەکیان بۆ پەیامەکەی نەبووبێت، تاقمێك چاوپۆشی

و کەسانێکیش گاڵتەیان پێ دەکرد. لە سوورەی ٣٦ دا خودا لەگەڵ مرۆڤ دەدوێ و دەڵێ:

*"مخابن بۆ ئەو عەبدانە، هەر پێغەمبەرێکیان بۆهات، هەر گاڵتەوگەپیان پێکردوون."*
(سوورەی ٣٦ ئایەی ٣٠)

لە زمانە ئوریجینالەعەرەبییەکەیدا دەڵێ: "*ya hasratan a'lal-ibad* " واتە: "حەیف بۆ ئەو مەردمەی" (*ya hasra*) چەمك یاخود واتایەکی تەواو مرۆڤانەیە و لە کۆمەڵگای ئەو سەردەمەی عەرەبستان تەنیا کاتێك بەکاردەهێندرا کە مرۆڤ لەوپەڕی تووڕەیی و داماویدا لەسەر چارەنووسی خۆی هەڵس و کەوت بکا. ئەو چەشن هەڵس و کەوتە بۆ خودایەکی خوڵقێنەر، بە توانا و بێ هەڵە، گەلێك سەیر و سەمەرەیە، بەڵام پڕ بە پێستی محەمەدە کە لەگەڵ هۆزەکەی لە دوژمنایەتیدابوو چونکە پەیامەکەیان رەدکردبۆوە و تەنانەت گاڵتە و قەشمەرییان پێ دەکرد. هەروەها سووڕی ١٠٣ ش زۆر بە باشی ئەو بۆچوونە دەچەسپێنێت کە محەمەد بە گشتی مرۆڤی وەك دۆڕاو ناو بردووە و بەرەو سەبر و خۆڕاگری هانیان دەدات. وێدەچێ ئەو ئایەیە ڕاستەوخۆ مەبەستی تەنیا محەمەد بێ:

*"سوێند بە هەرەتی ئێوارە، مرۆ گشتی زیانبارە؛ مەگین ئەوەی بوونەتە خاوەن باوەڕ و کار چاك بوون و یەکتریشیان بۆ کاری ڕاست دنەداوە و بۆ خۆگری ڕاسپاردوە."*
(سوورەی ١٠٣ ئایەی ١ - ٣)

پسپۆرانی ئەو بوارە دەنووسن: ئەو بارودۆخەی لەو سوورەیەدا بۆ کاری ڕاستی باوەڕپێکراوان و هاندانیان بەرەو سەبر و خۆڕاگری هاتووە، دەبێ زۆر دواتر و ئەو کاتە درابێتە دەرێ کە محەمەد بە سەرکەوتوویی کۆمەڵێکی لە دەوری خۆی کۆ کردبێتەوە و کۆمەڵگایەکی ئیسلامی پێکهێنابێت. لایەنگرەکانی بەهۆی ئەو گشت کردنەوە و بڕیاردانە دەبێ هەستی برینداربوون و دڵشکاوییان لەخۆ نیشان دابێ و دژ بەوە هەڵوێستیان گرتبێ، کە بۆ دەبێ قوڕئان بەگشتی مرۆڤ وەك دۆڕاو سەیر بکات. سوورەیەکی هاوچەشن ئەو شتە روون دەکاتەوە: "ئەو کەسانەی بڕوایان هێناوە و کاری ڕاستیان پیشەکردووە، پاداشیان دەدرێتێ".

"مەر ئەوانەی باوەڕدار و ئاکار چاك بوون، کە پاداشیان دوایی نایە." (سووڕەی ٩٥ ئایەی ٦)

محەمەد بۆ قەناعەت پێ هێنانی کۆمەڵانی مەککە پێویستی بە سەبر و هەناسەیەکی دوور و درێژ هەبووە بۆ سەلماندنی پێغەمبەرییەکەی و ئەوەی کە لە لایەن خوداوە نێردراوە. لە ڕاوێژەکانیدا بەردەوام ناوی پێغەمبەرانی مێژووی پێش خۆی هێناوە و باسی لە پەرجۆکانیان کردووە. دیارە سروشتییە کە خەڵکانی مەککە بۆ سەلماندنی پێغەمبەرییەکەی داوای پەرجۆیان لێ کردووە، بەڵام محەمەد نەیتوانیوە ئەو ئارەزووەیان وەدی بێنێ و نیشانەیەك لە خودایان پێشان بدا. سەرەڕای ئەوانەش خەڵکی مەککە تۆمەتباریان کردووە کە پەیامەکەی لە مێژوو و گێڕاوەکانی پێش خۆی پێکهێناوە و دەیهەوێ چێشتێکی مجێور لە ئەفسانەکانی ناو مێژوو دەرخواردی خەڵك بدات.

دەبێ ئەو هەڵس و کەوتەی خەڵک بۆ محەمەد زەربەیەکی کاریگەر بووبێ. وەك منداڵێکی هەتیو کە لە دەرەوەی هۆزەکەی گەورە ببوو، بە بێ ئەو هەڵس و کەوتەی خەڵکیش، بە چاوێکی گۆماناوی و هاوڕێ لەگەڵ دوو دڵی و دڵ کرمۆڵی سەیری خەڵکی دەکرد. چەندین ساڵ کاری ئامۆژگارییی لە شاری مەککە درێژە پێدا. هەموو کاتی ژیانی ئەو سەردەمەی بە بێ هیچ سەرکەوتوویيەك بۆ خزمەت بە پەیامە ئیلاهییەکەی تەرخان کردبوو. هەستی ناهومێدی و تووڕەبوونی لە هەنبەر خەڵکدا بە ڕادەیەکی زۆر تێدا پەروەردە ببوو. هەر تەواو ئەو ناهومێدییە، ڕەنگدانەوەی دژ و پێچەوانەبوونی نووسراوەکانی ناو قورئان وێنەی ئاکار و هەڵس و کەوتێکی ئینسانی دەسەلمێنێ. تێکستی ناو قورئان بەردەوام زانیاریی لەسەر بارودۆخی ڕۆحی و کێشەکانی ناوەوە و دەرەوی محەمەد بەدەستەوە دەدات. لە سەرەتای کارتێکەرییەکەیدا ئەرکێکی مەزنی بە دەستەوەبوو، باوەڕی بە مرۆڤ و بەوە هەبوو کە ئەوان یارمەتی دەدەن. بەڵام ئەوان یارمەتیان نەدا، خۆیان لێ وەرگەڕاندەوە و بە ناهەقیکار و سپڵە و ناشوکر لە ئاو دەرچوون.

محەمەد، نەیدەتوانی ئەو تووڕەییەی وا بەهۆی سەرنج نەدانی خەڵک بە پەیامەکەی تێدا پەروەردە ببوو،  بە شێوەی کاریگەر لەخۆی نیشان بدا، لە ڕاستیشدا بە چ شتێك دەیتوانی هەڕەشە لە خەڵکی بکا؟ ئەو خودا دەکاتە بڵیندگۆی قسەکانی. هەر بەو شێوەیەی دەیبینین خودا وەك هێزێکی بە هێز و توانا ناجووڵێتەوە، بەڵکوو تەواو بە شێوەیەکی ئینسانی ئاخافتن دەکا: بە ناهومێدی و دوودڵییەوە لەگەڵ خەڵکە یاخی و سەربزێوەکەی هەڵس و کەوت دەکا.

لە هەموو ئەو سووڕانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، ئەو ئایانەی نزای خراپ لە مرۆڤ دەکرێ و بە درۆزن، ناشوکر، خەیانەتکار و ناڕاست لە قەڵەم دەدرێ، دەتوانین هەست بە بێ هیوایی و ناهومێدی محەمەد بکەین کە هەر کارێکی کردووە و هەرچەند هەوڵی داوە، نەیتوانیوە بە ئەزموونێك بگا یاخود بیسەر بۆ گوتەکانی بدۆزێتەوە و سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. ئەو چی دەتوانی لەهەنبەر ئەو کارە بکات؟

خودا دەبوو بۆ یارمەتی محەمەد بێتە ناو مەیدانەوە. لە وەحیەکانی دواتردا کە بۆ محەمەد نازڵ دەبێ، تەنیا وەك ناهومێدی و هەڕەشەکردن نامێنێتەوە، بەڵکوو بە چەکی قورس وەڵام دەدرێنەوە: ئەو کەسانەی کە گوێ ناگرن و وەدوای پەیامەکەی ناکەون، بە ئاگر و سووتاندن لە جەهەنەم دەترسێنرێن. لەسەر ئەوە دواتر دەدوێین.

لە سووڕەی ٥٥دا خودا هەڕەشە لە مرۆڤ و جندۆکە دەکا کە خوڵقاندوونی بۆئەوەی بیپەرەستن:

*"ئێمە بە کارتان ڕادەگەین، ئەی گرۆی مرۆ و جنۆکان."* (سووڕەی ٥٥ ئایەی ٣١)

ئەو شێوازە ئاخافتنە: "ڕاوەستن با من دستم بەتاڵ بێت، جا ئەو کات بە حیسابتان ڕادەگەم" لە زمانی عەڕەبیدا بۆ هەڕەشەکردن زۆر باوە. بەڵام دەبێ خودا سەری بە چ کارێکەوە خەریك بووبێ کە نەیتوانیوە دەستبەجێ مرۆڤ سزا بدات و تاوانی بەسەردا بسەپێنێت؟ ئەگەر مرۆڤ وەبیرخۆی بێنێتەوە کە محەمەد لە مەککە چەند ناهومێد و داماو بوو، هەڕەشەکردنی

ئەو چەشنە سووڕانەی بۆ روون دەبێتەوە. ئەو کات هێشتا محەمەد ئەو کەسایەتییە خاوەن هێزەی ناو کۆمەڵگا نەبوو کە دواتر لە شاری مەدینە پێی گەیی. کەوابوو ئەو هەڕەشانەی لە دژبەرەکانی دەکرد، تەنیا دەیتوانی بۆ داهاتووی ڕاگوێزێ.

سەرنجڕاکێش لەو پەیوەندییەدا ئەوەیە: کاتێ محەمەد لە مەککەوە بۆ مەدینە کۆچی کرد و لەوێ هێزێکی نیزامی گەورەی پێکهێنا و کۆمەڵێکی مەزنی خەڵکی لە دەور کۆ ببۆوە، لە پڕێکدا ئەو وێنە نەرێنییەی لە مرۆڤ هەیبوو، بە تەواوی لە قوڕئاندا کۆتایی پێهات و لەناو چوو. تەنیا "دوژمنایەتیی" لە هەنبەر بێ دینەکان وەك خۆی مایەوە. بەڵام تۆڵەکردنەوە و سزادانی بێ دینەکانی بە خودا نەسپارد و ئەو کارەی بە زەربی شمشیری خۆی وە ئەستۆ گرت.

## [بەشی ٢]

### قورئان لە سەرووی ژیانەوە

لە قورئاندا، نەك هەر لەسەر مرۆڤ بە شێوەی نەرێنی دەدوێت، بەڵکوو بە گشتی لەسەر ژیانیش، یاخود لای کەم ژیانی سەر دنیا. وشەی ژیان"al-hayat" لە قورئاندا هەمیشە لەگەڵ ئاوەڵناوی "دونیا"دا دێ، کە وشەی دونیا"dunya" لە عەرەبیدا مەبەست "کەم"ی یاخود "بێ مانا"ی یە.

ئەو سوورانەی خوارەوە روونی دەکەنەوە کە ژیانی ڕاستەقینە لەو دنیا چاوەڕوان دەکرێ، لای کەم بۆ ئەو کەسانەی بڕوایان بە خودا هەیە:

*"بزانن، ژی لە دنیایە هەر گەمە و بادی هەوایە و بۆ خۆ بە جوان نیشان دان و خۆ لەسەر یەکتر ڕانان و فرەبوونی عەولاد و دارایینانە و وەك چنراوێك بەهۆی بارانە شین بوە و وەرزێری پێ خەنی بووە و بەرەبەرە وشك دەبێ و دەبینی زەرد هەڵگەڕاوە و لە دواییدا بوەتە کاوکۆتی بەرەبا. لەولاش ئازاری دژوار و لێ خۆشبوون و ڕەزامەندی خودا هەیە. ژینی دنیا هەر مایەی خەڵەتاندنە و چی تر نیە."* (سوورەی ٥٧ ئایەی ٢٠)

*"ڕکە بکەن بۆ بەخشینی پەروەرندە و ئەو بەهەشتەش کە پانایی، بە پانایی ئەم ئاسمان و زەمینەیە و بۆ ئەوانە ئامادەیە کە باوەڕیان بە خودا و پێغەمبەرانی خودا هەیە. ئەم چاکەیە لە خواوەیە و دەربارەی کەسێکی دەکا کە بۆخۆی مەیلی لەسەر بێ. چاکەی خودا زۆر گەورەیە."* (سوورەی ٥٧ ئایەی ٢١)

*"ئەگەر لەمانە بپرسی: کێیە وا لەو حەوایەوە بارانە دادەبارێنێ و هەر بەو ئاوە زەوی زیندوو دەکاتەوە پاش مردنی؟ بێ گومان دەبێژن: خودا. بێژە: شوکرانە بۆ خودا. بەڵام زۆربەی ئەمانە دەوانە ناکەن. ئەم ژیانەی سەر دنیایە، هەموو هەر گەپ و گاڵتەیە و چیتر نییە؛ ژیانی ڕاستەقینە هەر لەو دنیایە، ئەگەر ئەوانە بیزانن."* (سوورەی ٢٩ ئایەی ٦٣ و ٦٤)

**تەنیا گاڵتە پێکردن و کات تێپەڕ کردن**

ئەو دوو سوورەیە بە ڕوونی دژ و پێچەوانەی سوورەی ٢١ ن کە تێیدا دەڵێ:

*"ئێمە ئاسمان و زەوینمان و هەرچی لە ناو ئەواندایە بۆ لەیستۆك دروس نەکرد. ئەگەر ئێمە گەرەکمان با لەیستۆکێك هەڵبژێرین، هەر لای خۆمان هەڵمان دەبژارد. ئەگەر بمانویستایە ئەو کارە بکەین[هەر دەمانکرد]. ناخێر، ئێمە گەرەکمانە پڕوپۆچ لە بەین بچێت و ڕاستی جێگەی بگرێتەوە. واوەیلا هەر بۆ ئێوەیە لەو باسی خوداکردنەتاندا."* (سوورەی ٢١ ئایەی ١٦ – ١٨)

زۆر بە دژواری بۆ مرۆڤ جێی باوەڕپێکردنە کە خودا ژیان، ئەو ژیانەی خۆی خوڵقاندوویەتی، بە ئاشکرایی بە هیچی دادەنێ. لەویش گرنگتر ئەوەیە کە لە بەشێکی کتێبی قورئان دا کە وەك کتێبی کۆتایی بۆ مرۆڤی سەر زەوی ناردووە، هەڵس و کەوتی خۆی بەو شێوە نەرێنییە لە هەنبەر مرۆڤ و بە تایبەت لەسەر ژیانی دنیا نیشان دەدا. لەو شێوازە تۆڵە سەندنەوەیە تەنیا ئەوکات مرۆڤ دەکرێ لێێ تێ بگا کە بە چاوێکی کراوە سەیری قۆناخەکانی تایبەتیی ژیانی محەمەد لە مەککە بکرێ. پێغەمبەر لەو سەردەمەدا لە ڕوانگەی ماڵییەوە مرۆڤێکی فەقیر بووە و کوڕیشی نەبووە. بازرگانەکانی مەککە هەموویان دەوڵەمەند بوون و هەر کامیشیان چەندین منداڵیان بووە. ئەوان نە کاتیان بووە و ڕەنگە هیچ حەوسەلەشیان نەبوبێ گوێ لە هەڕەشەکانی محەمەد بگرن. لەو بارودۆخەدا محەمەد بە ئایەکانی قورئان ژیان، پارە و کوڕ بێ مانا و کەم نرخ نیشان دەدا و تەنانەت بە نەحلەت و نەفرینی دادەنێ:

*"سەیرت نەیە لە دارایی و زاروزێچێ کە هەیانە، خوا دەیەوێ لە دنیادا بە مانە ئازاریان دا و هەر بە خوا نەناسی بمرن." (سوورەی ٩ ئایەی ٥٥)*

لێرەدا جارێکیتر دژ و پێچەوانەیی گوتەکانی ناو قورئان ڕوون دەبێتەوە: خودای میهرەبان منداڵ و ماڵی دنیا، ئاو و خواردەمەنی، تیشك و گەرما وەك دیاری بە مرۆڤ دەدا و لە بەرابەریشیدا لە مرۆڤ داوا دەکا کە شوکرانە بژێر بێ. هاوکات لەولاشەوە دەڵێ ئەو نیعمەتانەی داوەتێ بۆ

ئەوەی ئازار بکێشێ و بە بێ دینی لەم دنیایە بڕوا. ئەو کارە لە ڕوانگەی خوداوە هیچ مانایەکی نابێ. بەڵام لە ڕوانگەی محەمەدەوە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر ماوەیەکی درێژ ژیانێکی تەرکە دنیای پیشەکردبوو، یاخود ناچار بەو ژیانە کرابوو، ماڵی دنیای بە هیچ دانەدەنا.

بەڵام کاتێ محەمەد لە مەدینە لەپڕێکدا مرۆڤێکی بەهێزی لێ دروست بوو، و لە ڕاستیدا تەنیا لە کەل و پەلی وەدەستهاتوو لە شەڕ ژیانی دابین دەکرا و سەر و کاری زیاتر لەگەڵ پارە و زێڕ و ماڵی دنیا بوو، وردە وردە ئەو هەڵس و کەوتەی پێشتر لە سەر ماڵی دنیا هەیبوو وەلای نا. لێرەوە قورئان ئایەی دەنارد کە باسی لەسەر دابەشکردنی کەل و پەلی شەڕ، سەرانە و سەدەقە دەکرد. بەکردەوەش سوورەیەك هاتە خوارەوە کە ڕاستەوخۆ باس لەوە دەکا:

*"ئەگەر باوەڕتان بە خودا و باوەڕیتان بەوەش هەیە کە ڕۆژی لێك هاڵاواردن بۆ عەبدی خۆمان ناردە خوار، ئەوەی ڕۆژێ کە دووکۆمەڵ تووشی یەك بوون؛ دەبێ ئەوەندەش تێ بگەن هەر تاڵانێکو دەس کەوت، پێنج یەکێکی بەشی خودا و پێغەمبەرە و بۆ خزمان و هەتیوان و هەژاران و ڕێبوارانە. خودا توانای بەسەر هەمووشت دا هەیە." (سوورەی ٨ ئایەی ٤١)*

ئیتر کاتی بێ بەشبوون و خۆپارێزی بەسەر چوو. شتە جوانەکانی ژیان لە پڕێکدا ئیتر بە تاوان لە ئەژمار نەدەهاتن:

*"بێژە کێیە، جلکی جوان و خشڵ و بژیوی پاکژێ - کە خوا بە عەبدەکانی خۆی ڕەوادیوە - لای وایە کە ناڕەوایە؟ بێژە: ئەمانە شایانی ئەو کەسانەن کە لە ژیانی دنیادا بڕوایان بە خوا هێناوە و ڕۆژی سەڵاش هەر تایبەتی بە خۆیانە. ئێمە ئاوا نیشانەکان بۆ ئەوانەی کە زانا بن ڕۆشن دەکەین."(سوورەی ٧ ئایەی ٣٢)*

هەمان ئەو قورئانەی کە پێشتر هەموو ئەو ئیمکاناتانەی بۆ چێژ بردن لە ژیانی فریودەرانە بەیان دەکرد، لە پڕێکدا بۆ چێژ بردنی محەمەد و لایەنگرانی ئەو شتانە بە باش و چاك دادەنێت. بەسەر ئەوانەشدا دەیانتوانی هاوکات لەگەڵ چەندین ژن زەماوەند بکەن، ئیزنی دەستدرێژی سێکسی بەو ژنانەیان پێدرابوو کە لە شەڕدا بە دیل گیراوان، هەروەها ژنێکی زیاتر بۆ

خۆیان هەڵگرن و وەك دیاری بە پێغەمبەریشی بدەن. خودای میهرەبان ئەو کارە بە پێغەمبەرەکەی پێشنیار دەکا و دەڵێ:

*"ئێمە هەر بۆیە تۆمان نارد کە بەزەیی و چاکەیەك بی بۆ هەموو خەڵکی دنیایە." (سوورەی ۲۱ ئایەی ۱۰۷)*

"ئەی پێغەمبەر! ئێمە ئەو ژنانەتمان بۆ رەوادیوی، کە مارەییت پێ گەیاندوون، *ئەوانەش کە لە تاڵانێ دەس کەوتوون و خودا کردوونیە پشکی تۆ. هەروەها دۆت مامەکانت و دۆت پلکانت دۆت خاڵانت و کیژەکانی خوشکی خاڵت کە لەگەڵ تۆ ئاوارە بوون، بە تۆ دەشین. هەر ژنێکی باوەڕداریش - بەو مەرجەی خۆی ببەخشێ بە پێغەمبەر و پێغەمبەریش گەرەکی بێ مارەی بکا - ئەمەش هەر تایبەتیی تۆیە؛ نەك بۆ باوەڕدارانی تر. ئێمە خۆمان زانیومانە کە دەربارەی ئەو ژنانەی بەوان ڕەوان و ئەوانەی دەبنە کەنیزان، چلۆن بریارێکمان داوە، تا هیچ گیر و گرفتێك بۆ تۆ روو نەدا. خودا لە گوناە دەبووری و دلۆڤانە."(سوورەی ۳۳ ئایەی ۵۰)*

بلێی قوربانیانی شەڕەکانی محەمەد و ئەو ژنانەی لەژێر ناوی ئەو بە کۆیلەکران و دەستدرێژی سێکسییان پێکرا، هەستیان بە کارەکانی محەمەد و رەحمەتی ئەو نەکردبێ؟ ئەو سوورەیەی سەرەوە بەڵگەیە بۆ دەستبەسەرداگرتنی محەمەد بەسەر ئەو ژنانەی لە شەڕدا گیراون، یاخود لە دەوروبەری بوون، پێش ئەوەی "شەڕکەرەکانی"دەستیان بەو ژنانە ڕابگا. تەنانەت ئایشێی ژنیشی بە چاوی ڕەخنەوە سەیری ئەو سوورەیەی کردووە و گوتوویەتی:"دەبینم کە خوداکەت وەدوای ئارەزوو و هەوەسی تۆ کەوتووە"[4]

بە پێچەوانە محەمەد چاوەڕوانی لە لایەنگرەکانی دەکرد کە چاویان لە خۆشی ئەم دنیایە نەبێ و خۆیان زیاتر بە شۆڕش بۆ وەدەستهێنانی ژیان لە دنیای ڕاستەقینەدا قوربانی بکەن. هەروەها بۆ هاندانیان دەبوو قەناعەتیان پێ بێنێ کە تەنیا ژیان لە دنیای دووهەم ژیانی ڕاستەقینەیە. ژیانی سەر زەوی بە هەموو تاقیکارییەکانیەوە تەنیا وێستگەیەکی ناو ڕێگایە و بە ژیانێکی "هیچ"ی دادەنا. بەو هۆیەوە لە سوورەی ۹ دا هاتووە:

[4] Sahīh Muslim, Hadith Nr. 1464

*"خودا، گیان و سامانی باوەڕدارانی کڕیوە و لە باتیاندا دەیانخاتە بەهەشتەوە. باوەڕدارانیش ئەوانەن کە لە ڕای خوا شەڕ دەکەن و دەکووژن و دەشیانکووژن. لە تەورات و ئنجیل و قورئانیشدا بەڵێنی وەها دراوە. ساکێ لە خوا بۆ پێکهێنانی دروسترە؟ دەسا ئێوە بەو سەودایە و مزگێنی بە یەکتر بدەن، کە دەسکەوتێکی زۆر گەورەو دەس کەوتوە." (سوورەی ٩ ئایەی ١١١)*

له لایەکەوە قورئان لە باوەڕپێکرانی داوا دەکا محەمەد وەك نموونەیەك سەیر بکەن(سوورەی ٣٣ ئایەی ٢١) کەچی لەولاشەوە لە زۆربەی ئەو کارانەی بۆ پێغەمبەر دیاری کراوە، بێ بەشیان دەکات. ئەو هەڵس و کەوتە بۆتە هۆی پێکهێنانی نارەزایەتی و ورووژاندن و پێکهێنانی پرسیار لە ناو لایەنگرەکاندا. بۆ هێورکردنەوەیان باشترین ڕێگاچارە تێکەڵاویی ویستی محەمەد و خودا لەگەڵ یەکتردا بووە. بەو هۆیە، وشەی "خودا و ڕەسووڵەکەی" داتاشراون کە زیاتر لە ٧٠ جار وەك یەکەیەك دووپات کراونەتەوە، بۆ نموونە، سوورەی ٣٣:

*"ئەگەر خوا و پێغەمبەرەکەی فەرمانیان بە هەر کارێك دا، هیچ پیاوێك و هیچ ژنێکی خاوەن باوەڕ ناتوانن پەسەندی نەکەن. هەر کەسێکیش لەفەرمانی خودا و پێغەمبەری دەرچێ، ڕێگەی زۆر هەڵە کردووە." (سوورەی ٣٣ ئایەی ٣٦)*

پەیوەندیدان و بە یەککردنی خودا و ڕەسووڵەکەی دەبوو پێش بە پرسیار لەسەر مافی تایبەتی محەمەد بگرێ کە لە لایەن لایەنگرەکانیەوە دەکران، وەك لە سوورەی ٥٩ دا:

*"هەر تاڵانێ لە دانیشتووی ئەو شارانە خوا بۆ پێغەمبەری ناردووە، بۆ خودا و بۆ پێغەمبەریە و بۆ خزمە نزیکەکان و هەتیوان و هەژاران و ڕێبوارانە؛ نەك ببێتە سەرمایەی ئاڵ وگۆڕکردن لە ناو دەوڵەمەندەکان و هەرچی پێغەمبەر دەوداتێ، لێی وەرگرن؛ لە هەر چیشتان بێ بەش کا، دەستی بۆ مەبەن. دەبی لە خودا بترسن؛ کە تۆڵەی خودا زۆر دژوارە." (سوورەی ٥٩ ئایەی ٧)*

بڕێك بە تیژی ئەگەر بدوێین، دەتوانین بڵێین، خودا محەمەدی وەك نموونەیەك لە خۆی نەخوڵقاندووە، بەڵکوو ئەوە محەمەدە قسە دەخاتە زاری خوداوە، بۆئەوەی لە بارودۆخی تەنگانەی ژیانیدا بە فریای بگا. وێدەچێ لەو کارەیدا سەرکەوتوو نەبووبێت، چونکە سوورەیەکی تری قورئانی پێویست بووە بۆ قەناعەت پێهێنان و خستنە ژێر کونترۆڵی بە تەواوەتیی لایەنگرەکانی، کە پەیتا پەیتا پرسیاری دڵناخۆشکەریان لێ دەکرد:

*"ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! لەو شتانە پرسیار مەکەن ئەگەر بۆتان روون کەنەوە، پێی تووشی دڵمەندی دەبن. ئەگەر پرسەکەو هەڵگرن بۆ ئەو کاتەی کە قورئان دێتە خوارەوە، وەرامەکەو دەدرێتەوە. خوا لەو پرسیارە نابەجێگایانەی ئێوە چاوی پۆشی؛ خوا لە گوناه دەبووریٚ و لەسەر خۆیە." (سوورەی ٥ ئایەی ١٠١)*

بەهۆی ئەو سوورەیە بارودۆخێکی دژوار لە ڕوانگەی وێناکردنی ڕاهێنان و جیهانبینی لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکان دەستپێدەکا. پرسیارکردنی ئەو قۆناغە واتە پرسیار لەسەر کولتوور و فەرهەنگ و کێشەی بە چاوی ڕەخنە سەیر کردن نەک هەر وەلادەنریٚ، بەڵکوو هەوڵی دروستکردن و بەفەرمیکردنی کولتووری وەڵامی نەگۆڕ و فۆندامێنت دەدریٚ. پرسیارکردن، بە قۆناغی شك کردن و ڕەخنەگرتن لە ئایین دادەنریٚ و هەر وەك دەزانین شك کردن لە ئیسلام بە تاوان دەناسریٚ. لە کاتێکدا شك کردن و پرسیار کردن لە دنیای مودێرن و مرۆڤدۆستی ئەمڕۆییدا دوو پایەی سەرەکی ڕەخنە لێگرتنن.

بە پێچەوانە، ڕەخنەگرتن لە ئایینی ئیسلامدا بە مانای بێدەنگی کردنە. لایەنگرانی محەمەد ئیزنی گوتنی بۆچوونی خۆیان کە جیاوازی لەگەڵ هی پێغەمبەر بووبیٚ، یاخود قسە لە قسەی ئەودا کردنیان نەبووە:

*"ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ناشیٚ دەنگتان سەر دەنگی پێغەمبەر کەویٚ. دەنگیش هێندە بەرز مەکەن، وەك وەل یەکترا داخێون؛ کە کارتان لیٚ پووچەڵ ببیٚ و خۆتان بە خۆتان نەزانن. ئەو کەسانەی لجەم پێغەمبەری خودا دەنگیان نزم دەکەنەوە، ئەو کەسانەن خوا دەربارەی پارێزگاری، دڵی تاقی کردوونەوە. لیٚ خۆشبوون و پاداشی مەزن بۆوانە." (سوورەی ٤٩ ئایەکانی ٢ و ٣)*

جیٚ سەرنج لێرەدایە کە گوتەی محەمەد وەسەر گوتەی خوداش دەکەویٚ. لێرەدا ناگوتریٚ کە دەنگی خۆتان لەسەر دەنگی خودا بەرز مەکەنەوە، بەڵکوو دەنگتان لە حاند پێغەمبەر بەرز مەکەنەوە. لەبەر ئەوە، هەر ڕەخنەیەك و هەر پرسیارێك دژ بە محەمەد بە چاوی تاوانێکی قورس و گران سەیر دەکریٚ. بە درێژایی مێژووی ئیسلام مرۆڤێکی زۆر لەسەر ئەو "تاوانە" ژیانی خۆیان بەخت کردووە.

لە دەستەیەک لە مەکتەبە ئیسلامییەکاندا موسوڵمانێك ئەگەر ڕەخنەی لە خودا گرتبێت، یاخود سووکایەتی بە خودا کردبێ، ئەگەر پەشیمان بووبێتەوە، ئارام کراوەتەوە و لێی بووردراوە، بەڵام هەر کەس سووکایەتی بە محەمەد کردبێ یاخود ڕەخنەی لە پێغەمبەر گرتبێ، تەنانەت ئەگەر پەشیمانیش بووبێتەوە، دەبێ تۆڵەی لێ بسەندرێتەو و بکووژرێ. تاوانی "سووکایەتیکردن بە پێغەمبەر" لە مێژوودا زۆر جار وەك بەهانەیەك بۆ سەرکوتکردن یاخود تووناکردنی دوژمنان کەڵکی لێ وەرگیراوە. تەنانەت ئەو سووکایەتییە گوتەکانی حەدیسیش دەگرێتەوە کە لە زمانی محەمەدەوە گوتراون. زۆربەی گوتەکانی ناو حەدیس بە ئەرك بۆ موسوڵمانان دادەنرێن کە گوێڕایەڵی لە حاکمانی ئیسلامی بکەن ئەگەر تەنانەت کارەکەیان دژ بە ئەخلاق و ناعادڵانەش بێ. هەر موسوڵمانێك دژ بەو بۆچونە بووبێ و هێزداریی حکوومەتی حاکمانی ئیسلامی لەژێر پرسیار خستبێ، وەك بێ دین سزا دراوە چونکە ئەمری پێغەمبەری بە جێ نەهێناوە.

بۆ منی نووسەر ئەو کاتەی برایانی موسوڵمان [اخوان المسلمین] لە میسر لەسەر کار بوون و پارلمانیان لەژێر کۆنترۆڵی خۆیان گرتبوو بارودۆخێکی هاوچەشن رووی دا کاتێ ساڵی ٢٠١٣ لە قاهیرە ئاخەفتنم لەسەر ئیسلامی فاشیستی کرد. کاتێ حوکمی کوشتنی من لە لایەن عالمێکی ئایینییەوە دەرچوو، وێدەچوو ئەو کارەی نەك بەهۆی سووکایەتی بە پێغەمبەر یاخود ئایینی ئیسلام، بەڵکوو زیاتر بەهۆی نیگەرانی لەژێر ڕەخنەگرتنی هێزی برایانی موسوڵمان لە میسر بووبێ. هەر تەواو بەو شێوەیەی خودا خۆشی کەرەسەیەك بۆ محەمەد بووە، کەسایەتیی پێغەمبەر لە ڕابردوودا زۆرجار وەك کەرەسەیەکی سیاسی سەیر کراوە و تا ئەمڕۆش هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە. چونکە لە زۆربەی بارودۆخەکاندا خودا بۆ محەمەد وەك گەلالەکار و قورئانیش وەك چرای جادوویی بووە کە هەموو ئارەزووەکانی بۆ وەدی هێناوە.

ئەوەی کە سووکایەتیکردن بە پێغەمبەر بۆ موسوڵمانێکی باوەڕپێکراو زۆر چەتوون دەنوێنێ، هۆیەکەی ئەوەیە قورئان وەك تێکست یاخود نووسراوەیەکی نەگۆڕ و ئیلاهی سەیر دەکرێ. لە قورئاندا هاتووە:

*"ئەو کەسانەش کە پێغەمبەر ئەزیت دەدەن، تووشی ئازاری بە ژان دێن." (سوورەی ٩ ئایەی ٦١)*

ئەو پرەنسیپە پەیتا پەیتا خۆی دووپات کردۆتەوە: محەمەد خۆی ئەوکات ئەو هێزەی نەبووە کارتێکەری لەسەر دژبەرانی هەبێت و سزایان بدا، هەر بۆیە بۆ پارێزگاریی لە خۆی یارمەتی لە سەرەوە وەرگرتووە. خوداش هاوتەریب لەگەڵ ئارەزووەکەی ئەو، وەك مرۆڤێکی ئاسایی هەڵس و کەوتی کردووە. خودا جوێنی داوە، لەعنەتی ناردووە، هەڕەشەی کردووە و تەڵەی بۆ مرۆڤی کافر و بێ باوەڕ داناوە (سوورەی ٧ ئایەی ١٨٢ تا ١٨٣). هەروەها خودا تۆڵە لەو کەسانە دەکاتەوە کە سووکایەتیان بە پێغەمبەرەکەی کردبێ. ڕۆژێك دێ کە "خودا تۆڵەیان لێ بکاتەوە و سەرگەردانیان بکا". (سوورەی ٢ ئایەی ١٥)

خودا وەك باشترین "فێڵەباز" (سوورەی ٣ ئایەی ٥٤) نیشاندەدرێت، هەروەها وەك کەسێك کە کەڵك لە فیتنە و سووکایەتیکردن وەردەگرێ. دەڵێی خودا بەو هەموو هێز و زانستەیەوە لەجیاتی ئەو هەڵس و کەوتە ئینسانیانە هیچ ڕێگاچارەیەکیتری بۆ سزادانی ئەو چەشنە مرۆڤانە نەبووە. بۆچێ دەبێ ئەو خودا مەزنەی خۆی مرۆڤی خوڵقاندووە ئاوا سووکایەتیشی پێ بکا؟ لە ڕاستیدا سووکایەتیکردنی خودا دەبێ چۆن بێ؟ هەر بەو شێوەیەی مرۆڤ دەیکا؟ نا، تەواو بەو شێوەیەی محەمەدی بێ دەسەڵات ئارەزووی کردووە؟

هەرچەند محەمەد بەهێزتر دەبوو، بەو ڕادەیەش پێویستی بێ ئەملا و ئەولای بە هاوڕێیی لایەنگرەکانی پەیدا دەکرد. کەسایەتییەکەی دەبوو لە هەنبەر هێرشی دەرەوە و ناوەوە پارێزگاری بکرێت. ئەو پارێزگارییە بۆ شەڕکەرەکانی بە مانای سەردانەواندن و گیانی خۆ بەختکردن بوو. کارێکی زۆر ساکار نەبوو، بەڵام بە چاوەڕوانی پاداشی چوون بۆ هەشت لەو دنیا، دوای ژیانی سەر زەوی، بارودۆخەکەی بۆ لایەنگرەکانی شیرینتر و ئەوانی تامەزرۆتر کردبوو.

٦٦ جار ناوی بەهەشت لە قورئاندا هاتووە. بۆ وێنە سووڕەی ٢، کە لەوێدا خودا هەموو مرۆڤێك بۆ ئەو شوێنە بانگێشتن دەکا. سەرکردەی ڕێکخراوەی سەلەفیەکانی ئاڵمان پیێرە فۆگل "Pierre Vogel" لەسەر دروشمی "بانگەشە بۆ بەهەشت" جەختێکی زۆر دەکا.

*"ئەوان گەرکیانە ئێوە بەرەو جەهەننەم ڕاکێشن؛ خواش گەرەکییە بە ئیزنی خۆی لە گوناهانتان ببوورێ و بتانگەیێنێتە بەهەشت. خودا ئەم نیشانانەی خۆی بۆ مەردم ڕوون دەکاتەوە." (سووڕەی ٢ ئایەی ٢٢١)*

خودا بەو هیوایەیە کە مرۆڤ بانگهێشتنەکەی لێ قەبووڵ بکات و نیشانەی خوداییەکەی لێ وەربگرێ و بیسەلمێنێ. ئەو سووڕەیە ڕوخسارێکی دۆستانە لە خودا نیشان دەدا کە بۆ بەهەشتەکەی پرۆپاگەندا یاخود بانگەواز دەکات. بەڵام سەیر ئەوەیە کە وشەی بەهەشت زۆربەی جار لە پەیوەندایەتی لەگەڵ ترساندن و هەڕەشەی سووتاندن لە جەهەننەمدا دێت، وەك لە سووڕەی ٣دایە:

*"هەموو کەسێك تامی مردنێ دەچێژێ؛ ڕۆژی سەڵاش هەقی خۆتان دەنێنە مشت. کێ لە ئاگر کلاکرێ و ببرێتە نێو بەهەشتەوە، دەیباتەوە و بەختەوەرە. ئەم ژیانەی سەر دنیا تەنیا بنەمای فریوە." (سووڕەی ٣ ئایەی ١٨٥)*

بەرەنگاربوونەوەی دوو وشەی بەهەشت و جەهەننەم هەم وەك ئاگاداركردنەوە و هەم وەك هاندان بەكار هاتووە:

*"جەهەندەمی لە بەهەشتیەكان دەخوازن: لەو ئاوە یا لەو زۆرەی خوا پێیداون شتێكیش بەشی مە بدەن. ئێژن: خودا ئەم شتانەی بەشی بێ دینان نەداوە." (سوورەی ٧ ئایەی ٥٠)*

لێرەدا ڕوون دەبێتەوە: هەموو مرۆڤێك بۆ بەهەشت بانگێشتن نەكراون و چوونی مرۆڤی بێ دین بۆ ئەو شوێنە قەدەغە كراوە.

هاوكات لەگەڵ ئەوەی ژیانی سەر زەوی بە **"بنەمای فریو"** ناودەبرێت، بەهەشت بە شوێنێكی بەچێژی شەهوانی و زۆر بە ئاڵۆش نیشان دەدرێ. بەڵام هەر بەو شێوەیەی پێشتر باسمان لێكرد، تەنیا ئەو كەسانەی گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەرەكەی دەبن، هیوادارن بەهەشتیان بە نەسیب بێ. لەوێ بەهەشتییەكان چاوەڕوانی خانووچكەی جوان و ئاپارتمان (سوورەی ٣٩ ئایەی ٢٠ و سوورەی ٢٩ ئایەی ٥٨) و هەروەها باغ و ژیانی پڕ لە كامەرانی (سوورەی ٥٦ ئایەی ١٢) دەكەن: *"لە باغاتی تژی لە خۆشیدا دەژین"*.

ئەدی بەهەشتییەكان تەواوی كات لە بەهەشت سەری خۆیان بە چییەوە خەریك دەكەن؟ لەسەر ئەوەش لە قوڕئاندا زانیاریی هەیە:

*"كە ئەوانە لە ئێمەوە نزیك كەوتوون. لە باغاتی تژی لە خۆشیدا دەژین. بەشێك لەوانی پێشینە، كەمێكیش لەوانی پاشین، لەسەر تەختی جەواهیربەند، هەمبەر بەیەك پاڵ دەكەفن. تازەلاوی هەمیشە لاو، لە دەوریان دێن و دەچن. بە زەرك و بە تونگە و پیاڵە، بادەی ڕەوان لەسەر چاویان دەدەنێن. نە لە خومار سەریان دێشێ و نە ئاوەزیش لە دەست ئەدەن. میوەجاتیش، هەركامی هەڵی دەبژێرن، گۆشتی مەلیش، لەوانەی ئارەزووی دەكەن، كیژی سپی چاوبەلەكیش، هەموو ئێژی مروارین لەناو قاپۆڕدا، پاداشی كردەوەیانە. كە لەوێدان، نە قسەی هەرزە دەبیستن، نە وتارێكی ناڕەوا." (سوورەی ٥٦ ئایەی ١١ - ٢٥)*

لە جێگایەكیتری قوڕئاندا ڕوونكردنەوەكە درێژەی پێدەدرێت:

*"ئەوانەی وا خودێ ترس بوون، وان لە بەهەشت و خۆشیدا. بەختەوەرن لەو شتانەی پەروەرینیان پێی بەخشیون؛ لە ئازاری جەهەندەمیشی پاراستن. لە هەنبەر كردەوەكانتان*

*بخۆن و وەخەون، نۆشتان بێ. لەسەر تەختی لە پەنای یەك پاڵ کەفتوون و کیژی سپی چاوبەڵەکمان پێ بەخشیون. ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و تۆرەمەشیان چوونە سەر باوەڕی ئەوان، مە تۆرەمەی ئەوانیش وەك خۆیان دەبەینە بەهەشت و لە پاداشی کردەوەیان هیچ شتێ کەم ناکەینەوە. هەموو کەسێ بارمتەی کاری خۆیەتی. هەر میوەیەك و هەر گۆشتێ بۆخۆیان ئارەزووی دەکەن، پێمان داون. پیاڵە پێکتر دەگۆڕنەوە و نە هەرزەوێژی تێدایە و نە هۆی تووشی گوناهبوونێ. تازەلاوانی خولامیان بە دەوردا دێن و دەچن؛ هەر ئێژی دانەی مروارین لە قاپۆڕدا. ڕوو لە یەکتری دەکەن و پێکەوە وتو وێژیانە. ئێژن: ئێمە لە پێشوودا لەناو کەس و کاری خۆمان نیگەران بووین. ئیتر خودا خۆی چاکەی دەگەڵ کردین و لە ئازاری گڕە و هاڵاوی پاراستین. ئێمە بەرێ هاوارمان هەر لەو کردەوە؛ هەر ئەویشە خاوەن چاکەی دڵۆڤانە." (سووڕەی ٥٢ ئایەی ١٧ - ٢٨)*

چ شتێك لە بەهەشتدا نییە؟ ڕۆژ و سەرما (سووڕەی ٧٦ ئایەی ١٣).

*"لە بەهەشتا لەسەر تەخت پاڵ ئەکەفن و نە تینی تاوێ دەبینن، نە سەرمایێ"*

لە بەهەشت هەموو ئەو شتانەی لێیە کە پیاوێکی بیابانی ئارەزوویان دەکات: باغی پڕ لە سێبەر، کورسی و مۆبلی نەرمونۆڵ، گۆشتی باڵندە و شەراب و سروشتییە کچی باکرە و کوڕی جوان چاك کە خواردەمەنی چێژدار دەگێڕن. لە جێگایەکیتری قوڕئاندا تەنانەت جوانی و خڕی مەمکۆڵەی کچەکانیش وێنا دەکرێ. دەڵێی خودا پێویستییەکی زۆری بەوەیە کە باوەڕپێکراوەکانی لە فۆڕم و چۆنیەتی مەمکۆڵە ئاگادار بکاتەوە:

*"باغستان و ڕێزی ڕەزان. پۆلە کیژی مەمك خڕی هاوتەمەنیش." (سووڕەی ٧٨ ئایەی ٣٢ - ٣٣)*

ژنانیش لە بەهەشتدا لای کەم لە خواردەمەنی و خواردنەوەی بەچێژ بڕێکیان وەبەر دەکەوێ، بەڵام هەر ئەوەندە و بەس! لەوانەیە کارێکی بەناچار و پارێزهەڵنەگر بێت کە کتێبێکی وەك قوڕئان، مرۆڤ و ژیانی سەر زەوی بە کەم دەگرێ، ژیانی ئەو دنیا و بەهەشت بە گرنگ دادەنێ. محەمەد بە جیاکردنەوە و دروستکردن و دۆزینەوەی ئەو دوو ڕێیە، تامەزرۆییەکی بێ ژومار لە نێوان لایەنگرەکانی پێکدێنێ بۆ ئەوەی بەرەو شەڕ و گیان فیداکردن هانیان بدا. دواتر حاکمانی ئیسلامی وەك کەرەسەیەکی گرنگ لەو هەڵس و کەوتە بۆ ئارامکردنەوە و هەروەها بۆ

بەرگریکردن لە ڕەخنەی خەڵکی لە کارە ناحەزەکان و چەشنی ژیانی خۆیان کەڵکیان لێ وەرگرت و دەنگی لایەنگر و کۆمەڵگایان لە ناوکدا پێ خنکاند. لە قورئاندا هاتووە کە محەمەد لە زۆر کار و هەڵس و کەوتدا وەپێش لایەنگرەکانی خراوە و جێیەکی تایبەتی بۆ داندراوە. بەو هۆیەش حاکمانی جێگری محەمەد لە ڕێگەی ئەو کارەوە، پاکانە و پاساویان بۆ هەڵس و کەوتی خۆیان لە هەنبەر مرۆڤی ناو کۆمەڵگاکانیان هیناوەتەوە. ئەمڕۆش ئیسلامیستی شەڕخواز بۆ پێکهێنان و بەڕێوەبردنی جیهاد بە فریودانی گەنجانی کۆمەڵگا ڕێگای بەهەشتی هەمیشەییان بۆ دیاری دەکەن. بە پێی ئەو ڕێنوێنییە، تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن بە تامەزرۆییەوە وەدوای کەون و بەڕێوەی بەرن کە بۆ ژیانی خۆیان و دژبەرانیان هیچ بەهایەك دانەنێن.

## [بەشی ٣]

### هەڕەشەکانی قوڕئان

لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەم پێکرد کە ووشە و چەمکی بەهەشت زۆرجار لە پەیوەندایەتی ووشەی سووتاندن دا هاتووە. چەمکی سووتاندن لە ئاگری جەهەننەم، بە ڕاشکاوی لە کتێبی قوڕئاندا کەرەسەیەکی کاریگەرە بۆ هەڕەشەلێکردن. بەڵام تەنیا هەڕەشەلێکردن نییە، ئەگەر سوورەکانی قوڕئان بە شێوازی کرۆنۆلۆگی، و نەك بەشێوەی درێژبوونیان وەك لە دەقەکەی ئێستایدایە، بەڵکوو بە پێی کاتی پێکهاتنیان بخوێنینەوە، مرۆڤ بۆی ڕوون دەبێتەوە کە ستراتێژی هەڕەشەلێکردنەکە لە قوڕئاندا، دوای فۆڕم و شێوەیەکی تایبەتی کەوتووە. ئەو فۆرم و شێوە تایبەتە خویشی پەیوەندییەکی تەنگاوتەنگی لەگەڵ بازنەی وەرگرتن، سەلماندن و کارتێکەریی ژیانی محەمەد دا هەیە.

لە سەرەتاوە محەمەد بە سووتاندنی جەهەننەم هەڕەشە لە خەڵکانی مەککە دەکا چونکە وەدوای پەیامەکەی نەکەوتبوون. بوتپەرستان و بێدینەکانی عەرەب کە بە بێ ئەوەش باوەڕیان بە ژیانی دوای مردن نەبوو، سناریۆی ترسێنەرەی دنیا ڕاستەقینە دوورەکەی ئەویان بە جیددی نەگرت و هیچ بەهایەکیان پێ نەدا. لەبەر ئەوە، پێغەمبەر هەوڵی دەدا بە ترس و خۆف لە کارەساتە سرووشتیەکان کە دەکرا بەسەریاندا داباریێ، هەڕەشەیان لێ بکات. بە دووپاتکردنەوەی کارەساتی لە چەشنی گێڕاوەکانی ئایینی یەهوودی کە دەبێ مووسا بە یارمەتی خودا بەسەر مرۆڤی میسر و هەروەها نووح بەسەر خەڵکەکەیدا هێنابێ، هەوڵی ترساندن و هەڕەشەلێکردنی خەڵکی دەدا. دوای کۆچی محەمەد لە مەککەوە بۆ مەدینە و هێزگرتنی لەو شارە، هەڕەشەلێکردنەکانیش فۆرمێکی نوێیان بە خۆیانەوە گرت. ئەمجارەیان نەک هەر جەهەننەم و کارەساتە سرووشتییەکان، بەڵکوو بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی، هێزی شمشیریش کارتێکەری خۆی نیشان دا.

بەڵام با بە وردی و بە شێوەی کرۆنۆلۆگی سەیری ئەو هەڵس و کەوتانە بکەین و بە یەکەمین سوورەی قورئان واتە سوورەی ٩٦ کە دەبێ پێی وەحی کرابێ، دەست پێبکەین. ئەو پەرتووکە دەبێ یەکەم پەیام و ئاخرین کتێب بێت کە خودا بۆ مرۆڤی دەنێرێ، سروشتییە دەبوو ئەو کتێبە بڕیاری مانیفێست و هەوڵی ڕاگەیاندنێکی لەو چەشنەی بە وردی و شەففافی بۆ مرۆڤ تێدا ڕوونکرابێتەوە.

دەستپێکی مانیفێستێکی ئەوها دەبێ چلۆن بێ؟ مرۆڤ دەبوو لە یەکەم سوورەدا چاوەڕوانی پێناساندنی ئایینی ئیسلام بکات و ناوەڕۆکی کارتێکەریی ئەو ئایینە نوێیەی بۆ ڕوون بکرێتەوە. سەرەڕای ئەوەش لای کەم ڕوونکردنەوەیەك لەسەر کەسایەتیی خوداکەی و ئەوەی چی لە مرۆڤ دەوێ، تێدا گونجابێ. بەڵام بەدوور لەوانە یەکەم سوورە ئاوا دەست پێدەکا:

*"وانە بەناو پەروەرندەت! کە زیندەوەر کاری ئەوە. جنسی مرۆی لە جڵتەیێ وەدی هێنا. بخۆنە کە خودانی تۆ لە هەر کەس دەهەندە ترە. ئەو خودایەی بەهۆی بنووسی ڕاهێنا. مرۆی لە شتێ ڕاهێنا کە زووتر پێی نەزانیبوو. نەخێر، دیارە مرۆ سەربزێوی دەکا؛ کاتێ دیتی لە خەڵکی دی بێ نیازە. دیارە بۆ لای پەروەرێنەت گەڕانەوە." (سوورەی ٩٦ ئایەی ١ - ٨)*

کات و مەکانی وەحیەکە وەبیر خۆمان دێنینەوە: محەمەد لە بارودۆخێکی ئاڵوز و قەیرانی سەلماندنی کەسایەتی خۆی لە ئەشکەوتێکدا بیری کردۆتەوە و خەوی لێ کەوتووە و لەپڕێکدا لە خەوەکەی ڕاچڵەکاوە. لەو بارودۆخەدا زەختی لێدەکرێ شتێك بخوێنێتەوە، کە نەیناسیوە و نەیتوانیوە بیخوێنێتەوە. وەدوای خودا و پەیامەکەی بکەوێ کە ئەوانیش تا ئەو کات بۆی نەناسراو بوون. بەڵام ڕەنگە لە سوورەکانی دوای ئەودا بۆی ڕوون کرابنەوە:

*"ئاخۆ ئەو [زەلامەت] بینی بەری دەگرت، لە بەندەیێ کە خەریك بوو نوێژی دەکرد؟ کو ئەبینی ئەگەر لەسەر ڕاستەڕێ با، یان فەرمانی بە لە خودا ترسی دابا؟ هیچ بیرت لێ کردۆتەوە، ئەگەر باوەڕی نەهێنا و ڕووی وەرگێڕا، [خۆی تیا دەبا]؟ مەگەر ئەو نەیدەزانی کە خودا دەبینێ؟ نا، ئەو هەر وازی نەهینا، لە پێشەسەری دەنەوین؛ پێشەسەری درۆکەری*

*خەتاکاری. دەبا ئەوسا هاوار بۆ یانەکەی بەرێ. ئێمەش گزیری دۆژەهی لێ دەنگ دەدەین." (سوورەی ٩٦ ئایەی ٩ - ١٨)*

ئەو سوورەیەش وەك روونكردنەوەیەكی ئاسایی نانوێنێ، زیاتر وێدەچێ كە كارەساتێكی تایبەت وێنا بكات. هەر ئەو كارە سەر لە مرۆڤ دەشێوێنێ. جارێكیتر بۆ وەبیرهێنانەوە: هێشتا هەر لای سوورەی یەكەمی قورئان دەمێنینەوە. خودا چاوپۆشی لە تەواوی ئونیوێرسام دەكات، و خۆی تەنیا بە تاقمێك مرۆڤی عەرەبی ئەو ناوچەیەوە خەریك دەكات. خودا، بۆخۆی دژ بە یەك لەو مرۆڤانە كە دەبێ پێشی بە دۆعا و نوێژدابەستنی محەمەد گرتبێ، دێتە مەیدانەوە. وەك دەمەتەقە و شەڕێكی ئاسایی نێوان مرۆڤی سەر شەقام، خودا هەڕەشە لەو پیاوە دەكات كە كاكۆڵی بە چنگ دەگرێ. ئەگەریش شەڕەكەیان گەورە بێتەوە و پیاوەكە دەستبكاتەوە، خودا بانگ لە كێشكچی جەهەنەم دەكات!

بۆچی یەكەم سوورەی كتێبی قورئان كە دەبێ كەلامی خودا بۆ ڕوونكردنەوی مرۆڤ و پێناسینی پەیامەكەی بێ، بەو شێوە بێ كلاسەییە دەست بە شەڕ و جوین بكات، شتێكی سەرسووڕهێنەرە و جێی پرسیارە. لەویش سەرسووڕهێنەرتر، ئەگەر مرۆڤ بە وردی بیری لێبكاتەوە ئەوەیە، ئەو كەسەی هێرشی كراوەتە سەر وەدوای پەیامی خودایەك كەوتووە كە تەنانەت خوێشی نایناسێ. بەڵام ئەگەر مرۆڤ قورئان وەك كتێبێكی ئاسایی بخوێنێتەوە، كە پەرەسەندنی كۆمەڵگای محەمەدی ئەو سەردەمە و كێشە كەسییەكانی لە هەنبەر تاجرانی بەهێز، كە لە بەرابەریاندا خۆی بە دۆڕاو دەزانی، نیشان بدا، بە چاوێكیتر و ڕاونگەیركیترەوە ئەو ڕووداوانەی بۆ ڕوون دەبێتەوە.

"خودا" بە شێوەیەكی هاوچەشن لە سوورەی ١١١ەدا هەڵوێست دەگرێ، كە ئەگەر بە شێوازی كرۆنۆلۆگی سەیر بكرێ، هەڵس وكەوتەكە یەكەم سوورەكانی قورئان وێنا دەكا. بەستێنی ئەو سوورەیە بەو شێوازەیە:

محەمەد دەیویست هۆزەكەی واتە هۆزی قورەیش لە وەحی یاخود پەیامە خوداییەكەی ئاگاداركاتەوە. بەوهۆیەوە دەبێ هۆزەكەی و زۆربەی خەڵكی

مەککەی بۆ ئەو کارە کێشابێتە بەر داوێنی کێوێك و لەوێ پێی ڕاگەیاندبێتن:
*"من پێغەمبەری ناردراو لە لایەن خوداوەم، بۆ ئێوە."*

بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە کە چاوەڕوانی هەواڵێکی باشتر لەوە بوون، هەستی تووڕەیی و ناڕازیبوونیان تێدا پێکهاتووە. مامی محەمەد "ئەبوو لەهەب" کە ئەو ڕووداوەی زۆر پێناخۆش بووە، و خۆی بەرپرس بۆ ئەو کارەی محەمەد زانیووە، لە ناو کۆمەڵەکەدا لە محەمەدی پرسیوە: *"تەنیا بەو هۆیە ئێمەت لێرە کۆکردۆتەوە؟ هەی لەعنەتت لێبێ محەمەد!*[5]

بەڵام لەجیاتی ئەوەی محەمەد ئەو پرسیارە هاندەر و ڕەخناوییەی مامی بە هۆکارێك دابنێ و دەرسی لێ وەربگرێ، بۆ یارمەتیدان هاوار بۆ خوداکەی دەبا. هەر وەك لە یەکەم سووڕەی قوڕئاندا هاتووە، محەمەد هەڵوێستی لەهەنبەر هێرشی مامی گرتووە. (دیارە لەوێدا ئەوە محەمەد نییە کە جنێو بە دژبەرەکەی دەدا بەڵکوو خودا خۆی دێتە مەیدانەوە)

پێغەمبەر لەو کۆبوونەوەیەدا هیچ گرنگاییەتیەك بە ڕەخنەی مامی نادا بەڵکوو پەنا بۆ خوداکەی دەبا و خودا نەتەنیا سووکایەتیی بە مامی محەمەد دەکات، بەڵکوو جنێو بە ژنەکەشی دەدات، کە هیچ پەیوەندییەکی بەو کارەوە نەبووە.

*"ئەبولەهەب هەر دوو دەستی شەلە بی و عەمری نەمێنێ. نە سامانی و نە ئەوەی پەیدای کردووە بەهرەی بۆ بدا. هەربینا، ئاگری بەگڕ ئەیسووتێنێ. ژنەکەشی دەستە چیلە بەکۆڵ دێنێ. گورزە هۆنی سیرمەی دووبادی دەملدا." (سووڕەی١١١ ئایەی ١ - ٥)*

١٤٠٠ ساڵ دوای مردنی پێغەمبەر هێشتا موسوڵمانان هەموو ڕۆژێ لە نوێژدا ئەو سووڕەیە دەخوێننەوە و دۆعا لە مامی پێغەمبەر و ژنەکەی دەکەن. لە ڕوانگەی منەوە لای تاقمێك لە لایەنگرانی ئایینی هەڵس و کەوتێك پەروەردە بووە کە هەر کەس پەیامەکەی پێغەمبەر و ئیسلام ڕەد

5 al-Tabari: tafsīr, Sure 111

کاتەوە یاخود ڕەخنەی لێ بگرێ، ئەگەر تەنانەت نیزیکترین کەسیشی بێ، لێی قەبووڵ ناکرێ، دەبێ جنێوی پێبدرێ و سووکایەتی پێ بکرێ.

بە شێوەیەکی هاوچەشن دەبێ خودا خۆی بە گژ سەرۆك هۆزێکی شاری مەککە دا هاتبێ کە قورئانی بە "خورافات و ئەفسانەی چێکراو" ناوبردووە. خودا لەسەر ئەو کارە تووڕە بووە و سەرۆك هۆزەکەی بە "زۆڵ" ناوبردووە و ڕایگەیاندووە، بە حیسابی ئەو کەسە دەگا کە وەك ساختەچییەك لە بەرابەر قورئاندا ڕاوەستاوە:

*"حەز دەکەن گەر تۆ نەرم بی، ئەوانیش نیانی بنوێنن. نابێ گوێش بەو کەسە بدەی، کە زۆر سوێندخۆرە، خوێڕییە؛ هەر تانە لە خەڵك دەدا و قسە بۆ ئەم و ئەو دەبا؛ لە کاری چاکە لەمپەرە؛ شەڕفرۆشە، تاوان کەرە؛ ڕزاقورسە، لەپاش ئەمەش زۆڵێکە خۆی سەپاندووە؛ هەر بەو هۆیە کە زەنگینە و چەند کوڕی هەن، گەر نیشانەکانی ئێمەی بۆ وەخێنن، ئێژێ: ئەمە چیرۆکی پێشینەکانە. بەم زوانە سەری بێڤلی داغ دەکەین." (سووڕەی ٦٨ ئایەی ٩ - ١٦)*

سەرسووڕهێنەرە کە خودا تا ئەو ڕادەیە خۆی بچووك دەکا و لەگەڵ مرۆوێکی ئاساییدا دەمەتەقە دەکا و ...

ئەو سووڕەیەش لە دۆعاکاندا زۆر جار دەخوێندرێتەو، هۆیەکەی بە دڵنیاییەوە ئەوەیە کە دێڕێکی کورت، شاعیرانە و زۆر ساکار بۆ لەبەرکردنە. مرۆڤ لەبەر چاوی خۆی وێنای دەکا کە ئەو کەسە دواتر سەری بۆ ئایینی ئیسلامی دانەواندبێ و بووبێ بە موسوڵمان و هەموو جارێك بە خوێندنەوەی ئەو دۆعایە خۆی بە "زۆڵ" ناسیاو کردبێ!

لای کەم لەو سەردەمەدا مرۆڤ لە هەنبەر ئەو کەسە هەڵس و کەوتێکی میهرەبانانەی بەجێ هێناوە: ئەگەرچی ئەو قورئانی بە نووسراوەیەکی ئینسانی داناوە، بەڵام تەنیا مۆری "زۆڵ" بوونی لێ نراوە. لەمڕۆدا کارێکی هاوچەشن لە وڵاتێکی ئیسلامی دەتوانێ تاوانێکی گەورەتری بۆ دەرچێ. لە باشترین بارودۆخدا دەکرێ بە منداڵی قەحبە نێودێر بکرێ، کاکۆڵی بە پەنجە بکێشرێ و دەم وچاو و لووتی بشکێندرێ. دواتریش ئیسلامیستەکان

تەنیا بەو هۆیەی گوتوویەتی :"قورئان کەلامی خودا نییە، بەڵکوو ئەفسانەی ناو مێژووە"، بە دەنگی بەرز بڵێین: بیکووژن!

دایدەنێین لە ڕاستیدا موسوڵمانی میانەڕەوی ئەمڕۆیی ئارگۆمێنت بێنێتەوە:"مرۆڤی موسوڵمانی شەڕخواز، موسوڵمانی ڕاستەقینە نین. چونکە ئیسلام ئایینی ئاشتیە و خودا خۆی بەڵێنی رەحمەت و بەخشینی داوە." کە لە ڕاستیشدا لە قورئاندا هاتووە:

*" هەر گا ئەوانە دێنەلات کە بە نیشانانی ئێمە بڕوادارن، پێیان بێژە: دڵنیا بن پەروەردێنتان هەر خۆی نوسیویە بەر بەزەیی خۆیتان بخا؛ دیارە خودا هەر کەسێکی لە ئێوە - لە نەزانی خۆی - کاری خراپی لێ رووبدا و پاشان پەشیمان بێتەوە و ئاکاری چاك ڕچاو بکا، لە گوناحەکانی دەبووڕێ و دڵۆڤانە." (سووڕەی ٦ ئایەی ٥٤)*

کەوابوو: کۆمەڵە کۆکراوەکە بۆچوونێکیتریان بووە، ڕەخنەیان گرتووە، متمانەیان پێ نەکردووە و دژ بە پەیامەکەی محەمەد و لایەنگرەکانی ڕاوەستاون، هەر ئەو کارەیان کردووە کە خودا خوێشی لە قورئاندا لەهەنبەر مرۆڤدا ڕایگەیاندووە.

تەنانەت بانگەوازی " بیکووژن!" خۆی لە کۆنتێکستێکی هاوچەشن لە قورئاندا دەبینێتەوە و دەتوانێ دژ بە ئارگۆمێنتی موسوڵمانی میانەڕەو ڕاوەستێ. بەستێنی دروستبوونی ئەو سووڕەیە کێشە و دەمەتەقەیەکی ئاسایی نێوان بازرگانێکی دەوڵەمەند و محەمەد بووە، لە لە کۆتاییدا بازرگانەکە سووکایەتی بە قورئان کردووە. خودا خۆی بۆ یارمەتی پێغەمبەرەکەی هاتۆتە مەیدان:

*"تۆ لێم گەڕێ بۆ ئەو کەسەی من تەنیا وەدیم هێناوە؛ دارایی فرەشم دایە؛ چەند کوڕێکیش کە ئاگاداری لێدەکەن؛ هەموو کارێکم بۆ ڕێك خست؛ هێشتا هەر چاوی لەوەیە بۆی بێر کەم. هەرگیز! چون بۆنیشانانمان لاسار بووە. تووشی ئازاری وای دەکەم، پێی هەڵبچێ. ئەو هەر ڕاما و هەڵی سەنگاند. ئەی مەرگی بێ؛ خۆی چۆنی لێکداوەتەوە؟ دیسان نەژێ؛ چۆنی بۆچوو؟ لە پاشانا تواشای کرد. ئەوسا کە ڕووی گرژ کرد و ترش هەڵگەڕا. لەپاشان پشتی هەڵکرد و فیزی نواند. ئەوسا گوتی: ئەم قورئانە - ببێ و نەبێ - جادوێکە لە کۆنەوە دەیگێڕنەوە. ببێ و نەبێ، ئەمە هەر وتەی مرۆیە. بەم زوانە دەیهاوێمە دۆزەقەوە. کوا*

*ئەزانی دۆزەق چییە؟ نە دەهێڵی و نە واز دێنی. پێستی مرۆ ڕەشەو دەکا و دەیبرژێنێ."*
*(سوورەی ٧٤ ئایەی ١١ - ٢٩)*

ئەو سوورەیە وەك دوو هەم سوورە بۆ محەمەد وەحی کراوە. پێش ئەوەی خودا پەیامە ئایینیەکەی بۆ مرۆڤ ڕوونبکاتەوە، چاوەڕوانی لە مرۆڤ دەکات کە کوێرانە سەری بۆ دانەوێنن. هەرکەس ئەو کارە نەکات و نەیسەلمێنێ، دەبێتە دوژمنی ڕاستەوخۆی خودا و دەبێ هێندە لە ئاوری جەهەننەمدا بسووتێ کە هیچی لێ نەمێنێتەوە. لەجیاتی ئەوەی ئەو مرۆڤە لە لایەن خوداوە ڕاستەوخۆ سزا بدرێ، چونکە دەبێ خودا توانایی بەسەر هەموو شتێک و هەموو کارێکدا هەبێ، بە پێچەوانە خودا وەك مرۆڤ هەڵس و کەوت دەکا و قاوی "بیکووژن!" دەدا، هەر وەك چۆن ئیسلامیستی ئەمڕۆیی لە مانگرتنەکان و ڕێپێوانەکانیاندا بانگ دەکەن: "مردن بۆ ئەمریکا!"

ئەو پیاوە چ هەڵەیەكی گەورەی كردبوو؟ لە سوورەی ٢٣ دا هاتووە: "ئەو دژ بە نیشانەكانی ئێمە یاغی بووە". [نیشانە] ئەو گوتانە بوون كە تا ئەو كاتە دەبێ بە محەمەد وەحی كرابن! تا سەردەمی كێشەكە، دەبێ بڵێین سوورەیەكی زۆری پێ وەحی نەكرابوو. سەیر ئەوەیە پێش ئەوەی محەمەد ئایینەكەی بۆ خەڵكانی مەككە ڕوون بكاتەوە و كەسایەتیی خوداكەی بناسێنێ، لێدەگەڕێ خوداكەی بە جوێن و سوكایەتییكردن دەست پێ بكات. ئاگری جەهەننەم لەو قۆناخەدا وەك باشترین كەرەسە بۆ هەڕەشە لێكردن دێتە كایەوە، هەر وەك لەو سوورەیەی خوارەوەدا هاتووە. لێرەشدا مەبەست بازرگانێكی دیكەیە كە ڕەخنەی لەسەر پەیامەكەی محەمەد هەبووە:

*"هەوارە لە كەسێكی بەتەشەری خوسپ كەرە؛ ئەوی ماڵی كۆكردووە و دەیژێرێ. خەیاڵ دەكا دراوەكەی لە مردنی دەپارێزێ. نانا، با وا خەیاڵ نەكا؛ بێ شك فڕێ دەدرێتە ناو"حوتەمە"وە. كوا دەزانی نیاز لەو "حوتەمە" چیە؟ ئاگرێكە خودا هەڵیگیرساندیە. بەسەر پەڕەی دڵاندا دێ. كە ئەمەیان بەسەردا گاڵە دراوە؛ لە ئەستوونەگەلێكی بەرز و بڵندا."*
*(سوورەی ١٠٤ ئایەی ١ - ٩)*

ووشەی جەهەننەم و ئەشكەنجەكەی كە چاوەڕوانی مرۆڤ دەكات، زیاتر لە ٤٠٠ جار لە قورئاندا هاتووە. جێی سەرنجە كە ئەو هەڕەشانە لە یەكەم سوورەكانی قورئانەوە وەبەر چاو دێن. بۆچی؟ كاتێ ئایینێكی نوێ پێكدێ، ئایا مرۆڤ چاوەڕوانی ئەوە ناكات كە لە هەوەڵەوە خاڵە ئەرێییەكانی نیشان بدرێن؟ نەدەبوو پەیامەكەی خودا كە دەبێ لە هەمووشتێك گرنگتر بێ، و پێش ئەوەی هەڕەشەی جەهەننەم لە مرۆڤ بكرێ و بە بێ ئەوی تەنانەت بچووكترین ئاماژە بە پەیامەكە كرابێ، بخرێتە سەرەتاكەیەوە؟

بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارە، باشتر وایە سەیری هەڵس و كەوتەكانی پێغەمبەر بكرێ. بە چاوپێداخشاندن بە شێوازی كرۆنۆلۆگی یەكەم سوورەكاندا، ئێرەیی كردن و تووڕەبوونی محەمەد لە هەنبەر بازرگانە دەوڵەمەندەكانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە كە بە پێچەوانەی پێغەمبەر پارەیەكی

زۆریان پێکەوە نابوو و چەندین مناڵ بە تایبەت "کوڕ"یان هەبوو. لە کۆمەڵگای سەدەی حەوتەمی عەرەبستاندا کارێکی زۆر ناحەز و دزێو بوو ئەگەر مرۆڤ کوڕی نەبایە. لە شیعرەکانی پێش سەردەمی هاتنی ئیسلامدا باو بووە نەتەوەی عەرەب بەسەر بنەماڵە کەیاندا هەڵبڵێن و بەردەوام شانازی بە کۆلکەی بنەماڵە کەیانەوە بکەن. محەمەد خۆی وەك مناڵێکی هەتیو کە بە بێ ئەوەش لە ناو بنەماڵەکەیدا بێگانە بوو، تەنانەت لە ناو هۆزەکەی خویشیدا بارودۆخێکی زۆر دژواری هەبوو، بە هۆی زەماوەند کردن لەگەڵ یەکەم ژنەکانی ("خەدیجە" ی بێوەژن) کە کاروانسەرایەکی گەورەی ئیدارە دەکرد و بە یارمەتی ئەو، کەوتە ناو بازنەی بازرگانەکانەوە کە لە ڕاستیدا ئەوانیش محەمەدیان لەناو خۆیاندا بە باشی وەرنەگرت.

محەمەد بەهەموو شێوەیەك هەوڵی ڕاکێشانی خەڵکانی مەککەی بۆ ئایینەکەی دەدا و دەیویست پەیامی خوداکەی خۆی ڕابگەیێنێ بەڵام لەو کارەدا زۆر سەرکەوتوو نەبوو. هەرچەند محەمەد تووڕەتر و ناهومێدتر دەبوو، بەو ڕادەیەش نەرێنی تر لە هەنبەر مرۆڤ هەڵس و کەوتی دەکرد و ئاگری جەهەننەمی لە نووسراوەکانی قوڕئاندا بەتینتر دەکرد.

وێدەچێ کاتێ خوداکەی پێغەمبەری خۆی ئاگادار کردۆتەوە، سادیسمێکی خۆشحاڵیی تێدا پێك هاتبێ، :

*"ڕۆژێ دەبێ کە بە جەهەندەمێ ئێژن: ئاخۆ پڕ بووی؟ ئێژێ: ئاخۆ پتریش هەیە؟" (سووڕەی ٥٠ ئایەی ٣٠)*

لە سووڕەی ٣٢ دا هاتووە:

*"ئەگەر حەزمان بکردایە، هەموو کەسمان بەرەوخۆ شارەزا دەکرد؛ بەڵام من بەڵێنم داوە کە جەهەندەم - لە خێڵی جنۆکە و مرۆ - تژی دەکەم." (سووڕەی ٣٢ ئایەی ١٣)*

لەو سووڕەیەدا بۆچوون و پەیامێکی گەلێك پەرۆشی تێدایە: ئەڵڵا وەك خودایەك نیشان دەدرێ، کە بە ئاشکرایی و لەسەر ویستی داڕێژراو و بە پلانەوە دەیهەوێ مرۆڤێکی زۆر لە ئاگری جەهەننەمدا بسووتێنێ و توونایان بکا. ئەو دەیتوانی ڕێگای ڕاست بە هەموو مرۆڤێك نیشان بدا،

بەڵام نەیویستووە، چونکە ئەو بەڵێنی بەخۆی داوە جەهەننەم لە مرۆڤ پڕ بکات: واتە ئەو کەسانەی، کە خودا خۆی لەسەر ویستی خۆی ڕێگای ڕاستیان پێ پیشان نادات.

*"ئەو کەسانەی لە نیشانەکانی ئێمە حاشا دەکەن، لە دواڕۆژدا بە ئاگر دەیان سووتێنین هەتا پێستیان داپلۆخا، پێستی تریان بۆ دەگۆڕین تا ئازار پتر بچێژن. خودا خاوەن دەستەڵاتی لە کارزانە." (سوورەی ٤ ئایەی ٥٦)*

مرۆڤ دەبێ لەبەر چاوی خۆی خودایەك وێنا بکا کە دەبێ ڕەحمەت و دلۆڤانییەکەی هەموو شتێك بگرێتەوە، بە دڵنیاییەوە بۆخۆی و لەسەر مەیلی خۆی ئەو میهرەبانییەی کردۆتە ئەرکی خۆی و هاوکاتیش بڕیار دەدا زۆربەی مرۆڤ بئاخنێتە ناو جەهەننەمەوە، بۆ هەمیشە بیانسووتێنێ، کاتێ پێستیان بە تەواوی سووتا، پێستێکی نوێیان بە خانەی دەمارییی نوێوە بۆ دروست بکاتەوە، بۆ ئەوەی بە شێوەی سیستماتیك ئەشکەنجەیان بدا و ئێش و برینیان هەرگیز سارێژ نەکرێ!

ئایا ئەو کارە ئەمەگناسی خودایە لە هەنبەر خوڵقاندنەکەی؟ باوەڕی بە مرۆڤ هەیە؟ هەروەها ئایا ئەو هەڵس و کەوتە پەیوەندییەکی لەگەڵ سوورەی ٢ دا هەیە کە دەڵێ خودا ویستوویە مرۆڤ وەك جێنشینی خۆی لەسەر زەوی دیاری بکا؟ ئەوە، دلۆڤانبوون نییە کە خودا پیشەی کردووە، و هاوکات وێدەچێ نیگەرانبوونی فریشتەکان لە هەنبەر مرۆڤ بە شێوەی چاوەڕوان نەکراو بەڕاست گەڕابێت. لە پلەی یەکەمدا ئەوە خودایەکە وا بە ئەشکەنجە و ئاگری جەهەننەم هەڕەشە لە مرۆڤ دەکا.

خوای توانا لەسەر سووتاندن لە جەهەنەمدا فانتازیای خۆی ئازادانە وەکار دەخات. تەنانەت بۆ دانیشتوانی ناو جەهەننەم بەرگ درووی تایبەتیش سفارش دەدا.

*"ئەو دوانە لەسەر پەروەندی خۆیان کێشەیانە: ئەوانەی بوونە خوا نەناس، کراسێکی ئاگریان بە بەژنێ بڕا؛ ئاوی گەرمی داتۆڵێنیان لەسەرڕا بەسەردا دەکرێ. هەر بەو ئاوە قژکوڵاوە، هەناویان بە پێستیانەوە دادەپلۆخێ. بەر گورزی ئاسنیش دەدرێن. تا گەرمکیان*

*بێ لە مەینەت ڕزگار بین، هەس دەدرێنەوە بۆ ناوی: دەی ژانی ئاگر بچێژن!" (سوورەی ٢٢ ئایەی ١٩ - ٢٢)*

لە جەهەننم خواردن و خواردنەوەش بوونی هەیە، بەڵام بە ڕاشکاوی لەگەڵ هی بەهەشت جیاوازن:

*"بەری دارەکەی ژەقنەمووت، خواردنی گوناهبارانە. کە چەشنی خڵتەی ڕۆن زەیتوون، لە ناو سکاندا دێتە کوڵ؛ وەك کوڵینی ئاوی گەرم. سا بیگرن و ڕاییکێشن بۆ ناوەڕاسی جەهەندەم. ئەوساکەش هەر بۆ ئازاردان، ئاوی کوڵاوی بەسەرداکەن. دە بچێژە! تۆیەکی کە لە دنیادا هێزای خاوەن دەستەڵات بووی. ئەوە ئەو شتە هاتە دی کە ئێوە لێی بە گومان بوون." (سوورەی ٤٤ ئایەی ٤٣ - ٥٠)*

*"بێژە: ئەمەیە بەڕاستی لە پەروەرەندەتان ڕایە؛ کێ بڕوای پێدەکا، بیکا و کێش بڕوا ناکا هەر نەیکا. ئێمە بۆ ناهەقیکاران کڵێڵی وامان نێڵ داوە، کە بڵێسەی هەروەکوو کۆن دەوری گرتوون؛ تا هاواری چارە دەکەن ئاوێکیان دەفریاد دەخەن وەك مسی تواوە وایە؛ دەم و چاویان دەبرژێنێ و وەخواردنێکی کرێتە و ژیگەیێ زۆر نالەبارە." (سوورەی ١٨ ئایەی ٢٩)*

لە شێوازی ئاساییدا بۆ نیشاندان و سەلماندنی ئازادبوونی ئایینی ئیسلام تەنیا لە نیوەی ئەو سوورەیە کەڵك وەردەگیرێت: وێدەچی خودا زۆر بەخشەندە و دلۆڤان بێ و باوەڕ پێکردن یا نەکردنی بە مرۆڤ ئەسپاردبێ. بەڵام بەشی دووهەمی سوورەکە نیشان دەدا کە لێرە باس لەسەر ئازادیی هەڵبژاردن نییە، بەڵکوو هەڕەشەلێکردنە. هەرکەس باوەڕ نەکا، دەخرێتە ناو ئاگرەوە. هەر کەس باوەڕ نەهێنێ، تاوانبارە. هەر کەس باوەڕی نەبێ، دوژمنە. خوڵقێنەر لە توانایدایە ئەو ئێش و ئازارە ڕابوەستێنێ، بەڵام بە تامەزرۆییەوە سەیر دەکات کە دوژمنەکەی چلۆن دادەپلۆخێت.

ئایا ئەو هەڵس و کەوتە کارێکی ئاسایی و لۆژیکییە؟

ئەو پارادۆکس و دژوپێچەوانەییە کاتێك چارە دەکرێ کە مرۆڤ نووسراوەکانی قوڕئان نەك وەك گوتەی خودا بەڵکوو وەك تێکستێکی ئینسانی سەیر بکات. ئەو سەردەمە ژمارێکی زۆر دژبەر و نەیاران دەوروبەری محەمەد یان گرتبوو و بە هیچ چەشنێك پێغەمبەر نەیدەتوانی

بەربەرەکانیان لەگەڵدا بکات. ئەو، لاواز و ناتەوان ببوو و بەو هۆیەوە کەوتبووە فانتازیکردن و لای خۆی خەون و خەیاڵی دەکرد. پێغەمبەر تووڕەیی و تۆڵەسەندنەوەکەی خۆی وەك ئاوێنەیەك لە لای خودا و لە زمانی ئەوەوە بەیان دەکا و بەو کارەی خۆی، خودای توانا وەها نزم دەکاتەوە، کە دەیهێنێتە ڕادەی مرۆڤێکی ئاسایی. "سا بیگرن"، "ڕاییکێشن بۆ ناوەڕاستی جەهەندەم"، "ئەوساکەش هەر بۆ ئازاردان"، "ئاوی کوڵاوی بەسەرداکەن!" ئەو چەشنە ئاخەفتنانە هەر هەموویان بەیانکردنی گوماناوی، تێکەڵاو لەگەڵ تووڕەیی و بێ دەرەتانی و داماویی هێزێکی بەتوانا نیشان دەدەن. تێکەڵاوییەك کە دەبێتە هۆی دروستبوون و پەروەردەکردنی مرۆڤی زێدەڕۆ، توندرەو و دەمارگرژ.

فۆرمۆلی قورئان کە دەڵێ: [مرۆڤ دۆڕاوە، ژیانی "دنیایی" هیچ بەهایەکی نییە، بەهەشت جێی چێژ و جەهەنەم ناخۆشترین فیلمی ترسێنەرە]، ڕێگاخۆشکەرە بۆ کەسانێکی بێ هێز کە توانایی بەرپرسایەتی لە هەنبەر ژیانی خۆیان نییە و ناتوانن لە ئاشتیدا لەگەڵ مرۆڤەکانیتر ژیان بکەن. ترس لە هەنبەر خودایەکی تووڕە و پێشبینی نەکراو، کە تینی ئاگری جەهەننەمەکەی و ئێش و ئازارەکەی مرۆڤ دەخاتە گوێگرییەکی ناوخۆیی کە ئەزموونەکەی دەبێتە هۆی جیابوونەوە و دوور کەوتنەوە. ئەو چەشن مرۆڤانە هەوڵ دەدەن بە وردی لەگەڵ ڕەمزی کردەوی ئیسلامیدا خوو بگرن و بە گشتی چلۆنایەتیی هەڵوێست لە هەنبەر ڕێ و رەسم، خواردن، خواردنەوە، هەڵس و کەوت لەگەڵ ژن و هەروەها پەیوەندیی لەگەڵ بێگانە دیاری بکەن. خۆیان بە ڕێوڕەسم و داب و نەریتێکی پێشتر دیاریکراو دەبەستنەوە کە ژیانی ڕۆژانەیان بۆ دیاری دەکات و تەنانەت یاسای بۆ سەر ئاودەست چوون و با لێبوونەوەشیان بۆ روون دەکاتەوە و هیچ ڕێگایەکیان بۆ مامەلەکردن بۆ ناهێڵێتەوە. لەسەرووی هەموشیانەوە تەم و مژی "ترس" وا دەوروبەری گرتوون کە جێی ساغکردنەوەی هەڵەیان لێ قەدەغە کراوە. زۆربەی داب و نەریت و یاسای ئیسلامی لە هەڵس و کەوتی دووپاتکراوە و چەند پاتکراوە پێکهاتوون، بە تایبەت لە کاتی نوێژ و خۆ خاوێنکردنەوە. بە پێی ئەو یاسایانە هەر موسوڵمانێك دەبێ پێنج جار لە

ڕۆژدا بۆ نوێژ کردن خۆی بشواتەوە و هەرکام لە ئەندامان دەبی سێ جار بە ئاو بخووسێندرێن. لەو ناوچانەی ئاو بە ئەندازەی پێویست دەست ناکەوێت، مرۆڤ دەتوانێ بە شێوازێکی هێمایی، بەو شێوەیەی وا دیاریکراوە لە خۆڵ و زیخ کەڵك وەربگرێت. محەمەد بە لایەنگرەکانی گوتووە: "هەر کەس بە وردی ئەو کارانە بەڕێوە نەبا، دەبێ لە سزای خودا بترسێ. ئەو ئەندامانەی خاوێن ڕانەگیرێن، لە قیامەت لە لایەن خوداوە دەسووتێنرێن."

ترس هرگیز ئامۆژگاریدەر نەبووە. سزاش هیچکات کەرەسەیەکی باش بۆ قانعکردنی مرۆڤ نییە. زۆرجا ترس لە گوناهکردن یاخود تووڕەیی خودا، دەبێتە هۆی لە داوخستنی گەنجانی موسوڵمان بۆ ناو داوی ئیسلامیستەکان. زۆربەی ئەو مرۆڤانەی وا دەکەونە داوی ئیسلامییە فناتیکەکانەوە، مەبەستیان کورتکردنەوی ڕێگا و تەنیا شوشتنەوەی تاوانەکەیان و ڕزگاربوون لە ئاگری جەهەننەمە. لەبەر ئەوەی لە کتێبی قورئاندا هیچ زامنێك بۆ چوونە ناو بەهەشت و گەیشتن بە ژیانی هەمیشەیی تەنانەت بۆ مرۆڤی موسوڵمانیش نییە، شەڕی چەکدارانە دژ بە ئایینەکانیتر و بێدینەکان، واتە جیهاد، بە تەنیا ڕێگای ڕزگاری دادەنرێت، چونکە تەنیا ئەو کەسانەی لە ڕێگای جیهاد دا شەهید دەبن، جێگایەکی هەمیشەیی لە بەهەشت بۆ خۆیان تەرخان دەکەن.

دیارە سروشتییە و دەبێ بڵێم بەختەوەرانە هەموو گەنجێکی موسوڵمان ڕێگای شەڕخوازی پیشە ناکەن، بەڵام ئەو فۆرمولەی لەسەرەوە باسمان لێوە کرد و زۆربەی سوورەکانی لەو بابەتە، دەبنە هۆی ناخۆشکردنی پەیوەندی نێوان موسوڵمان و ئایین و مرۆڤەکانیتر. دەنا چلۆن دەکرێ پەیوەندییەکی ئاسایی لەگەڵ کەسانێك بگیرێت کە خودا خۆی ناخۆشی دەوێن و ڕقی لێیانە؟ چلۆن مرۆڤ دەتوانی لایەنگریی لە مافی مرۆڤەکانیتر و بۆچوونەکانیان بکات، کاتێ بزانین کە خودا لەو دنیا بە خراپترین و سامناکترین شێوە دەیانسووتێنێ؟ چلۆن دەتوانین بانگی ژیانی تولەرانس و پێکەوە ژیانی ئایینە جۆراوجۆرەکان بدەین کاتێ لە قورئاندا نووسراوە،

"تەنیا ئەو کەسانەی وەدوای نیشانەکانی ئیمە کەوتوون، ڕێگای ڕاستیان گرتووە."؟

## نان شەکری لەجیاتی قامچیکاریی

مرۆڤ دەتوانێ بڵێ هەڕەشەی ئاگری جەهەننەم خراپترین و سامناکترین کارەساتە کە چاوەڕوانی هەر مرۆڤێك دەکات. بەڵام، هەر وەك گوتمان، ئەو سناریۆیە هێندە لە ڕاستەقینەی ژیان بە دوورە، کە کارتێکەرییەکەی بەربڵاو و زۆر کاریگەر نەبووە. دەبێ ئەو کارەساتە بۆ محەمەد کاریگەرتر بووبێ، کە بە سناریۆ دروستکراوەکەی لەسەر ئاگر و ئەشکەنجەی جەهەننەم نەیتوانیوە خەڵکانی مەککە بترسێنێ. حەواڵەی تاوان بۆ ڕۆژی قیامەت، بە کارێکی پووچ و بێ نرخ دادەنرا، دیارە ئەگەر مرۆڤ باوەڕی بە ڕۆژی قیامەت نەبایە.

کە وابوو محەمەد دەبوو بە شێوازێکیتر هەوڵی بۆ ئەو کارە بدایە. قامچی کۆکردەوە و نان شەکری بڵاو کردەوە. دوای زەماوەند لەگەڵ یەکەم ژنی واتە خەدیجە، و لەبەر ئەوەی هەر وەك ئاماژەمان پێکرد، کاروانسەرایەکی ئیدارە دەکرد، ئەزموونێکی بەنرخی لە کاری بازرگانیدا کۆکردەوە. بەڵێنی یەکیەتی و داهاتێکی زۆری بە هۆزەکەی دابوو، بەو مەرجەی باوەڕبە خوداکەی بهێنن:

*"بۆ پێکەوەمانی قورەیش، کە ساڵانە دوو جار دەچن بەرەو زۆزان و گەرمیان، با خودانی ئەم خانوە بپەرەستن؛ کە ئەوانی لە نیزی بێ نیاز کرد و دڵنیای کردن نەترسن." (سوورەی ١٠٦ ئایەی ١-٤)*

لە سووری ٢ دا دەڵێ:

*"کێ ماڵی خۆی بە دەستەواو دەدا بە خوا، هەتا ئەویش چەند ئەوەندەی بداتەوە؟ کەم بژێوی و فەرحانیش هەر بە دەس ئەوە و هەمووش هەر دێنەوە لای ئەو." (سوورەی ٢ ئایەی ٢٤٥)*

هەر لە هەمان سوورەدا محەمەد لایەنگرەکانی هان دەدا داراییەکەیان لەژێر ئیختیاری ئەودا دابنێن:

*"بەسەرهاتی ئەوکەسانەی ماڵیان لە ڕاهی خودادا بەخت دەکەن، وەك بەسەرهاتی دەنکێکە حەوت گوڵ دەدا و هەر گوڵەی سەد دانەی تێدا. خودا چەند ئەوەندە پاداش دەدا بە هەرکەس بیەوێ. خودا چاکەی یەکجار زۆرە و زۆر زانایە. ئەو کەسانەی ماڵ لە ڕای خودا دەبەخشن و چاویان دانادەنەوە و تووشی ئازارێکیان ناکەن، خودا تێی هەڵدێنێتەوە و نە هیچ ترسێکیان لە سەرە و نە خەم دەخۆن." (سووڕەی ٢ ئایەی ٢٦١ - ٢٦٢)*

بەڵام تاجرەکانی مەککە هەر وەك پێشوو ملیان نەدا و لەسەر ڕێگای خۆیان مانەوە. محەمەد دەبوو هەمیسان تاکتیکەکەی بگۆڕێ. هەر وەك شێعرێکی کلاسیکی سەردەمی پێش ئیسلامی وڵاتانی عەرەبی هەڵس و کەوتی کرد کە هۆزی خۆیان تا ئاسمان هەڵدەکێشا و هۆزە دوژمنەکانیشیان وەبەر پەلاماری سووکایەتی دەدا. کتێبی قوڕئان ئەو دابونەریتە دەکاتە شێواز و ڕێبازی خۆی: بەسەر لایەنگرانی محەمەد دا هەڵدەڵێ و سووکایەتی بە سەرجەم مرۆڤایەتی دەکات.

لەو قۆناخەدا ئەفسانە، چیرۆك و گێڕاوە لەسەر خەڵکانی پێشوو لە ناو قوڕئاندا زیندوو دەکرێنەوە، کە زۆربەیان لەبیر چووبوونەوە و تۆزی مێژوویان لەسەر نیشتبوو. لە سەرەتاوە باسی ئەفسانەی ناسراو لە ووڵاتە عەرەبییەکان وەك "سەموود و عاد" ی دەکرد کە بە شێوەیەکی وەستایانە لە گەڵ خوداکەیدا پەیوەندی دابوون:

*"کارەساتەکە ڕوودەدا. کام کارەسات؟ تۆ چوزانی ئەو کارەساتە چلۆنە؟ سەموود و عاد ڕوداوە دڵکوتەکەیان بە درۆ دانا. هۆزی سەموود بە نەعرەتێکی بێ وێنە، قڕانیان کرد. هەرچی هۆزەکەی عادیش بوو، بە بایەکی هەرە بەهێز لەبەین چوون. ماوەی حەو شەو و هەش ڕۆژان، بەبێ وچان، ناردیە سەریان. لەم ماوەدا لاشەیان لێ تخێڵ ببوون؛ دەت وت کۆتەری دار خورمای ناو ڕزاون. ئاخۆ ئەتۆ پاشماوەیەکیان دەبینی؟" (سووڕەی ٦٩ ئایەی ١-٨)*

پەیامی محەمەد بۆ خەڵکانی مەککە زۆر ڕوون بوو: ئەگەر ئێوە باوەڕ بە من نەهێنن، خودا ئەو کارەساتەتان بەسەردێنێ کە بەسەر "سەموود و عاد" ی داهێنا. نەک هەر لە قیامەت دەبێ لە ئەشکنجەی جەهەننەم بترسن، بەڵکوو لەم دنیایەش کارەساتی سروشتی و کاولکاریی وەك سزا مەترسیان بۆ دروست دەکات.

دواتر محەمەد دەستی کرد بە قەرزکردنی ئەفسانەکانی ناو کتێبی ئینجیل بۆ ئەوەی بە خەڵکانی مەککە پیشان بدا کە مرۆڤی پێش ئەوانیش دەبوو تاوانێکی گران بدەن، چونکە پێغەمبەرەکانیان بە درۆزن زانیوە. چیرۆکی ئیبراهیم، مووسا و نووح بە چەندین جار لە قورئاندا دووپاتکراونەوە.

بە پێی یەکەم کتێبی مووسا، باوکی ئیبراهیم تارح"Terach" کە لە قورئاندا بە ئازەر"Azar" ناوی هاتووە، وڵاتی بابی کە لە باشووری عێراقی ئەورۆیی بووە بەجێ هێشتووە و بەرەو تورکییەی ئەورۆیی کۆچی کردووە. ژنی کورەکەی واتە سارا "Sarai" و کوڕی خوشکی واتە لۆت "Lot" لەو سەفەرەدا هاوڕێییان کردووە. کاتێ تارح دەمرێ، ئیبراهیم کۆچ دەکا بۆ کەنعان. هاوکات لەگەڵ ئەویکە لە کتێبی ئینجیلدا هیچ باسێك لەسەر کێشەی نێوان ئیبراهیم و باوکی نەکراوە، لە کتێبی قورئاندا ئیبراهیم نەتەنیا دەکەوێتە بەربەرەکانی لە هەنبەر هۆزەکەی، بەڵکوو لەگەڵ باوکیشی لەسەر خودایانی درۆیین (بوتەکان)، کێشەیەکی وەهای لێ پەیدا دەبێ کە هەڕەشەی بەردەبارانکردنی لێ دەکرێ. لێرەدا ئیبراهیم وەك مرۆڤێکی ئیشکی فەناتیك و تووڕە نیشان دەدرێ کە بە تەور هەموو ئەو خودایانەی هۆزەکەی باوەڕیان پێی هەبوو، دەشکێنێ. دوای ئەو کارەی، چونکە ئەتکی بەسەر خوداکانیان هێناوە لە لایەن خزمەکانییەوە دەگیرێت و لەناو ئاگر دەخرێت. بەڵام خودا ئاگرەکە دەکووژێنێتەوە و ئیبراهیم ڕزگاری دێ.

ئەو چیرۆکە چلۆن بەو شێوەیە گۆڕدراوە و بۆچی جیاوازی لەگەڵ دەقەکەی ئینجیلدا هەیە؟ سوورەکە (سوورەی ٢١ ئایەکانی ٥١ تا ٧٠) چیرۆکی سەردەمی مەککە دەگێڕێتەوە، ئەو قۆناخەی کە محەمەد هێشتا تێیدا بێ هێز بوو. ڕەنگە لەو سەردەمەدا یەك لە ئارەزووەکانی دەروونیی محەمەد ئەوە بووبێ کە بوتەکانی ناو کەعبە لەناو بەرێت، بەڵام لە ترسی ئاکامەکەی دەستی لێ هەڵگرتووە. لە جێی ئەو کارە، چیرۆکەکەی ئیبراهیم دەگۆڕێ و بەو شێوەیە نیازەکەی تەنیا وەك ئارەزوویەك وەبیر خەڵکانی

مەککە دێنێتەوە. بەڵام بۆچی محەمەد لە چیرۆکەکەیدا دەهێڵێ ئیبراهیم لە لایەن هۆزەکەیەوە لە ئاگردا بسووتێ، جێی باس و لێکۆڵینەوەیە. لەوانەیە بە دروستکردنی ئەو چیرۆکە محەمەد ویستبێتی ناخۆشی نێوان خۆی و هۆزی قورەیش لەگەڵ ئیبراهیم و هۆزەکەی هەڵسەنگێنێ. بە لە ناوبردنی سەرکەوتووانەی بوتەکان، محەمەد کە لە ناخی دڵیەوە ئارەزووی کردووە و بە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە سوکنایی پێ وەرگرتووە کە لە سەرەتاوە تەنیا وەك ئارەزوویەك بووە. هەوڵی سووتاندنی بە زیندوویی ئیبراهیم دەتوانێ وەك هەڵس و کەوت و وێناکردنی بارودۆخی ڕۆحی محەمەد لەو قۆناخەدا مانا بکرێتەوە. گرنگ نیە چ کارێکی کردبێ، گرنگ نییە بە چ ڕادەیەك کارە خوداییەکەی بە گیان و دڵەوە بەڕێوەبردبێ، بەڵام پاداشی کارەکەی لە لایەن خەڵکییەوە تەنیا جەفەنگ پێکردن و ڕووبەڕوبوونەوە لەگەڵ نەزانی بووە.

ئەم جارەش وەك جارەکانیتر خەڵکی مەککە هەڕەشەلێکردنەکەیان لێ بە جیددی نەگرت چونکە دەیانزانی محەمەد لاوازە و لایەنگری کەمە و ئەو هێزە نییە کە بتوانێ ئازارێك بە پەرستگاکەیان بگەیێنێ.

تەنیا ئەو سەردەمەی وا محەمەد لە مەدینە دەوڵەتی پێکهێنا و هێزی نیزامی بەتوانای لە پشت بوو، توانی شاری مەککە کە شوێنەزای خۆی بوو، بگرێتەوە و بە تەورێك هەموو بوتەکانی ناوەوە و دەرەوەی کەعبە بشکێنێ و توونایان بکا. هەر وەك چۆن ئیبراهیم کە بۆ محەمەد وەك سیمبولێك بۆ ئەو کارەی بوو، محەمەدیش خۆی بوو بە سیمبولێك بۆ تالەبانەکان کاتێ لە مانگی مارسی ٢٠٠١ دا هەیکەلەکانی بوودایان لە شاری بامیانی ئەفغانستان بۆمباران کرد. هەروەها محەمەد بوو بە سیمبولێك بۆ شەڕکەرانی داعیش کاتێ سەرتای ساڵی ٢٠٠٥ لە شاری موسڵ هەیکەلەکانی موزەی ئەو شارەیەن تێک شکاند و لە ناویان برد و کارە هونەرییە مێژووییەکانی سەردەمی پێش مێژوویان لە شاری پالمیرای سووریا توونا کرد. سەرەڕای ئەوەش، زۆربەی موسوڵمانان لەمڕۆدا هێشتا لەسەر ئەو بۆچوونەن کە ئەو کارانە بە هیچ شێوەیەك پەیوەندییەکی بە ئیسلامەوە نییە!

لە پەنا ئیبراهیم و نووح، مووساش ڕۆڵێکی مەزن لە پەرتووکی قورئاندا دەگێڕێ. هیچ کەس بە قەرا مووسا هێندە ناوی لە قورئاندا نەهاتووە؛ ١٣٩ جار لەوێدا نێوی هاتووە. مێژووی مووسا بۆ محەمەد وەك کەرەسەیەکی زۆر گرنگ بووە: کێشە و بەربەرەکانیی نابەرانبەری مووسا لە هەنبەر فیرعەوونەکانی میسر دەبوو وەك ئاوێنەیەك بێ بۆ کێشەکانی نابەرانبەری محەمەد و خەڵکانی مەککە. دەیەویست بیسەلمێنێ ئەگەرچی مووسا لاواز و بێدەسەڵات بووە، بەڵام بەو هۆیەوە کە خودا پشتیوانی بوو، لە هەنبەر فیرعوونە خاوەن دەستەڵات و زۆردارەکاندا، سەرکەوت:

*"فیرعەونیش و ئەوانەی بەر لەویش بوون و مەردمی شارە ژێروڕووکراوەکانیش، خەتایان کرد. دژایەتی پێغەمبەری پەروەرەندەی خۆیان دەکرد. سا گرتیانی، گرتنێ لە ڕادەبەدەر. ئێمە - کاتێ لەهی هات و بواری بڕی، لەو شتەدا کە بەسەر ئاودا دەگەڕێ - هەڵمان گرتن. تا بیکەینە بیرهێنەرەوە بۆ ئێوە و ئەو گوێیانەی لەسەر هەستن، وەری بگرن." (سوورەی ٦٩ ئایەی ٩ تا ١٢)*

هەر وەك تەوەری یەکتاپەرەستییەکی ئیبراهیم، مرۆڤی شاری مەککە هیچ لەو چیرۆکەش تێ نەگەیشتن و گرنگایەتییان پێ نەدا. ئەگەرچی لەو سەردەمەدا یەهوودییەکی زۆر لە شاری مەککە دەژیان، بەڵام ئاڵوگۆڕکردنی فەرهەنگ و کولتوور لەو کاتەدا بە تامەزرۆییەوە بەڕێوە نەدەچوو، کە عەرەبەکان بە وردی لە چیرۆکی ئایینی یەهوودیەکان بکۆڵنەوە. لە لایەکیتریشەوە یەهوودیەکان خۆشیان هەوڵێکیان بۆ ناساندنی ئایینەکەیان نەدەدا. لەوانەیە محەمەد لەبەر ئەوە گرنگایەتی بەو چەشن چیرۆکانە دابێ کە ڕەنگە کارتێکەرییەکی ئەرێنییان لەناو خەڵکیدا هەبێ، بەڵام هەم خەڵکانی مەککە و هەم یەهوودیەکان خۆیان لێ دوور دەخستەوە. ئەو بارودۆخە دەبوو هەڵوێستێتری بەدوادابێ کە چ بەسەر ئەو کەسانەدا دێ کە پێغەمبەری خودا ئازار دەدەن. لە چەندین سوورەی قورئاندا خودا باس لەسەر کاولکردنی شار و گوندەکان بەهۆی بۆمەلەرزە دەکا کە بەهۆی ئەو چەشن سووکایەتیانە پێکی هێناون:

*"مخابن بۆ ئەو عەبدانە، هەر پێغەمبەرێکیان بۆ هات، هەر گاڵتە و گەپیان پێکردوون. چۆن ئەمانە نەیاندیوە کە چەندین چین لە مرۆمان - لە پێش ئەمان - قڕ کردووە و تازە*

*نایەنەوە لایان؟ بێ گومانە هەموو لاشیان هەر دەهێنینەوە لای خۆمان. هەر لە زەوی ڕابمێنن، نیشانەی بۆ ئەوان تێدا، بە مردوویی ئێمە زیندومان کردەوە و دەنکمان لێ بەرهەم هێنا، کە خۆراکە بۆ ئەمانە. هەر لە زەویش چەندین باغی خورمابن و ڕەزی زۆرمان وەدی هێنا و چەند کانیاومان لێ هەڵقوڵاند. هەتاکوو لە میوەی خودا و لە دەسترەنجی خۆیان بخۆن. ئاخۆ هێشتا شوکر ناکەن؟"(سوورەی ٣٦ ئایەی ٣٠ تا ٣٥)*

لە بەشەکانیتری قورئاندا خودا ڕوونی دەکاتەوە، خودایەکە کە بە مەیلەوە کاولکاری دەکا. بەڵام لێرەشدا تەنیا وەك هەڕەشەیەکی ناڕاستەوخۆ لە خەڵکانی مەککە دەمێنێتەوە:

*"هەر کە ویستمان شارێك قڕ کەین، دەوڵەتمەنە خۆشگوزەرەکانی وان، دنە دەدەین بۆ بەدفەڕی و خراپکاری و لە ئاکامدا ئازاریان بۆ واجو دەبێ، ئەو ساکە تێکی دەهاڕین. زۆر بەرەشمان لە پاش نۆح لەناو بردوە. بۆ تۆ ئەوەندە بەسە کە پەروەرەندەت لە گوناحانی عەبدانی ئاگادارە و دەیانبینێ. هەر کەسێکی خۆشی هەر لە دنیا دەوێ، ئەگەر ئێمە بمانەوێ، ئاواتەکەی زوو پێک دێنین، باشان بە ئابڕوونەماوی و دەرکراوی دۆژەهێکمان بۆ داناوە، دەیبرژێنێ. کێش خۆشی ئەو دنیایەی دەوێ و - بەپێی توانا - بۆی دەکۆشێ و باوەڕدارە، کۆششیان بە فیرۆ ناچێ و لەبەر چاوە. هەموو لایان - چ ئەوان و چ ئەمانە - لە خەڵاتی پەروەرندەت بێ بەش ناکەین. خەڵاتی پەروەرندەی تۆ هیچ لەمپەری لەبەر نییە. دە بڕوانە، چۆن بازێکمان لە چاوبازێك سەر خستووە، دیارە کە لە دوارۆژیشدا پلە و پایە و سەرخستن لەمە زۆرترە. دەگەڵ خودا هیچ شتێ تر مەپرسە، دەنا ئەوسا بە وەبەر تەشەر دراوی و دەرکراوی ڕۆدەنیشی." (سوورەی ١٧ ئایەی ١٦ تا ٢٢)*

ئەو سوورەیەش وەك زۆربەی سوورەکانیتر دژبوون وپێچەوانەیی لێ دەوەشێتەوە. لە سەرەتاوە خودا لەسەر پرەنسیپی ئازادی هەڵبژاردنی ئایین دەدوێ، کەچی دواتر خۆی ئەو پرەنسیپە هەڵدەوەشێنێتەوە. خودا کافرەکان لەناو دەبات لەبەر ئەوەی ئەوان لە مافی خۆیان کە پێشتر بۆی داناون، کەڵکیان وەرگرتووە و نایانەوی باوەڕ بێنن. ئەدەی ئەو سزادانەی لەچییە، ئەگەر بێ دین تەنیا زەرەر بە خۆی دەگەیێنێ؟ هەر ئەوندەی کردوونی بە کافر، سزایەک نییە بەسیان بێت؟ نا. هەرکەس باوەڕی بە خودا نەبێ، هەم لەم دنیایە و هەم لەو دنیا سزا دەدرێ. هەر بەوەش ڕزگاریی نایەت. خودا دەڵێ:

*"هەر کە ویستمان شارێك قڕ کەین، دەوڵەتمەنە خۆشگوزەرەکانی وان، دنە دەدەین بۆ بەدفەڕی و خراپکاری و لە ئاکامدا ئازاریان بۆ واجۆ دەبێ، ئەو ساکە تێکی دەهاڕین."*

ئەو دەیتوانی هەر لە سەرەتاوە هەر شارێك کە پێی خۆش بێ، بیڕووخێنێ و کاولی بکا، هیچ پێویستییەکیشی بە پاساودان نەبووە و بە سزادانی گوناهی دەوڵەمەندەکان، ئەو گوناهانەی هەر بە فەرمانی خوێشی پێك هاتوون، نەک هەر چەند گوناهکار سزا دەدات بەڵکوو بە کاولکردنی شار و گوندەکان هەموو کەسێکیتریشی وەبەر دەخات.

لە سووڕەی ٢٥ دا چەندین چیرۆکی تێدایە کە ئاماژە بە کاولکاریی ناوچەکان داکات:

*"کتێبیشمان دا بە مووسا، هاروونی براشیمان کرد بە وەزیری. ئەوسا گوتمان: بڕۆن بۆ لای ئەو هۆزە کە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ ژمارد؛ ڤێگاڤێ تێکمان شکاندن. هۆزی نوحیش - کاتێ بە پێغەمبەران باوەڕیان نەکرد - نوقمی بناومان کردن و کردمانن بە نیشانە بۆ مەردم و ئازارێکی بەژانیشمان ساز داوە بۆ ناهەقەکان. عاد و سەموود و خاوەنی چاڵاوەکانیش و گەلێ بەرەوچینی نێوانیان [هەر بەو دەردەوە چوون]. بۆ هەموانیان چەند نەزیلەمان هێناوە و لە ئاکامدا ونجڕ بە ونجڕمان کردن. خۆ ئەوانە بەو شارەدا ڕابردوون کە بارانەی بەڵامان بۆ باراندوون؛ مەگەر بە چاوی خۆیان ئەویان نەدی؟ بەڵام بەهیوای زیندووبوونەوە نەبوون. هەر کە تۆیان چاو پێ کەوت، دەتکەنە گەپجاڕی خۆیان: هەر ئەمەیە کە خودا ڕای سپاردووە؟" (سووڕەی ٢٥ ئایەی ٣٥ تا ٤١)*

لە ئایەی کۆتایی ئەو سوڕەیەدا بەستێنی ئەو هەڕەشە لێکردنە ڕووندەبێتەوە: هەر کات خەڵکانی مەککە محەمەدیان دیبا، پێی پێ دەکەنین و تف و لەعنەتیان لێ دەکرد. نەیاندەتوانی باوەڕ بکەن کە خودا ڕاست ئەو کەسەی بە پێغەمبەر هەڵبژاردووە کە لای خەڵکی هیچ پلەیەکی نەبووە. دیارە ئەوان هیچیان ئاتێئیست نەبوون و باوەڕیان بە خولقێنەریش هەبووە و پێش هاتنی ئیسلامیش ناوی ئەڵلایان لە خوداکەیان دانابوو.

خەڵکانی مەککە داوایان ئەوە بوو: ئەگەر محەمەد لەسەر ئەو باوەڕەیە کە پێغەمبەری نێردراوی لای خودایە، "با ئاسمانیان بەسەردا بڕووخێنێ" و بەو شێوەیە پێغەمبەرییەکەی بسەلمێنی:

*"گوتیان: بڕوات پێ ناهێنین تا لەم عەرزە، کانیەکمان بۆ هەڵدەقوڵێنی؛ یان باغێکی خورما و ڕەزت هەبێ و کارێکی وا بکەی کە جۆباران لەناویانا فڕکەیان بێ؛ یان - وەك خۆت خەیاڵت دەکرد - پاژپاژی ئەم ئاسمانەمان بەسەردا دابوەڕێنە؛ یا خودا و چەند فرشتەیەك بێنە و ڕووبەڕوومان بکە؛ یان ماڵێکت لە زێڕ هەبێ؛ یان بە ئاسماندا هەڵبچی و سەریش کەوی. باوەڕناکەین تا کتێبێکمان دەگەڵ خۆت بۆ دێنی و دەیخوێنینەوە. بێژە: پاکی هەر بۆ پەروەرندەکەمە، ئاخۆ من چیم بل لەمرۆیێ پێغەمبەر؟ تەنیا بیانوی ئەم مەردەمە - کە شارەزاییشیان بۆ هات و بڕوایان پێ نەکرد - ئەمەیە ئێژن: جا چۆن خودا مرۆڤێکی بە پێغەمبەر ناودێر دەکا؟ بێژە: ئەگەر فریشتە بە ئەرخەیانی لەم هەردەدا ڕۆیشتبان، دیارە ئێمە لە ئاسمانەوە پێغەمبەرێ فریشتەمان بۆ دەناردن. بێژە: خودا بەسە بۆ شایەت لە نێوان ئێمە و ئێوە؛ هەر ئەو دەربارەی عەبدانی ئاگادارە و دەیانبینێ." (سوورەی ١٧ ئایەی ٩٠ تا ٩٦)*

محەمەد کە لە سەرەتاوە دەهۆڵی بۆ سەلماندنی پێغەمبەرییەکەی لێدەدا، لە پڕێکدا وەردەگەڕێتەوە و دەڵێ: "من زیاتر لە مرۆڤێکم؟"

لە قوڕئاندا ئاماژە بە پێغەمبەری وەك مووسا و نووح دەکرێ و لەسەریان دەگێڕدرێتەوە کە پەرجۆیان کردووە و دنیایان بەسەر ئەوکەسانەی باوەڕیان پێ نەهێناون، ڕووخاندووە. هەروەها چەندین پەرجۆی عیسا بە وردی لە قوڕئاندا لیستە کراون. هەم مووسا و هەم نوحیش وەك مرۆڤ و ناردراوە لە لایەن خوداوە ناسێنراون. عیساش نەك وەك کوڕی خودا(وەك مەسیحییەکان بە کوڕی خودای دادەنێن) بەڵکوو ئەویش وەك مرۆڤێکی ئاسایی و پێغەمبەرێکی خاوەن پەرجۆ پیشان دەدرێت. بەڵام وێدەچێ خودا لێهاتوویی پەرجۆی بە محەمەد نەدابێ.

ئەو سوورەیەی سەرەوە دەبێ دە ساڵ دوای هەڵبژاردنی بە پێغەمبەریەتی لە لایەن خوداوە، بۆی نازڵ بووبێ. مرۆڤ لەبەر چاوی خۆی وێنای دەکا

که محەمەد وەك ئامۆژگاریدەرێك کارە بازرگانییەکەی وەلاناوە و دە ساڵی ڕەبەق هەوڵی داوە پەیامی خوداکەی بە خەڵکی ڕابگەێینێ. بەڵام هەر ڕێگایەکی چ بە بانگەشە، هەڕەشەی جەهەننەم یا لەناوبردنی مرۆڤ هەڵبژاردبێ، لە کۆتاییەکەیدا تەنیا چەند مرۆڤ باوەڕیان پێ هێناوە، کە زۆربەشیان مرۆڤی لاواز و کۆیلە بوون. دەبێ ئەو سەردەمە کاتێکی زۆر ناخۆش و تاڵ بۆ محەمەد بووبێ چونکە هاوکاتیش ژنە خۆشەویستەکەی خەدیجە کە لە تەواوی پرۆسەی پێغەمبەرییەکەی پشتیوانیی هەم رووحی و هەم ماددی لێکردووە و گرنگترین مرۆڤی ژیانی بووە، ڕاست لەو سەردەمەدا فەوتی کرد و بەتەنیای هێشتەوە.

لە کۆتاییدا هیچ پەرجۆیەکی بۆ پێك نەهات، ئاسمان بەسەر مرۆڤدا نەڕووخا و تەنانەت فریشتەکانیش خۆیان پیشان نەدەدا. ناهومێد شاری مەککەی بەجێ هێشت و ماوەیەکی زۆر هەوڵی دا پەیامەکەی لە دەرەوەی مەککە و بەتایبەت لە شاری تائیف بە خەڵکی ڕابگەیێنێ. لەوێش هەر وەك مەککە، سووکایەتی پێ کرا و لێی درا. لەو قۆناخەدا کە کەسایەتییەکەی گەیشتبووە نزمترین و کەمترین پلەی خۆی، دەستی کرد بە خەون و خەیاڵ و فانتازیا کردن. دوای گەڕانەوەی بۆ شاری مەککە گێڕاویەتەوە: "لە کاتی نوێژکردندا کۆمەڵێك جندۆکە لێی نیزیك بوونەتەوە، گوێیان لێ ڕاگرتووە و لە گوتەکانی قورئان سەریان سووڕ ماوە و ئیمانیان پێ هێناوە. سەرجەم سووڕەیەکی قورئان (سووڕەی ۷۲ "جندۆکە) بۆ ئەو پەرجۆیەی تەرخان کراوە و بەو شێوەیە دەست پێدەکات:

*"بێژە: پێم ڕاگەیەنراوە، چەند کەسێ لە جنۆکەکان گوێیان هەڵخست؛ ئەوسا وتیان: ئێمە قورئانی سەیرمان بیست. بۆ ڕاستەڕێیە ڕێبەرە و ئێمە باوەڕمان پێ هێناو هرگیز کەسێ ناکەینە شەریکی خودا." (سووڕەی ۷۲ ئایەی ۱ تا ۲)*

دوای گێڕاوەکەی محەمەد(یاخود گێڕاوەی قورئان) جندۆکەکەن دەوریان داوە و وەك قارەمانێك هۆڕایان بۆ کێشاوە:

*"لەودەمەشدا کە عەبدی خودا(محەمەد) هەڵوێستا نوێژێ بکا، ئەوان (جندۆکان) وایان گوشار بۆهێنا خەریك بوو هەناسەی لێ ببڕن، بێژە: من تەنیا بانگ لە خودا دەکەم، شەریکی بۆ دانانێم." (سوورەی ٧٢ ئایەی ١٩)*

هاوکات لەگەڵ ئەویدا قورئانەکەی محەمەد، نە لە لایەن خەڵکەکانی خۆی لە شاری مەککە و نە لە لایەن بێگانەکەنی شاری تائیفەوە سەلمێنرا، سەرەڕای ئەوەش ئەگەر لە فانتازیای خۆشیدا بووبێ، بۆی بووە یارمەتیدەرێك بۆ سەرکەوتوویی لە وەحیەکانیدا. دێو و درنجی ناو ئاگر ئەو پاداشەی دەدەنێ کە تا ئەو کات لە لایەن مرۆڤەوە وەرینەگرتبوو: ئەوان باوەڕ بە گوتەکانی دێنن و سەری بۆ دادەنەوێنن. محەمەد وەك پێغەمبەری خودا دەسەلمێنن و پەیامەکەی بە هاوڕەگەزەکانیان ڕادەسپێرن.

پێش ئەو "پەرجۆ"یە محەمەد هەم لە ڕوانگەی فیکری و هەم سیاسیەوە خۆی ڕادیکاڵ کردۆتەوە. لە سەرەتاوە دەیگوت بە سواری ئەسپ بۆ زیارەتگای ناوچەیەکی پیرۆز هەڵفڕیوە. قوڕئان بە تاقە ئایەی سووڕەی ١٧ ئاماژە بەو سەفەری دەکا:

*" پاکی و بێ عەیبی بۆ کەسێ لە شەوێکدا شەوڕۆیی بە عەبدی خۆی کرد؛ ئەو مزگەوتەی ئێمە و پیرۆزیمان داوە بە دەوروبەرەکەی؛ بەو نیازەی کە هێندێك بەڵگەی خۆمانی پیشان بدەین. هەر خۆی بیسەر و بینایە." (سووڕەی ١٧ ئایەی ١)*

پسپۆڕانی ئیسلام ناس ئەو شارەی بە شەو سەفەری بۆ کردووە، بە ئورشلیم دادەنێن. دوای مردنی خەدیجە و ناهومێدی و بە تایبەت سوکایەتی پێکردنی خەڵک لە تائیف، دەبێ ئەو سەفەرە بۆ محەمەد وەك سوکناییەك بووبێت. لە ئورشلیم دەبێ محەمەد چاوی بە هەموو پێغەمبەرەکانی ناو کتێبە ئایینیەکانی تەورات و ئینجیل کەوتبێ. هەروەها باوکە گەورەی هۆزەکەی واتە ئیبراهیمیش دەبێ لەوێ بووبێ. کاتێ هەموو پێغەمبەرەکان پێکەوە نوێژی جەماعەتیان دەستپێکردووە، محەمەد دەکەنە پێش نوێژ و ئیمامی خۆیان. بۆ محەمەد دەبێ ئەو کارە وەك مەزنترین بەفەرمی ناسین بووبێ.

بەڵام ئەو خەون و فانتازییە درێژەی دەبێ و خودا لێدەگەڕێ محەمەد بە هۆی پەیژەیەکی درێژەوە بەرەو ئاسمان وەسەر کەوێ و لەوێ بەهەشت و

جەهەنەمی پێ پیشان دەدا. تاقمێک لەو پێغەمبەرانەش وەسەر ئەو پەیژەیە کەوتبوون بەڵام هیچکامیان بە قەرا محەمەد هێندە بەرز سەرنەکەوتبوون و هیچکامیان جیا لە محەمەد ڕاستەوخۆ چاویان بە چاوی خودا نەکەوتبوو.

هەڵفڕینی ئاسمانیی سەرەنجام دەبوو وەك پەرجۆیەك بۆ محەمەد لە ئەژمار بێ کە تەواوی کات لە لایەن خەڵکانی مەککەوە داوای لێدەکرا. بەڵام هەر وەك چیرۆکی ئیمان هێنانی جندۆکەکان، لێرەشدا محەمەد تەنیا خۆی شاهیدی ئەو ڕووداوە بووە. سەرەڕای ئەوەش چیرۆکی سەرکەوتن بۆ ئاسمان بە هۆی پەیژەوە لە زۆربەی فەرهەنگی خەڵکانی ناوچەکەدا ناسراو بوو. یەك لە سەرچاوەکان دەتوانێ کتێبی ئینجیل "28:11-17" بووبێ: بە پێی گێڕاوەی ئینجیل کاتێ یەعقووب لە بئرشبع "Scheva Be'er"ەوە بەرەو حەڕڕان "Harran" ڕادەکا، لە خەیاڵیدا پەیژەیەکی دوور و درێژ دەبینێ کە لە زەویەوە بەرەو ئاسمان ڕاکێشراوە. ئەو بینیویە کە لەسەر پەیژەکە فریشتەکان هات و چۆ دەکەن و لە سەرسەرەوەش خودا ڕاوەستاوە.

سەفەری شەو بەرەو ئورشلیم و هەڵفڕینی ئاسمانیی، لە یەکەم ڕوانیندا وەك کەسایەتییەکی بێگانەی سەیروسەمەڕ لە بیوگرافی محەمەددا دەبینرێ. بەڵام ڕەنگە نیشانە و بەیانێکی بەهێز بن بۆ قۆناخە ژیانێکی پڕ لە ئازار و دژ و پێچەوانە و ئارەزووی وەدی نەهاتوو.

## [بەشی ٤]

### تولەرانس و ناتولەرانسی لە قورئاندا

قورئان دوو ڕوخساری هەیە، ڕوخساری خۆشەویستی و ڕوخساری رق و کینە. چەندین سوورە لە قورئاندا هەن کە بانگەشە بۆ موسوڵمانان دەکەن لەهەنبەر سووکایەتی پێکردندا سەبر و حەوسەلە لە خۆ نیشان بدەن و هەڵسوکەوتی لێ بوردنیان هەبێ. هەروەها لەسەر دۆستایەتیان لەگەڵ بێگانە و بێ دینەکان بانگی تولەرانس بڵاو دەکەنەوە و لە چەند لە ئایەکانی قورئاندا ئیزنی ئەو کارە بە موسوڵمانان دەدرێت. مرۆڤی باوەڕپێکراو بە هەڵس و کەوتی باش لەهەنبەر مرۆڤی ناموسوڵماندا بەتایبەت لەسەر باسی ئایینی بە مرۆڤی لەسەرە خۆ نیشان دەدرێ. تەنانەت ئەگەر ناموسوڵمانان لەو باسانەدا سووکایەتی بە خوداش بکەن، مرۆڤی موسوڵمان ئیزنی سووکایەتیکردن بەوانی نییە. بە پێچەوانە ئایە لە قورئاندا هەن کە دۆستایەتیی مرۆڤی موسوڵمان لەگەڵ یەهوودی و مەسیحی قەدەغە دەکەن، قاوی کاری ناحەز و شەڕخوازی دژ بە لایەنگرانی ئایینەکانی تر دەدەن و ئایینی ئیسلام بە تاقە ئایینی فەرمی دادەنێن.

ئەو دژبەری و پێچەوانەییە هەر وەك گوتمان دەبێتە هۆی ماتکردنی دوو بەرەی ڕەخنەگر و داکۆکیکاری پەرتووکی قورئان. مرۆڤ بۆ هەر دوو لایەنەکە لەو کتێبەدا ئارگۆمێنت دەدۆزێتەوە.

من خۆم لە لایەن موسوڵمانەکانەوە پەیتا پەیتا نامە و ئیمەیلم بۆ دەنێردرێ کە ڕقی خۆیان لەسەر ڕەخنەگرتنم لە کتێبی قورئان، نیشان دەدەن. لێم دەپرسن: "ئایا لە قورئاندا تەنیا ئایەی شەڕخوازی و توند و تیژی هەیە؟"، "ئایا لە قورئاندا نەهاتووە: هەرکەس ڕۆحێك بکووژێ، تەواوی مرۆڤی کوشتووە؟" یا "خودا ئەمری بە پێغەمبەر نەکردووە، ئەو بێ دینانەی سووکایەتیان پێ کردووە، لێیان ببووری؟" هەروەها مەگەر "لە قورئاندا

نەنووسراوە: ئەگەر دەتانەوێ بێدینێك سەر بۆ ئاشتی دانەوێنێ، ئاشتی لەگەڵدا بکەن؟"

بەڵێ، ئەو ئایە ئاشتیخوازانە هەر هەموویان لە قورئاندا هەن. نەك هەر ئەوانە بەڵکوو ئایەی ئاشتیخوازانەی زۆر زیاتریشی تێدایە. بەڵێ ئەو ئایەتانەش جێی ڕێزلێگرتنی خۆیان هەیە و دەبێ شی بکرێنەوە. بۆ من قورئان کتێبێکی ئینسانییە کە هەم سەری خۆی بە کێشە دەروونییەکانی پێغەمبەر و هەم بە پەرەسەندنی مێژووی کۆمەڵگاکەیەوە خەریك کردووە. هەر بەوهۆیەش قورئان لە ڕوانگەی ناوەڕۆك و زمانەوانییەوە سوورەی جیاوازی تێدا دەبینرێ. ئایەی زۆری تێدایە کە بۆ مرۆڤی موسوڵمان وەك کانییەکی بێ خەمی و بڕوابەخۆیی سەیر دەکرێن. فێرکردنی کۆمەڵایەتی و بیر و باوەڕی یەکیەتی لەگەڵ مرۆڤی لاواز و فەقیر لە کتێبی قورئاندا ڕێزی خۆیان هەیە و هەر ئەو خاڵە ئەرێیانەشە کە تا ئەمڕۆ زۆربەی کۆمەڵگای ئیسلامیی پێکەوە ڕاگرتووە.

تەنیا کێشە لێرەدایە: هەر وەك لە سەرەتاوە ئاماژەم پێکرد، کتێبی قورئان بە شێوەیەك لە شێوەکان لە سووپێرمارکتێکی گەورە دەچێ. مرۆڤ هەموو شتێکی تێدا دەدۆزێتەوە. بەزەیی پێداهاتن و ڕق وکینە؛ ئاشتی و شەڕخوازی؛ تولەرانس و ناتولەرانسی؛ بەخشین و تۆڵەسەندنەوە؛ پێکەوە ژیان و ڕاوەنانی لایەنگرانی باوەڕەکانیتر. هەر وەك کەل و پەلی ناو سوپێرمارکتەکەش کە دەکرێ ڕێکەوتیان بەسەرچووبێت و ئیتر بۆ کەڵك لێوەرگرتن نەبن، چەند لە سووڕە و ئایەکانی قورئانیش، کاتی کەڵک لێوەرگرتنیان بەسەر چووە و جێیان لە کۆمەڵگای مودێڕندا نەماوە.

هەر کەس قورئان بە وردی بخوێنێتەوە، لە دژ و پێچەوانەیی سووڕەکانی تێ دەگا: سووڕە هەیە کە بانگی لێبووردن و بەزەیی پێداهاتن دەدا، و سووڕەش هەیە کە تا قیامەت مرۆڤ بۆ شەڕخوازی و ڕق وکینە هان دەدا. مرۆڤ دەتوانێ ئەو دژوپێچەوانەییەی بەوە ڕوون بکاتەوە کە محەمەد بە ئەگەری زۆر کەسایەتییەکی دوو ڕوخسارەی بووە. دیارە سروشتییە وەك

مرۆڤێکی ئاسایی لە نێوان ئەو دوو ڕوخسارەیدا هەڵس و کەوتی کردووە. بەڵام ئەو کارە بە تەنیا دژوپێچەوانیی کتێبی قورئانمان بۆ ڕوون ناکاتەوە.

مرۆڤ دەتوانێ محەمەد وەك دادوەرێکی یاسا داتاش سەیر بکات کە هەوڵیداوە بە شێوازێکی زەینی هەڵس و کەوت بکا و خۆی لەگەڵ بارودۆخی سیاسی سەردەم ڕێکبخات. کاتێ لاواز و لەژێر گوشار و سەرکوت بووە، بانگی بۆ ئاشتی و ژیانی پێکەوەی داوە، چونکە لاواز بوونی کەسێك بە تولەرانسی مرۆڤەکانیترەوە بەستراوەتەوە. بەڵام کاتی بەهێز بووە و بەسەر مرۆڤەکانیتردا زاڵ بووە، خۆی لە هەڵس و کەوتی پێشووی دوورخستۆتەوە و شێوازێکی توند و تیژ و هێرشکارانەی پیشە کردوە.

مرۆڤ دەتوانێ بڕێك بێ لایەنانە ئارگۆمێنت و بەڵگە بێنێتەوە و بڵێ: محەمەد لە مەککە تەنیا چەند کەسێك لایەنگری بوون و ناچار بە بەڕێوەبردنی ژیان و مووچەیان و دابینکردنی ئەمنییەتیان نەبووە. بە پێچەوانە، لە مەدینە بەرپرسایەتی کۆمەڵێکی گەورەی لەسەر شان بووە کە دوژمنیش دەور و بەری لێ گرتبوون. ئەو تەنیا سەرکردەی ئایینی نەبوو بەڵکوو هاوکات سەرۆکی دەوڵەت، وەزیری بەرگری، وەزیری ئابووری، یاسا دانەر، دادوەر و پۆلیس بووە و ئەویش بۆ ماوەی دە ساڵ. ڕۆڵی کەسیی و بڕیاری جۆراوجۆری ئەو وەك خەتێکی سوور بەناو قورئاندا شوێنی خۆی داناوە و ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی کارتێکەریان لەسەر ناوچەکانی تازەدروستکراوی ئەو وڵاتە لە عەرەبستان داناوە. نووسراوەکانی قورئان ڕاستیی ئەو قۆناغە لە مێژوو دەگێڕنەوە کە بۆ سەردەمی ئەمڕۆی ئێمە زۆر نا ئاشنایە.

محەمەد ٢٣ ساڵ سەرکردایەتیی کۆمەڵگایەکی کردووە، کە لایەنگرەکانی پەیتا پەیتا پرسیاریان لێ کردووە: لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ژیانی ڕۆژانەیان، لەسەر سیاسەت و زانستی ئابووری، لەسەر شەڕ و ئاشتی، سەدەقە، میرات، سێکس و خواردنەوەی ئەڵکۆڵ و ... هتد. قورئان لە سەر ئەو پرسیارانە هەڵوێستی گرتووە و کاردانەوەی لە

خۆی نیشان داوە و بەو شێوەیە یاسا پێکهاتوون کە تا ئەمڕۆش وەك یاسای شەریعەت دەسەلمێندرێن، جا لە یاسای مارەیی و تەڵاق، سزادانی دزیکردن و میرات وەرگرتنەوە بگرە، هەتا پارە قەرزکردن و دووریکردن لە ژن لە کاتی خوێن هاتن و عوزر شوشتنی.

زۆربەی ئەو یاسایانە بۆ سەردەمی خۆی شتێکی پێویست و ڕەنگە تەنانەت زۆر پێش کەوتووش بووبێتن. بەڵام مرۆڤ دەبێ ئەو یاسایانە وەك دژکردەوەی پێویستییەکانی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە سەیر بکات و لێیان تێ بگات. ئەو یاسایانە ناتوانن وەڵامدەرەوەی کۆمەڵگا ئاڵۆزەکانی چەند ئایینی و چەند کولتووری ئەمڕۆیی ئێمە بن.

لە ڕاستیدا کتێبی قورئان لەو سەردەمەدا کراوەتر و پەیوەندیدارتر بووە لە هەنبەر هەڵس و کەوتی موسوڵمانان، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەمڕۆ. ئەو کتێبە بۆ هەر پرسیارێکی باوەڕپێکراوانی کراوە و ئامادە بووە تا ئەو کاتەی پێغەمبەریان لە بارودۆخێکی ناچار بە ڕوونکردنەوە نەخستبێ. تەنانەت ئەو کاتەی محەمەد وەك دیکتاتۆر و حاکمێکیش هەڵس و کەوتی کردووە، هەمیشە گوێیەکی کراوەی بۆ خەم و پێداویستی کۆمەڵگاکەی هەبووە. زۆربەی سوورەکانی سەبارەت بە پرسیاری ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ تەنیا بە هۆی کارتێکەری دوولایەنەوە پێکهاتوون. بەڵام کێشەکە لێرەدایە کە ئەمڕۆ بە پێچەوانەی سەردەمی پێکهاتنی، قورئان وەك کتێبێکی تەواو و تێکستێکی کامیل و بێ عەیب و گوتەی کۆتایی خودا سەیر دەکرێ. ئەزموونی ئەو کارە دەڵێ: "خودا قسەی کۆتایی خۆی کردووە، باوەڕپێکراوان ئیزنی مامەلەکردنیان لەگەڵ ئەودا نییە، بەڵکوو دەبێ وەدوای گوتەکان و یاساکانی بکەون، چونکە خودا خۆی باشتر دەزانێ و هەر فەرمانێکی بە مرۆڤی داوە بۆ چاکەی خودی مرۆڤە، تەنانەت ئەگەر ئەو کاتەی گوتەکانی لۆژیکیش نەبن."

ئەو ئیدعا، نەهایی و یەکجارەکییە زۆربەی سوورە ئەرێیی و نەرێنیەکانی ناو قورئان واتە سوورە ئاشتیخوازەکان و هەروەها سوورە شەڕخوازەکانیش کە لە بارودۆخێکی تایبەت بەخۆیاندا پێکهاتوون،

دادەپۆشی و پارێزگارییان لێ دەکات. هەر بەهۆی ئەوەوە ڕوون دەکرێنەوە و بەویشەوە بەستراونەتەوە. سەیر ئەوەیە زۆربەی سوورەکان لە سەردەمی محەمەد بە هۆی هاتنی سوورەی نوێوە پووچەڵ کراونەوە. ئەوە خۆی ئاماژەیەك یاخود نیشانەیەکە بۆ ئەوی گوتەی خودا لەسەر بەرد هەڵنەکەندراوە. دەنا بۆچی دەبوو یاسایەك هەڵە یاخود قەدیمی بێت و هەڵوەشێتەوە، شتێك کە سەردەمی خۆی یاسا بووە؟ ئەو کارە تەنیا کاتێك گونجاو دەبێت، کە بارودۆخی ژیان گۆڕانی بەسەردا هاتبێ و قورئان ناچار بە هەڵوێستگرتن کرابێت.

بە وردی سەیری بڕێك سوورەی ئاشتی و شەڕخوازانەی ناو كتێبی قورئان لەبەستێنی پێكهاتنیاندا دەكەین: ئەو سوورەیەی لە باس و گفتوگۆی نێوان موسوڵمان و غەیری موسڵماندا زۆر بەمەیلەوە دەگوترێ، بەم شێوەیەیە:

*"ئەی خەڵكینە! هەر لە نێر و مێویێكەوە ئێوەمان وەدی هێناوەو كردوومانن بەچەند گەلێك و چەند هۆزێك هەتا یەكتری بناسن. بەڕێزترینتان لای خودا، پارێزگارترەكانتانن. خودا زانایەو ئاگادارە." (سوورەی٤٩ ئایەی ١٣)*

ئەو سوورەیە دەبێ بیسەلمێنێ كە ئایینی ئیسلام نەك هەر پارێزگاری لەهەنبەر هەمەڕەنگیی ئایینی دەكات، بەڵكوو بەتایبەت داواشی دەكات، چونكە خودا خۆی ویستویە نەتەوەی هەمەڕەنگ (لەگەڵ ئەوانیش ئایینی جیاواز) بوونیان هەبێ و لە ئاشتی لەگەڵ یەكتردا بژین. بەڵام هەر لە بەشی دووهەمی سوورەكەدا ڕوون دەبێتەوە كە لێرەدا مەبەست ئازادیی ئایینی نییە، بەڵكوو تەنیا پلەبەندی كردنە: "بەڕێزترینتان لای خودا، پارێزگارترەكانتانن."

لێكۆڵینەری كاتی زووی قورئان، ئەلتەبەری "al-Tabari" لەو ئایەیەدا هیچ سەلماندنێكی ئایینەكانیتر نابینێ و ئاوای لێكداوەتەوە: ئەو كەسەی ڕێوڕەسمی ئایینی ئیسلام بەڕێوەبەرێ، وەدوای یاسا و قەدەغەكانی كەوتبێ، بەڕێزترین و پارێزگارترینیانە[6].

بەشێوەیەكی هاوچەشن لێكۆڵینەری عەرەب ئەلقورتوبی (al-Qurtubi) لە دایكبووی ساڵی ١٢١٤ لە سپانیا و فەوتی ساڵی ١٢٧٢ لەمیسر، كە عالمێكی مەكتەبی مالكیەكان بووە، دەڵێ ئەو سوورەیە ئاماژە بەبارودۆخێكی تایبەت دەكا: محەمەد ویستویەتی پیاوێكی موسوڵمان لەهۆزێكی ئاسایی و بێ ناو لەگەڵ كچێكی هۆزی بەیەدا "Bayada" كە

[6] al-Tabari: tafsīr, Sure 49:13

ناوبەدەرەوە بوون، پەیوەند بدا، کە ئەویش ئایینی ئیسلامی قەبووڵ کردبوو. بەڵام سەرکردەی هۆزەکە ئەو پێکگەیشتنەی رەدکردۆتەوە و گوتویەتی پیاوەکە هاوشانی ئەو کچە نییە. سوورەکە بە محەمەد وەحی کراوە بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییە پێك بێنێ: با هۆزەکان جیاوازیشیان هەبێ، بەڵام بەهۆی باوەڕیان بە خودا وەك یەك وان.[7] محەمەد لێرەدا بەئاشکرایی و زۆر عەمەلی و پراکتیزە هەڵس و کەوتی کردووە: لە یەکەم ساڵەکانی سەردەمی مەدینەدا، لایەنگرەکانی پێغەمبەر گیرۆدەییەکی زۆریان بۆ هۆزەکانیان پێک هێنا، بەتایبەت ئەو کەسانەی ئیسلامیشیان رەدکردبۆوە. بەوهۆیەوە محەمەد هەوڵی دەدا هۆگرایەتیی کۆمەڵی ئایینی ئیسلام لەجێی سیستەمی کۆنی ناو عەرەبەکان واتەخزمایەتی خوێنیی دابنێ. ئیتر خزمایەتی تەنیا پێوەر بۆ وەفاداری بەمحەمەد و خوداکەی نەبوون.

بەڵام سەیر ئەوەیە محەمەد لەو پرەنسیپەش خۆی دوور ڕاگرت کاتێ دەیویست شاری مەککە بگرێتەوە و پێویستی بەهێزی نیزامی هەبوو. لەگەڵ سەرکردەی هۆزەکان ڕێك کەوتن و یەکیەتیەکیان پێکهێنا کە ئەو پێشتر ڕەدی دەکردەوە و دەیگوت: "مرۆڤ وەك کانزای زۆر بەنرخ وایە، باشترینیان پێش سەردەمی ئیسلام، دوای ئیسلامیش باشترینیانە.[8] تەنانەت ئیزنی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی زیارەتی ناو کەعبەی وەك سەرپشکێك، هەمیسان بەسەرکردەی هۆزەکان دایەوە کە لە ڕوانگەی خۆیەوە ڕێوڕەسمێکی کافرانەبوو.

بەواتایەکیتر: ئەو سوورەیە کە بەتامەزرۆییەوە لەلایەن موسوڵمانانەوە دەخوێندرێتەوە، باس لەسەر نەتەوە و ئایینی جیاواز ناکات بەڵکوو تەنیا ڕەنگاڵەیی هۆزەکانی نێوان ئایینی ئیسلام نیشان دەدا. کێبەرکێی زۆرانبازیی بۆ نیشاندانی باشترین بەندەی خودا تەنیا لەنێو کۆمەڵی ئیسلامیدا بەڕێوەدەچێ. هەر کەس کاری باشتر بکا و بۆ سەلماندنی

[7] al-Qurtubi: tafsīr, Sure 49:13

[8] al -Bukhari: sahih, Hadith Nr. 3383

بەندەبوونی لە هەنبەر محەمەد و ئایینی ئیسلام زیاتر هەوڵ بدا، ئەو کەسە لەهەموو کەس زیاتر لای خودا خۆشەویستە. هەر کەس لەو زۆرانبازی و کێبەرکێیەدا وەپێش بکەوەی و خۆی باشتر نیشان بدا، دەتوانێ هومێدی وەرگرتنی ئیزننامە بۆ ناو بەهەشتی هەبێ.

ئەوەش ڕوونە کە هەموو موسوڵمانێك بەشێوەی ئوتوماتیك ڕێگای چوونە ناو بەهەشتیان نییە. تەنیا باشترین مرۆڤی نێوان ئەوان هەڵدەبژێردرێن. موسوڵمانی تاوانبار و لایەنگری ئایینەکانیتر بەداخەوە دەبێ لەبەر دەرکەی بەهەشت بمێننەوە و ئیزنی چوونە ناو بەهەشتیان لێ ئەستێنراوەتەوە. چوونی کافرانیش بۆ ناو بەهەشت ئیتر پێویستی بەباسکردن نییە. (هەڵس و کەوتی کتێبی قوڕئان لەهەنبەر ئایینەکانیتر لەبەشێکیتری ئەو نووسراوەیەدا ڕوون دەکەمەوە.)

مرۆڤ دەتوانێ ئیدعا بکا و بڵێ لە قورئان دا سوورەی وای تێدایە کە بەپێی ئەوان پێغەمبەر ناتوانێ هیچ کەس ناچار بەباوەڕپێهێنان بەئایینی ئیسلام بکات. ئەوەڕاستە. ئەوەش بڵێین، ئەو سوورانە هەر هەموویان لەسەردەمی مەککەدا گوتراون، ئەو سەردەمەی کە محەمەد نەیدەتوانی هیچ بڕیارێك لەسەر کەسێك بدا یاخود ناچار بەسەلماندنی ئایینەکەی بکا.

لەدیالۆگێکی خەیاڵیدا، خودا بۆ محەمەدی ناهومێد کە لەسەر باوەڕ پێنەهێنانی خەڵکانی مەککە زۆر تووڕەیە، ڕوونی دەکاتەوەو دەڵێ:

*" ئەگەر خودا کەیفی لێ با، دیارەهەرکێ لەم زەمینەن، تێکڕا باوەڕیان دەهێنا. ئاخۆ تۆ دەتەوێ بەزۆر ئەم مەردمە بڕوا بێنن؟" (سوورەی١٠ ئایەی ٩٩)*

هەروەها لەسوورەی شەشەمدا دەڵێ:

*" ئەگەر تۆ لەلات گران دێ کە بەدەنگتەوە نەهاتوون، سا ئەگەر لەتوانات دایە، ڕەهۆڵێکی لەم زەمینەدا بکۆڵە، یان پەیژەیەك کەپێی هەڵچی بۆ ئاسمان و بەڵگەیەکی پێەو بۆ ئەمانە بێنە [بڕوات پێ بکەن]. ئەگەر خوا خۆی مەیلی لێ با، هەموویانی شارەزای ڕاستەڕێ دەکرد. ئیتر ناشێ تۆ لەڕیزی نەزانان بی." (سوورەی٦ ئایەی ٣٥)*

ئەگەر مرۆڤ بە وردی سەرنج بداتە ئەو دوو سوورانە، ڕوون دەبێتەوە کە خوا ئەو هێزەی هەیە مرۆڤ بەرەو ڕێگای ڕاست هیدایەت بکا، دیارە ئەگەر خۆی پێی خۆش بێت. کەوابوو ئەو کارە ناکەوێتە سەر مەسەلەی نەتوانین، هەرەسهێنان، بەزین و دۆڕانی محەمەد یاخود کەمبوونی هێزی باوەڕپێکراویی بەکارەکەی. تەنیا، بۆچی خودا ژیانی پێغەمبەرەکەی بەو کارە، ئاوا دژوار و ناخۆش دەکا؟ پرسیارێکی بەجێیە. وێدەچێ هەردووك سوورەکان زیاتر خەیاڵێك یاخود لەگەڵ خۆ قسەکردنێك بن کە محەمەد دڵخۆشی خۆی دەداتەوە و هەرەس هێنانی کارەکەی دەخاتەسەر بڕیار و شانی خوداکەی.

لەو سێ سوورەیەی خوارەوەشدا پرەنسیپێکی هاوچەشن دەبینرێت:

*" سا تۆ ئامۆژگاری بکە، ئەتۆ هەر تەنیا پەندێری. تۆ لەسەریان نەبوویە خاوەن دەستەڵات." (سوورەی٨٨ ئایەی ٢١ تا ٢٢)*

*" ئەرکی سەرشانی تۆ نیە ئەمانە بخەیەسەر ڕێ؛ بەڵام هەرکات خودا بۆخۆی مەیلی لێ بێ، شارەزای ڕاستەڕێیان دەکا. هەرچی بەخێر دەیبەخشنەوە بۆ خۆتانە و دیارە ئێوە هەر بۆ ڕەزامەندی خودا خێرێ دەکەن. هەر شتێ بەخێری دەدەن تەواوی پێو دەدرێتەوە و هیچ ناهەقیو لێ ناکرێ." (سوورەی٢ ئایەی ٢٧٢)*

*"تۆ ناتوانی کەسێ بۆخۆت خۆشت بوێ شارەزای کەی؛ بەڵام خودا کێ بخوازێ ڕێگەی ڕاستی نیشان دەدا. هەر خۆشی چاتر دەزانێ کێ هێژای ئەم ڕێبازەیە." (سوورەی٢٨ ئایەی ٥٦)*

بارودۆخێکی زۆر دژوارە. لەمەککە، خەڵکانی بێ دینی زۆر لێیە. خودا دەیەوێ باوەڕی پێ بێنن و خزمەتکاری بن. بۆ ئەو کارە، پێغەمبەرەکەی دەنێرێ، بەڵام ئەو بێدینانە نایانەوێ باوەڕی پێ بێنن. بۆچی؟ چونکەخودا خۆی پێی خۆش نییە ئەوان باوەڕ بێنن! ڕێگا و شێوازی ڕوونکردنەوی ئیلاهی وێدەچێ زۆر ئاڵۆز و گێژکەرەوە بێ....

ئەوەی بەڕواڵەت جێی سەرنجە ئەوەیە کە ئەو چەشن سوورانەی وا بانگاشە بۆ ئایینی ئیسلام دەکەن، کێشەیەکیتریان لێ دروست دەبێ. سوورەی ٨٨ وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، *"سا تۆ ئامۆژگاری بکە، ئەتۆ هەر تەنیا پەندێری، تۆ لەسەریان نەبوویە خاوەن دەستەڵات"*، بەپێی ڕوونکردنەوەکەی ئەلتەبەری (٨٣٩ لە شاری ئامول هاتۆتە دنیا و ٩٢٣ لەبەغدا فەوتی کردووە) وەك سنووردانانێکی کاتی دەبێ سەیر بکرێ. ئەو سوورەی ٩ بەنموونە دێنێتەوە:

*"ئەی پێغەمبەر! دەگەڵ خودا نەناسان و ئەوانەی دوڕوویی دەکەن، بەشەڕوەرە و بەتوند و تیژی ڕەفتاریان دەگەڵ بکە. ئەنوای ئەوان جەهەندەمە و دوارۆژی دژواریان هەیە."* [9]

---

[9] al-Tabari: tafsīr, Sure 9:73

لێرەدا ئیتر قسە لەسەر ئامۆژگاریدەرێکی بێ هێز نییە، بەڵکوو لەسەر کەسێکە کە بەربەرەکانی لەهەنبەر بێدین و دوڕوو دا دەکا و هیچ ڕێگایەك بۆ مامڵەکردن ناهێڵێتەوە. ئەگەر مرۆڤ ئەو دوو سوورەیە لەگەڵ یەکتر هەڵسەنگێنێ، جیاوازیی نێوان محەمەدی سەردەمی پێشوو کە لایەنگری گەلێک کەم بوو لەگەڵ محەمەدی سەردەمی دواتر وەك سەرکردەی نیزامی، بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئامانجە سیاسییەکانی خۆی بەهێزی لەشکر و شمشیر وەدەست دێنا.

بەپێی بۆچوونی تەبەری ئەو سوورەیەی خوارەوەش هەر لەو چەشنەیە:

*" بەکارزانی و ئامۆژگاری پەسند، مەردم بەرەو ڕێگەی پەروەرندەت گاز بکە و بەچاکترین شێوە لەگەڵیانا بدوێ. پەروەرندەت لەو کەسانەی لەڕێگای ئەو لایان داوە- لە گش کەس - ئاگادارترەو هەر خۆیشی باشتر دەزانێ کێیە لەسەر ڕاستەڕێ یە." (سوورەی١٦ ئایەی ١٢٥)*

بەبۆچوونی ئەلتەبەری ئەو سوورەیەش کەدەبێ دواتر جێی متمانەی خۆی لەدەست دابێ و پووچەڵ بووبێتەوە، هەر دەگەڕێتەوەبۆ سەردەمی مەککە، و هەوڵ دەدرێ بەپارێزەوە و بەو ئاواتەوە کە لەڕێی ژێرییەوە، خەڵکی بانگێشتن بکا، سەرنجیان ڕابکێشێ. ئایەی ٥ی [ئایەی - شمشیر] سوورەی ٩ دواتر ئەو سوورەیەی پووچەڵ کردۆتەوە. تەنیا بۆ موسوڵمانی تاوانکار ئەو سوورەیە ئیعتباری خۆی هەر ماوەتەوە. ئەو سوورەیە دەبێ لەبارودۆخێکی ئاشتیانەدا هەڕەشە لەمرۆڤ بکا کە خۆیان لەتاوان بکشێننەوە و ئایینی ئیسلام بەدروستی بەڕێوەبەرن. [10]

بە پێی کات هەرکام لە(ئایەی - شمشیر) هەر وەك دەیبینین هەنگاو زیاتر هەڵدێننەوە:

*" هەر کەمانگەحەرامەکان ڕانەوە، ئەو بت پەرستانەو لەکوێ وەدەس کەوێ، لەگرتن و بەندکردن و کوشتنیان دەس مەپارێزن و بۆسەیان بۆ بنێنەوە. ئەگەر پەشیمان بوونەوەو*

---

[10] al-Tabari: tafsīr, Sure 16:125

*بوونەنوێژکەر و زەکات دەر، ئەوسا دەستیان لێ هەڵگرن. خودا لەگونا خۆش دەبێ و دڵۆڤانە." (سوورەی٩ ئایەی ٥)*

قاوی شەڕ دژ بەهەموو بێدینەکان دەدرێ و باوەڕپێکراوان هان دەدرێن چالاکانە هەڵس و کەوت بکەن. بێدینەکان دەبێ بکووژرێن، تەنیا لەو کەسانە ببوردرێ کە بۆ ئایینی ئیسلام هەڵگەڕێنەوە و لێرە بەولاوە نوێژ و ڕۆژوو بەجێ بێنن و زەکات بەمحەمەد بدەن. تەنیا ئەو کاتە، ئەو بەختەوەرییەیان پێ دەدرێ کە هەست بە ڕەحمەتی خودا بکەن و درێژە بە ژیان بدەن.

جارێکیتر، لێکی دەدەینەوە، ئەو کارەچلۆن بوو؟ مرۆڤ ئیزنی نییەگوشار بۆ کەسێك بێنێ کەناچار بکرێ باوەڕ بێنێ؟ قەناعەتی دەروونی مرۆڤ دەبێ چەندە مەزن بێ کاتێ کەسێك بەهەڕەشە و شمشیر لەدەستیدا لەسەرت ڕاوەستابێ و ناچار بەگەڕانەوە بۆ ئایینێکت بکا؟

دەبێ چەندە جێی سوکنایی بێ کاتێ سوورەیەك هەبێ کە لەویدا خودا محەمەد ئامۆژگاری دەکات لەهەنبەر بێدینەکاندا نەرمی نیشان بدا و لێیان ببوورێ:

*" چاو بپۆشە و فەرمان بەکاری چاك بدەو لەو نەزانانە وازبێنە." (سوورەی٧ ئایەی١٩٩)*

ئەلتەبەری لە ڕوونکردنەوەیەکی قورئاندا ئاماژە دەکا کەخودا ئەمری بەپێغەمبەرەکەی کردووە دەساڵی ڕەبەق لەهەنبەر بێدینەکاندا سەبوور بێ، واتەسەردەمی مەککە. ئایەی ٥ی سوورەی ٩(ئایەی - شمشیر) دواتر ئەو بۆچوونە کاتییەی پووچەڵ کردۆتەوە. 11

ئایەیەکیتر لەسوورەی ٨ ئەو بۆچوونە پشت ئەستوورتر دەکا:

---

11 al-Tabari: tafsīr, Sure 7:199

*"وەلیان شەڕکەن هەتا ئاژاوە نامێنێ و دین گشتی دینی خودا دەبێ. سا ئەگەر تەمێ گرتوو بوون ئەوسا هەر کارێکی بیکەن خوا دەیبینێ." (سوورەی٨ ئایەی ٣٩)*

ئەو شەڕە دەبێ هێندە درێژەی هەبێ تا ئەو کاتەی "فیتنە" لەسەر زەوی نەمێنێ و هەموو مرۆڤێك باوەڕ بەخودا پەیدا بکات. تەنیا ئەو کاتەی ئایینی خودا سەرکەوتوویی کامیلی وەدەستهێنابێ، ئاشتی دەگەڕێتەوە و شەڕەکە کۆتایی پێ دێت.

## هیچ زۆرداریيەك لە باوەڕەكەدا نییە، یا: مەزنترین "خراپ تێگەیشتن"

سوورەی ١٠٩ وەك بەڵگەيەك بۆ بەڕێوەبردنی پرەنسيپی ئازادیی باوەڕی محەمەدی، بەردەوام لە لایەن ئیسلامییەكانەوە دووپات دەكرێتەوە. لەو سوورەیەدا محەمەد خەڵكانی مەككە بۆ پێكەوەژيان هان دەدا و دەڵێ: "دینی خۆتان بۆ خۆتان و منيش دینی خۆم بۆخۆمە."

*"بێژە: ئەی خوانەناسەكان! ئەوی ئێوە دەیپەرستن، نایپەرستم. ئێوەش ئەوی دەیپەرستم، نایپەرستن. ئەوەش پەرستوتانە من نایپەرستم. ئێوەش ئەوی دەیپەرستم، نایپەرستن. دینی خۆتان بۆ خۆتان و منیش دینی خۆم بۆ خۆمە." (سوورەی١٠٩ ئایەی ١ -٦)*

ئەو سوورەیە لە یەكەم سەیركردندا زۆر لۆژیكی و دادپەروەرانە دەنوێنێ. بەڵام **یەكەم:** مانای "دینی خۆتان بۆ خۆتان و منیش دینی خۆم بۆ خۆمە" بەو شێوەیە نییە كە محەمەد ئیزنی ئایینێكی تر لە پەنا ئایینی ئیسلامی بە مرۆڤ دابێ. ئەو دێرە زیاتر وەك جیا كردنەوە و كشانەوە لە ئایینەكانی تر دەنوێنێ. "دینی [هەڵە] خۆتان بۆ خۆتان و منیش دینی [ڕاستەقینە]ی خۆم بۆ خۆمە" ئەگەر لێرەدا مەبەستی محەمەد ئازادی ئایین بایە، نەدەبوو لە سەرەتای سوورەكەدا ئەوانیتر بە بێ دین ناو بهێنێت. **دووهەم:** ئەو سوورەیەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاكانی سەردەمی مەككە كە محەمەد تەنیا ئامۆژگاریدەرێكی بێكار بوو.

لە ڕاستیدا با بزانین كاتێ محەمەد شاری مەككەی گرتەوە، چ كارێكی گرنگی بەڕێوە برد؟ بە ئاشكرایی و بە هێزی شمشیر ئایینەكەی پەرە پێدا. ئەو دیارە ئایینی خۆی ڕاگرت، بەڵام بەهیچ شێوەیەك نەک هەر پێشنیاری بە مرۆڤی ئایینیەكانیتر نەكرد كە دەتوانن ئایینەكەی خۆیان ڕاگرن، بەڵكوو هەموو بوت و وێنەی خوداكانی ناو و دەرەوەی كەعبە كە ساڵیانی درێژ بوو وەك ناوەندێكی گرنگی ئایینی بۆ هەموو خەڵكەكانی ناوچەی لێهاتبوو، شكاند و تووناى كردن.

سەرکردەی هۆزەکانی شاری مەککە کە پێشتر سووکایەتییان پێکردبوو و ئازاریان پێ گەیاندبوو، بەخشی، چونکە بۆ بەهێزکردنی خۆی لە شارەکە پێویستی بەوان هەبوو. بەڵام ئەو تەنیا بەو مەرجە دەیبەخشین کە بێنە سەر ئایینی ئیسلام. ئەو کەسانەی ئایینەکەیان لێ قەبووڵ نەکرد، فەرمانی کوشتنی دان. کاتێ لایەنگرەکانی هەواڵیان بۆ هێنا کە چەند کەسێك لە ترسی گیانیان پەنایان بۆ کەعبە بردووە و لەوی خۆیان حەشار داوە، ئەمری کرد: بیانکووژن ئەگەر تەنانەت خۆیان بە عەبای کەعبەشەوە هەڵواسیبێ![12]

لە ناو کووژراوەکاندا شاعیرێك بە ناوی عەبدوڵڵا ابن قەتاڵ "Abdullah ibn Khatal" و کەنیزەکەی تێدا بوون. ابن قەتاڵ پێشتر لە شیعرەکانیدا گاڵتەی بە محەمەد کردبوو و کەنیزەکەشی شیعرەکانی خوێندبوونەوە. ئەوەش لەسەر تولەرانس بوون و سەبووری محەمەد!

ئەگەر سەیری پرەنسیپی جێگری و گۆڕانەوەی سوورەکانی مەدینە لەگەڵ مەککەدا بکەین، واتە پووچەڵکردنەوەی سوورەکانی سەردەمی مەککە بەهۆی سوورەی مەدینەوە، دەبێ لە سوورەکانی دواتر بەدوای تولەرانس لەهەنبەر مرۆڤی ئایینەکانیتردا بگەڕێین. لەیەك لە سوورەکانی مەدینەدا دەڵێ:

*"لەم دینەدا بەزۆر داسەپاندن نییە. شارەزایی لە گومڕایی هاوێر کرا. هەرکێ لە تاغووت نەبانە و بڕوای بە خودا بهێنێ، هەنگڵێکی هێندە توندی بە دەستەوە، هەرگیز پسانی بۆی نییە. خوداش بیسەر و زانایە." (سوورەی٢ ئایەی ٢٥٦)*

ئیسلامناسانی پێشوو ئەو سوورانە وەك ئیزنێکی گشتی بۆ ئازادی ئایین ناخوێننەوە و پێیان وا نیە کە مرۆڤ توانیبێتی ئایینی دڵخوازی خۆی هەڵبژێرێ.

بۆ وێنە ئەلتەبەری لێرەدا ئاماژە دەکا کە ئەو سوورەیە بە بارودۆخێکی تایبەتەوە بەستراوەتەوە: ژنێك پێش کۆچی محەمەد و هەڤاڵانی بۆ مەدینە

---

[12] sunan al-nisaai'i, Hadith Nr. 4067

مناڵە ساواکانی یەك بەدوای یەکدا لە بار دەچوون. ئەو ژنە لە مەدینە پەیمانی بەخۆی داوە کە ئەگەر مناڵەکانی داهاتووی زیندوو بمێنن، بە پێی ڕێ و ڕەسمی ئایینی یەهوودی گەورەیان بکا. کاتێ محەمەد کۆچی بۆ مەدینە کرد، ئەو ژنە بەڕاستی دوو منداڵی یەهوودی هەبوو. کاتێ دواتر ژنەکە بوو بە موسوڵمانیش هیچ گۆڕانێك پێك نەهات. ژنەکە کەوتە بارودۆخێکی دژوارەوە کاتێ محەمەد دەستی بە ڕاوەنانی یەکەم هۆزەکانی یەهوودی لە شارەکەدا کرد. دایکەکە پێیخۆش بوو کە مناڵەکانی ببنە موسوڵمان بۆ ئەوەی ئیزنی مانەوەیان لە شاری مەدینە هەبێت. محەمەد پێشنیاری ئەو ژنەی ڕەد کردەوە، گیانیانی پێ بەخشین و لە شارەکەی دەرکردن. مناڵەکان باوەڕیان بە ئایینی یەهوودی هەیە و نابێ ناچار بە ئایینێکی تر بکرێن.[13]

ڕاست لەو پەیوەندییەدا ئەو سوورەیە نووسراوە. ئەلتەبەری لەسەر ئەو بۆچوونەیە کە ئەو سوورەیە بەهۆی سوورەیەکیترەوە پووچەڵ کراوەتەوە:

*"وەل ئەوانە دا بجەنگن کە بە خودا و ڕۆژی سەڵا بێ باوەڕن و هەرچی خوا و پێغەمبەری خوا بە نارەوایان زانیوە، ئەمان بە ڕەوای دەزانن و نایەنە سەر دینی ڕاستیش، تا ئەو کاتەی بە زەلیلی و بە دەستی خۆ، سەرانەی خۆ بەنگۆ دەدەن." (سوورەی٩ ئایەی ٢٩)*

هەموو ئیسلامناسان لەسەر ئەو خاڵە کۆکن کە فورموولە کردنی "ئەهلی کتێب" مەبەست تەنیا ئایینی یەهوودی و مەسیحین. ئەوان دەبێ ڕاوەبنرێن نەك لەبەر ئەوەی چالاکانە دژ بە ئایینی ئیسلام ڕاوەستابێتن، بەڵکوو بەو هۆیەی ئەو دوو مەکتەبە ئایینییە لە ڕوانگەی محەمەدەوە وەك کافر لە ئەژمار دەهاتن. ئەو شەڕ و ناکۆکییە تەنیا ئەو کاتە کۆتایی پێ دەهات کە سەرکوت کرابان و 'جەزیە' یانیماڵیاتی سەرانەیان بە محەمەد دابێت.

ئیتر لێرەدا کوا ئازادی باوەڕ؟ یاخود کاتێ محەمەد مرد، چی لەو ئازادی باوەڕە بە جێ ما؟ ئایا ئیتر لە مەدینە تاقە یەهوودییەك ژیانی دەکرد؟ نا. ئەوان زۆر لە مێژ بوو ڕاونرابوون یا سەریان بڕابوو. تەنانەت ئەگەر

[13] al-Tabari: tafsīr, Sure 2:256

ئیماندارانی دوو ئایینی یەهوودی و مەسیحی دوای مردنی محەمەد لە لایەن حاکمانی ئیسلامییەوە، لە ناوچە داگیرکراوەکانی وەك میسر، سوریا، فەلەستین و عێراق لەژێر حوکمی ئیسلامدا بە بێ کێشەیەکی گەورە لە ئاشتیدا ئیزنی ژیانیان پێ درابێت، چلۆن دەتوانین لەسەر ئازادی باوەڕ بدوێین کاتێ بە پێی قورئان ژیانێکی سووکانەیان بۆ دیاری کراوە؟

سوورەیەکیتر لە قورئاندا نیشانی دەدا کە ئازادی باوەڕ هیچکات بە جیددی وەرنەگیراوە. خودا لە قورئاندا لەسەر خۆی و محەمەد دەدوێ:

*"ئەو خودایە پێغەمبەری خۆی بەڕێ کرد، بۆ ڕێبەری و ڕاگەیاندنی دینی ڕاست، تا سەری خا بەسەر هەموو دینەکاندا؛ جا با بت پەرەستەکانیش خۆشیان نەیە." (سوورەی٦١ ئایەی ٩)*

لێرەدا ڕوون دەبێتەوە، کە ئیسلام بۆ ئەوە نەهاتووە لە پەنا ئایینەکانیتر جێ بۆ خۆی بکاتەوە و لەگەڵیان لە ئاشتیدا بژی، بەڵکوو بۆ ئەوە هاتووە کە بەسەر هەموو ئایینەکانیتردا زاڵ بێ و زەفەریان بەسەردا بەرێ و ئەوانیتر پووچەڵ کاتەوە. ئەو کارەی محەمەد بەسەر یەهوودی، مەسیحی و بێ دینی وڵاتە عەرەبییەکانیدا هێنا و هەروەها هەڵس و کەوتی جێگرەکانی لە داهاتوودا، ئەو بۆچوونە پشت ئەستوورتر دەکەن.

کاتێ مرۆڤ سوورەیەك بخوێنێتەوە بە بێ ئەوەی ئاگاداری بەستێنەکەی بێ، دەتوانێ وای لێ تێ بگا کە ئەو ئایینانەی بەربەرەکانی لە هەنبەر ئایینی ئیسلامدا ناکەن، لە ئەمان دان و دەتوانن بێ کێشەی ئایینی بژین:

*"خودا بەرتان لێ ناگرێ کە ئێوە دەگەڵ ئەوانەی بەگژ ئێوەدا نەچوون و لە زێدەوە دەریان نەناون، چاکەیان دەربارە بکەن و بە یەکسانی ڕەفتاریان دەگەڵدا بکەن. خوا مرۆی خاوەن ئینسافی خۆش گەرەکە. تەنیا هەر ڕێگاتان نادا دەگەڵ ئەوانە ببنە دۆست کە لەسەر دین، شەڕیان دەگەڵتانا کرد و ئێوەیان لە زێدی خۆتان ئاوارە کرد. لەسەر دەرکردنی ئێوەش، بوونە پشتیوانی یەکتر. هەرکەسیش ببێتە دۆستیان، دیارە غەدری لە خۆ دەکا." (سوورەی٦٠ ئایەی ٨-٩)*

گەلێك لە داکۆکیکارانی ئیسلامی ئەو سوورەیە بە تامەزرۆییەوە دەخوێننەوە کاتێ بیانەوێ بیسەلمێنن کە ئایینی ئیسلام هەموو بێ دینەکان بە

چاوێك سەیر ناكا، بەڵكوو تەنیا دوژمنایەتی لەگەڵ ئەو كەسانە دەكا كە دژ بە محەمەد شەڕ دەكەن و پێشتر ئەو و لایەنگرەكانیان لە شاری مەككە وەدەر ناوە. هەموو ئەوانیتر بە دادپەروەری و چاكە لەگەڵیاندا هەڵس و كەوت دەكرێ.

با چاوێك بەسەر بۆچوونی ڕاڤەكارانی قورئاندا بگێڕین:

پسپۆر و لێكدەرەوەی قورئان، القرطبی (al-Qurtubi)، تەنیا كەسێكە كە لەسەر ئەو باوەڕەیە، ئەو سوورەیە ئایینی هەموو ئەو مرۆڤانەی سەر زەوی دەگرێتەوە كە دژ بە ئیسلام چالاكییان نەكردبێت و هەر بۆیە دەبێ بە دادپەروەری و كاری چاكە لەگەڵیاندا هەڵس و كەوت بكرێ. بەڵام ئەلقورتبی لێرەدا هیچ نیشانەیەك بۆ دۆستایەتیكردن لەگەڵ مرۆڤی غەیری موسوڵمان نابینێ. ئەو هەروەها دەڵێ ئەو بارودۆخە تەنیا ژنان و منداڵانیان دەگرێتەوە، چونكە ئەوان توانایی بەربەرەكانی دژ بە ئیسلامیان نەبوە.[14]

ئەلتەبەری دەنووسێ، ئەو سوورەیە كۆنتێكستێكی تایبەتی هەیە:

ئایشەی ژنی محەمەد زڕخوشكێكی بووە بە ناوی ئەسما "Asmaa". ئەسما باوەڕی بە محەمەد بووە بەڵام دایكی باوەڕی پێی نەبووە. ڕۆژێكیان دایكەكە بە میوانی چووە بۆ لای كچكەی و خەڵاتی بۆ بردووە، بەڵام ئەسما دایكی دەر كردووە و گوتوویەتی تۆ بێ دینی. سەرئەنجام دایكەكە زۆر ناڕەحەت بووە و بۆ چارەكردنی ئەو ناخۆشییە نێوانیان پەنای بۆ محەمەد بردووە. بەوهۆیە ئەو سوورەیە بۆ محەمەد نازڵ بووە و ئیزن بە ئەسما دراوە كە پەیوەندیی لەگەڵ دایكی درێژە پێ بدا. لە كۆتایی نووسراوەكەیدا ئەلتەبەری وەبیر دێنێتەوە كە ئەو سوورەیە لە ڕوانگەی كاتییەوە سنووردار بووە و بە هاتنی سوورەیەكیتر پووچەڵ كراوەتەوە. سووڕە نوێیەكە ئیزن بە باوەڕپێكراوان دەدا كە دژ بە هەموو ئایینەكانیتر بوەستن و بەربەرەكانییان بكەن.

[14] Ibn Kathīr: tafsīr, Sure 60:8-9

ئەلتەبەری کۆنتێکستێکی تریش لەسەر ئەو سوورەیە ناو دەبا: ئەو پەیامە دەبێ رووی لەو موسوڵمانانە بێ کە کاتی خۆی لەگەڵ کۆچی محەمەد بۆ مەدینە هاوڕێییان نەکردووە. لە سەرەتاوە محەمەد لەسەر ئەو هەڵس و کەوتەیان زۆر تووڕەبووە و ئیزنی بە یارانی نەداوە لەگەڵ ئەو کەسانە پەیوەندی بگرن:

*"ئەوانەی خاوەن باوەڕن و زێدی خۆیان جێ هێشتووە و لە ڕای خودا بە گیان و ماڵ خەزایان کرد، ئەو کەسانەس کە ئەمانیان حاواندەوە و ئاریکار بوون، بوونە کەس و کاری یەکتر. ئەو گرۆی باوەڕدارانەش کە هەر لە وشوێنەکەی خۆیان ماونەتەوە و نەهاتنە دەر، هەتا ئەوانیش دەرنەچن، نابێ دۆستایەتیان بکەن. بەڵام گەر ئەوان دەربارەی دینەکەیان یاریدەر لەنگۆ بخوازن، لەسەرتانە کە ئێوە کۆمەگیان بکەن؛ مەگین لە دژی ئەوانەی دەگەڵ ئێوە هاوپەیمانن. هەرچی بیکەن خوا دەیبینێ." (سوورەی٨ ئایەی ٧٢)*

لێرەدا ڕوون دەبێتەوە بە ئاشکرایی محەمەد باوەڕپێکردن لە پلەی یەکەمدا دانانێ بەڵکوو هاوڕێیی لا گرنگترە. هەر کەس ئەو هاوڕێیییەی ڕەد کردۆتەوە، بە بێ لەبەرچاوگرتنی باوەڕەکەی، ئوتوماتیك بۆتە دوژمنی. بڕوامەندان بە فرە خودایی، یان جوولەکە و تەنانەت ئەو موسوڵمانانەش کە بۆ چوونی مەدینە هاوڕێی نەبوون، هەستیان بە تووڕەیی محەمەد کردوە و دەبوو دواتر تاوانی لەپێناو بدەن.

پرەنسیپی "هەر کەس لەگەڵ ئێمە نەبێ، دژ بە ئێمەیە" تا ئەمڕۆش وەك کۆڵەکەیەکی قایمی ڕاهێنانی ئیسلامی کلاسیکی ماوەتەوە. بەهۆی ئەو هەڵس و کەوتەوە دواتر پرەنسیپێکی تر بە ناوی "بەرەڵڵاکردن و وەفاداری" (الولاء والبرائة alwalaa’ wal-baraa’)پێکهات کە مامۆستای سەدەی ناوەڕاستی ئیسلامی ئیبنی تەیمە (ابن تمیمە "Ibn Taiymīya") (لەدایکبووی ساڵی ١٢٦٣ لە حران و مردن لە ساڵی ١٣٢٨ لە دیمەشق) بونیاتی نا و تا ئەمڕۆش نەک هەر لە لایەن وەهابی و سەلەفیەکانەوە بە ڕاست دادەنرێ، بەڵکوو لە لایەن زۆربەی موسوڵمانانی ئاشتیخوازیشەوە دەسەلمێندرێ. ولاء "walaa" بە مانای دۆستایەتی و وەفاداری هاتووە و دەبێ ببێتە هۆی ڕازانەوەی موسوڵمانێکی ڕاستەقینە. برائە "baraa" بە مانای بەرەڵڵاکردنە و یەکەم

وشەی سوورەی ۹ یە کە لەوێدا خودا ئەمر بە باوەڕپێکراوان دەکا خۆیان لە بێ دینەکان جیا بکەنەوە و ...

لە قورئاندا سوورەی تر هەن کە پرەنسیپی وەفاداربوون و بەرەڵڵابوون دەسەلمێنن بۆ ئەوی ئیدەی پێکەوە ژیانی ئایینی هەمەڕەنگ لە گەروودا بخنکێنن:

*"ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! مەبنە دۆستی ئەم موسایی و مەسیحیانە؛ با ئەوان دۆستی یەکتر بن. هەر کەسێکیش لە ئێوە ببێتە دۆستیان، ئەویش لەوان دەژمێردرێ. ئەوانەی لەسەر ناهەقین، خودا ڕێیان نیشان نادا. ئەو کەسانەی نەخۆشی لە دڵیاندایە، دەبینی کە بەلەزن بۆ چوونە لایان؛ دەڵێن: ئێمە دەترسین تووشی بەڵا بین [بۆیە دۆستایەتیان دەکەین]. هیچ دوور نییە خودا ڕۆژێ سەرتان بخا، یا خۆ کارێکی تر بکا. ئەوسا ئەوان لەو ڕازەی دە دڵیاندایە، تووشی پەشیمانی دەبن. کەسانی خاوەن باوەڕیش ئەوسا ئێژن: ئاخۆ هەر ئەمانە نەبوون بە سوێنددان ڕەش دەبوونەوە کە هەتا سەر دەگەڵتانن؟ ئەو کارە ئەوان کردیان بە فیڕۆ چوو؛ دواییەکەشی تووشی خوسار و زیان بوون." (سوورەی٥ ئایەی ٥١-٥٣)*

## [بەشی ٥]

### شەڕ و ئاشتی لە قوڕئاندا

هیچ شتێك نییە لە خوێندنەوەی سووڕە شەڕخواز و ئاشتیخوازەکانی ناو قوڕئان زیاتر سەر لە خوێنەر بشێوێنێت. ئەو سەرلێ شێواوییە لە چەندین ڕوانگەوە کێشە پێکدێنێ. لە سەرووی هەموویانەوە کێشەی تێگەیشتن و لێ حاڵیبوونە. مەبەستی تەواو لە "ئاشتیخوازی" چییە؟ جیاوازیی مانای وشەی عەرەبی سیلم/سەلام (silm/salam) کە ئەمڕۆ کەڵکی لێ وەردەگیرێت لەگەڵ وشەی سیلم/سەلام (silm/salam) ی سەردەمی سەدەی حەوتەمی ناو قوڕئان چییە؟ هەروەها ئایا ئەو وشانە لەگەڵ وشەکانی ئاشتی (peace/paix/Frieden) هاومانان؟ جیاوازی نێوان قیتال/ حەرب (qital/harb) و جیهاد چییە؟ لە قوڕئاندا مەبەست لە ماڵی ئاشتی چییە؟

دووهەم کێشە، کێشەی کرۆنۆلۆگییە. کام سوورە لە سەرەتاوە گوتراوە؟ کام سووڕە جێی متمانەیە و کامیان پووچەڵ کراونەتەوە؟ لە پەیوەندی لەگەڵ کام کۆنتێکستدا پێکهاتوون؟

بە هۆی چەمکی "salam" ەوە لە سەردەمی محەمەددا بارودۆخێکی بەردەوامی ئاشتی پێك نەهاتووە بەڵکوو تەنیا تەرك کردن و وازهێنانێکی کاتیی بووە لە شەڕ. وەك فەرماندەیەکی بە کردەوە محەمەد هەمیشە بۆ کاتێکی دیاریکراو هەوڵی وەستانی شەڕی داوە تەنیا بۆ ئەوەی سەربازەکانی باشتر ئورگانیزە بکا، تەنانەت ئەوانەش لە قوڕئاندا بە بەڵگە تۆمار کراون. چەمکی ئاشتی، بەو شێوەیەی ئێمە ئەمڕۆ لێی تێ دەگەین، لە قوڕئاندا مەبەست سەردەمێکە کە حکوومەتی ئیسلامی لەسەر کار بووە و مرۆڤی موسوڵمان لەو ناوچە حوکمڕانییەیدا ڕازی بووە.

لە سووڕەی شەڕخوازی پڕ کێشەتر کە ڕەنگە بتوانرێ لە بەستێنی کۆنتێکستەکەیدا پووچەڵ بکرێتەوە، بەڵگەی نووسراوەیی لەسەر کوشتنە.

لەوێدا کە باسی مان و نەمانە و دەبێ گرنگایەتی پێ بدرێ، لە زۆربەی سوورەکاندا قورئان بە ناشەفافی لەسەریان دەدوێ و باسەکە بۆ لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ دەهێڵێتەوە. لێرەشدا قورئان لە دژایەتی و پێچەوانەییدا لە قەدەغەکردنی کوشتنەوە هەتا ئیزندان بە کۆمەڵکوژی و بڕینی ئەندامی لەشی مرۆڤ وەک دەقێکی متمانە پێکراو دەمێنێتەوە.

**کوشتن تاوانە**

دوو سوورە لە قورئاندا هەن کە کوشتن وەك کردەوەیەکی قورس و گران سەیر دەکەن:

*"بێژە: وەرن ئەوشتانەی پەروەرەندەو لێی بە نارەوا زانیون، من بۆتانی بخوێنمەوە، کە هیچ شتێك بە شەریکی خوا مەزانن. دەگەڵ دای و بابی خۆشتان چاکە بکەن. لەترسی لەبرسان مردن، فەرخزەندی خۆتان مەکووژن؛ ئێمە بژیو بە ئێوە و بە وانیش دەدەین. بە ئاشکرا و بە نهێنی خۆ تووشی خراپە مەکەن. کەسیش مەکووژن کە خودا کوشتنی حەرام کردووە؛ مەگین لە ڕووی حەقەوە بێ. خوا ئەمانەی بە ئێوە ڕاسپاردووە؛ شایەتا ئێوە تێ بگەن. مەچنە قەرەی ماڵ و دارایی هەتیوان؛ مەگین بەچەشنێ کە باشتر [بپارێزرێ]؛ تا کاتێ کە خۆی پێدەگا. با پێوانە و تەرازوشتان بەرامبەر بێ و کەم و کووڕی تێدا نەبێ. ئێمە لە توانای بەدەر هیچ ئەرکێ ناخەینە سەر کەس. کاتێ [بۆ ناوبژی یان بۆ شایەتی دان] قسە دەکەن، عەداڵەتتان لەبەر چاو بێ؛ جا با دژی خزمی نزیکی خۆشتان بێ. پەیمانی خواش - بە تەواوی - بەجێ بێنن. خوا ئەمانەی بە ئێوە ڕاسپاردووە، شایەتا هەر لەبیرتان بێ." (سوورەی6 ئایەی ١٥١ -١٥٢)*

لەو سوورەیەدا دەنگی قەدەغەکردنی کوشتنی بە ڕوونی پێوە دیارە. بەڵام وێدەچێ ڕەستەی "*مەگین لە ڕووی حەقەوە بێ*" لە بارودۆخێکی تایبەتدا قاو بۆ بە فەرمیکردنی کوشتن بدات.

دووهەم سوورە کە کوشتن بە تاوانێکی مەزن دادەنێ، دەڵێ:

*"هۆی ئەم کارە فەرمانێکمان بۆ سەر بەرەی ئیسرائیل نارد، کە هەر کەسێ بێ تاوانێکی بکووژێ - کە نە گوناهی کردبێ و نە خراپەی لە زەویندا لێ ڕوو دابێ - وەك ئەمەیە کە گش خەڵکی سەر زەوی لەناو بردبێ و هەر کەسێکیش بێ تاوانێك ڕزگار بکا، وەك ئەمەیە کە هەموو خەڵکی سەر زەوی لە مردن ڕزگار کردووە. پەیغەمبەرانیشمان گەلێ بەڵگەی*

*ڕوون و ئاشكرایان بردە لایان؛ بەڵام زۆریان - دوای ئەم گشتە - هەڵەڕۆ و سنووربەزێن بوون." (سوورەی٥ ئایەی ٣٢)*

زۆرجار ئەو سوورەیە بە ئانقەست کورت دەکرێتەوە و دەگوترێ: "*هەر کەسێ بێ تاوانێکی بکووژێ وەك ئەمەیە کە گش خەڵکی سەر زەوی لەناو بردبێ و هەر کەسێکیش بێ تاوانێك ڕزگار بکا، وەك ئەمەیە کە هەموو خەڵکی سەر زەوی لە مردن ڕزگار کردووە*". سەرەتای ئایەکە قرت دەکرێ بۆ ئەوەی وێنای بکەن کە قسە لەسەر یاسایەکی ئیسلامییە.

لەڕاستیدا ئەو ئایەیە گێڕاوەیەکی تەلموود "Talmud"ە کە یاسایەکی یەهوودییەکانە سەبارەت بە کوشتن: "تۆ نابێ بکووژی". لە قورئاندا ئەو ئایەتە دوای سوورەیەکی دوور و درێژ هاتووە، کە مێژووی قابیل یا کائین و ئابیل دەگێڕێتەوە. لەبەر ئەوەی کوڕەگەورەکەی ئادەم براکەی خۆی کوشتووە، خودا بە یەهوودییەکانی ڕاگەیاندووە کە کوشتنی ڕۆحێك بە تەنیایی، قورساییەکەی بە قەرا کوشتنی تەواوی مرۆڤایەتیە.

بۆچوون و ڕوانگەی ئیسلامیی لەسەر کوشتن، لە ئایەتێکیتری هەمان سوورەدا ڕوونکراوەتەوە:

*"گۆڕی گیانی ئەو کەسانەی دژایەتی خودا و پێغەمبەری دەکەن، لە عەرزا دەبنە خراپکار، کوژرانە یان لە داردانە یان بڕینی دەست و قاچە پێچەوانە، یان لە وڵات دوورخرانە؛ کە ئەم سزایە بۆ ئەوان ڕیسوابوونە لە دنیادا و بەشیان لە ڕۆژی سەڵادا جەزرەبەدانی برژانە." (سوورەی٥ ئایەی٣٣)*

ئەو ئایەیەش هەر وەك ئایەی ١٥٢ی سوورەی ٧ ئایەیەکی پڕکێشەیە کە جێگا بۆ لێکۆڵینەوە دەهێڵێتەوە. باس لەسەر مان و نەمان، ژیان و کوشتنە و سەرەڕای ئەوەش قورئان ناشەفاف هەڵس و کەوت دەکا. ئەوە بە چ مانایە؟:"*گۆڕی گیانی ئەو کەسانەی دژایەتی خودا و پێغەمبەری دەکەن، لە عەرزا دەبنە خراپکار*". ڕاڤەکاران و عالمانی قورئان ڕێگایان بۆ فانتازیاکردن ئاواڵە کراوە. تاقمێك پێیان وایە مەبەست لەو ئایەیە ئەو شەڕکەرانەن کە بە زەبری چەك دژ بە محەمەد بەربەرەکانیان کردووە. دەستەیەکیش دەڵێن مەبەست

چەتە و شەڕکەری شەقامەکانن کە ئاشتی کۆمەڵگایان خستبوە ژێر مەترسییەوە.

ڕاڤەکار ئەلتەبەری لەسەر ئەو کۆنتێکستە باس لەسەر هۆزی چەتەی سەر شەقامەکان بە ناوی عەرینە "A'rina" دەکا کە پێغەمبەریان فریو داوە و گەڕانەوەیان بۆ سەر دینی ئیسلام تەنیا قەڵب و تەزویری بووە. ئەوان ژیانی لغاوپچڕاوی خۆیان درێژە پێداوە، شوانێکیان کوشتووە، وشتریان دزیوە کە پەیوەندی بە کۆمەڵی محەمەدەوە هەبووە. محەمەدیش ئەمری کردووە هێرشیان بکەنە سەر، دەست و قاچیان بپەڕێنن، چاویان بە شوژنی ئاورین کوێر بکەن و دوای ئەو کارانەش لە بەر تیشکی گەرمادا لە تونیانە بیانخنکێنن. ئەو ڕووداوە دەبێ بەڵگە بێ بۆ نازڵبوونی ئەو سووڕەیە.

گێڕاوەیەکی هاوچەشنیش لە کۆکراوەی حەدیسی ئەل بوخاریدا هاتووە.[15] عالمانیتری ئیسلامی پێیان وایە هەر کەس لە ئیسلام وەربگەڕێتەوە، سووکایەتی بە پێغەمبەر بکات یاخود لە بانگەشە بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی ئاینی ئیسلام پێش بە موسوڵمانێك بگرێت، وەك دوژمنی خودا و پێغەمبەرەکەی، مافی خۆیەتی ئەو تاوانەی بەسەر بێنن. تەنانەت ئەو موسوڵمانانەی نوێژ و ڕۆژوو بەجێ ناهێنن، بۆ ئیمام ئەحمەد ئبنی حەمبەڵ (لە دایکبووی ساڵی ٧٨٠ لە بەغدا و فەوتی لە ساڵی ٨٥٥ لە ئێبندا"ebenda")، پێکهێنەری یەکەم قوتابخانەی ئیسلامی، تاوانێکی گەورە لە ئەژمار دێ و دەبی سزای کوشتنیان بۆ ببڕرێتەوە. سێ قوتابخانەکانیتر لەو پەیوەندییەدا بڕێك بەخشەندەترن: هەر کەس نوێژ نەکا دەبێ ئولتیماتۆمێکی پێ بدرێ و پەشیمان بێتەوە. ئەگەرکو ئەو کارە هیچ بەهەرەیەکی نەدا و کەسەکە هەمیسان خۆی لە بەجێهێنانی نوێژ کێشایەوە، ئینجا بکووژرێت.[16]

[15] Sahīh al-Bukhāri: Hadith Nr. 6420

[16] Ibn Rajab al-Hanbali: jamii' al.u'luum wal-hikam, 1:147; Kairo 2001

## چاوپۆشیکرن لە شەڕخوازییەوە بۆ شەڕی مان و نەمان

ئەگەر مرۆڤ قورئان بە شێوەی کرۆنۆلۆگی بخوێنێتەوە، بۆی ڕوون دەبێتەوە کە لە سەرەتاکانی ئەو نووسراویەدا هیچ هەڵس و کەوتێك لە هەنبەر شەڕخوازی نادۆززرێتەوە. بە پێچەوانە، سوورەکان بانگەوازی چاوپۆشیکردن لە شەڕخوازی دەدەن. لە دووهەم قۆناخی کتێبەکەدا قورئان ئیزن بە مرۆڤ دەدا ئەگەر هێرشی کرایەسەر، بەرگری لە خۆی بکا. لە هەنگاوی سێهەمدا بەسەر شەڕخوازیدا هەڵدەگوترێ و گرنگایەتی بە شەهید بوون دەدرێ و لە کۆتاییشدا قاو بۆ شەڕی مان و نەمان دژ بە هەموو بێ دینان دەدرێت.

پەرتووکی قورئان چلۆن هاتۆتە سەر ئەو بڕیارە؟

هەر وەك دەزانین لە سەرەتاوە محەمەد لە مەککە هیچ لەشکرێکی نەبووە و تەنیا تاقمێك لایەنگری لە دەوری خۆی کۆکردبۆوە و دیارە دەسەڵات نوێنی هیچ مانایەکی نەدەبوو. زۆربەی سوورەکانی سەردەمی مەککە باوەڕپێکراوانی بۆ سەبووری و لێ بووردن هان داوە. سووکایەتیپێکردن و ئازاردان دەبوو بە لێبووردن، کاری باش و ئاخەفتنی ڕازاوە و جوان وەڵام بدرێتەوە وەك لە سوورەی ٤١ دا دەیبینین:

*"کێ لەو کەسە قسەی بەڕێ و جێ ترە، کە بەرەو خوا گازی دەکا و خۆشی ئاکاری پەسەندە و ئێژێ : منیش یەکێ لە موسوڵمانانم؟ چاکە و خراپە هەمبەر نین؛ تۆ هەمیشە وەرامی چاکتر بدەوە، ئەوسا کەسێ کە لەگەڵ تۆدا دوژمنە، دەبێتە دۆستی نزیکت." (سوورەی٤١ ئایەی ٣٣ -٣٤)*

سوورەیەکیتر لە وەحیەکانی سەردەمی مەککە تەنانەت پێغەمبەریش بۆ بەخشینی دوژمنانی هان دەدا:

*"ئاسمانەکان و زەوین و هەرچی لە ناو ئەو دوودانەیە، بۆ ڕاستیمان وەدی هێنان. ڕۆژی قیامەتیش هەر دادێ؛ سا تۆ(محەمەد) گەرەك چاوپۆشی بکە بە پیسەو چاوپۆشیت بێ گازەبدە بێ." (سوورەی١٥ ئایەی ٨٥)*

ڕاڤەکار ئەلتەبەری لەسەر ئەو بۆچوونەیە کە هەڵس و کەوتی ئەو بەخشینە تەنیا پەیوەندیی بە بارودۆخێکی کاتیی سەردەمی مەککەوە هەبووە، چونکە خودا دواتر ئیزنی بە پێغەمبەرەکەی داوە لە سەرەتاوە دوژمنانی خۆی زۆر بە توندی سزا بدا و قۆناخێك دواتر تەنانەت ئیزنی کوشتنیانی پێ داوە.[17]

بە بۆچوونی ڕاڤەکاران یەکەم سووڕە کە تۆوی شەڕی چەکدارانە بۆ بەڕێوەبردنی جیهاد دژ بە ئایینەکانیتر و بێ دینان دادەچێنێ، ئەوەیە:

*"ئەو کەسانەی شەڕیان بەسەردا سەپاندوون، چونکە ناهەقیان لێکراوە، دەتوانن تۆڵەی خۆوەکەن. خوداش سەریان خا. ئەوانەی هەر لە ناهەقی لە زێدی خۆیان دەرکران، گوناهیان هەر ئەوەندە بوو کە دەیانوت: خودا پەروەرەندەمانە. ئەگەر خودا هێندێکانی بە هێندێکیان ڕاونەنابا، دێر و کلیسا و کەنشت و مزگەوتەکان - کە لەواندا فرە ناوی خودا دەبرێ - وێران دەکران. خودا دەهانای ئەوانە دێ کە یاریدەری خودا دەدەن؛ دیاریشە خوا زۆر بەهێز و دەستەڵاتە." (سووڕەی٢٢ ئایەی ٣٩ -٤٠)*

ئەو سووڕەیە بانگەوازێکی ڕاستەوخۆ بۆ توند و تیژی یان بۆ بەڕێوەبردنی شەڕخوازی نییە، بەڵکوو ئەو مافە بە باوەڕپێکراوان دەدا کە بەرگری لە خۆیان بکەن و زوڵم و زۆرداریی دەبێ قەرەبوو بکرێنەوە.

با چاوێك بە کۆنتێکستی مێژوویی ئەو سووڕەیەدا بگێڕین. بە تەنیا لەڕووی نووسراوەکانی قوڕئانەوە مرۆڤ ناتوانێ بزانێ کە ئایا ئەوە محەمەد بووە شەڕی دژ بە خەڵکانی مەککە هەڵگیرساندووە یاخود بە پێچەوانەکەی بووە و بۆتە هۆی بەرگریکردنی ئەو و یارانی. بیۆگرافی پێغەمبەر و حەدیسەکانی وێنەیەکی باش دەخەنە بەر چاوی مرۆڤ: محەمەد هەوڵی بە تاڵان بردنی کاروانە بازرگانییەکانی شاری مەککەی داوە بۆ ئەوەی ماڵ و دارایی خۆی و یارانی کە بەهۆی دەرکردنیان لە مەککە لە خۆیان بەجێ هێشتبوو و لەدەستیان دابوو، قەرەبوو بکاتەوە. بەو هۆیە، یەکەم شەڕ و پێکدادان بە ناوی شەڕی بەدر پێکهات.

---

17 al-Tabari: tafsīr, Sure 15:85

تەنانەت تا ئەمڕۆش موسوڵمانانی جیهان هەموو ساڵێ لە مانگی ڕەمەزاندا یادی ئەو ڕۆژە دەکەنەوە کە شەڕەکە بە سەرکەوتوویی محەمەد کۆتایی پێ هاتووە. ئەو قۆناخە وەك کارێکی بەرچاو و زەق شایی و جێژنی بۆ دەگیرێ چونکە ئەو ڕۆژە سەرەتای پێکهێنان و پتەوکردنەوەی کۆمەڵگای محەمەدی لە مەدینە بووە. بەڵام کێشە ئەوەیە کە بەو سەرکەوتووییە نەتەنیا گێچەڵی شەهید کردن دۆزرایەوە، بەڵکوو یەکگرتوویی خەمناکی نێوان باوەڕ و شەڕیش دەستپێکرد. چونکە مێژووی ئەو شەڕە لە قوڕئاندا نەك وەك هەڵس و کەوتێکی پارێزگاریی و پێویستییەکی لازم، بەڵکوو وەك بەشێك لە پلانی خودایی سەیر دەکرێ. خودا بەهۆی قوڕئانەوە بە باوەڕپێکراوان ڕادەگەیێنێ خوی لەو شەڕەدا بەشدار بووە و بە پشتیوانی لە محەمەد و شەڕکەرانی ئەو، بێ دینەکانی کوشتووە.

*"ئەوان ئێوە نەتان کوشتن؛ خوا کوشتنی. کە هاویشتت، هاوێژەرەکە تۆ نەبووی؛ خوا هاویشتی. ئەو دەیویست باوەڕداران بە باشی تاقی کاتەوە. خودا بیسەر و زانایە." (سووڕەی٨ ئایەی ١٧)*

سەرەڕای ئەوەش خودا فریشتەکانی وەك سەرباز بۆ پشتیوانیکردن لە باوەڕپێکراوان ناردۆتە مەیدانی شەڕەوە:

*"وا دیتیشوو کە خودا لە شەڕی بەدرا سەری خستن؛ هەرچەند کەم و بێهێزیش بوون. سا هەر لە خودا ترسوبێ؛ بەشکەم شوکری بەجێ بێنن. ئەوسا کە تۆ بە خاوەن باوەڕەکانت ڕاگەیاند: ئەگەر خودا پێنج هەزار لە فریشتەکانی بۆ ئێوە بنێرێتە خوار، بێنە یاریو، بەستان نییە؟." (سووڕەی٣ ئایەی ١٢٣ - ١٢٤)*

تەنانەت خودا بە فریشتەکان ڕادەگەیێنێ چلۆن لەو شەڕەدا بێدینەکەن بکووژن:

*"خوا فریشتەی تێگەیاندن کە: خۆشم لەگەڵ ئێوە دام، غیرەت وەبەر خاون باوەڕەکان بێنن، منیش ترس وەبەر خوانەناسان دێنم. سا ئێوە لە ملیان دەن و هەموو ئەنگوستەکانیشیان بپەڕێنن. " (سووڕەی٨ ئایەی ١٢)*

بە چاولێکەری لەو سووڕانە، شەڕکەرانی داعش نەک هەر لاسایی پێغەمبەر دەکەنەوە و ئەو وەك سیمبۆلێك بۆ کارەکانی خۆیان لە ئەژمار دێنن، بەڵکوو فریشتەکانیش بە سیمبوڵ دادەنێن کە لە لایەن خوداوە نێردراون.

شەڕی محەمەد، کە خودا خۆی تێیدا بەشدار بووە و کوشتنی بێ دینانی لە ئەستۆی خۆی گرتووە، لە ڕوانگەی سیاسییەوە کە دەبوو دیاردەی شەریك بوون لەو کارەدا گوماناویی سەیر بکرێ، تەنانەت بۆتە خزمەتێك لە ڕێگا و بۆ ویستی خودا. مەزنترین پەرستن و خزمەتکاری، شەهید و شەهیدبوونە و تەنیا ئەو کەسە دەتوانێ سەداسەد متمانەی هەبێ ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو بەهەشتەوە کە گیانی خۆی لە ڕێگای خودادا بەخت بکا. سوورەکانی قورئان لەسەر شەهید ئەو بۆچوونە دەسەلمێنن:

*"بەو کەسانەی لە ڕاهی خودا دەکووژرێن، مەڵێن: مردوون؛ بەڵکە زیندوون، بەڵام ئێوە پێ نازانن." (سوورەی٢ ئایەی ١٥٤)*

خودا باوەڕپێکراوان هان دەدا کە بەردەوام و چالاك لەو شەڕانەدا گیانی خۆیان بەخت بکەن:

*"ئەی گەلی خاون باوەڕان! ئێوە وەك ئەوانە مەبن کە خودایان نەدەناسی و سەبارەت بە براکانیان - کە لە سەفەر یان لە شەڕی دوژمنان بوون - دەیانگوت: ئەگەر ئەوانە لامان مابان، نەدەمردن، نەدەکووژران. هەر بۆیە خودا بیکا بە ئاخ و داخی سەر دڵیان. خودایە کە ژینی دەدا و دەشمرێنێ و هەر کارێکی ئێوە دەیکەن، خودا دەیبینێ." (سوورەی٣ ئایەی ١٥٦)*

خودا بە دەستی خۆی شەهیدەکان زیندوو دەکاتەوە و کولتووری شەهیدبوونی لێ دروست دەکا. ئەوان نەمردوون بەو مەرجەی لە ڕێگای خودادا گیانیان بەخت بکەن، بەڵکوو ئەوان ڕازین و بە خۆشحاڵییەوە دەژین:

*"ئەو کەسانەی لە ڕێ خودا دا کوژراون، هەرگیز نابێ بە مردوویان حیساب بکەن؛ هەر زیندوون و خودا بژیویان دەداتێ؛ دڵیان خۆشە بەو چاکەیە کە خودا دەربارەی کردوون. شادن بەوەش کە ئەوانەی وا نەگەیشتوونە ئەمان و بەجێ ماون، هیچ ترسێکیان لەسەر نابێ و هیچ خەمێکیان لەبەر نابێ. دڵیان خۆشە بە نیعمەتی خودا و زیادە بەشانەی ئەو. بەوەش کە خوا پاداشی باوەڕدارەکان ون ناکا." (سوورەی٣ ئایەی ١٦٩ -١٧١)*

مرۆڤ نابێ زۆری پێ سەیر بێ کە ئیسلامیستەکانی ئەمڕۆیی لە سەراسەری ئەم دنیایە فەرهەنگی شەهیدبوون پەرەپێدەدەن و بۆ هاندان و بەشداریکردنی گەنجانی موسوڵمان ئایەکانی سەبارەت بە شەهیدبوونیان کردۆتە دروشمی خۆیان. بۆ ڕاوکەرانی مرۆڤی ڕادیکاڵ کارێکی زۆر ساکارە سەرنجی گەنجێکی ناهومێد بەرەو شەڕ ڕاکێشن کاتێ باوەڕی پێ بێنن کە خودا و فریشتەکانی لە بەرەی ئەواندان و لەگەڵیاندا شەڕ بەڕێوەدەبەن. هەروەها ئەو باوەڕەیان تێدا پێك بێنن کە لەو شەڕەدا سەرکەوتوو بن یا نا، هەر لە بەرەی سەرکەوتووانن. ئەگەر شەڕەکە ببەنەوە، ئەوە مڵك و ماڵ و ژن و کەنیزی جوانی کۆیلەیان پێ دەبڕێ، و ئەگەریش شەڕەکە بدۆڕێنن و شەهید کرێن، ڕاستەوخۆ دەچنە ناو بەهەشتەوە و ژیانێکی هەمیشەیی و پڕ لە خۆشیان دەبێ.

ئەمڕۆ ئەگەر مرۆڤ لەسەر شەقامی شارەکانی غەززە، بەیرووت، بەغدا یا سەنعا پیاسەیەك بکا، لەسەر دیواری ماڵەکان چاوی بە وێنەی شەهیدانی ئیسلامی دەکەوێ کە لەژێریشیاندا بە نووسراوە و شیعر بەسەریاندا هەڵدەگوترێ. تەنانەت لە بزووتنەوەی بەهاری وڵاتانی عەرەبیدا کە لە سەرەتاوە لە لایەن مرۆڤە سیکۆلارەکانەوە بەڕێوە دەچوو، کولتووری شەهید بە یادکردنەوە لە شەهیدکراوانی ناو ڕێپێوانەکانی میسر و تونێس گرنگایەتییەکی زۆریان پێ درا.

با سەیرێکی کۆنتێکستی سەرەتایی پێکهاتنی سوورەکان بکەین: هەر وەك پێشتریش ئاماژەمان پی کرد، محەمەد دەیویست بۆ قەرەبووکردنەوەی ماڵ و دارایی لە دەستچووی هاوڕێکانی، بەشداری لە شەڕدا بکات. مرۆڤ دەبوو باوەڕێکی تێدا پێك بێ کە بە تامەزرۆییەوە بەشداری لەو شەڕەدا بکا. بەڵام خودا ناچار بە ناردنی چەندین ئایە کرا بۆ ئەوەی سەرنجی باوەڕپێکراوان لەو یەکەم شەڕە دا کە تەنیا بۆ وەرگرتنی مافی خۆیان و بۆ قازانجی خۆیان بووە، بۆلای خۆی ڕابکێشێت:

*"خەزاتان لەسەر نووسراوە، هەرچەند خۆشتان لێی نایە. ڕەنگە لە شتێك حەز نەكەن بەڵام بۆتان وەخێر گەڕێ، ڕەنگیش هەیە ئاوات بۆ شتێ بخوازن كە ئاكامەكەی باش نەبێ؛ خوا دەزانێ و ئێوە سەری لێ دەرناكەن. ." (سووڕەی٢ ئایەی ٢١٦)*

لەو سووڕەیەدا پەرەسەندنێكی سەیر و سەمەرە بەر چاو دەكەوێ: تا ئێستا ئیمانداران تەنیا كاتێ شەڕیان بەڕێوە دەبرد كە گونجانێكی ئاشكرا و روونی شەرعی، بوونی هەبایە (بۆ وێنە ئەگەر هێرشیان كردبانە سەر). ئێستا ئیتر لە ناكاو شەڕ هەڵایسان بەهۆی ئەمرپێكردنەوە دەبوو بەڕێوە بچێ، لەكاتێكدا بە ئاشكرایی ئاواتەخوازی و تامەزرۆیی ئیماندارانەی لە پشت نەبووە. لێرەدا وێدەچێ بڕیاری ئەو شەڕخوازییە نەك لە لایەن باوەڕ پێكراوانەوە بەڵكوو لە لایەن خودا و پێغەمبەرەكەیەوە دەرچووبێت.

لێرەدا خودا خۆی دەبێتە هۆی شك كردن لە تێئۆری بەرگری لە خۆ. بە پێی سووڕە (ژیننامە) و حەدیسەكان، نە محەمەد و نە لایەنگرانی هیچ هێرشیان نەكراوەتە سەر، بەڵكوو محەمەد ویستوویە هێرش بكاتە سەر خەڵكانی مەككە. ئەگەر ئەو كارە چالاكییەكی بەرگری لە خۆ بایە، هیچ پێویستییەكی بە ئەمركردن و هاندان نەدەبوو. بۆ هەڵگرتنی چەك و بەرگری لە خۆ تەنیا ئیزنێكی محەمەد بەس بوو.

كەوابوو نازڵبوونی ئەو سووڕەیەی لە چی بووە؟ بەڵام هەر ئەوە بۆ ئیسلامیستەكان وەك ئەمرێكی ئیلاهی، بەڵگەیەكە بۆ بەڕێوەبردنی جیهاد و وەك ئەركی هەموو موسوڵمانێك سەیر دەكرێت. لەوەش زیاتر: محەمەد هەموو ئەو كەسانە بە تاوانبار دادەنێ كە تەنانەت باوەڕیشیان بە محەمەد هەبوو، بەڵام لە شەڕەكەیدا بەشدارییان نەكرد. خودا جوێنیان پێ دەدا و هاوكاتیش دەیەوێ سەرنجیان بۆ شەڕەكە ڕابكێشێت:

*"ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هەمیشە هۆشی خۆو هەبێ و ئامادە بن. دەستە دەستە، یان پێكەوە و بە تێكڕایی، بچنە خەزا. هێندێكی واتان دەناودان كە لە ئانقەست خۆ وەدوا دەدا و ناوگاتێ. ئەگەر ئەوسا ئێوە تووشی چورتمێك بن، ئێژی: خودا منی بە چاكە خوێندەوە كە من دەگەڵیاندا نەبووم . ئەگەر ئێوە لە سایەی چاكەی خوداوە دەسكەوتێ باشوو دەسكەوت، وەك كەسێک كە دەپێشدا هەر یەكترو نەناسیبێ و دۆستایەتیتان نەبووبێ، ئێژی: خۆزی منیش ڕەگەڵیان كەوتبام؛ ئەوسا منیش لەو خێر و بێرە گەورەیە بەشدار*

*دەبووم. با ئەوانەی بۆ قیامەتێ دەس لە دنیایە هەڵدەگرن، بچنە خەزا لە ڕای خودادا. ئەوەش کە دەچێتە خەزا لە ڕێی خودا، چ بکووژرێ و چ سەرکەوێ، لەو دنیا پاداشێکی گەورەی دەدەینێ. بۆچی ئێوە ناچنە خەزا لە ڕای خودا و لەبەر هێزلێ گیراوەکان؟ لەبەر پیاوان و ژنان و منداڵانێ کە دەڵێن: ئەی پەروەرینمان! لەم شارە وا خەڵکەکەی ناهەقیکارن، ڕزگارن کە و لە لای خۆتەوە یار و یاوەرێکمان بۆ دیاری بکە! ئەوانەی خاوەن باوەڕن، خەزا لە ڕای خودا دەکەن. ئەوانەش کە خوا نەناسن لە ڕێگەی تاغوت شەڕ دەکەن. دەسا ئێوە بچنە شەڕی ئەوانەی دۆستی شەیتانن، فێڵی شەیتان زەبوون و بێ هێز و پێزە. ئاخۆ ئەوانەت نەدیوە، پێیان گوترا: هەتا لە مەککەن شەڕ مەکەن؛ نوێژ بکەن و زەکات بدەن. کاتێ بیستیان خەزایان لەسەر نووسراوە و زانیان دەبێ بچنە شەڕێ، ئەوەندەیان لەو خەڵکەی کە دەچنە گژیان ترس ڕێ نیشت، کە لە خوداش هەر ئەوەندە ترساون و بگرە پتریش دەترسان؟ دەیانگوت ئەی پەروەرینمان! بۆچی خەزات بۆ نووسیوین، چی دەبوو تا ماوەیەکیتر دوات خستبایین؟ بێژە: ژیانی دنیایە کەم و کورتە و بۆ ئەوانەی کە ترسیان لە خودا هەیە، ژیانی ئەولا زۆر باشترە و بەقەد داوی زراوی ناو دەنکە خورما، کەس ناهەقی لی ناکرێ. لەهەر کوێ بن تەنانەت ئەگەر لە قەڵای زۆر قایمیش [خۆ وەشێرن]، مردن دەتاندۆزێتەوە. هەرگا چاکەیان دێتە ڕێ، ئێژن: ئەمە لە خواوەیە. ئەگەر تووشی ناخۆشیش بوون، ئێژن: ئەمە لە تۆڕابوو. بێژە: خۆشی و ناخۆشی هەر بە دەس خوایە. ئەرێ ئەم مەردمە چیانە؟ وەکوو دە هیچ قسەیەك تێ نەگەن وایە! تووشی هەر چاکەیەك ببی، لە خواوەیە. نالەباریشت بێتە ڕێ، بزانە کە لە خۆت ڕایە. تۆمان کل کرد کە بەسەر ئەو مەردمەوە پێغەمبەر بی. هێندەت بەسە کە خودا ئاگای لێت هەیە. هەر کەسێکی بە فەرمانی پێغەمبەرە، دیارە بە فەرمانی خوایە؛ هەرکەسیش خۆی لێ ببوێرێ، ئێمە بۆیەمان توو نە نارد کە لەسەریان چاوەدێر بێ." (سووڕەی٤ ئایەی ٧١-٨٠)*

لێرەشدا تێزەکە پتەو دەکرێتەوە، مرۆڤ ناتوانێ بە موسوڵمانێکی باش نێوببرێت بێ ئەوەی لە ڕێگای خودا دا شەڕ بکات. هەرکەس ژیانی ئەم دنیایە فیدای ژیانی قیامەت بکا و خوێنی لە ڕێی خودادا بڕێژێ و خۆی قوربانی بکات، باوەڕپێکراوی ڕاستەقینەیە. لە کۆتاییەکەیدا ڕوون دەبێتەوە کە بەشداریکردن لە شەڕ ئارەزووی محەمەد بووە. لەخۆوە نییە کە ئایەی کۆتایی هەڕەشە لە باوەڕپێکراوان دەکا: "*هەر کەسێکی بە فەرمانی پێغەمبەرە، دیارە بە فەرمانی خوایە* ..."

نابێ مرۆڤ لەبیری بچێتەوە کە محەمەد و لایەنگرەکانی لە مەدینە نە کار و پیشەیەکیان هەبوو و نە داهاتێك. دوای ماوەیەك پاشەکەوتیان تەواو بوو و هیچیان بەدەستەوە نەمابوو، بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانەیان بەدوای سەرچاوەیەکی ئابووریدا دەگەڕان. شاڵاوبردن و تاڵانکردنی کاروانەکانی سەرڕێ و بەڕێوەبردن و هەڵایساندنی شەڕ دەبوو ئەو بۆشاییە پڕ کەنەوە. لە ڕاستیدا یەکەم شەڕی محەمەد دارایییەکی زۆری بۆ خۆی و لایەنگرانی بەدیاری بۆ هێنان، چونکە ژمارێکی زۆر خەڵکی مەککە لەو شەڕەدا بەدیل گیران و بۆ ئازادکردنیان پارەیەکی زۆریان لێ وەرگیرا. لای کەم لێرەبەولاوە ئیتر شەڕ وەك "بەرگری لەخۆ" سەیر ناکرێ، بەڵکوو زیاتر وەك "خۆ تێرکردن" دەبینرێ. کەل و پەلی وەدەستهاتوو لە شەڕ، پارەی ئازادی ئەسیرانی شەڕ و پارەی فرۆشتنی کۆیلە، بوونە سەرچاوەی سەرەکی ئابووری بۆ محەمەد و کۆمەڵەکەی.

هەر بەو هۆیەوە محەمەد هاوکات لەگەڵ شەڕی مەککە هەوڵی دەدا کاولی و سووتان لە شوێنەکان پێك نەهێنێت. بوی گرنگ نەبوو چەند مرۆڤ دەکووژرێن، بەڵکوو گرنگ ئەوە بوو چەندە تاڵان و کەل و پەلی وەدەست کەوێ. ڕاست ئەو ستراتێژییە بۆووە هۆی دوڕاندنی شەڕەکانی داهاتووی لە هەنبەر خەڵکانی مەککە. خەڵکانی مەککە ئەوەیان دەزانێ کە محەمەد و شەڕکەرەکانی گرنگایەتی بە ماڵ و دارایی دەدەن، هەر بۆ ئەو کارە لە زۆر جێ بە ئانقەست ماڵەکەیان بۆ بەجێ دەهێشتن و لە کاتی ڕاو و ڕووتدا هێرشیان دەکردنە سەر.

خودا محەمەد و شەڕکەرەکانی دوای دۆڕاندنی ئەو شەڕانە ئامۆژگاری دەکات و بۆیان ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی ئەمجارەیان ٥ هەزار فریشتەی بۆ یارمەتیان نەناردووە:

*"خوا بەڵێنی بە ئێوە دا و بەجێی هێنا: ئەوسا کە بە دەستووری خوا دەتان کوشتن، تا ئەو کاتەی ئەو تاڵانەی کە بە تەمای بوون هاتە بەر چاو، ئیتر کێشەو لەناو خۆتان لێ پەیدا*

*بوو؛ لە فەرمان سەرپێچیتان کرد. ئی وا هەبوو حەزی لە ماڵی دنیا بوو، ئی واش هەبوون خۆشی ئەو دنیایان دەویست. پاشان هەر تا بتان ئەزموێ، لە شەڕیانی گێڕانەوە. وا ئەو هەڵەش لێتان خۆش بوو. خودا خاوەنی چاکەیە لەسەر خاوەن باوەڕان. ئەو کاتەی کە ڕاتان دەکرد و ئاوڕتان وەسەر هیچکەس نەدەداوە، پێغەمبەریش لەدواوە گازی دەکردن؛ جا خوا جەزای خەمی هەر بە خەم دانەوە. نەکا لەبەر ئەوەی وا لە دەستان چوە و ئەوەی کە وا تووشتان بوە خەفەت بخۆن. خودا لەو کارانەی دەیکەن ئاگادارە." (سووڕەی٣ ئایەی ١٥٢ ـ ١٥٣)*

بۆ ئەو دۆڕاندنانە و پشتیوانی نەکردنی ئاسمانی، ڕوونکردنەوەیەکی زۆر باش هەیە: خودا دەیویست باوەڕپێکراوان تاقی بکاتەوە و بزانێ ئایا ئەوان لە بارودۆخێکی نەگونجاودا هێشتا لەگەڵ پێغەمبەرەکەیان دەمێننەوە؟ لە ڕاستیشدا دوای ئەو دۆڕاندنانە تاقمێك لە موسوڵمانان لێی دوور بوونەوە. خودا دەیویست بەو کارە بە محەمەد نیشان بدا کە دەبێ هەمیشە ئاگاداربێ و جیاوازیی نێوان مرۆڤی خوێڕی و باوەڕپێکراوی ڕاستەقینەی لەبەر چاو بێ.

هەروەها بەهۆی دوورنواڕی خودا و بۆ قەرەبووکردنەوەی هاوکارینەکردنەکەی هۆیەکیتریشی بۆ ئەو دۆڕاندنانە پێ ڕاگەیاندن: سەردارانی مەککە کە ببوونە هۆی تێکشکان و بەزینی محەمەد، لە مەککە بە چاوی پاڵەوانانە و زۆر بەڕێز لە لایەن خەڵکەوە هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا دەکرا. دوای گرتنەوەی شاری مەککە لە لایەن محەمەد و شەڕکەرەکانییەوە بۆ بەشدار بوون لە حکوومەتی شارەکە هەر ئەو سەردارانە خۆیان خستە ژێر فەرمانی محەمەدەوە و بوونە خزمەتکاری. دوای فەوتی محەمەد تاقمێک لەو سەردارانە بوونە هۆی سەرکەوتوویی لەشکری ئیسلام لە ناوچەکان، تەنانەت تا سوریا، میسر و عیراقیش.

ئەگەر محەمەد ڕۆژێک لە ڕۆژان ئارەزووی کونترۆڵی ناوچە عەرەبییەکانی لەسەردا بووبێ، وادیارە ئاگای لە پلانی ئیلاهی بووە کە درەنگ یا زوو دەبوو خۆی لەگەڵ خەڵکانی مەککە بگونجێنێ و یەکیەتی پێك بێنێ. هەر بەو هۆیەشەوە پرەنسیپی تووناکردنی وڵاتەکەی پیشە نەکردووە. بەوهۆیەوە تێکنیکی شەڕی دۆزیوەتەوە کە توند و تیژی

لەڕادەبەدەر وەك كوشتنی ژن و منداڵ و تەنانەت بڕینی دارستانیشی لە كاتی شەڕدا قەدەغەكردووە.

محەمەد دەبوو پەیتا پەیتا ئەو هەستە لە لایەنگرەكانیدا پێك بێنێ كە هاوكات لەگەڵ خەباتكردنیان شەڕەكە بە شتێكی بەرحەق و ڕەوا مانابكاتەوە. بەردەوام دەیگوت كە نابی زێدەڕۆیی لە شەڕدا بكەن:

*"ئێوە دەگەڵ ئەوانەدا كە شەڕ بە ئێوە دەفرۆشن، لە ڕاهی خودا بجەنگن. نابێ دەس درێژی بكەن؛ خودا لە دەس درێژیكەران خۆشی نایە. لە هەر شوێنێ دەستوو كەوتن بیانكوژن. لەو شوێنەشیان وەدەر بنێن كە ئێوەیان لێ وەدەر نا. سۆدرەبیش(شەڕ هەڵایساندن) زۆر لە كوشتنێ خراترە. لە دەوروبەری "مسجدالحرام"یشا نابێ شەڕیان دەگەڵ بكەن؛ مەگین ئەوان لەوێ شەڕتان پێ بفرۆشن؛ ئەگەر لەوێش شەڕیان بۆ ئێوە هەڵگیرساند، لە كوشتنیان ڕامەوەستن؛ پاداشی خودانەناسان هەر ئەمەیە. ئەگەر دەس بەرداریشتان بوون، خودا لە گوناه دەبووری و دڵۆڤانە. لە كوشتنیان وچان مەدەن تا ئاژاوە لە دنیا بنەبڕ دەبێ و دین هەر دینی خودا دەبێ؛ ئەگەر ئەوان دەس بەردار بوون، دەست درێژی هەر لە دژی ناهەقانە. مانگی شەڕبەس بەرانبەر بە مانگی شەڕبەس؛ شكاندنی هەر ڕێزێكیش تۆڵەی هەیە. سا هەر كەسێ دەس درێژی لە ئێوە كرد، ئێوەش هەر بە ئەندازەی ئەو دەس درێژی بكەنەوە و لە خودا ترستان هەبێ؛ خودا دەگەڵ خواپارێزانە." (سوورەی٢ ئایەی ١٩٠ - ١٩٤)*

ئەو سوورەیە بارودۆخێكی لۆژیكی و وێناكردنێكی هاوسەنگی شەڕخوازی نیشان دەدا. دەرگایەكی نهێنی بۆ گەیشتن بە ئاشتی دەهێڵێتەوە بەو مەرجەی دژبەران مل بدەن. سەیر ئەویە كە خودا لە كۆتایی ئایەكەدا ئیتر لە باوەڕپێكراوان داوا ناكا كە خۆیان بەخت بكەن ئەگەرچی لە ئایەی پێشتردا خۆبەختكردن لە ڕێگای خودا بە باشترین كار دادەنێ.

## ئاشتی – کات بۆ خۆ پتەوکردن

ئەم ئایەیە زۆر بە تامەزرۆییەوە بۆ قاوکردنی ئاشتی لە قورئاندا دەخوێندرێتەوە:

*"ئەگەر داوای شەڕبەسیان کرد، قەبوولی کە و هەر خۆت بە خودا بسپێرە؛ هەر خۆی گوێدێر و زانایە." (سوورەی ٨ ئایەی ٦١)*

بەڵام ڕاوێژکارانی قورئان ئەو ئایەیە واتە ئیزنی ئاگربەس بە کارێکی ستراتیژیکی دەبینن بەو مەرجەی خاڵێکی ئەرێنی بۆ موسوڵمانان تێدا بێ. ئەم ئایەیەی خوارەوە ئەو بۆچوونە پشت ئەستوور دەکا:

*"سس مەبنەوە و داوای شەڕوێستانێ مەکەن؛ هەر ئێوە بەسەر ئەواندان؛ ئێوە خوداتان دەگەڵە و هەرگیز پاداشی خەباتەکەتان لێ کەم ناکاتەوە." (سوورەی ٤٧ ئایەی ٣٥)*

بە واتایەکیتر: مەسوڵمانان ئیزنی ئاشیخوازیان پێ نەدراوە کاتێ بارودۆخێکی باشتریان لە دوژمن هەبێ. بەڵام کاتێ لەژێر گوشاردابن و پێویستیان بە پشوودان هەبێ، بۆ ئورگانیزەکردنی نوێ یاخود بۆ بەهێزکردنی خۆیان، بۆ ماوەیەکی کورت خایەن دەتوانن پەیمانی ئاگربەس ئیمزا بکەن. هەرکاتیش شەڕکەرانی ئیسلامی لە بارودۆخێك دابوون کە بتوانن درێژە بە شەڕەکە بدەن، ئیزنی هەڵوەشانی پەیماننامەکەیان پی دەدرێ. ئەو کاتە کورتەی ئاگربەس لە لایەن موسوڵمانانەوە دەبێ بە باشی کەڵکی لێ وەربگیرترێ:

*"تا بۆودەکرێ چەك و جبەخانەی شەڕ و ئەسپی سواری پەیدا بکەن؛ دوژمنی پێ بترسێنن؛ کە دوژمنانی خوداشن. غەیری وانیش دوژمنو هەن نایان ناسن، بەڵام خودا دەیان ناسێ. هەر ماڵێکی لە ڕاهی خودای بەخت کەن، خودا دەیبژێرێتەوە و هیچ ناهەقیو لێ ناکرێ." (سوورەی ٨ ئایەی ٦٠)*

بە پێی 'ئەلتەبەری' لە ڕوانگەی گشتیی ئیسلامییەوە هیچ چالاکییەکی ئاشتی هەڵناوەرێ. بەڵام ئەگەر دژبەرەکە داوای ئاشتی بکا و ئاشتییەکە بە قازانجی موسوڵمانەکان بێ، ئیزنی ماوەیەکی کورت خایەن بۆ ئیمزاکردنی

پەیمانی ئاشتی پی دەدرێ. بەسەر ئەوەشدا ئەو ئایەیە دواتر لە لایەن ئایەی سووڕی ٩وە پووچەڵ کراوەتەوە کە باوەڕپێکراوان لە هەر جێگایەك کە بۆیان هەڵکەوێ، بۆ کوشتنی بێ دینەکان هان دەدا.[18]

بەڵام ئەو ئایەیە چلۆن لەگەڵیدا دەگونجێ؟

*"ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هەمووڵاتان ئامادەی فەرمانبەری بن. پێ مەنێنە جێ پای شەیتان؛ ئاشکرایە کە شەیتان پێتان دوژمنە." (سووڕەی٢ ئایەی ٢٠٨)*

لە وەرگێڕاوێکیتردا هاتووە "ئاشتی بەجێ بێنن" چونکە بە پێی وشەی عەڕەبی "السلم" (al-silm) دەکرێ هەم بە (ئاشتی) و هەم بە (ڕزگارکردن) مانا بکرێتەوە. ئەلتەبەری لەسەر ئەوە دەنووسێ کە لێرەدا وشەی "al-silm" بە مانای ئیسلام هاتووە. ئەو دووپاتی دەکاتەوە کە لە ئیسلام دا هیچ لێهاتووییەك و دەست پێشخەری بۆ ئاشتی نەبووە. هەمیشە دەبوو دوژمن داوای ئاشتی بکا.

ئایەیەکی هاوچەشن کێشەیەکی وەك یەك ساز دەکا:

*"خودا بۆ ماڵی هێمنی گازی دەکا و هەرکەسێ ئەو خۆی حەز بکا، ڕێگەی ڕاستی نیشان دەدا." (سووڕەی١٠ ئایەی ٢٥)*

"ماڵی ئاشتی و هێمنی" بە پێی ئەلتەبەری دەبێ مەبەست بەهەشت بێ.[19] ئایەی دواتر کۆنتێکستەکە روون دەکاتەوە. لە تێکستە ئوریگینالەکەیدا نوسراوە "dar-al-salam". Al-salam بە مانای ئاشتییە و یەك لە ٩٩ ناوی خوداشە. کەوابوو "dar-al-salam" بە مانای ماڵی خودا، واتە بەهەشت هاتووە:

*"بۆ ئەوانەی چاکە دەکەن، چاکەی دەکەین و زیاتریش؛ تۆزی ڕەش و سووکایەتی نانیشێتە سەر ڕوخساریان. ئەوانە بەهەشتییەکانن؛ تا هەتایە تیادەبن." (سووڕەی١٠ ئایەی ٢٦)*

---

[18] al-Tabari: tafsīr, Sure 8:60

[19] al-Tabari: tafsīr, Sure 10:25

ڕاست لەسەر ئەو ئایەیە تیۆلۆگی-ئیسلامی دابەشکردنی جیهان پێکهاتووە. بە پێی ئەو ئایەیە جیهان بەسەر سێ ماڵدا دابەش دەکرێ: دارالحرب، دارالسلام و دارالعقد: dar-alharb (ماڵی شەڕ)، dar-al-salam (ماڵی ئاشتی) و dar-al-aqd (ماڵی پەیمان).

"ماڵی شەڕ" لەو جێیگایانە دەبینرێ کە هێزی ئیسلامی تێدا بێ هێزە. "ماڵی ئاشتی" ئەو قۆناخانە دەگرێتەوە کە ئیسلام حوکم دەکا، و "ماڵی پەیمان" بەستراوەتەوە بە کاتێکی دیاریکراو بۆ سەردەمێکی کورتی ئاشتی لەنێوان موسوڵمان و غەیری موسوڵمان بەو مەرجەی نەک هەر غەیری موسڵمان لە هەنبەر موسوڵماندا شۆڕش نەکەن و لە سەر ڕێگای گەورەبوونەوە و بە جیهانیکردنی ئیسلام قوت نەبنەوە، بەڵکوو تەنانەت هەوڵیشی بۆ بدەن و پشتیوانی لێ بکەن. لەو پەیوەندییەدا لە سەدەی ١٣ پەیمانێك لە نێوان لەشکری ئیسلام و خاچ پەرستان دژ بە مەغوولەکان پێکهات.

با جارێکیتر کۆی کەینەوە: لە قوڕئاندا هیچ پلانێکی گشتی بۆ ئاشتی، بوونی نییە، چونکە لە ڕاستیدا ئەگەر خودا ئەمری بە پێغەمبەر و باوەڕپیکراوانی کردبێ کە ئاشتی پێکبێنن، دەبوو ئەو لە هەمان ئایەتیشدا ڕوونی کاتەوە کە چلۆن ژیان درێژە پێ بدەن، چونکە تا ئەو کاتە شەڕخوازی تەنیا دوکان و بازاری ئەوان بوو و محەمەد و شەڕکەرەکانی تەنیا بەهۆی کەل و پەلی شەڕەوە دەیانتوانی ژیانیان دابین بکەن.

## [بەشی ٦]

### سوورەی ٩ ، مانیفێست "بەیاننامە" ی کۆتایی

به بۆچوونی ئەلبوخاری سوورەی ٩، ئاخرین سوورەی قورئانه که دەبێ بۆ محەمەد نازڵ بووبێت[20]. بەو هۆیەوە ئەو سوورەیه بەشێوەیەك له شێوەكان مانیفێستێکه لەناو مانیفێستدا. لەودا به ڕاشکاوی ڕوون دەکرێتەوە که هەڵس و کەوتی پێغەمبەر لەهەنبەر بێدینەکان، گۆناهباران و موسوڵمانه دوودڵەکان ، هەروەها جوولەکه و مەسیحی و عەڕبی سارا به چ شێوازێك بووبێت.

سوورەکه به کۆتاییەکی یەك لایەنەی پەماننامەیەکی ئاشتییانه که له ڕابردوودا لەگەڵ بێدینەکان بەسترابوو، دەست پێدەکات. تەنانەت ئەو کەسانەی که دژ به محەمەد و هاوڕێکانیشی هیچ چالاکییەکیان بەڕێوە نەبردبوو، هیچ دەرەتانێکی دەربازبوونیان پێ نادرێ. دوای تێپەڕبوونی مانگه پیرۆزەکان دەبێ محەمەد و هاوڕێیانی هێرش بەرنه سەر بێدینەکان و هەموویان بکووژن:

*"دەربڕینی بێزاریه له خودا و پێغەمبەریەوە، لەو شەریك دانەرانه وا ئێوە بوونه هاوپەیمانیان. هەتا چوار مانگ ڕێتان هەیه لەم زەمینەدا بگەڕێن؛ دەبێ ئەوەندەش بزانن که ناتوانن خۆتان له خودا ڕزگار کەن. خوا هەموو دوژمنانی دین ڕیسوا دەکا. خودا و پێغەمبەری خودا له ڕۆژی حەجی مەزن دا، به مردم ڕادەگەیەنن که خودا و پێغەمبەری خوا له بت پەرەستان بێزارن. ئەگەر پەشیمان ببنەوە، قازانجتانه؛ ئەگەریش قەبووڵی نەکەن، لێتان ڕوون بێ که له دەس خودا دەرناچن. مژدەش بده بەوانەی خودا نەناسن، بەشیان ئازاری بەژانه. غەیرەز بت پەرستانێ که پەیمانوو دەگەڵ بەستوون و لەسەر پەیمانەکەیان لانەکەوتوون و دژی ئێوە یاریدەی کەسیان نەداوە، هەتا ماوەی پەیمانەکه بەسەر دەچێ، ئێوە پەیمانتان مەشکێنن. خوا پارێزگاری خۆش دەوێن. هەرکه مانگه حەرامەکان بڕانەوە، ئەو بت پەرەستانەو لەکوێ وەدەس کەوێ، له گرتن و بەندکردن و کوشتنیان دەس مەپارێزن و بۆسەیان بۆ بنێنەوە. ئەگەر پەشیوان بوونەوە و بوونه نوێژکەر*

---

[20] ئەلبوخاری، حەدیسی ژمارە ٤٣٢٩

*و زەکات دەر، ئەوسا دەستیان لێ هەڵگرن. خودا لە گوناه خۆش دەبێ و دڵۆڤانە."*
*(سوورەی٩ ئایەی ١ - ٥)*

بە پتوونی سوورەی ٩ خۆی بە وەوە خەریك دەکا کە چلۆن لەهەنبەر بێدینەکان و ئەو کەسانەی بە هۆی جیاواز متمانەیان بە محەمەد نەکردووە، هەڵس و کەوت بکرێ. لە بەشێکی ئەو مانیفێستەدا شەڕ وەك "پێشبینی بۆ بەرگری لەخۆ" ڕوون دەکرێتەوە. لایەنگرانی محەمەد بەوە هاندەدرێن کە خەڵکانی مەککە ئەو شەڕەیان هەڵایساندووە، ئەوکاتەی بە پلانەوە پێغەمبەریان لە شارەکە دەرکردووە. نیزیکەی هەشت ساڵ بەسەر ئەو سەردەمەدا تێپەڕ ببوو و ئەو کەسەی لە کۆتاییدا بانگەوازی بۆ شەڕی چەکداریش دەدا، ئێستا ئیتر ناسراو بوو. وێدەچوو پاساوێك بۆ مێژووی ڕابردوو دەبێ بدۆزرێتەوە:

*"ئێوە دەگژیان ڕابچن؛ خودا هەر بە دەستی ئێوە تووشی ئازاریان دەکا و ژێریان دەخا و سەروو دەخا بەسەریان دا و کارێك دەکا کوڵی دڵی باوەڕداران دابمرکێ. رکی دڵیان رادەماڵێ و خودا حەز کا، هەر کەسێکی لە گوناهان دەس هەڵگرێ، لێی وەردەگرێ. خودا زانای لە کارزانە. پێتان وایە کەس خۆتان تێ ناگەیێنێ و خواش لەوانەی لە ئێوە چوونە خەزایە و غەیرەز خودا و پێغەمبەر و باوەڕداران هیچ کەسێ ڕازداریان نەبووە، بێ ئاگایە؟ خودا لە هەر کارێ دەیکەن ئاگادارە." (سوورەی٩ ئایەی ١٤ - ١٦)*

ئەگەرچی چوونە ماڵی کەعبە، وەك داب و نەریتی پێشوو، بۆ هەموو مرۆڤی ئەو سەردەمە ئازاد بوو، لێرە بەدواوە جیا لە موسوڵمانان چوونە ناو کەعبە بۆ مرۆڤەکانیتر قەدەغە کرا. مەککە، کە زیاتر لە چەندین سەدە وەك شارێکی کراوە، هەموو مرۆڤێکی ئایینی لێی دەژیان، بەهۆی ئەو سوورەیەوە تەنیا وەك جێ و شوێنی موسوڵمانانی لێهات. تەنیا ئایینی ئیسلام ئیزنی مانەوەی هەیە و تەنیا ئەو کەسانە ئیزنی چوون بۆ ئەو شوێنە پیرۆزەیان هەیە کە زەکات بە پێغەمبەر بدەن:

*"نوێژگەی خودا ئاواکردن بۆ بت پەرەستان نەشیاوە. خۆیان ئێژن: خوا ناناسین؛ هەرچی دەیکەین فیرۆ دەچێ و هەتا سەر لە دوژەە دەبن. هەر ئەوانە بۆیان هەیە نوێژگەی خودا ئاوا بکەن، کە باوەڕیان بە خوا و ڕۆژی سەڵا هەیە و نوێژ دروست و زەکات دەرن و -*

*له خوا نەبێ - ترسیان له هیچ کەسێ نییه. لەوانەیه ئەمانه ڕێزانەکان بن." (سووڕەی٩ ئایەی ١٧ - ١٨)*

محەمەد له لایەنگرەکانی هەڕەشه دەکا که تەنانەت ئەگەر باوك، دایك، خوشك، برا و خزمەکانیان باوەڕ به ئایینی ئیسلام نەهینن، دەبێ پەیوەندیان لەگەڵدا ببڕن. لێرەش ئایەیەکی سووڕەی ٩ ئایەیەکی پێشوو پووچەڵ دەکاتەوه که ئیزنی به ئەندامانی کۆمەڵگا دەدا هەوڵی پەیوەندییەکی سالم و باش لەهەنبەر بێدینان و ئەندامانی بنەماڵەیان بدەن. لەجیاتی ئەوه، ئێستا دروشمه مەنشوورەکه "هەرکەس لەگەڵ ئێمه نەبێ، دژ به ئێمەیه" قوت دەکرێتەوه:

*"ئەی گرۆی خاوەن باوەڕان! ئەگەر باب و برای ئێوه لایان وابوو ناباوەڕی له باوەڕهێنان باشتره، ئێوه توخنیان مەکەون و خۆشتان نەوێن؛ هەرکەس لەنگو خۆشی بوێن، دیاره ناهەقیکاره. بێژه ئەگەر باب و کوڕ و برا و ژن و خزمەکانوو ئەو ماڵەی پەیداو کردووه و کەل و پەلی بازرگانی - که دەترسن له برەو کەوێ - و خانوبەرەی رند و دڵخۆشکەری خۆتان، پێ له خودا و پێغەمبەر و خەزاکردن له ڕێی خودا دا گرینگ تره؛ چاوەنۆڕ بن تا فەرمان له خوداوه دێ. ئەوانەی له ڕێ لادەرن، خودا شارەزایان ناکا." (سووڕەی٩ ئایەی ٢٣ - ٢٤)*

خودا به وردی لیستەی دەکا که بۆچی لایەنگرەکانی محەمەد له بارودۆخێکی جیددی دا له دایك و باب و براکانیان چاوپۆشی بکەن:

*"خودا له گەلێك شوێناندا دەهاناو هات؛ ڕۆژی حونەینیش هەروەها؛ که هەرچەنده به زۆری خۆتان دەنازین، کەچی هیچ بەهرەی بۆ نەدان؛ ئەم زەمینه گوشادەتان لێ تەنگ هەڵات. له دواییدا هەموو پاشەکشەتان کرد و بەرەودوا گەڕانەوه. پاشان خودا دڵنیایی بۆ پێغەمبەرەکەی خۆی و برواداران بەرێ کرد و زۆر پێشمەرگەشی دابەزاند که نەودەدین. خوانەناسانی سزا دا و سزای خودانەناسەکان هەر ئەمەیه. له دوای ئەوەش هەرکێ خودا مەیلی لێ بێ پەژیوانی قەبووڵ دەکا و خودا دەبووری و دڵۆڤانه." (سووڕەی٩ ئایەی ٢٥ - ٢٧)*

خودا خۆی بەهۆی سەربازانی نادیار، باوەڕپێکراوانی له شەڕەکانیاندا پشتیوانی کردووه، هەر بۆیه دەبێ بۆ هەمیشه سوپاسگوزاری بن و سەر له پێناویدا فیدا بکەن.

جێی سەرنجە کە ئەو سوورانەی بۆنی رق و کینەیان لێ دێ، زۆرجار لە کۆتایی نووسراوەکاندا بە دێری ***"خودا لە گوناە دەبووری و دڵۆڤانە"*** تەواو دەبن. بە ڕاشکاوی نووسەری کتێبی قورئان ویستوویە بەو کارەی، پاکانە بۆ رق و کینە بکات. شەڕکەرێکی باوەڕدار نابێ ئەو هەستەی تێدا پەروەردە بێ کە ناچار بە کوشتنی مرۆڤ بکرێت بۆ ئەوەی پێغەمبەرەکەی یەك لە پێنجی تاڵان و دەسکەوتی شەڕ بۆخۆی هەڵگرێ، بەڵکوو ئەو کارە تەنیا لە ڕێگای خودا و بۆ خودای دەکات. خوداش تەنانەت ئەو کاتەی ئیزنی کوشتنی مرۆڤ دەدا یاخود بانگەوازی رق و کینە دەکا، هێشتا هەر لە گوناە دەبووری و دڵۆڤانە.

ئەو رق و کینەیە لە سوورە کۆتاییەکانی قورئاندا بەردەوام دەمێنێ. لەو سوورەیەی خوارەوەدا خودا بێ دینەکان بە ناپاك و "گڵاو" ناو دەبا و هەر بەو هۆیەش ئیزنی نیزیکبوونەوەیان بە کەعبە لێ دەستێنێتەوە:

*"ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئەو کەسانەی شەریك بۆ خودا دەناسن ناپاکن، نابێ - پاش ئەمساڵ - لە "مسجدالحرام" خۆ نزیك کەنەوە. ئەگەر لە ئاتاجیش ترسان، خوا بخوازێ لە چاکەی خۆی هەمووتان بێ نیاز دەکا. خودا زانای لە کارزانە." (سوورەی٩ ئایەی ٢٨)*

ئەو وێناکردنە لە "ناپاکبوون"ی بێدینەکان تا ئەمڕۆش لە لایەن ئیسلامیستەکانەوە بەڕێوە دەچێ. بۆ ئەوان هەر مرۆڤێکی جیا لە موسوڵمان ئۆتوماتیك گڵاوە و دەبێ دووری لێ بکرێ. شەیدایی پاکبوون، موتوڕێکی باوەڕپێکراو و جێی متمانەیە بۆ زێدەڕۆیی و بیرتەسکی ئیسلامیستەکان. ئەگەر گەنجێکی موسوڵمان لە وڵاتێکی بیانی ناموسوڵمان بژی، لە ڕاستیدا لە بارودۆخێکدایە کە دەوروبەری ناپاکە و ئەو ناپاکییە پێش بە چۆنیەتیی ژیانی ڕاستەقینەی دەگرێ. دەوروبەری پڕە لە بێدین کە خەریکی خواردنەوەی ئەڵکۆڵن و بە ئاشکرایی زیناح دەکەن. بەردەوام هەوڵی لادان لە ڕێگای ژیانی دەدەن، فریوی دەدەن، بۆ ئەوەی ناچار بە گوناهی بکەن. تووش بوون بە گوناە یاخود تەنیا لە فانتازیدا گوناە کردن، دەبنە هۆی

پێکهاتنی هەستی گوناهباری و هەروەها پەروەردەبوونی ئارەزووی شوشتنەوەی ئەو ناپاکییە.

لە ئیسلامدا بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئایینی مەسیحی "دان پێدانان بە گوناه" بە نیازی لە گوناه خۆشبوون، واتە کەسێك بچێتە کلیسا بڕێک پارە بۆ بەخشینی گوناهەکەی بدا، بوونی نییە. لە ئایینی ئیسلامدا بۆ ڕزگاربوون لە گوناه ڕێگایەکی ئاڵۆز دەخرێتە ژێر پێی مرۆڤ. تەنیایی و دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵگا یەکێك لە پێداویستیەکانە کە بە مەبەستی پاکبوونەوەی، لەسەر ڕێگای مرۆڤ دادەنرێت. ئیسلامیستەکان زۆرجار هەوڵی کۆسپ خستنە سەر ڕێ لە نێوان لایەنگرێکی نوێی کۆمەڵگا و ژینگەی پێشوویان دەدەن. لە دایك و باب و خوشك وبرا، تەنانەت ئەگەر موسوڵمانیش بن، ناسڵەمێنەوە. بارودۆخی تەنیایی ئەوتۆ، "کار لەسەرکردن و ڕاهینان" لەسەر ئەو بنەماڵانە بۆ مرۆڤی فناتیك هاسان دەکاتەوە. شوشتنەوەی مێشك لە چەند هەنگاودا بەڕێوە دەچێ: بنەماڵەکە ئیزۆلە دەکرێ، چونکە هێشتا نەیانتوانیوە خۆیان لە کۆمەڵدا جێگر بکەن. ئەو ئیزۆلە بوونە دەبێتە هۆی ئەوەی بە چاوی گۆماناوی لە لایەن خەڵکییەوە سەیر بکرێن و لە پلەی بێدینان دابنرێن. رق و کینەیان تێدا پەروەردە دەکرێ و لە گەڕانەوەیان بۆ لای فناتیکەکان رق و کینەیەکی زۆر لە هەنبەر هەموو دنیا لەخۆیاندا پەروەردە دەکەن. پارانۆیا و تیئۆری پیلان نانەوە دەبنە بەشێکیتری شوشتنەوی مێشك. لە کۆتاییشدا هەنگاوی تۆڵە سەندنەوە دێتە ئاراوە!

مرۆڤ ناتوانێ لەو پرەنسیپە تێبگات ئەگەر لە لۆجیکی "رق و کینەی پیرۆز" لە سوورەی ٩ تێ نەگەیشتبێ. دوای تۆڵەسەندنەوە لە خەڵکانی مەککە ئینجا نۆبەی جوولەکە و مەسیحی دەگا. لێرەدا ئیتر تەنیا ناکۆکی لەسەر کێشەیەکی ئاسایی ئایینی نییە، بەڵکوو لەسەر مان و نەمانی مرۆڤەکانە. بێ ئەوەی پەلاماری محەمەد و کۆمەڵەکەیان دابێ شەڕێکی گرانیان بەسەردا دادەسەپێنن:

*"وەل ئەوانەدا بجەنگن کە بە خودا و ڕۆژی سەڵا بێ باوەڕن و هەرچی خوا و پێغەمبەری خوا بە ناڕەوایان زانیوە، ئەمان بە ڕەوای دەزانن و نایەنە سەر دینی ڕاستیش، تا ئەو*

*کاتەی بە زەلیلی و بەدەستی خۆ، سەرانەی خۆ بەنگو دەدەن. جوولەکەکان گوتیان: عوزەیر کوڕی خوایە. فەلەش گوتیان: مەسیح فرزەندی خودایە. ئەو قسانەی دەمی ئەوان ئەیدرکێنێ، وێنەی قسەی خودا نەناسانی پێشوون. خوا بیان کووژێ، چۆنین لە حەقێ لادەدرێن؟ لەبری خودا، مەلاکان و ڕەبەنەکانی خۆیان و مەسیحی فرزەندی مەریەمیان کردە خودا؛ فەرمانیشیان پێدرابوو بێژگە لە خوای تاك و تەنیا نەپەرستن. لە غەیرەز ئەو هیچ شت بۆ پەرەستن ناشێ. خودا بێ عەیبە و بەدوورە لەو شتانەی بە هاوتای ئەوی دەزانن. دەیانەوێ بە فووی دەمیان، تیشکی ڕۆشنایی خودا وەکوژێنن؛ خوداش خۆی بڕیاری داوە کە ئەم تیشکەی هەر سەرکەوێ، جا با خودا نەناسەکانیش حەز نەکەن. خودا بۆ ڕێ نیشاندان و ڕاگەیاندنی دینی ڕاست، پێغەمبەری خۆی ناردووە؛ تا گش دینەکانی دیکە بەرخۆی بدا؛ هەرچەند ئەوانەش حەز نەکەن کە شەریك بۆ خودا دادەنێن." (سووڕەی٩ ئایەی٢٩ - ٣٣)*

لێرەدا ئاماژە بە هیچ بەڵگەیەك بۆ شەڕخوازی دژ بە جوولەکە و مەسیحی ناکرێت، سەرەڕای ئەوەش ئەوان ئایینی هەڵەیان هەیە چونکە پەیامەکەی محەمەد و هێزە کامڵ و تەواوەکەی ناسەلمێنن. خودا جارێکیتر هەڕەشە لەو باوەڕپێکراوانە دەکا کە لە شەڕدا بەشداری ناکەن:

*"ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! چیتانە کە پێتان ئێژن: وەدەر کەون بۆ خەزا لە ڕای خودادا، تەمەڵن و لە جێی خۆ نابزوون؟ ئاخۆ ژیانی دنیاتان لە قیامەتێ پێ خۆشترە؟ گوزەرانی ئەو دنیاتان شتێکی زۆر کەم بایەخە. ئەگەر نەڕۆنە خەزایە، لە خواوە تووشی جەزرەبەی بەژان دێن و دەستەیەکی تازە بابەت دەخاتە شوێنەکەی ئێوە و لەم بارەوە هیچ زیانێکی پێ ناگەێنن. خوا بۆ هەموو شت توانایە. ئەر ئێوە یاریدەی نادەن، خودا بۆخۆی دەهانای هات: وەختێ خودانەناسەکان ئەوەیان دەرکرد، ئەودەمەش کە لە ئەشکەوتەکەدا بوون و هەر یەکێك بوو لە دووکەسان، ئەوێ کاتیش بە هەواڵەکەی خۆی دەگوت: خەمت نەبێ! ئێمە خودامان دەگەڵە؛ ئۆقرەی لە خوداوە بۆ هات و چەندین پێشمەرگەشی بۆ نارد یاری بکەن؛ کە ئێوە نەتان دەدیتن. قسەی خوداناسەکان وەبن کەوت و هەر قسەی خودا لەسەرە. خودا خاوەن دەستهەڵات و لەکارزانە. سووکبار بن یان گرانبار بن، بۆ خەزایە ڕێ دابگرن و لە گیان و ماڵ بەخت کردن درێغ مەکەن. گەر بزانن هەر بە قازانجی خۆتانە." (سووڕەی٩ ئایەی ٣٨- ٤١)*

## دووڕووو، زەکات نەدەر و گاڵتەجاڕ

قورئان لە هەنبەر ئەو کەسانەی ئایینی ئیسلام قەبووڵ دەکەن، چلۆن هەڵس و کەوت دەکا؟ ئەگەر لەبیرمان بێ لە سەرەتاکانی بانگەوازکردن بۆ ئایینی ئیسلام، دەبوو لەو کەسانە ببووردرێ ئەگەر ئایینی ئیسلام بە فەرمی بناسن و قەبووڵی کەن. بەڵام لە سوورەی کۆتایی واتە سوورەی ٩ دا لە هەنبەر ئەو کەسانە هەستی متمانە پێ نەکردن و رق و کینە پەروەردە دەکرێ. بڵێی هۆی ئەو کارە چی بێت؟ من پێشتریش ئاماژەم پێکرد، کە مرۆڤیان بە زۆری و بە زەبری چەك لەسەرڕاگرتن و ئەوپەڕی توورەیی، هەروەها ئەشکەنجە و کوشتن، ناچار بە باوەڕپێهینان دەکرد. مرۆڤ گیانی خۆی ڕزگار دەکرد ئەگەر 'بەڵێ' و 'ئامین'ی گوتبا. کێشەیەك کە محەمەد بە ڕاشکاوی هەستی پی کردبوو.

کۆمەڵگاکەی محەمەد بەهۆی سەرکەوتوویی لە شەڕدا پەیتا پەیتا گەورەتر دەبوەوە، بە شێوەیەك کە ئیتر بە دڵنیاییەوە نەیدەتوانی بزانێ لە ڕاستیدا کێ باوەڕی بەو و بە پەیامەکەی هەیە و کێ تەنیا لە ترسانە و یاخود بەهۆی هەڵپەرستییەوە خۆی وەك موسوڵمان نیشان دەدا. دەستەیەك لەو نوێ موسوڵمانانە سەبارەت بە یاساکان بۆڵەبۆڵیان دەکرد و دانی زەکاتیان بە گران دەزانی. محەمەد ئەوکەسانەی ناو لایەنگرەکانی بە دوڕوو و درۆزن دادەنا:

*"بە سوێندەوە ڕەش دەبنەوە، دەڵێن: ئێمەش لە خۆتانین؛ درۆش دەکەن لە ئێوە نین؛ بەڵام ئەوان گرۆیەکی ترسەنۆکن. گەر ئەنوایەك یان ڕەهۆڵێك یان ئەشکەوتێکیان شك بردبا، بە هەڵەداوان بۆی دەچوون." (سوورەی٩ ئایەی ٥٦ - ٥٧)*

*"نێر و مێ لەم دۆڕانە وەکویەکن؛ فەرمان بە خراپە دەدەن و ڕێگە لە بەر چاکە دەگرن؛ دەستی خۆشیان لە خێر کردن دەقووچێنن؛ خودایان لەبیر بردەوە و خوداش ئەوانی لەبیر کرد. ئەوانەی دووڕوویی دەکەن، هەموویان لەڕێ لادەرن. بڕیاری خودا هەر وەك بۆ خودا نەناسەکان هەیە دۆڕانی ژن و پیاویش دەگرێتەوە؛ بە تێکڕایی دەیانخاتە جەهەندەم و تا هەتا هەر تیا دەبن؛ کە ئەمە بۆ ئەوان بەسە؛ بەر نەفرینی خواش کەوتوون و ئازاردانیان بنەی نایە." (سوورەی٩ ئایەی ٦٧ - ٦٨)*

محەمەد لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا چلۆن هەڵس و کەوت دەکا؟ دیارە بە تووڕەیی و شەڕخوازی:

*"ئەی پێغەمبەر! دەگەڵ خودانەناسەکان و ئەوانەی دووڕوویی دەکەن بەشەڕ وەرە و بەتوند و تیژی ڕەفتاریان دەگەڵ بکە. ئەنوای ئەوان جەهەندەمە و دوارۆژی دژواریان هەیە." (سوورەی٩ ئایەی ٧٣)*

ئاگری جەهەنەم بۆ بێدینەکان ئامادەیە، یەهوودی و مەسیحی و تەنانەت ئەو موسوڵمانانەی بە ڕەواڵەت لە قووڵایی دڵیانەوە لەگەڵدا نەبوون، یاخود بە ڕادەی پێویست زەکاتیان نەدەدا و لە کوشتنی مرۆڤ دڵەکوتە نەیدەگرتن، دەخرانە ناو ئاگرەوە. تەنیا: چلۆن دەکرێ کا لە گەنم جیا بکرێتەوە، بە بێ ئەوەی پارانۆئید نەیگرێ؟

خودا خۆی دەزانێ کێ لەڕاستیدا لایەنی ئەوی گرتووە:

*"هەندێك لەناو ئەواندا پەیمانیان لەگەڵ خودا بەست کە: شەرتە ئەگەر خودا لە چاکەی خۆی بەشمان بداتێ، ئێمەش خێر و خێرات دەکەین و دەچینە ڕێزی پیاوچاکانەوە. کە خوا کردی و لە چاکەی خۆی زێدەی دانێ، ڕژدایەتیان لەسەر کرد و دیسان پشتیان هەڵکرد و ڕوویان وەرگێڕا. چونکە ئەوان پەیمانی خوایان شکاند و درۆیان لەگەڵ خودا کرد، دووڕووییان هەر لە دڵیاندا هێشتۆتەوە، تا ئەو ڕۆژەی دێنە بەر بارگای خودا." (سوورەی٩ ئایەی ٧٥ - ٧٧)*

ئەو کارە سەر لە مرۆڤ دەشێوێنێ، تا چ ڕادەیەك باوەڕ، دووڕوویی و پارە پەیوەندییەکی تەنگاوتەنگیان بەیەکەوە هەیە. ئایا سەرەڕای سەرکەوتوویی لە شەڕ و تالآن و دەسکەوتی بەزۆر وەرگیراو لە خەڵکی، هێشتا کێشەی ماڵیی لەناو کۆمەڵەکەدا هەبووە؟ ئایا بەشێک لە کۆمەڵەکەی شۆڕشیان دژ بە بیری سیاسی سەرکردەکەیان کردووە؟

ڕەپاڵدانی ناوی دووڕوو لەگەڵ خۆبواردن و خۆلادان لە دانی زەکات پێکەوە گرێ دراون. هەر کەس پارە نەدا، ئۆتوماتیك ناوی دووڕووی لەسەر دا دەنرێ. تەنانەت ئیسلامیستەکانی ئەمرۆییش ئەگەر موسوڵمانێک جیهاد ڕەد کاتەوە یاخود پارەی پشتیوانیکردنیان پێ نەدا بە دوڕووی ناو

دەبەن. هەر وەك وشەی "کافر"، وشەی دووڕوو(منافق)یش تاوانە و لە بارودۆخی خۆیدا مرۆڤی لەسەر دەکووژری.

لە پەنا پشتیوانی نەکردنی دارایی، چەند بەڵگەیتر دەهێننەوە بۆ ئەوەی ئەو مرۆڤانە بە دووڕوو دابنرێن:

*"ئەوانەی بەوە دڵخۆشن کە لە ماڵە خۆیان مان و لە هاوڕی بوون دەگەڵ خودا و پێغەمبەری خۆیان بوارد و نەیانویست کە ماڵ و گیانیان لە ڕاهی خودا بەخت کەن و دەیانگوت: لەم گەرمایەدا دەرمەکەون. بێژە: ئەگەر تێگەیشتنیان هەبوایە، خۆ ئاگری جەحەنەم زۆر گەرمترە. با کەم بخەنن و زۆر بگرین لە سزای ئەو کارانەدا کە دەیانکرد." (سووڕەی٩ ئایەی(٨١- ٨٢)*

ئاگری جەهەننەم تەنیا چاوەڕوانی موسوڵمانی سپڵە یا شەڕکەری ماندوو و لادەر ناکات، بەڵکوو ئەو کەسانەی سووکایەتیش بە پێغەمبەر دەکەن و ئازاری دەدن، بە خراپترین شێوە هەڕەشەیان لی دەکرێت:

*"لەوانەشدا ئی وا هەیە پێغەمبەر ناڕەحەت دەکەن؛ ئێژن: هەموو شت دەبیسێ. بێژە: گوێ لە چاکە دەگرێ کە بە قازانجی ئێوەیە؛ باوەڕی بە خودا هەیە؛ بە باوەڕدارانی تریش بڕوای هەیە و بەزەییشە بۆ ئەوانەی لە ئێوە کە بڕواو هێناوە. ئەو کەسانەش کە پێغەمبەر عەزیەت دەکەن، تووشی ئازاری بەژان دێن." (سووڕەی٩ ئایەی ٦١ - ٦٣)*

دەستەیەك لە ئیسلامیستەکان کە مرۆڤکوژیی هاوکارانی رۆژنامەی چارلی هێبدو "Charlie Hebdo" بە کارێکی باش دادەنین، بە هۆی ئەو سووڕەوە پاکانە بۆ کارەکەیان دەکەن. بە گوێرەی هەندێک قوتابخانەی ئیسلامی، ئەو کەسەی وا خودا پێشتر لە ڕێگای ڕاست ترازاندویە و قسەی بە خودا گوتووە، تۆبە بکا، بەو تۆبەیە تاوانەکەی لەسەری لا دەچێ. بەڵام هەرکەس سووکایەتی بە پێغەمبەر بکا دەبێ بکووژرێ، تەنانەت ئەگەر لە کارەکەی خۆی پەشیمانیش بێتەوە. جێی سەرسووڕمانە کە تاوانی سووکایەتی کردن بە پێغەمبەر زۆر قورس و گرانترە لە سووکایەتی کردن بە خودا.

له کۆتایی سووڕەکەدا ناو له "خۆشەویستانی خودا" دەهێنرێت. ئەوانە تەنیا ئەو کەسانەن که به پاره و خوێنی خۆیان لەڕێگای خودا دا بەشەڕ دێن:

*"بەڵام پێغەمبەری خودا و ئەوانەی دەگەڵ ئەودان و باوەڕدارن، به ماڵ و گیان چوونه خەزا؛ خۆشی و چاکی بۆ ئەوانه و ڕزگارەکانیش ئەوانن." (سووڕەی٩ ئایەی ٨٨)*

جێی باسه که قوڕئان دژ بەو هۆزه بەدوی و سارانشینانەش هەڵوێستی گرتووه، که تەنانەت باوەڕیان به پێغەمبەر بووه، بەڵام زەکات واته باج و ماڵیاتیان پێ به زۆر بووه. له سەرەتای سووڕەکەدا به گشتی هەموو هۆزه سارانشینه عەرەبەکان به بێ دین ناو دەبا، بەڵام دواتریش جیاوازیان دەخاته ناو. هەرکام له ئەندامانی باوەڕپێکراوی کۆمەڵی سارانشین که له دانی زەکات تێ دەگەن، دەزانن که ئەو کاره نیزیکبوونەوه له خودایه:

*"عەرەبەکانی دەشتەکی لەمەڕ خودانەناسین و دوڕوویی، بێ ڕەزاترن و بۆ سنوور پێ نەزانینی هەرچی خودا بۆ پێغەمبەری ناردووه، کوڵی ترن. خودا زانای له کارزانه. هەندێك هەر لەو دەشتەکیانه، هەرچی بیدەن وای دەزانن که خاوەیان لێ سەنراوه؛ لێو دەخەفتێن که بەڵایەکتان بەسەر بێ؛ بەڵا هەر بەسەر خۆیان بێ. خودا بیسەر و زانایه. هەر لەناو ئەو دەشتەکیانەش ئی وا هەیه بڕوای به خوا و ڕۆژی قیامەتێ هەیه و هەرچی لەم ڕێیەدا دەیدا، بۆ نزیکی له خودایه و بۆ ئەمەیه که پێغەمبەر به نزا لەبیریان نەکا با بزانن هەر بینا نزیك دەبنەوه له خودا و دەیانخاته بەر بەزەیی خۆی. خودا دیاره گوناەبەخش و دڵۆڤانه." (سووڕەی٩ ئایەی ٩٧ - ٩٩)*

هەمیسان و دووباره باس باسی پاره و شەڕه – ئەو جووته پایەی سەرەکی و گرنگی باوەڕپیکردنیان بنیات ناوه. هەر کەس یەك لەو دووه یاخود هەردووکیان ڕەد کاتەوه، دوژمنی محەمەد و دیاره سروشتییه که دوژمنی خوداشه، چونکه خودا تەواو ئەو شتەی دەوێ، که محەمەد دەیهەوێ: "پاره و خوێنی باوەڕپێکراوان".

هیچ کەس جیا له خودا خۆی، دووڕوو و ئەو کەسەی بەشداریی له شەڕدا ناکەن، به باشی ناناسێ. محەمەد بەرەوام مرۆڤی دەوروبەری خۆی به دوژمن دادەنا و متمانەی پێ نەدەکردن:

*"لەو عەرەبە دەشتەكیانەی - كە لە دەور و بەری ئێوەن - هێندێكیان و هێندێكیش لە خەڵكانی مەدینە دوڕوون و هەر بۆ دوڕوویی ڕاهاتوون؛ ئەتۆ ئەوانە ناناسی، ئێمە زۆر باشیان دەناسین. دووجار ئازاریان دەدەین و لە دواییدا دەیانخەینە بەر جەزرەبەی هەرە دژوار." (سوورەی٩ ئایەی ١٠١ - ١٠٢)*

پێغەمبەر بەردەوام و لە هەموو شوێنێك بۆنی دوڕوویی و خەیانەتی دەكرد. كاتێ دەستەیەكی موسوڵمان لە دەرەوەی مەدینە مزگەوتێكیان دروست كرد، قورئان ئەو كەسانەی بە لادەر ناو برد، چونكە جیا لە هی پێغەمبەر هیچ مزگەوتێكیتر جێی پاك نییە:

*"ئەوانەش وا مزگەوتێكیان چێ كردەوە تا هۆی زیان و خوا نەناسی و پژگ و بڵاوی نێوان باوەڕدارەكان بێ و تا ڕوانگە بێ بۆ ئەوانەی لە پێشوودا دژی خودا و پێغەمبەری ڕاوەستابوون، سوێندیش دەخۆن كە: جگە لە چاكە كردن نیازێكی ترمان نەبووگە؛ خوا شایەتە كە ئەوانە درۆزنن. هەرگیز لەوێدا نوێژ مەكە. ئەو مزگەوتەی ڕۆژی بەرێ لەسەر هەستی خوداترسی دامەزرابێ، هێژاترە كە تۆ نوێژی تێدا بكەی. لەوێندەرێ پیاوی وا هەن حەز دەكەن بە پاكی بژین؛ خوداش لە پاكان خۆشی دێ. ئاخۆ كەسێ كە هیمی مزگەوتەكەی خۆی لەسەر هەستی خواپەرەستی و ڕەزای خودا دارشتبێ هێژاترە، یان ئەو كەسەی كە بناغەی مزگەوتەكەی لەسەر لێواری كەنداڵی فشەڵە و رووخەك داناوە و دەگەڵ ئەودا دەكەوێتە ناو ئاگر و كڵپەی دۆژەوە؟ خودا دەستەی ستەمكاران شارەزای ڕاستەڕێ ناكا. ئەو خانوەی سازیان داوە، هەر مایەی دڵخورتیانە؛ جا مەگین ئەو داڵانایان كوت كوت ببێ. خوداش زانای لە كارزانە." (سوورەی٩ ئایەی ١٠٧ - ١١٠)*

لە کۆتاییەکانی سوورەی نۆ، لەپڕێکدا هۆی ئەوەی بۆچی خودا یاخود پێغەمبەر پووڵی زۆریان لە لایەنگرەکان دەویست، ڕوون دەبێتەوە:

*"خودا گیان و سامانی باوەڕدارانی کڕیوە و لە باتیاندا دەیانخاتە بەهەشتەوە. باوەڕدارانیش ئەوانەن کە لە ڕای خوا شەڕ دەکەن و دەکووژن و دەشیانکووژن." (سوورەی٩ ئایەی ١١١)*

*"ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! دەگەڵ ئەو خوانەناسانەی هاوساتانن بەشەڕ وەرن؛ با زەبر و زەنگو ببینن. بیشیزانن خوا دەگەڵ خۆپارێزانە." (سوورەی ٩ ئایەی ١٢٣)*

جیهادی ئینترناسیۆنالی [ئەمڕۆ] زۆر سەرکەوتووە، نەک هەر لەبەر ئەوەی لاوانی باوەڕپێکراویان لەگەڵە کە ئامادەن ژیانی خۆیان لەو ڕێگایەدا بەخت بکەن، بەڵکوو لەبەر ئەوەش کە بەشێکی مەزنی وڵاتانی کەنداو و وڵاتە موسوڵمانەکانیتر بە دڵفراوانییەوە یارمەتی ماڵیی ئەو شەڕە دەدەن. زۆربەی موسوڵمانان دەزانن کە جیهاد ئەرکێکی ئایینیە، بەڵام هەمووشیان ئامادە نین گیان و بنەماڵەی خۆیان لەو ڕێگایەدا بدۆڕێنن و ڕاستەوخۆ لەو شەڕەدا بەشداری بکەن. بەو هۆیە دەستەیەکی بەرچاوی موسوڵمانان چەشنە جیهادێکی ماڵی بەڕێوەدەبەن.

مەبەستی سەرکەوتوانەی پرۆپاگەندای ئیسلامی لە لایەکەوە ڕاکێشانی سەرنجی گەنجانە و لە لایرکیتریشەوە پێکهینانی ناڕەحەتی ویژدانە لە دەوڵەمەندەکاندا، چونکە ئەوان لە ئارامی، ڕاحەتی، سوڵح و بێ کێشەیی دا ژیان دەکەن، لە حاڵێکدا گوایە برا موسوڵمانەکانیان لە عێراق، سووریا و ئەفغانستان لە ڕێگای خودادا شەڕ دەکەن و گیانی خۆیان بەخت دەکەن. هەر کەس خۆی نەتوانێ یاخود نەیهەوێ بەشداری ئەو جیهادە بکات، لای کەم دەبێ لە باری ماڵییەوە پشتیوانییان لێ بکات. بە بێ ئەو پشتیوانییە ماڵییە هیچکات گرووپێکی تێرۆریستی وەك داعیش نەیدەتوانی بەو شێوەیە چەندین ساڵ لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ و کونترۆڵی زیاتر لە هەشت ملیۆن مرۆڤ لە عێراق و سووریا بە دەست خۆیەوە بگرێ.

خودا خۆی بڕیاری داوە، پەرتووکی کۆتایی بۆ مرۆڤ بنێرێ، سەرەڕای ئەو هەموو دژ و پێچەوانەییەشی. ئەو لە سوورەی کۆتایی ئەو کتێبەدا چ دەکا؟ پرەنسیپ و چۆنیەتی ئایینی ئیسلام دیاری دەکات؟ یاخود بۆ وێنە ڕوونی دەکاتەوە هەڵس و کەوتی کۆمەڵگای ئیسلامی دوای نەمانی پێغەمبەر چلۆن بێ و بە پێی یاساکان چ کەسێك جێنشینی محەمەد بێ؟

نا، خودا لە سوورەی کۆتایی قوڕئاندا بۆ وەخەبەر هێنانی هەستی محەمەد و کۆمەڵەکەی کە لە دەرەوە و ناوەوە لە لایەن دوژمنانەوە مەترسیان بۆ دروست کراوە، کەڵك وەردەگرێ. مانیفێستی کۆتایی دەڵێ: مرۆڤ دەبێ بە خراپترین شێوە دژ بەو دوژمنانە هەڵس و کەوت بکات. لە ڕاستیدا ڕوونی دەکاتەوە کە هەر هەموو مرۆڤێکی غەیرە موسوڵمان دوژمنی ئیماندارانی ئیسلامین. ئیتر کەس نەماوە و لەگەڵ کێ دەکرێ پەیمانی ئاشتی و پێکەوە ژیان ببسترێ؟ نە لەگەڵ بێدینەکان، نە لەگەڵ یەهوودی و مەسیحی، نە لەگەڵ هۆزە بەدوی و سارانشینانەکان، نە لەگەڵ دووڕووەکان، نە لەگەڵ زەکات نەدەرەکان و نە لەگەڵ ترسنۆکەکان.

ئەو فۆڕمەی پارانۆیا کە تەنیا ئاشتی بۆ خۆ داوا دەکەن، تا ئەمڕۆش لە ناو زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکاندا ماوەتەوە. مرۆڤی موسوڵمان ئەو هەستەی لەخۆیدا پێکهێناوە کە جیا لە خۆی، هەموو دنیای دەوروبەری فێڵباز، کافر و نائینسانە و پەیتا پەیتا هەوڵی فریودانی ئەو دەدرێت. بارودۆخێکی ئەوتۆی ناباوەڕی و بێ متمانەیی دژ بە ناموسوڵمان و حاڵەتێکی بەردەوامی ڕقبوونەوە، زۆر زوو دەبێتە هۆی پێکهێنانی رق و کینە لە ناو دڵی مرۆڤی موسوڵماندا. شك، ڕق و کینە و تووڕەیی دەتوانن شەڕخوازیی و هەڵس و کەوتی شەڕخوازانە لە مرۆڤدا پەروەردە بکەن، ئەگەر ژاراوی پرۆپاگاندای ئیسلامیستەکان لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکان بە پلەی خۆی گەییبێ. لێرەدا ئەو چەشنە بارودۆخەی کە سووڕەی کۆتایی قورئان پێکیهێناوە و ئەزموونەکەشی بۆتە هۆی پووچەڵکردنەوەی زۆربەی سووڕەکانی پێش خۆی، ناتوانین بڵێین ڕق و کینە هیچ پەیوەندییەکی بە پەرتووکی قوڕئانەوە نییە. لە قوڕئاندا دوای ئەو هەموو سووڕە ئاشتیخوازنە، و ڕێی ڕاست پێشاندانە و پەیامە خۆشەویستییانە، دەکرا سووڕەی کۆتاییش درێژە بەو

ڕێبازە بدا و مرۆڤ هان بدا بۆ پێکەوە ژیان و سەلماندن و ڕێزلێنانی ئایین و بۆچوونەکانیتر. دەتوانرا دەنگی رق و کینە و بانگەوازی شەڕخوازی لە گەروودا بخنکێنرێت. بەڵام بەداخەوە پێچەوانەکەی رووی دا.

دیارە بە بێ قورئانیش رق و کینە و شەڕ و دوژمنایەتی نێوان مرۆڤەکان هەزاران ساڵە درێژەی هەیە. بەڵام لێرەدا قورئان ئەو شەڕە دەکاتە ئەرکێکی ئیلاهی و خودایی و کارێکی کردووە کە مرۆڤ زۆر دژوار دەتوانێ گوێڕایەڵیی پەیامەکانیتری ئەو پەرتووکە بکا.

## [بەشی ٧]

### یەهودییەکان لە قورئاندا

پەرتووکی قورئان بە شێوەیەکی هاوچەشنی تەوەرەکانی شەڕ و ئاشتی، هەڵس و کەوت لەگەڵ یەهوودی و مەسیحییەکان دەکات. لێرەشدا دیارە مەسەلەکە بەستراوە بە کۆنتێکستی قۆناخە جیاوازەکانی ژیانی پێغەمبەرەوە. ئەو سەردەمەی محەمەد هێشتا بە دوای دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکدا دەگەڕا کە بتوانی دژبە خەڵکانی مەککە بەربەرەکانی بکا، هیوادار بوو یەهوودی و مەسیحی بەهۆی باوەڕیان بە خودای یەکتاوە، پشتیوانی لێ بکەن. تەنانەت محەمەد چەندین گێڕاوەی ناو کتێبەکانی تەوڕات و ئینجیل لە قورئاندا دووپات دەکاتەوە. ئەو گێڕاوانە دەبوو بۆ خەڵکانی مەککە وەك پەندێك بێ، و بۆ یەهوودی و مەسیحیش وەك نیزیکی قورئان لەگەڵ ئایینەکەیان وێنا بکرێ. لەو قۆناخەی سەردەمی مەککە کتێبە پیرۆزەکانی یەهوودی و مەسیحی وەك نووسراوەی ئیلاهی سەیر دەکرێن کە ڕاستەوخۆ لە لایەن خوداوە بو پێغەمبەرەکانیان نێردراون و بەو هۆیەشەوە بە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر دادەنرێن. بەڵام ماوەیەکی زۆر ناکێشێ و بۆچوونی محەمەد و قورئانەکەی لە هەنبەر تەوڕات و ئینجیل بە ڕاشکاوی دەگۆڕدرێت.

پەیوەندیی محەمەد لەگەڵ یەهوودی مێژووییەکی خۆشەویستیی ناهومێدانەیە. لە سەرەتاوە دەبوو یەهوودییەکان وەك پشتیوانێکی محەمەد دژ بە عەرەبی بوت پەرەست بێنە مەیدان، دواتر بە یاساکان و کۆمەڵگا کاریگەرەکەیانەوە لە خزمەت محەمەد دابن و ببنە سیمبولێک بۆ کۆمەڵگا نوێیەکەی.

لەسەر نیوە دوورگەی عەرەبی و لە سەردمی ژیانی محەمەددا هۆزێکی زۆری یەهوودی نیشتەجێ بوون. ئەوان زیاتر لە ناوچەکانی وادی ئەل-

قورا "Wadi al-Qura"، فەدەك "Fadak"، خەیبەر "Kaybar" و یەثریب "Yathrib" ئەو جێگایەی کە دواتر لە لایەن محەمەدەوە ناوی مەدینەی لەسەر دانرا، کۆ ببوونەوە. چەند لە هۆزە شەڕخوازە عەرەبەکان بەردەوام هەوڵیان دەدا یەهوودییەکان لەو ناوچە عەرەبیانە دەر کەن، بەڵام یەهوودییەکان بە درێژایی پێنج سەد ساڵ توانیبویان بوونیان لە ناوچەکەدا بسلمێنن. هەندێک لە یەهوودییەکان کاری بازرگانی و کاری هونەری دەستییان دەکرد ، بەڵام زۆربەیان ژیانیان بەهۆی کاری کشتوکاڵەوە دابین دەکرا، کە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ناوچەکانیتر کارێکی نائاسایی بۆ کۆمەڵی یەهوودی بوو. چونکە کۆمەڵی یەهوودی، وەك خەڵکێکی کەمینەی بێ وڵات، دەبوو لە بارودۆخی تەنگانەدا زۆر بە پەلە بتوانن ماڵ و حاڵیان بپێچنەوە و بۆ جێگایەکی ئەمنی ڕاگوێزن. بەڵام خانووبەرە و دوکانەکانیان لە ناوچەکان لێ بەجێ دەما. سەرەڕای ئەو کێشانەش یەهوودییەکان بە ڕاشکاوی وڵاتە عەرەبییەکانیان بە ماڵی خۆیان دەزانی و ئەو هێرشکاریی و مەترسیانەیان دەبەر چاو نەدەگرت، هەتا سەر و گوێلاکی محەمەدان لێ وەدیار کەوت.

ئەو شتە ڕوون نیە کە ئایا محەمەد دەسپێڕاگەیشتنی ڕاستەوخۆی لەسەر نوسراوە یەهوودییەکان بووە یاخود تەنیا وەك گێڕاوە و ڕیوایەت لە سەفەرەکانیدا بە گوێی گەیشتوون. بەڵگە ئەوەیە: قورئان نەک هەر گێڕاوەکان لە ڕووی تەوڕات دەنووسێتەوە، بەڵکوو کەڵکی لە "تەلموود"ی بابیلییەکان و کتێبی تەفسیری یەهوودییەکان وەك میدرەش رابا " Midrasch Rabba"، وەرگرتووە کە لە ناو عەرەبەکاندا زۆر ناودار بوو. سەیر ئەوەیە کە لێرەدا قورئان جیاوازی لە نێوان کتێبی پیرۆز و نووسراوەی دەستی مرۆڤ دانانێ. بۆ قورئان هەر هەموو نووسراوەکان ئاخەفتنی خودا بووە لە تەوڕاتدا. لەوەش زیاتر: لە سووڕەکانی سەردەمی زووی قورئاندا یەهوودیەکان بە میراتوەرگری زانیاریی خودا و سەرچاوەی ڕووناکبیری بۆ مرۆڤایەتی ڕوون کراوەتەوە:

*"ئێمە کتێب و کارزانی و پلەی پێغەمبەرایەتیمان دابە تۆرەمەی ئیسرائیل؛ بژیوی پاك و چاکیشمان پێ گەیاندن. لە چاو هەموو خەڵکی دنیاش سەرمان خستن." (سوورەی٤٥ ئایەی ١٦)*

ئەو ڕێز لینانە تەنیا لەو سەردەمەدا پێکهاتووە کە لە گێڕاوەکان بۆ سەلماندنی پێغەمبەر و بوونی محەمەد کەڵکیان لێ وەرگیراوە: ئایا محەمەد هەر ئەو چیرۆکانەی نەدەگێڕاوە کە یەهوودی و مەسیحیش دەیانناسی؟ ئایا هەر عالمانی یەهوودی نەبوون کە پەیامی محەمەدیان پێش هەموو ئەوانیتر وەرگرت و بە فەرمی ناسییان؟

خاڵی دووهەمیان زیاتر ئارەزووی محەمەد بوو، کە لەو سوورەیەدا ڕوون دەبێتەوە:

*"[روح الامین] هێنایە خوار، بۆ سەر دڵت؛ تا تۆ لە ترسێنەران بی. بە زوانێکی عەرەبی ڕەوان و هاسان. لە کتێبەکانی پێشوشدا باسی هەیە. داخۆ ئەمە بۆ ئەوان بەڵگەیەك نییە؟ کە زاناکانی تۆرمەی ئیسرائیلیش، هەر لەوە ئاگایان هەیە." (سوورەی٢٦ ئایەی ١٩٣ - ١٩٧)*

زانایان و عالمانی ئایینە یەکتا پەرەستەکان بەو شێوەیە ئەویان نەسەلماندبوو کە محەمەد خۆی ئارەزووی دەکرد. بەڵام بارودۆخەکە بە دەست لەسەر دانان و سوور بوون و پێداگرتنی چەند جارەکیی مرۆڤی یەهوودی کە لە لایەن خوداوە هەڵبژێردراوە، هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەدەهات. محەمەد بەردەوام و هەمیسان دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆکەکان دەکردەوە. بۆ وێنە خەڵکانی بێ دینی مەککەی لەگەڵ فیرعەوونە لووت بەرز و لەخۆ ڕازییەکان هەڵدەسەنگاند، (مێژووی موسا کە خەڵکەکەی لە کۆیلەیی میسرییەکان ئازاد کرد)، خۆی وەك بەشێکی خەڵکانی ئیسرائیل دەبینی:

*"تۆرەمەی ئیسرائیلیشمان لەو ئازاری پڕ سووکایەتییە ڕزگار کرد: لە فیرعەونێ کە خۆی زۆر بە زل دەزانی و لەوانە بوو کە لە ئەندازە دەردەچن. ئەوانیشمان بە دانستە - لە چاو خەڵکی هەموو دنیا - بەرێزتر گرت. هێندەشمان نیشانە دانێ کە ئاشکرا، ببن بە مایەی ئەزموونێ." (سوورەی٤٤ ئایەی ٣٠ - ٣٣)*

تەنانەت دوای کۆچ بۆ مەدینەش لە سەرەتاوە محەمەد پەیوەندیی و دۆستایەتیکردن لەگەڵ خەڵکانی یەهوودی هێشتەوە و دوو جاریتریش دووپاتیکردەوە کە ئەو کۆمەڵە هەڵبژاردەی خودایە:

*"ئەی بەرەی سەر بە ئیسرائیل! لەبیر مەکەن چەندم چاکە دەگەڵ کردن، لەچاو خەڵکی هەموو دنیا، پتر ڕێزم لە ئێوە نا." (سوورەی٢ ئایەی ١٢٢ و سوورەی ٢ ئایەی ٤٧)*

لێکدەرەوی قورئان ابن کثیر "Ibn Kathīr" دەڵێ: خودا مرۆڤی یەهوودیی هەڵبژاردووە و کتێبی تەورات و چەندین پێغەمبەری بۆ ناردوون.[21]

سەیر ئەوەیە کە کتێبی قورئان مافی خودایی کۆمەڵی یەهوودی دەناسێنێ و وڵاتێکی پیرۆزیشان بۆ دیاری دەکات:

*"ئەو دەمانەش کە مووسا بە هۆزی خۆی گوت: گەلۆ! دەبێ هەرگیز ئێوە ئەو چاکەیەی لەبیر نەکەن کە خودا دەربارەی کردوون، کە ئەو هەموو پێغەمبەرەی هەر لەناو خۆتان بۆ ناردوون، چەندین پادشای لە خۆتان پەیدا کردووە و ئەوشتەی بە ئێوەی داوە، بە هیچ کەسی لەم دنیایەدا نەداوە. گەلۆ! بچنە ئەو سەرزەمینە پیرۆزەی خوا بۆ ئێوەی بڕیار داوە و بۆونووسراوە و بەرەوپاش مەگەڕێنەوە. گەر لە پەیمان خۆببوورێن، بە زیانتان تەواو دەبێ." (سوورەی٥ ئایەی ٢٠ - ٢١)*

لە سوورەی ١٧ دا ئەوە خودایە کە وڵات بە یەهوودیەکان دەبەخشێ. بەڵام ڕوون نییە مەبەستی لەو وڵاتە "فەلەستین"ە یا میسر. یەکەمین سوورەکانی قورئان ئاماژە بە وڵاتی فەرعوونەکان دەکا:

*"ویستی گەڕیان تێ هاڵێنێ و لەو سەرزەمینە دەریان کا، ئێمەش ئەم و خڕ ئەوانەی دەگەڵیان بوون، نوقمن کردن. لەپاش ئەویش بە بەرەی ئیسرائیل مان گوت: نیشتە جێ بن لەم وڵاتە و هەر دەمێکیش سەڵا ڕابوو، ئەوسا گشتوو پێکەوە کۆدەکەینەوە." (سوورەی١٧ ئایەی ١٠٣ - ١٠٤)*

لە جێگایەکیتر واتە سوورەی ٢٦دا هاتووە:

---

[21] Ibn Kathīr: tafsīr, Sure 2:122

*"ئێمه مووسامان تێگەیاند: عەبدەکانم لە شەوێدا وەڕێ بخە، کە دیارە بەدووتاندا دێن. فیرعەون وەکۆکەرانی نارد بۆ شارەکان. [وتی:] ئەوان کۆمەڵەیەکی هێندکن. بەڕاستی کە ئێمەیان تووڕە کردووە. ئێمە هەموو وریایانین. ئێتر باغات و کانیاون پێ جێ هێشتن. وێڕای هەموو گەنجینە و خانووە خۆشەکان. هەر بەو جۆرە ئەم هەمووەشمان دا بە تورمەی ئیسرائیل." (سوورەی٢٦ ئایەی ٥٢ ـ ٥٩)*

خودا ویستوویە وڵات بە خەڵکە هەڵبژاردراوەکەی ببخشێ، کە نیزیکەی ٤٠ ساڵ کۆیلە بوون؟ ویستوویە ئەو ڕەنج و کۆیلەییەی ئەوان قەرەبوو بکاتەوە؟ سەداوسەد ناتوانین بزانین کە ئەوە چیرۆکە ڕاستە، چونکە هەندێك لە ڕاوێژکاران باس لە وڵاتێکی پڕ لە گەنج و باغ لە فەلەستین دەکەن، بڕێکیشیان دەڵێن ئەو وڵاتە دیمەشق، فەلەستین و بەشیکی ئۆردۆنیش دەگرێتەوە.

ئەلتەبەری لەسەر ئەو بۆچوونەیە، هەموو ڕاوێژکاران لای کەم لەسەر ئەو خاڵە سوورن کە وڵاتەکە لە نێوان ناوچەکانی مابەینی چۆمی فورات لە عێراق و سینا لە میسر هەڵکەوتووە.[22]

چەند و چۆنیەتی هەوڵی محەمەد بۆ هەڵسەنگاندن و وەك یەك دانانی کۆمەڵەکەی لەگەڵ دوو ئایینی یەکتا پەرەستی تا چ ڕادەیەك بووە، لەوەدا دەبینرێ کە بە پێی قورئان یەهوودی و مەسیحیش لە پەنا موسوڵمانەکان بەڵینی ڕۆژی قیامەتیان پی دەدرێ چونکە ئەوانیش باوەڕیان بە خودا هەیە:

*"ئەوانە بڕوایان هێناو ئەوانەش بوونە جوولەکە، سوببییان و فەلەکانیش، هەر کامێکیان باوەڕی هەبی بە خودا و ڕۆژی سەڵا و ئاکاری چاك ڕچاو بکا، نە هیچ ترسیان لەسەر هەیە و نە خەم دەخۆن." (سوورەی٥ ئایەی ٦٩)*

محەمەد کۆمەڵەکەی ئامۆژگاری دەکا کە بە ئەخلاقێکی باشەوە کێشەکەیان لەگەڵ یەهوودی چارە بکەن:

*"ئەگەر دەگەڵ ئەهلی کتێب دەکەونە وتووێژەوە، بەو پەڕی نەرم و نیانی قسەیان لەتەکا بکەن؛ مەگین لەتەك ئەوانەیان کە ناهەقی یان کردووە. ئێوە بێژن: بەو قورئانەی کە بۆ*

---

[22] al-Tabari: tafsīr, Sure 26:57

*ئێمە هاتۆتە خوار و بەو کتێبەی بۆ ئێوە هاتۆتەخوارێ، بڕوا دەکەین؛ خودای ئیمە و خودای ئێوە هەر یەکێکە، ئێمە خۆمان بەو دەسپێرین." (سوورەی٢٩ ئایەی ٤٦)*

محەمەد لە مەدینە ئایین، یاسا، ڕێگا و شوێنێکی نوێی بۆ خۆی دۆزیبۆوە کە تا ئەو سەردەمە بۆ عەڕەبەکانی ئەو ناوچەیە نەناسراو بوو. زۆربەی ئەو ڕێ وڕەسمانەشی لە ئایینی یەهوودیەکانەوە وەرگرتبوو. وەك: خۆ شوشتنی پێش نوێژ و غوسڵ کردن دوای نیزیکی سێکسی، نەخواردنی گۆشتی بەراز و خەتەنەکردنی کیژ و لاو و ... . وشەی عەڕەبی "شەریعەت"یش تەنیا وەرگێڕانی ڕاستەوخۆی وشەی هەلاخا "halakha" لە زمانی عیبرییەوەیە کە بە گشتی یاساکانی ئایینی مووسا دەگرێتەوە. هەردووك وشەکان بە "ڕێگا" یا " وەڕێ کەوتن" مانا دەکرێنەوە. تەنانەت لە سەرەتاوە محەمەد قیبلەی نوێژکردنیشی، کە شاری ئورشلیم بوو، لەگەڵ یەهوودییەکان بەش کرد و لە دوو ساڵی سەرەتای چالاکیی ئایینیی و بانگەوازەکەی لە مەدینە باوەڕپێکراوان دەبوایە بەرەو ئورشلیم نوێژ و دۆعا بکەن.

لە ساڵی ١٨٣٣ ی زایینی لە شاری بۆن لە وڵاتی ئاڵمان گرووپێکی مەلایانی ئایینی یەهوودی و ڕۆژهەڵات ناسێك بە ناوی ئیبراهیم گەیگر "Abraham Geiger" نووسراوەیەکیان بە ناوی "ئەوشتانەی محەمەد لە ئایینی یەهوودی وەرگرتووە" بڵاو کردەوە کە ڕێگای لە پسپۆرانی مودێڕنی ئیسلامی و قورئان ناسان شێواند. لەوێدا بۆ یەکەم جار زۆربەی نووسراوە، چیرۆك، یاسا و شتە یاساغەکان کە محەمەد لە سەرچاوە یەهوودیەکانی وەرگرتبوو، بە بەڵگەوە بڵاو کرانەوە.

پێغەمبەر لەو سەردەمەدا لە لایەکەوە بۆ شێوازپێدان بە کۆمەڵەکەی، وەك کۆمەڵەیەکی نموونە، پێویستی بە یەهوودیەکان هەبوو، و لە لایەکیتریشەوە لە هەنبەر کافرە عەڕەبەکان یارمەتی و یەکیەتی یەهوودیەکانی زۆر لا گرنگ بوو، لای خۆی وای دانابوو کە یەهوودیەکان لە بەربەرەکانی لەگەڵ کافرەکاناد یارمەتی دەدەن و لە داهاتووشدا ئایینی خۆیان وەلا دەنێن و دەچنە سەر ئایینی ئیسلام. لە گەڵاڵەکردنی یاسای مەدینەدا محەمەد ئیزنی ئازادیی

ئایینی بە یەهوودیەکان دابوو. هاوکاتیش دەبوو یەهوودیەکان لە ئەگەری هێرش کردنی دوژمن بۆ سەر شاری مەدینەدا، یارمەتی موسوڵمانەکان بکەن. سەرەڕای ئەوەش یەهوودیەکان لە لایەکەوە دەبوو یارمەتی ماڵیی بە شەڕەکانی محەمەد بکەن کە بە پێی کات گەورەتر و بەربڵاوتر دەبۆونەوە و لەولاشەوە ئیزنی مامەڵەکردن لەگەڵ دوژمنانی ئیسلامیان لێ سەندرابۆوە. بۆ کەشاوەرز و وەرزێری یەهوودی کە خورمای شاری مەککەیان دابین دەکرد، هەروەها بۆ بازرگان و هونەرمەندان و کارزانانی یەهوودی کە زۆربەی بەرهەمی کارەکەیان بە دەرەوەی سنووری شاری مەدینەدا تێپەڕ دەبوو، کێشەیەکی جیددی دروست کرا. مرۆڤ دەتوانی لەبەر چاوی خۆی وێنای بکا کە بەو هۆیانە کۆمەڵی یەهوودی لە پێکهاتنی بارودۆخێکی ئەوتۆ زۆر ناڕازی بوون.

لە سەرتاوە هۆزە یەهوودیەکان بە هیوا بوون تا ئەو جێگایەی بۆیان مومکین دەبوو شێوەیەکی بێ لایەنانە پێشە بکەن و بتوانن خۆ لە کێشەکانی محەمەد لادان. بەڵام زۆر زوو بۆیان ڕوون بۆوە کە ڕاستیەکە زۆر تاڵتر لەوەیە کە ئەوان بیریان لێ دەکردەوە. تەنیا چەند مانگ دوای کۆچ بۆ شاری مەدینە محەمەد دەستی بە هێرش بۆ سەر کاروانەکانی مەککە کرد کە هەم یەهوودیەکان و هەم هۆزە عەرەبەکان هەوڵی خۆ تێکەڵکردن لەو شەڕانەیان نە دەدا و خۆیان لێ دوور ڕاگرتبوو. بەڵام ئەو بارو دۆخە گۆڕانی بەسەر دا هات کاتێ لە ساڵی ٦٢٤ لە شەڕی بەدردا بۆ یەکەمجار شەڕی ڕاستەوخۆ لە نێوان خەڵکانی مەککە و شەڕکەرەکانی محەمەد بەڕێوەچوو. لەبەر ئەوەی شەڕەکە لە مەدینە بەڕێوە نەچووبوو، یەهوودیەکان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە خۆتیهەڵنەقوتان و بێ لایەنیان لەو شەڕەدا بە پێی یاسا بە زیانیان تەواو نابێ. بەڵام محەمەد ئەو کارەی بە شێوەیەکیتر سەیر دەکرد. ئەو وەدوای دروشمە ناسراوەکە کەوت کە دەڵێ: "هەرکەس لەگەڵ ئێمە نەبێ، دژ بە ئێمەیە." بێ لایەنی لای ئەو وەك خەیانەت وابوو.

ئەو هەڵس و کەوتە لە قورئانیشدا ڕەنگی داوەتەوە. یەهوودییەکان لەو کاتە بەدواوە، بە درۆزن دەناسرێن:

*"بۆ درۆ، گوێ هەڵدەخەن و بە حەرام خواردنی فێرن. جا ئەگەر جارێ دێنە لات، تۆ، بە نێوانیان ڕابگە یان خۆیان تێ مەگەیێنە. ئەگەر وازیشیان لێ بێنی، هیچ زیانێك لە تۆ نادەن. خۆ ئەگەر تۆ بە نێوانیشیان ڕابگەی، کێشەکەیان بە لاگری و بە یەکسانی بۆ پێك بێنە. خودا پیاوی بێ دەغەز و ڕاست و ڕەوای خۆش گەرەکن." (سووڕەی٥ ئایەی٤٢)*

ئازادیی ئایینی کە لە بەرنامەی یاسایی مەدینەدا بۆ یەهوودییەکان دیاریکرابوو، وردە وردە کەم کرایەوە و لە هەوەڵەوە لە پشت پەردە و دواتر بە ئاشکرایی هان دەدران کە دەبێ ئایینی ئیسلام قەبووڵ بکەن:

*"ئەی زار و زێچی ئیسرائیل! لەبیروبێ چەندم چاکە دەگەڵ کردوون. پەیمانی من بەجێ بێنن؛ منیش پەیمانی پێم داون، پێك دێنم و هەر تەنیا لە خۆم بترسن. بڕواو هەبێ بەوەی کە ناردوومەتە خوار، کە ئەمەش بەڕاست دەزانێ وا ئێستا لە لای ئێوەیە. مەبنە پێشەنگی ئەوانەی حاشا لەم کتێبە دەکەن؛ ناشێ نیشانەکانی من بە نرخێکی کەم بفرۆشن. سا هەر لە خۆم ترسو هەبێ. ڕاستی ڕەوا بە ناڕەوا دامەپۆشن. حاشاو لەو ڕاستیە نەبێ، کە بۆخۆتان ناسیوتانە. نوێژ بکەن و زەکات بدەن؛ دەگەڵ کڕنۆش بەرەکاندا کڕنۆش بەرن." (سووڕەی٢ ئایەی ٤٠-٤٣)*

زۆربەی هۆزە یەهوودییەکان ئەو بانگەشەیان رەد کردەوە و لە سەر داب و نەریت و ئایینی خۆیان مانەوە. محەمەد نە توانی سەرنجی ئەوان بۆ لای ئایینەکەی ڕاکێشی، و نە توانیشی یەکیەتییەك لە موسوڵمان و یەهوودی دژ بە بێدینەکان پیك بێنێ.

دوای سەرکەوتوویی لە شەڕی بەدر دژ بە خەڵکانی مەککە، محەمەد دەستیکرد بە دەرکردن و ڕاونانی یەك لەدوای یەکی هۆزە یەهوودیەکان. محەمەد دەیویست تەنیا ئەو کەسانە ئیزنی ژیانیان لە شاری مەدینە هەبێ کە بەشداریی شەڕەکانیان دەکرد. ئەو، پڕۆژە "پاکسازی"یەکەی لە لاوازترین هۆزەکانەوە دەستپێکرد. ڕیوایەتی سەرچاوەی ئیسلامییەکان لەسەر ئەو پرۆژەیە ئاوا دەدوێن:

"ژنێکی موسوڵمان ویستوویە لای زێڕفرۆشێکی جوولەکە لەهۆزی بەنی قەینوقە "Banū Qainuqā" زێڕ بکڕێ و لەهەمان دوکاندا لە لایەن جوولەکەیەکەوە سووکایەتی پێکراوە. دواتر دەبێ جوولەکەکە چارشێوی ژنەکەی لەسەری لابردبێ. پیاوێکی موسوڵمان لەوی خۆی تێکەڵاوی کێشەکە کردووە و بارودۆخەکە وا ئاستەم بۆتەوە کە موسوڵمانەکە پیاوە جوولەکەکەی کوشتووە. دوای ئەو کارەساتە یەهوودییەکان تووڕە بوون و پیاوە موسوڵمانەکەیان کوشتۆتەوە. محەمەد ئەو کارەی بە شکاندنی ڕێکەوتنەکەی مەدینە داناوە و دوو حەوتووی تەواو جێی ژیانی هۆزی "Banū Qainuqā"ی گەمارۆ داوە، هەتا هەموویان خۆیان تەسلیمی محەمەد کردووە. لە ڕاستیدا لە ناخی دڵیەوە ویستوویە هەموویان بکووژێ، بەڵام بە نێوبژیکاریی هۆزێکی نوێ موسوڵمان بە ناوی خەزرەج "Khasradsch" سزاکەیان بۆ کەم کردوونەتەوە: هەموو ئەندامانی هۆزەکە ناچار بە ڕۆیشتن لە مەدینە کراون بە بێ ئەوەی ئیزنی بردنی ماڵ و دارایی خۆیان پێ بدرێ."

وێدەچێ ئەو چیرۆکە تەنیا بیانوویەک بووبێت بۆ ڕاونانی یەکەم هۆزی جوولەکە لە مەدینە و دەستپێك و بەڕێوەبردنی پلانێك کە ماوەیەکی درێژ بوو دارێژرابوو. پلانێک کە دوای ئەو ڕووداوە بە شێوەیەکی سیستماتیك لە لایەن محەمەد و شەڕکەرەکانیەوە دژ بە هۆزە یەهوودیەکان بەڕێوە چوو. لەو کارەساتانەدا محەمەد یا بە پتوونی هەموو هۆزەکەی لە شار دەردەکرد

یا فەرمانی کوشتنی هەموو پیاوەکانی هۆزەکەی دەدا و ژن و منداڵەکانیانی لە شارەکە دەر دەکرد. لە ماڵە چۆڵەکانیشیاندا شەڕکەرە نوێیەکانی خۆی جێگر دەکرد کە بۆ یارمەتیی ئەو و یارانی هاتبوونە شاری مەدینە.

بە هەمان شێوە بڕیاری ڕاو و رووتکردنی دووهەم هۆزی جوولەکە واتە هۆزی بن النذر "Banū N-Nadīr" ی دەرکرد. ساڵێك دوای سەرکەوتوویی لە شەڕی بەدر، لە پەنا ناوچەی ئوحود "Uhud" شەڕکەرەکانی لە شەڕێك کە دژ بە خەڵکانی مەککە و هاوپەیمانەکانیان بەڕێوە چوو، شکستیان خوارد. لە مێژووی ئیسلامدا ئاماژە بە دۆڕاندنی ئەو شەڕە کراوە، کە لە پەنا شاخێکی نیزیك بە شاری مەدینە رووی داوە و دەبێ خودا بۆ تاقیکردنەوەی باوەڕپێکراوان بەڕێوەی بردبێ. بەڵام بەهۆی ئەو هەرەسهێنانەوە نەک هەر ئازار بە ورە و هەستی دەروونی محەمەد و شەڕکەرەکانی گەیشت، بەڵکوو درزێکی گەورەشی لە کیسەی داراییاندا پیک هێنا، واتە لە: "دەسکەوت و تاڵانی شەڕ و هەروەها پارەی گۆڕینەوەی کۆیلە و ئەسیرانی شەڕ." محەمەد و شەڕکەرەکانی تووشی بارودۆخێکی دژواری ماڵی هاتبوون. سەرەڕای ئەوەش، بەهۆی ئەو هەرەسهێنانەوە کە لە ڕوانگەی ڕۆحییەوە محەمەد و شەڕکەرەکانی بە ڕادەیەکی زۆر لاواز کردبوون، ئەگەری ئەوەش پێکهاتبوو کە ئایا خودا لە لایەنی ئەواندا ماوەتەوە؟ ئایا خودا نەیدەتوانی ئەمجارەش بۆ یارمەتیان فریشتەکان بنێرێ و پێش بەو شکستە بگرێ؟

محەمەد هەوڵێکی زۆری دا شەڕکەرەکانی تێبگەیێنێ کە خودا بە زانایی و مەیلی خۆیەوە هەوڵی تاقیکردنەوەی باوەڕپێکراوانی داوە و ویستویە پلەی باوەڕیان بە ئایینی ئیسلام بپێوێت. محەمەد بۆ ئەوەی بتوانێ پێشگری لە هەڵوەشانی کۆمەڵەکەی بکات و بۆ قەرەبوو کردنەوەی دەربڕینی وەفاداریی شەڕکەرەکانی لە هەنبەر ئایینەکەی خەڵاتیان بداتێ، بڕیاری دا دژ بە دووهەم هۆزی یەهوودیی (بن النذر) لە مەدینە هێرشکاریی بکا و بۆ ئەو کارە پێویستیی بە بیانوویەك هەبوو:

" محەمەد لەو پەیوەندییەدا گوتوویەتی فریشتەی سەرەکی جوبرائیل هاتۆتە لای و پێی گوتووە پیاوێکی هۆزی نذر پلانی دارِشتووە محەمەد بکووژێ. دوای ئەو پەیامە ئیلاهیە، محەمد هێرشی کردۆتە سەر ئەو هۆزە کە ژیانیان بە کاری وەرزێریی دابین دەکرد، دەستووری سووتاندنی بەرهەم و مەزراکانیانی دەدا، لە ئەنجامدا، هۆزەکەیان لە ناوچەکە دەرکرا و ماڵ و داراییان لێ زەوت کرا."

کتێبی "قورئان"یش بۆ ئەو کارەساتە ئافەرین دەنێرێ:

*"کە هەر ئەو کۆمەڵی پێ نەزانانی، لەوانەی ئەهلی کتێب بوون – لە وەدەرنانی هەوەڵ دا – لە زێدی خۆ تەرە کردن. ئێوە پێتان وانەبوو کە دەردەکەون؛ خۆشیان وایان خەیاڵ دەکرد قەڵاکانیان لە خودایان دەپارێزێ. خودا لە شوێنێکی واوە پارێزی بردە سەر ئەوان، کە لە خەیاڵیشیاندا نەبوو. وای ترس هاویشتە دڵیان، ماڵی خۆیان بەدەستی خۆ و بە دەستی خاوەن باوەران، کاول دەکرد. سا ئێوە دەرس وەرگرن، ئەی گرۆی خاوەن ئاوەزان! ئەگەر خودا ئاوارەیی لەسەر ئەوان نەنووسیبا، هەر لە دنیا تووشی ئازاری دەکردن و لەو دنیاش بەشیان ئازاری بە ئاگر بوو. ئەمەش چونکە ئەوان دژی خودا و پێغەمبەرەکەی بوون. هەر کەس دژی خودا و پێغەمبەری ئەو بێ، تۆڵەی خودا زۆر دژوارە. هەر دار خورمایەکتان بری، یان لێی گەران لەسەر رەگی خۆ بمێنن، هەمووی بە ئیزنی خودا بوو؛ تا ئەو لەرێ لادەرانە تووشی سووکایەتی بکا." (سوورەی٥٩ ئایەی ٢ - ٥)*

## زمانی قورئان توند و تیژتر دەبێتەوە

سەیر ئەوەیە بۆچی قورئان زۆربەی جاران ڕێگاپێشاندەر نییە بەڵکوو تەنیا هەڵس و کەوت لەهەنبەر ڕووداوەکاندا دەکا. هاوتەریب لەگەڵ یەکەم ڕاونانەکان، زمانی ئاخافتنی قورئانیش لە هەنبەر یەهوودییەکان گۆڕانکاری بەسەردادێت. ئیتر باسی ڕاهێنەری زانا نەدەکرا بەڵکوو وەك ئاژاوەچی و سەرچاوەی ڕق و کینە نێو دەنران:

*"ئەی پێغەمبەر! خۆت بەوانە دڵتەنگ مەکە کە بۆ لەدین وەرگەڕانێ پەلەیانە و دێنە لات و بە دەم دەڵێن: بڕوامان بە تۆ هێناوە و دڵیان بڕوای نەهیناوە. هەروەها لەو جوولەکانەش خۆت تووشی خەمباری مەکە، کە گوێ بۆ درۆ هەڵدەخەن، فێر بوون قسە لە خەڵکیتر دەبیسن و دەی قۆزنەوە، کە ئەوانەش هەرگیز نەهاتوونە لای تۆ، جێ گۆڕکێ بە قسەکان دەکەن؛ دەڵێن: ئەگەر فڵان قسەیان بۆ گوتن، وەریگرن، دەنا خۆی لێ بپارێزن. هەر کەسێکیش خودا ویستی جەزرەبەی بۆ ببڕێتەوە، تۆ ناتوانی لە خودای بی نیاز بکەی و هیچ کارێکی بۆ ڕێك بخەی. ئەمانە خودا نایەوێ دڵیان لە گوناە و پیسی بسڕێتەوە؛ بەشیان لە دنیا سووکییە و لە قیامەتیش جەزرەبەیان دژوار دەبێ." (سوورەی٥ ئایەی ٤١)*

هەروەها لە سوورەی چواردا هاتووە:

*" هێندی کەس لە جوولەکەکان، وتاری خودا دەگۆڕن و قسەی تری دەخەنە جێ. بە تۆش دەڵێن: بیستمان و گوێمان نەدا؛ تۆش ببیسە: دەك قەت گوێت لە ئێمە نەبێ! زمانیان دەلالچ دەگرن و تانە لە دینت دەدەن و بە تەشەر ئێژن: "راعنا"[واتە ئێمە ڕەچاوی دەکەین']. ئەگەر ئەمان بیانگوتایە: بیستمان و بە قسەت دەکەین و لێمان بیسی و دەبێ چاوێکت لێمان بێ، بۆیان چاکتر و ڕاستتر بوو. بەڵام خودا لەسەر ئەو ڕێ و گۆڕینەیان نەفرینی خۆی لێ کردوون و لەوانە – کەمێکیان نەبێ – نایانەوی بڕوا بێنن." (سوورەی٤ ئایەی ٤٦)*

دوای دەرکردنی هۆزی قەینوقە لە مەدینە نەک هەر زمانی ئاخافتنی قورئان دژ بە یەهوودییەکان توند و تیژتر بۆوە، بەڵکوو کارتێکەرییەکانی ڕاستەوخۆ، ژیانی ڕۆژانەی لێ تاڵ کردن. محەمەد قیبلەی نوێژ و تاعەتی بۆ مەککە گواستبۆوە. لێرەدا مرۆڤ هەست بە مەسڵەحەتخوازیی پێغەمبەر دەکا. لە سەرەتاوە دەیویست ئایینی ئیسلام تەنیا بۆ نەتەوەی عەرەب نەبێ و ئایینەکە تێکەڵاوییەك لە داب و نەریتی یەکتاپەرەستی یەهوودی و

مەسیحی بێ، کەچی کاتێ لە یەهوودییەکان ناهومێد دەبێ، کەم تا کورتێک دەگەڕێتەوە سەر داب و نەریتی کۆنی عەڕەبی. عەڕەبەکان هیچ تامەزرۆییەکی ئەوتۆیان بە شاری ئورشلیم وەك قیبلە نەبوو، بەڵام بە پێچەوانە کەعبەی مەککە ناوەندێکی مەزنی ئایینی ناوچەکە بوو و نیازی گەڕانەوەی سەرکەوتوانەی بۆ سەر ئایینی ئیسلام دابین دەکرد.

[لە ڕوانگەی ئیسلامیەکانەوە]، ئەویکە ئایینی ئیسلام لە لایەن خوداوە نازڵ بووە بۆ ئەوەی بەسەر هەموو ئایینەکانیتردا زاڵ بێ، هیچ شکی تێدا نییە:

*"جوولەکەکان گوتیان: عوزەیر کوڕی خوایە. فەلەش گوتیان:مەسیح فەرزەندی خودایە. ئەو قسانەی دەمی ئەوان ئەیدەرکێنێ، وێنەی قسەی خودانەناسانی پێشوون. خوا بیان کووژێ چۆنین لە حەقێ لا دەدرێن؟ لەبری خودا، مەلاکان و ڕەبەنەکانی خۆیان و مەسیحی فەرزەندی مەریەمیان کردە خودا؛ فەرمانیشیان ۆێ درابوو بێژگە لە خوای تاك و تەنیا نەپەرەستن. لە غەیرەز ئەو هیچ شت بۆ پەرەستن ناشێ. خودا بێ عەیبە و بە دوورە لەو شتانەی بە هاوتای ئەوی دەزانن. دەیانەوێ بە فووی دەمیان، تیشکی ڕۆشنایی خودا وەکووژێنن؛ خوداش خۆی بڕیاری داوە کە ئەم تیشکەی هەر سەرکەوێ، جا با خودانەناسەکنیش حەز نەکەن. خودا بۆ ڕێ نیشاندان ڕاگەیاندنی دینی ڕاست، پێغەمبەری خۆی ناردووە؛ تا گش دینەکانی دیکە بەرخۆی بدا؛ هەرچەند ئەوانەش حەزنەکەن کە شەریك بۆ خودا دادەنێن." (سووڕەی٩ ئایەی٣٠ تا٣٣)*

یەهوودیی و مەسیحییەکان ئیتر وەك باوەڕپێکراو بە خودای تاقانە سەیر ناکرێن بەڵکوو بە موشریك دادنرێن، کە لە پەنا خودا سەر بۆ کاسانیتریش دادەنەوێنن. لایەنگرانی هەردوك ئایینەکە بەوە تاوانبار دەکرێن کە بۆ لەناوبردنی ئایینی ئیسلام پیلانێکیان دژ بەو ئایینە ڕاستەقینەیە سازکردووە. بەڵام خودا خۆی ئەوان وەك بێ دین سزا دەدا.

لە پەرتوکی قورئاندا چەندین سووڕەی لەسەر خەڵکێك تێدایە کە لە لایەن خوداوە هەڵبژێردراون بەڵام پەیمانەکەیان لەگەڵ خودا شکاندووە و بەوهۆیەوە تاوانێکی گران چاوەڕوانیان دەکا:

*"ئەوسا لەسەر پەیمان شکاندنیان و خۆبواردنیان لە نیشانەکانی خوا و هەر لە ناهەق کوشتنی پێغەمبەرانیان و گوتیان: "ئێمە دڵمان داخراوە"، [بەر نفرینی خۆمان خستن.] هەر*

*خودا خۆی دڵی بە مۆر داخستبوون. ئیتر بەشی کەمیان نەبێ، لە باوەڕهێنان بێ بەشن." (سوورەی٤ ئایەی ١٥٥)*

یەهوودیەکان نەک هەربەوە تاوانبار ناکرێن کە عیسا مەسیحیان کوشتووە، بەڵکوو بە خۆهەڵکێش و ساختەچی دەناسرێن:

*"لەبەر لاڕێ خوا لادانو ئەو بوختانە گەورە بۆ مەریەمیان هەڵبەست؛ لەبەر ئەوەش کە دەیانگوت: ئێمە عیسای کوڕی مەریەمن لەناوبرد – کە پێغەمبەری خوا بوو – کەچی نە ئەوان کوشتیان، نە توانیان لە قەنارەی دەن؛ بەڵام سەریان لی تێکچووبوو، لە ڕایەکەیان دوودڵن لەو باوەڕە و هەر پەیرەوانی گومانن. بێگومان نەیان کوشتووە؛ بەڵکوو خوا بەرەوخۆی هەڵکێشایەوە. خوا هەمیشە خاوەنی دەستەڵات بوە و لە کارزانە. لەوانەی ئەهلی کتێبن، هەر کەسیان – بەر لە مەرگی – بڕوای بە عیسا دەهێنێ، دیارە [عیساش] ڕۆژی قیامەت دەبێتە شایەت لەسەریان." (سوورەی٤ ئایەی ١٥٦ تا ١٥٩)*

لیستەی کلیشەی دژ بە سەهیۆنیستی پەیتا پەیتا دوور و درێژتر دەبێتەوە. بە گشتی یەهوودییەکان بەوە تاوانبار دەکرێن کە خەریکی پاوانکارین و لە کارەکانیاندا ناڕاستن:

*"بەو ناهەقیەی کە لە جوولەکان دەرکەوت و زۆرکەسیان لە ڕێگەی خودایە وەرگەڕان، لەو شتانەی بۆیان ڕەواکرابوو، بێ بەشمان کردن. هەرا بەهۆی سووت خواردنیان، کە پێیان گوترابوو: مەیخۆن و بە فێڕۆ دارایی مەردمیان دەخوارد؛ ئێمەش بۆ ئەو پێ نەزانان و سپڵانە ئازارێکی گەلێ بەژانمان ساز داوە." (سوورەی٤ ئایەی ١٦٠ تا ١٦١)*

هەر تاوانێکی بەژان دەکرێ ڕابوەستێندرێ، ئەگەر محەمەد بە پێغەمبەری خودا بناسرێ و دینی ئیسلام بە فەرمی وەرگیرێت:

*"بەڵام زۆر زاناکانیان و بڕواداران – بەتایبەت ئەو کەسانە وا نوێژ بە باشی بەجێ دێنن – هەروەها زەکات دەران و ئەوانەی کە بە خودا و بە ڕۆژی سەڵا خاوەن بڕوان و بەوەی بۆ تۆ ناردراوەتە خوارەوە و بەوەش وا پێش تۆ ناردراوە، باوەڕیان هەس؛ بە ئەوانە بەم زوانە پاداشێکی گرینگ دەدەین." (سوورەی٤ ئایەی ١٦٢)*

بەڵام ئاگادار بن! تەنانەت ئەو کاتەی یەهوودییەکان دەشیان گوت دینی ئیسلام قەبووڵ دەکەین، نابێ باوەڕیان پێ بکەین:

*"کاتێ دێنەلاتان دەڵێن: مە باوەڕیمان هێناوە؛ کەچی ئەوان دڵ بە حاشا هاتنە ژوور و بە بێ بڕوا وەدەر کەوتن. خوداش لەو شتانەی دەیانشاردەوە ئاگادارترە." (سوورەی٥ ئایەی ٦١)*

بە گشتی لە لایەن جوولەکەکانەوە مەترسیەکی مەزن بۆ سەر زەوی بەدی دەکرێ. خوداش بەو هۆیە لە لایەن محەمەدەوە مرۆڤ ئاگادار دەکاتەوە کە باوەڕیان پێ نەکەن و لە زمانلووسییەکەیان خۆیان بپارێزن. ئاگادارییەك کە هەزار و چورسەد ساڵ بەردەوام دەمێنێ و ئەمڕۆش هەر وەك سەردەمی خۆی لە هەموو مزگەوتە ئیسلامیەکانی ئەم جیهانەوە قاوی بۆ دەکرێ:

*"تۆش بە پێی ئەو فەرمانانەی لە خوداوە بۆت هاتۆتە خوارەوە، بە کاروباریان ڕابگە و وەدوای ئارەزوویان مەکەوە. خۆتیشیان لێ بپارێزە، نەوەکا فریوت دەن و لە هێندێک لەو فەرمانانەی کە لە ئێمەوە بۆ تو هات، هەڵەت بکەن. ئەگەر هەر ڕوویان وەرگێڕا، سا بزانە کە خودا نیازی وایە لە بەرانبەر بازێك لە گوناهەکانیان تۆڵەیان لی بکاتەوە، زۆربەی زۆریش لەو مەردمە لە ڕێ دەرچوون." (سوورەی٥ ئایەی ٤٩)*

بۆ خۆپارێزی لە زمانە لووسییەکەیان، لە باوەڕپێکراوان قەدەغە کراوە دۆستایەتی لەگەڵ یەهوودی و مەسیحیدا بکەن:

*"ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! مەبنە دۆستی ئەم مووسایی و مەسیحیانە؛ با ئەوان دۆستی یەکتر بن. هەرکەسێکیش لەئێوە ببێتە دۆستیان، ئەویش لەوان دەژمێردرێ. ئەوانەی لەسەر ناهەوین، خودا ڕێیان نیشان نادا." (سوورەی٥ ئایەی٥١)*

لە پڕۆسەی نازڵبوونی سوورەکاندا، دنیا بەسەر دوو چەمکی "هێمنی" و "توورەیی" دا دابەشدەکرێ. توورە بێدینەکان واتە یەهوودی و مەسیحی، هێمنیش دیارە محەمەد و باوەڕپێکراوانیەتی. لە کۆتاییشدا دیارە محەمەد و لایەنگرەکانی سەر دەکەون:

*"هەر کەسێکیش دۆستایەتی وەل خودا و پێغەمبەری خواو وئەوانە بێ کە بوونەتە خاوەن باوەڕ، سەر بە خوان و هەر گرۆیە سەر بە خوا بن، سەردەکەون." (سوورەی٥ ئایەی ٥٦)*

محەمەد هاتبوە ناو شارێك كە تا ئەو كاتە عەرەب، یەهوودی و مەسیحی ماوەی چەندین سەدە بوو لە ئاشتییدا لەگەڵ یەكتر ژیانیان دەكرد. محەمەد مرۆڤێكی بێگانە بووە لە شاری مەدینە، بۆ پلانەكانی پێویستی بە یارمەتیی و هاوپەیمان بووە و هەروەها بۆ هەڵسووڕاندنی كۆمەڵگاكەی پێویستییەكی گرنگی بە سیمبول و چاولیكەری و لاساییكردنەوەی داب نەریتە كانی ناو كۆمەڵگاكە هەبووە. هەر وەك شاری مەككە، لە مەدینەش بۆ بانگەوازی ئایینەكەی لەگەڵ كۆمەڵێک دژبەر ڕووبەڕوو بۆوە و بە ناهومێدییەوە بۆی ڕوون بۆوە كە بۆ گەورەكردنەوەی كۆمەڵە ئیسلامییەكەی یارمەتییەكی ئەوتۆی لە لایەن خەڵكییەوە پێ نەكرا. تووڕەیی و دوژمنایەتی دژ بە یەهوودی و مەسیحی لە محەمەدەوە دەستپێكرد. هەر ئەویش بووە هۆی دەستپێكردنی ڕاوو ڕووت، دەركردن و كوشتنیان. ناتەباییەكی ئاشكرا لەگەڵ پرەنسیپی پێشووی واتە پارێزگاری لەخۆ، بەهۆی هەڵس و كەوتی لە شاری مەدینە و هێرشكارییەكەی بۆ سەر شاری مەككە، دەردەكەوێت. ئینجا بە بیانوی خەیاڵاوی و منداڵانەیەوە وەك ئاگاداركردنەوەی جوبرائیل لە پلانی كوشتنی بە دەستی مرۆڤێكی یەهوودی یا كارەساتی ناو دووكانە زێرنگەرەكە، كوشت و كوشتاری یەهوودییەكانی بە فەرمی بەڕێوەبردووە.

لەوانەیە بارودۆخەكە زۆر لەوەش دژوارتر دەبوو ئەگەر ئەو تووڕەییە لە لایەن یەهوودییەكانەوە دەستپێكردبایە. قورئان بۆ ئەو كارەش بەڵگە بەدەستەوە دەدا. لە سەرەتاكانەوە هیچ باس لەوە ناكرێ كە یەهوودی ڕەقیان لە موسوڵمان بێ. كەچی دواتر دەگوترێ كە یەهوودی بەو هۆیە ڕقیان لە موسوڵمانە، چونكە ئەوان باوەڕیان بە خودا هەیە. تاوانێك كە تا ئەمڕۆش لە لایەن ئیسلامییەكانەوە پرۆپاگەندای بۆ دەكرێ:

*"تۆ بەوانەی كە ئەهلی كتێبن بێژە: ئاخۆ هەرچونكە بڕوامان بە خوا هەیە و بڕوامان بەو قورئانەیە كە بۆ ئێمە ناردراوە و بڕوامان بەوانەش هەیە كە پێش قورئان لە خوداوە ناردراون، ئێوە ڕكتان لە ئێمەیە؟ ئێوەش خۆتان بەشی زۆرتان نافەرمانن." (سوورەی٥ ئایەی ٥٩)*

بەربەرەكانی لەگەڵ جوولەكە، لەهەمان سوورەدا پڕتینتر دەبێت. بۆ سزادانیان تاقمێك لەوان لە لایەن خوداوە كراون بە مەیموون و بەراز.

سووکایەتییەك کە تەنانەت تا ئەمڕۆش بە تامەزرۆییەکی بەرزەوە لە ناو وڵاتە ئیسلامییەکاندا قاوی بۆ دەکرێ. تەنانەت سەرۆك کوماری پێشووی میسر واتە محەمەد مورسی لە ئاخەفتنێکدا کە ساڵی ٢٠١٠ بەڕێوەی برد، یەهوودییەکانی بە وەچە و لەدایکبووی مەیموون ناو برد. بە دڵنیاییەوە ئەو بۆچوونەی لە قورئان وەرگرتبوو کە دەڵێ:

*"بێژە: ئاخۆ دەتانەوێ لەوانەو ئاگادار بکەم کە سزایان لە لای خواوە لە سزای وان خراترە؟ کەسانێکن بەر نەحلەتی خوا کەوتن و خوا غەزەبی لێ گرتن و هێندێکیانی کردە مەیموون؛ هێندێکیانی کردە بەراز؛ کە ئەوانە عەبدایەتی بتیان دەکرد. شوێنی ئەوان لە گشت جێیان خراپترە و لە هەموو لەڕێ لادەرێك گومڕاتربوون." (سوورەی٥ ئایەی ٦٠)*

هەر بەوەش هاندانەکە کۆتایی پێ نایە:

*"زۆرێک لەوان دەبینی کە بۆ تاوان و دەست درێژی و حەرام خۆری پێشبڕکەی یەکتر دەدەن؛ ئاکاریان زۆر ناپەسەندە. ئەدی بۆچی خواناسان و زاناکانیان، لە تاوان و حەرامخۆری هیچ دەستیان وەبەرناهێنن؟ دەسکردیان زۆر ناپەسەندە! جوو گوتیان: خودا دەستی بەستراوە. دەك دەستیان لە زنجیر خرێ و بە نەحلەت بن، بۆ ئەوەی لە دەمیان دەرچوو! [با بزانن] دەستی خودا زۆر گوشادن؛ چۆنی خۆی ئارەزوو بکا بەخت دەکا. ئاشکرایە ئەوەی لای پەروەرێنتەوە بۆت هاتووە، لە ئەندازە لادان و خودانەناسی زۆرێك لەوانە پتر دەکا. ئێمەش ئەوا هەتا ڕۆژی هەستانەوە، رکەبەری و دوژمنیمان خستە ناویان. هەرکاتێ کە ئاگری شەڕیان هەڵگرساند، خودا بۆخۆی کووژاندیەوە. تا لە هەردن، هەر بەدفەڕی پیشەیانە و دەیانەوێ خراپە بەڕێوەبەرن و خودا لە خراپەکاران خۆشی نایە." (سوورەی٥ ئایەی ٦٢ تا ٦٤)*

هەمیسان یەهوودیەکان لەعنەتیان لێ دەکرێ و لە ئاگری هەمیشەییدا دەسووتێنرێن:

*"لەو ڕەفتارە نالەبارە وا دەیانکرد، بەرگرییان لەیەك نەکرد. ئای کە چەند خراپەیان کرد! تۆ زۆر لەوانە دەبینی دەبنە دۆستی خوانەناسان. چەن خراپە ئەو تۆشەی پێشی خۆیان خست: تۆشەی تووڕەیی خودا و هەر مانەوە لە ئازاردا." (سوورەی٥ ئایەی ٧٩ تا ٨٠)*

سوورەی پێنج کە ئەو ئایانەی سەرەوەی لەخۆ گرتووە، یەك لەو سوورانەیە کە ئەگەر بە شێوەی کرۆنۆلۆژی سەیر بکرێ، سوورەکانی کۆتایی سەردەمی محەمەد نیشان دەدەن. هەڵس و کەوتی کۆتایی و بڕیاردەر

دژبه یەهوودییەکان بەهۆی سوورەی ٩ وە، کە ئاخرین سوورەی قورئان پێکدێنێ، ئاشکرا دەکری. شەڕێکیماڵوێرانکەر دژبه یەهوودییەکان دەستپێدەکرێ کە تەواوبوونی یا بە وەلانانی ئایینەکەیان و هەڵگەڕانەوەیان بۆ سەر دینی ئیسلام یاخود بە دانی زەکات کۆتایی پێ دێ:

*"وەل ئەوانەدا بجەنگن کە بە خودا و ڕۆژی سەڵا بێ باوەڕن و هەرچی خوا و پێغەمبەری خوا بە نارەوایان زانیوە، ئەمان بە ڕەوای دەزانن و نایەنە سەر دینی ڕاستیش، تا ئەو کاتەی بە زەلیلی و بەدەستی خۆ سەرانەی خۆ بەنگۆ دەدەن." (سوورەی٩ ئایەی ٢٩)*

## تووناکردنی هۆزی بەنوقورەیزە

هەرچەندە محەمەد زیاتر هێزی دەگرت بەو ئەندازەیەش هەڵس و کەوتی گوماناویتر و لەهەنبەر هەموان پارانۆئید دەبۆوە. دیارە گوشاری دەوروبەریشی بارودۆخەکەی هێندەیتریش ئاستەم دەکردەوە.

لە ڕاستیشدا خەڵکانی مەککە بۆ گەمارۆدان و گرتنەوەی مەدینە لەگەڵ چەند لە هۆزەکان یەکیەتییەکیان دژ بە محەمەد پێکهینابوو. بەو پێکهاتە دەیانەویست محەمەد ناچار بکەن دەست لە گەمارۆی بازرگانی شاری مەدینە هەڵبگرێ. بە پێی مێژوونووسانی ئیسلامی، محەمەد خۆی بۆ ئەو شەڕە ئامادە کردبوو: ئەو لەترسی ئەگەری هێرش بۆ سەر شاری مەدینە، فەرمانی هەڵقەندنی خەندەقێکی لە دەوری شار دابوو. سەرەڕای ئەوەش تۆفانێکی بەهێز بووە هۆی کشانەوەی هێرشکەران بۆ سەر شاری مەدینە. باوەڕپێکراوانی ئیسلامی ئەو سەرکەوتنە، کە بە بێ شەڕ پێکهاتبوو، بە پەرجۆی خودایی دادەنێن. خودا تۆفانیکی بەهێزی بۆ پشتیوانی هێزی موسوڵمانان ناردووە.

هێزی داعیش ئەمڕۆ لە ویدیۆ پرۆپاگەنداکانیاندا مرۆڤ وەبیر ئەو شەڕە دەخەنەوە و خۆیان لە شارەکانی سووریا لەگەڵ ئەو سەردەمە و شاری مەدینە هەڵدەسەنگێنن. جێت و فڕۆکەکانی ئەمریکا و ڕووسیا، ئەڕتەشی ئەسەد و شیعەکان بە هاوپەیمانەکانی مەککە دادەنرێن کە دژ بە هێزی ڕاستەقینەی ئیسلامی واتە خۆیان، یەکیان گرتووە. گرنگ نییە داعیش چەند لەو شەڕانە دەدۆڕێنن، یاخود چەندە شار و ناوچە لە دەست دەدەن، گرنگ ئەوەیە باوەڕی سەرکەوتوویی کۆتایی لە مێشکی شەڕکەرەکانیاندا پەروەردە بکەن. چونکە ئەو کارە بەڵێنییەکی پیرۆزە کە خودا بە پێغەمبەر و هاوڕێکانی داوە: لەشکری خودا بەسەر یەکیەتی بێدینانیدا سەردەکەوێ، جا هەر ئەندازەش بەهێز بن!

لەبەر ئەوەی محەمەد ئەمجارەیان بە بی شەڕ سەرکەوتبوو، شانسی دەستکەوتنی کەل و پەلی شەڕی لێ ساندرا. واتە ئەو سەرکەوتووییە هیچ دەستکەوتێکی ماڵیی بۆ شەڕکەرەکانی بە دیاری نەهێنا. کەوابوو، بۆ پڕکردنەوەی سندوقی ماڵیی لەشکرەکەی دەبوو پلانی شەڕێکی نوێ دابڕێژرێت. باشتریش وابوو شەڕێك بەڕێوە بچێ، کە بە چالاکییەکی کەمەوە بتوانن پارەیەکی زۆر وەدەست بێنن. دوژمنی چێکراو لە شاری مەدینە دۆزرایەوە: محەمەد ئاخرین هۆزی پاشماوەی یەهوودی (هۆزی بنی قریظە) لە مەدینەی بە خەیانەتکار تۆمەتبار کرد. بە پێی هەواڵ دەبێ تاقمێك لە ئەندامانی ئەو هۆزە پەیوەندیان لەگەڵ دوژمنانی ئەو لە مەککە گرتبێ و بۆ گرتنەوەی شارەکە، زانیاری گرینگیان لەسەر بارودۆخی شاری مەدینە پێ دابێتن. تەنانەت چەند لە سەرچاوە ئیسلامیەکان لەوەش زیاتر دەڵێن: دانانی بەرنامەی شەڕ و گرتنەوەی مەدینە نەك لە مەککە بەڵکوو لە لایەن یەهوودیەکانەوە داڕژاوە و ئیدەی ئەوان بووە، بۆ تۆڵە کردنەوەی ئەو هۆزانەی محەمەد کوشتوونی یاخود ئاوارەی کردوون.

هەر وەك جارەکانی پێشوو محەمەد و شەڕکەرەکانی ئەم جارەش بۆ ماوەی چوار حەوتوو ئەو هۆزەیان گەمارۆ دا، هەتا هەموویان خۆیان تەسلیمی سوپای ئیسلام کرد. تاوانەکەی ئەمجارەیان زۆر بە توند و تیژی و گران بۆیان تەواو بوو: سەری هەموو پیاوەکان بڕا، پیاو مەبەست ئەو کەسانەیە کە تووکەبەریان لێ هاتبێ. بە پێی بیوگرافیەکەی ابن ئیسحاق (لە دایکبووی ساڵی ٧٠٤ لە مەدینە و کۆچی دوایی لە ساڵی ٧٦٧ لە بەغدا) کە لەسەر محەمەدی نووسیوە، پێغەمبەر خۆی ئەو لێپرسینەوەی لە ئەستۆ گرتووە: "محەمەد خۆی لە گرتوخانەکان حوزووری بووە و فەرمانی داکەندنی پاتۆڵی زیندانیانی داوە و کونتڕۆڵی تووکە بەریانی کردووە و ئینجا فەرمانی سەربڕینیانی داوە." ژن و منداڵەکانیش وەك کۆیلە فرۆشران.

لە سەرچاوەیتردا هاتووە کە محەمەد خۆی فەرمانی کوشتنی ئەو پیاوانەی نەداوە، بەڵکوو لایەنگرێکی شاری مەدینەی ئەو کارەی بەجێ هێناوە. ئەو قەولوبڕە ڕوونی دەکاتەوە کە چلۆن ئەو بڕیارە توند و تیژە دراوە: فریشتەی سەرەکی جوبرائیل خۆی ئەو سزادانەی بە محەمەد

گوتووه. محەمەد ئەمری هەڵقەندنی چەندین گۆڕی داوە و خۆی لە سەربڕینەکاندا حوزووری بووە. تاقمێك لە سەرچاوەکان ٤٠٠ کەس ناو دەبەن کە لەو ڕۆژەدا کووژراون. لە بڕێك سەرچاوە دا تەنانەت قسە لەسەر ٩٠٠ کەس دەکرێت.

جێی سەرنج ڕاکێشانە، کە لە سەرچاوەکانی دواتری ئیسلامیدا ژمارەی کووژراوەکانی یەهوودی کەمتر دەبنەوە و دەبنە ٤٠ کەس. بەو ئەندازەیەی عالمانی ئیسلامی لە ڕوانگەی کاتییەوە زیاتر لە سەردەمی محەمەد مەودا دەگرن، بەو ڕادەیەش ئەو پیاوکووژییەیان لا قورس و گرانتر دەبێ. دەنا چلۆن دەبێ پێغەمبەرێک کە کتێبی قورئان وەك ڕەحمەتێکی ئیلاهی بۆ هەموو مرۆڤی جیهان وێنا دەکا، لە تەنیا ڕۆژێکدا ئەو هەموو مرۆڤە بێ دیفاعە بەدیلگیراوە بکووژێ؟ ئەوە تەنیا جیهادیستەکانن هیچ کێشەیەکیان نییە پێغەمبەر وەك مرۆڤکوژ سەیر بکەن، چونکە لای ئەوان تەنیا ڕێگا بۆهەموو مرۆڤێکی بێ دین، کوشتنیانە. کردارێک کە زۆرجار و لە زۆریەك لە سووڕەکانی قورئاندا دووپات دەبێتەوە.

کێشە لێرەدا تەنیا کردار و کردەوەکانی پێغەمبەر و شەڕکەر و لایەنگرەکانی نین، بەڵکوو ئەو ڕاستییەیە کە قورئان ئەو کوشتار و شەڕخوازیانە بۆ باوەڕپێکراوانی بەفەرمی کردووە:

*"خودا دینی دوژمنەکانی - وێڕای ئەو ڕکەی کە بوویان - کشاندەوە و هیچ بەهرەشیان دەس نەکەوت. لە جەنگدا خاوەن باوەڕان خودایان لایە، بەسیانە. خوا توانای بە دەستەڵاتە. ئەهلی کتێبیش، ئەوانەی پشتیوانی دوژمنان بوون، لە قەڵای هێنانە خوارێ و ترسی خستە دڵیانەوە و هێندێ لەوان بە دەستی ئێوە کوژران و هێندێکیشتان بەدیل گرتن. زەویەکان و خانوەکان و سامانیان و ئەو زەمینەش کە پاتان پێدانابوو، خودا گشتی دا بە ئێوە. خودا توانایی بەسەر هەموشتدا هەیە." (سووڕەی٣٣ ئایەی 25 تا٢٧)*

مێژووی ئەو تووناکردنە واتە پیاوکووژیی بە کۆمەڵی هۆزی بەنوقورەیزە وەك پەڵەیەکی ڕەش و پیس بە ژیننامەی پێغەمبەرەوە نووساوە. زۆرێک لە ئیسلامییە لیبڕاڵەکان بۆیان دژوارە، پاساو بۆ ئەو مرۆڤکوژییە بدۆزنەوە چونکە ئەو کارە دوور لە عەقڵی مرۆڤە، بە پتوونی

هۆزێك گەنج و پیر، ژن، پیاو و مناڵ لەو پیلانەدا بەشدار بووبن و ئاوا بەو شێوە نائینسانییە سزا بدرێن!

ڕەنگە شەڕخوازی لەو سەدەمەدا بە ڕادەیەکی دیاریکراو لە کۆمەڵگاکاندا باو بووبێ، بەڵام تەنانەت بۆ ئەو سەردەمەش کارەساتێکی هاوچەشن نابینرێت کە لەگەڵ ئەو مرۆڤکووژییەی هەڵسەنگێنن. بە پێی یاسای ئەو سەردەمە بەدیلگیراوانی شەڕ یا لە بەرانبەر "فدیە" (خوێنبایی) ئازاد کراون یا وەك کۆیلە فرۆشراون. مرۆڤی خەیانەتکاریش لە شار و وڵات دەرکراون. ئەو کارەساتە تەنانەت بۆ ئەو سەردەمەش ئاکارێکی نامرۆڤانە و بەدوور لە ئەخلاق بووە. ئایین ناس هانس کوینگ "Hans Küng" کە زۆر بە ڕێزەوە سەیری ئیسلام دەکا، کاتێ دەچێتە سەر ئەو مرۆڤکووژییە، بە "پاکتاو کردنی قەومی" ناوی دەبا و بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارەساتە تەنیا محەمەد بە بەرپرس دادەنێ.[23]

کێشەکە لێرەدا تووڕەیی و هەڵس و کەوتی زاڵمانەی محەمەد نییە، کە مرۆڤ لە کۆنتێکستێکی مێژووییدا سەیری بکا، بەڵکوو بە پیرۆزکردنی هەستی رق وکینە و تووڕەییە. پێغەمبەر ئەو کارانە بەجێ دێنی کە خودا داوای دەکا. خودا بۆ گرووپێکی تایبەتی مرۆڤ تایبەتمەندیی نەرێنی دیاری دەکا. خودا بە درۆزن و دەغەڵکار، مەیموون و بەرازیان دەناسێنێ. ئەوان تەنانەت لە ئاژەڵیش خراپترن(سوورەی ٨ ئایەی ٢٢) و دژیان جیهاد وەڕێ دەخرێت. لێرەدا باوەڕپێکراوان بۆ خودا وەك ئامێریان لێ دێ.

ئەو کارە شەڕەکە وەك ئەرکێکی پیرۆز لێدەکا کە هەمیشەییە و هەتا سەرکەوتوویی کۆتایی وەدەست دێ، هەموو کاتێك دەکرێ بەڕێوە بچی. شەڕەکە وەك پلانیکی ئیلاهی بۆ مرۆڤ دادەڕێژرێ، بە جیهانی دەکرێ و وەك ئەرکیکی ئایینی لێ دێ. تەنانەت محەمەد خۆیشی ئەو بەربەرەکانییەی نێوان یەهوودی و موسوڵمانی وەك شەڕێکی کاتی و ئەمانەتی سەیر نەکردووە کە یەهوودیەکان لە بارودۆخێکی تایبەتدا دژ بە خۆی و

[23] Hans Küng: Der Islam, S. 152 f.

سیاسەتەکەی ڕاوەستاوبن، بەڵکوو زیاتر وەك چارەنووسێکی بەربەرەکانی دوور و درێژ کە تا قیامەت درێژەی دەبێ، بینیویەتی:

*"هەتا موسوڵمانان دژ بە یەهوودیەکان نەجەنگن و نەیانکووژن، ڕۆژی قیامەت نایە. جوولەکە کە خۆیان لە پشت بەرد و دار دەشارنەوە، بەرد و دارەکان دەڵێن: ئەی موسوڵمان، ئەی بەندەی خودا، ئەوە جوولەکەیە خۆی لە پشت من شاردۆتەوە، وەرە و بیکووژە!"* [24]

ئەو پەیامبەرییە دڵتەزێنە تا ئەمڕۆش ئیلهام و ئەرکێکە بۆ زۆربەی ئیسلامیستەکان کە فانتازیای تووناکردنی جوولەکان وەك ئەرکێکی پیرۆزی ئیلاهی سەیر دەکەن. پەیمانی ئاشتی و دانەوەی ناوچە داگیرکراوەکان، بۆ ئەوان بێ بایەخە و بۆ کۆتایی پێ هێنان بە شەڕەکە ئەو چەشن بەڵگانە بە ئارگۆمێنت دانانێن. ئایا خودا خۆی قەومی یەهوودی بە خەڵکێك دانەناوە کە لەسەر پەیمانی خۆیان نامێنن؟ تەواوی تەمەنیان وەك خەیانەتکار دەمێننەوە و شەڕ دژ بەوان بەجێهێنانی پلانیکی ئیلاهیە کە تەنیا بە تووناکردنی هەموو یەهوودیەک کۆتایی پێ دێ؟

[24] al-Nawawī: Sahīh Muslim, Hadith Nr. 2922

## [بەشی ٨]

### مەسیحییەکان لە قورئاندا

بە پێچەوانەی یەهوودیەکان، نە لە مەککە و نە لە مەدینەش کۆمەڵێکی گەورەی مەسیحی بوونی نەبووە کە مەترسی سیاسی یاخود ئایینی بۆ محەمەد و ئایینەکەی پێك هێنابێ. تەنانەت هیچ شەڕ یاخود پێکدانانێکی نیزامی لە نێوان ئەو و هۆزە مەسیحیەکان لە دەرەوەی سنووری حوکمرانیەکەی بەڕێوە نەچووبوو. سەرەڕای ئەوانەش پەرتووکی قورئان بە رادەی یەهوودیەکان و بە تێر و تەسەلی لەسەر ئەو ئایینە هەڵوێستی گرتووە. بەتایبەت باس لەسەر ئەو ئایینە لە قورئاندا لەسەر سروشتی عیسا و "مفهوم تثلیث" دەست پێدەکا. مرۆڤ لە خوێندنەوەی ئەو باسەدا ئەو هەستەی تێدا پەروەردە دەبێ کە باسەکە نەك لە دوڕگە عەرەبیەکە بەڵکوو لە دیمەشقەوە سەرچاوەی گرتبێت و وێدەچێ هەمان گفتوگۆ بن کە لە سەردەمی کەون باس لە حوکمرانی ناوچەیی ئیمپراتۆری ڕۆمییەکان دەکەن.

لە سووڕەکانی پێشوی قورئاندا هەڵس و کەوت لەگەڵ مەسیحیەکان هەر وەك هەڵس و کەوت لەگەڵ یەهوودیەکانە. بەسەریاندا هەڵدەڵێ، ئافەرینیان پێ دەڵی و بە 'ئایینی کتێب'یان دەناسێنێ. دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە لێرەدا قورئان بە گشتی تەنیا لەگەڵ "ئینجیل" هەڵس و کەوت دەکا و لێکۆڵینەوە لە ڕوانگە جۆراوجۆرەکانی ئایینی مەسیحی ناکات. لێرەدا پەرتووکی ئینجیل بە کتێبی نووسراوەی دوای مردنی عیسا داناندرێت، بەڵکوو لە لایەن خوداوە ڕاستەوخۆ بە عیسا وەحی کراوە. تەنانەت قورئان بە شێوەی پەرجۆ باس لەدایکبوونی عیسا دەکا. سووڕەیەك بە ناوی "مریەم" بە پتوونی باس لەو پەرجۆیە دەکات:

*"مەریەمی کچی عیمرانیش، ئەوەی شەرمی لە کاری شوورەیی پاراست. ئەوسا ئێمە لە فووی خۆمان تێمان دەماند؛ بە وتار و کتێبیانی پەروەرەندەی بڕوای هێنا و لە ڕێزەی فەرمانبەران بوو." (سوورەی ٦٦ ئایەی ١٢)*

عیسا وەك کەسێکی نیزیك بە خودا و پێغەمبەری خودا کە بە ڕۆحی پیرۆز ڕازاوەتەوە، دەناسێنرێت:

*"ئێمە خۆمان کتێبمان داوە بە مووسا و چەند پێغەمبەری تریشمان لە دوای نارد. چەند بەڵگەی ئاشکراشمان دا بە عیسای کوڕی مەریەم، لە گیانی پیرۆزی خۆشمان یاریدەن دا. هەتا ئێستا هەر پێغەمبەرێکوو بۆ هات و شتی وای گوت کە ئێوە لێتان خۆش نەهات، خۆتان لەو بە زلتر زانی و بە هێندێکتان گوت درۆزن و هێندێکیشیانوو هەر کوشتوون." (سوورەی٢ ئایەی٨٧)*

لە ڕوانگەی قورئانەوە عیسا یەك لە پێغەمبەرانە، بەڵام نەك کوری خودا. هاوکاتیش یەك لەو مرۆڤانەیە کە دەبێ توانای پەرجۆی پێدرابێ. قورئان ئاماژە بە پەرجۆکەی دەکا و تەنانەت شتی تریشی لێ زیاد دەکا:

*"دەشیا بە پێغەمبەرێك بۆ سەر نەتەوەی ئیسرائیل. [پێیان ئێژێ:] ئەوا من لە پەروەرەندەوڕا نیشانەم بۆ هێناون. هەر لە حەڕی شکلی مەلێك ساز دەکەم و بە ئیزنی خودا فووی تێ دەکەم، دەبێتە باڵداری ڕاست و جگە لەوەش زگماك کوێر و پێست بەڵەکان چارە دەکەم و بە ئیزنی خودا مردوو زیندوو دەکەمەوە و هەرچی لە ماڵوودا دەیخۆن، هەرچی تێشیدا ڕادەگرن، پێیان دەڵیم. ئەمانە بەڵگە و نیشانەن بۆتان، ئەگەر بڕوادار بن." (سوورەی ٣ ئایەی ٤٩)*

یەکەم ئاماژەکردن بە باوەڕداریی مەسیحیەکان لە سوورەی ٨٥ دا هاتووە. لەوێدا دەڵێ: "باوەڕپیکراوان، بە ئەمەکداریی حورمەت لە هەنبەر سووتاندنی گرووپێکی مەسیحی، پیش هاتنی ئیسلام لە یەمەن بەهۆی باوەڕەکەیانەوە ئازار دراون":

*"بەو عاسمانە بەکەلوانە، بەو ڕۆژە دیاریکراوەکەش، بە بینەر و بەوەش کە دێتە بەرچاوان، قڕان کەوتە نێوانی خەندەك لێدەران. هەر ئێڵەی بوو گڕی بەرزی ئاگربەران. خودی خۆشیان بە سەریەوە ڕۆنیشتبوون. چاوەدێری ئەو کارەش بوون کە دەربارەی باوەڕدارەکانیان دەکرد. تەنیا بۆیەش لەوانە بەڕکدا چووبوون، هەر چونکە خوای هەرە خاوەن دەسەڵاتی شایانی تاریف کردنیان پەرستبوو." (سوورەی ٨٥ ئایەی ١ تا ٨)*

له سووڕەی ٥٧ دا لایەنگرەکانی عیسا بە میهرەبان و دڵۆڤان دەناسرێن:

*"لەپاشان بەشوێن ئەواندا گەلێك پێغەمبەرانمان ناردن؛ دوای ئەوانیش عیسای کوڕی مەریەمن نارد و ئینجیلمان پی خەلات کرد. دڵۆڤانی و بەزەیشمان خستە دڵی پەیرەوانی." (سووڕەی ٥٧ ئایەی ٢٧)*

هەر بەو شێوەیەی عیسا زیندوو بۆتەوە و بەرەو ئاسمان ڕاکێشراوە، بە هەمان شێوەش مەسیحییەکان لە قورئاندا وەك باوەڕپێکراو سەیر دەکرێن و لە ڕۆژی قیامەتیش وەبەر ڕەحمەتی ئیلاهی دەکەون:

*"ئەوسا خوا گوتی: ئەی عیسا! من بۆخۆمت دەبەمەوە و لە لای خۆم جێ بەرز دەبی و لەوانەت پاك دەکەمەوە کە باوەڕیان نەهێناوە و ئەوانەش کە پەیرەوی تۆن، هەتا قیامەت زاڵیان دەکەم بەسەر بێ باوەڕەکاندا. لەپاس ئەوە گشتوو دێنەوە لای خۆم و بەو کێشە و گێرە ڕادەگەم کە لە نێوانتاندا روویدا." (سووڕەی ٣ ئایەی ٥٥)*

*"ئەهلی کتێب گش وەك یەك نین؛ کۆمەڵی وایان تێدایە کە ڕوو بە خوا دەوێستن و بەشەوا ئایەتانی خوا دەخوێننەوە و سەر دەخەنە سەر سوژدە؛ بڕوایان هەیە بە خوا و ڕۆژی سەلا و فەرمان بە چاکە دەدەن و ڕێگە لە خەراپە دەبڕن و بۆ خێرکردن مله دەکەن؛ ئەوانە لە پیاو چاکانن. هەر کارێکی چاك ڕچاو کەن، بێ بەهرە نامێنێتەوە و خوا ئەوانەی لێی دەترسن، باش دەناسێ." (سووڕەی ٣ ئایەی ١١٣ تا ١١٥)*

هەموو قورئان ناسان لەسەر ئەو خاڵە یەکدەنگن کە ئاماژەکردن بەو کۆمەڵە لێرەدا مەبەست مەسیحیەکانە. کتێبی قورئان لە سووڕەی ٥ دا نیزیکایەتی نێوان مەسیحی و موسوڵمان نیشان دەدا:

*" هەرگا گوێ دەگرن لەوانەی کە لە خواوە بۆ پێغەمبەر نادراون، دەیانبینی ئەسرین لە چاویان دەوەرێ و چونکە لە ڕاستیەکە دەگەن، ئێژن: ئەی پەروەرەندەمان! ئەوا باوەڕیمان هینا، سا تۆش ناومان وەل شایەتاندا بنووسە. ئێژن: جا چۆن باوەڕ بە خوا ناهینین و باوەڕ بەم ڕاستیە نەکەین کە ئێستا بە ئێمە گەیشت؟ کەچی هیوامان ئەمەیە، پەروەرەندەی هەموو لامان بمانخاتە ناو گرۆی پیاو چاکەکانەوە! لە هەنبەر ئەو قسانەدا ئەوان وتیان، خوا دەیانباتە باغاتێك جۆباریان بەبەردا دەڕوا و هەتا سەر هەر تیا دەبن. پاداشی ئاکارە باشەکان هەر وا دەبێ. ئەو کەسانەش کە دژ بە دین وەستانەوە و نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆزانی، دیارە جەحەنەم جێیانە." (سووڕەی ٥ ئایەی ٨٣ تا٨٦)*

ئەوە بەو مانایەیە کە باشترینی مەسیحیەکان ئەو کەسانەن کە کاتێ گوێیان لە قوڕئان بێ دڵیان نەرم دەبێ، محەمەد بە پێغەمبەری خودا دەناسن و وەك تاجدارێك لە بەرانبەریدا سەر دانەوینن.

بە پێچەوانەی مەسەلەی یەهوودیەکان، گرۆی مەسیحی هیچ غەرەزێکی دیاریکراویان نەبوو کە بە ویستەوە دژ بە محەمەد و هاوڕێیانی بەرێوەی بەرن. ئەوان نە دژ بە محەمەد سەربزێوییان دەکرد و نە بۆ محەمەد وەك مەترسیەکی ئایینی - سیاسی لە ئەژمار دەهاتن. سەرەڕای ئەوانەش لەگەڵیان هەر وەك یەهوودی کە پەیامەکەی محەمەدیان نەدەسەلماند، هەڵس و کەوت دەکرا: مەسیحیەکان لە سەرەتاوە ناڕاستەوخۆ و دواتر ڕاستەوخۆ سووکایەتیان پێدەکرا. لە سەرەتاوە بە چەواشەکەری کتێب و دواتر بە بێ ئیمان تاوانبار کران.

*"ئەو کەسانەی دەڵێن: خودا خۆی مەسیح کوڕی مەریەمە، دیارە لە دین وەرگەڕاون. کەچی مەسیح گوتوویەتی: ئێوە ئەی بەرەی ئیسرائیل! ئەو خودایەی بپەرەستن کە منی پەروەردە کرد و ئێوەش ئەو پەروەراندویە؛ هەر کەسێکی شەریك بۆ خودا پەیدا بکا، خوا بەشی لە بەهەشت دەبڕێ و جێی ئاگرە و هەر کەسێ ناهەقی بکا، هیچ کەسی دەهانا نایە. ئەوانەی کە گوتیان: خودا سێهەمینە لە سێ کەسان، بێ سۆ لە دین لایان داوە. جگە لە خودای تاقانە، هیچ کەس بۆ پەرەستن ناشێ. ئەگەر بێتو دەس هەڵنەگرن لەو قسانە- ئەوانەیان کەوا لە دین لایانداوە – گرفتاری ئازارێکی بە ژان دەبن. بۆچ ئەوانە پەشیمانی نابەنە بەر قاپی خودا و داوای بەخشینی لێ ناکەن؟ کە خودا لە گوناە دەبووریێ و دڵۆڤانە. مەسیحی فەرزەندی مەریەم لە پێغەمبەرێك بەولاوە چی تر نییە، کە بەر لەویش فرەیەك پێغەمبەریتر هاتوون و چوون. دایکی ئەویش ژنێکی ڕاست و دروست بوو؛ هەردووکیان خۆراکیان دەخوارد. دە بڕوانە چەند نیشانەی ئاشکرایان نیشان دەدەین. دیسان تۆ لەوە ڕامێنە، چۆنین لە هەقێ لا دەدرێن؟ بێژە ئاخۆ غەیرەز خودا ئێوە دەچن شتانی وا دەپەرەستن کە نە دەتوانێ زیانو پێ بگەێنێ و نە پێی دەکرێ بەهرەی بۆ ئێوە تێدابێ؟ زۆر بیسەر و فەرزانەش هەر خودایە." (سوورەی ٥ ئایەی ٧٢ تا٧٦)*

بە چ شێوەیەك دەکرێ ئەم شك و وەسواسیە ڕوون بکرێتەوە؟ بەستێنی ئەو سووکایەتییە ئەوەیە: کتێبی قورئان دەڵێ، عیسا کاتێکی دیاریکراوی بۆ پێغەمبەرییەکەی بۆ دانراوە، و دوای ئەو، پێغەمبەرێك بە ناوی ئەحمەد (کە وشەی بنەڕەتیەکەی وەك محەمەدە) دەبێ بێ کە لە ئایینی مەسیحیشدا ئاماژەی پێکراوە:

*"کە عیسای کوڕی مەریەمیش گوتی: ئەی بەرەی ئیسرائیل! ئەمن پێغەمبەری خودام بۆ لای ئێوە؛ ئەو تەوراتە دەسەلمێنم کە لە پێش مندا هاتووە؛ مژدەو لی بێ پێغەمبەرێك لەپاش من دێ وەناو ئەحمەد. وەختێ بە چەند نیشانەی دیاریدەرەوە هاتە لایان، گوتیان: ئەمە هەر بە ئاشکرا جادوە." (سوورەی ٦١ ئایەی ٦)*

محەمەد باوەڕی ڕاستەقینەی بەوە بووە کە ئەو پێغەمبەرەی ناو ئینجیل دەبێ خۆی بێ. بەڵام کێشەکە لێرەدایە مەسیحیەکان لە کتێبەکەیاندا نە ناوی ئەحمدیان چاو پیکەوتبوو و نە پەیامی هاتنی پێغەمبەرێکی نوێ. ئەو بۆچوونە لە بەشێکی ئینجیلی یوحنادا سەرچاوە دەگرێ کە لەوێدا عیسا دەڵێ:

*"من دۆعا بۆ باوکمان دەکەم، ئەویش سوکنایی بە ئێوە دەدا، کە تا ئەبەد لای ئێوە دەمێنێتەوە: ڕۆحی ڕاستەقینە ناتوانی دنیا وەربگرێ، چونکە نە دەیناسێ و نەدەیبینێ. ئێوە ئەو دەناسن، چونکە ئەو لای ئێوە دەمێنێتەوە و لەناو ئێوەدایە." (یۆحنا ١٦:١٤)*

لێرەدا بە ئەگەری زۆر خراپ تێگەیشتنێك زیاتر نییە. ئەو شتەی مەسیحی بە ناوی "ڕۆحی پیرۆز" باسی لێوە دەکا، لە ناو موسوڵمانانداا تەنانەت تا ئەمڕۆش وەك ئاماژەیەك بە پێغەمبەر سەیر دەکری. هەرچۆنێك بێ، بەوهۆیەی مەسیحییەکان ئەو پێشگوویییەیان نەتوانیوە یاخود نەیانویستوە بیسلمینن، زمانی قورئان لە هەنبەر ئەواندا گۆڕانی بەسەردا هات و بە پێی کات، هەڵوێستی شەڕخوازی لەهەنبەردا گرتن. لە سوورەی یەکەمی قورئاندا کە ڕۆژانە حەڤدە جار لە کاتی نوێژکردندا لە لایەن موسوڵمانانەوە دەخوێندرێتەوە، مەسیحیەکان پێکەوە لەگەڵ یەهوودی قێز و بێزارییان لێ دەکرێ:

*"لە ڕاستەڕێ شارەزامان کە، ڕێی ئەوانەی کە خۆت چاکەت لەگەڵ کردوون نەك ئەوانەی کە وەبەر تووڕەیی کەوتوون، نەك ئەوانەش کە لە ڕێگات لایان داوە." (سوورەی١، ئایەی٦تا٨)*

ڕاڤەکاری قورئان ابن کثیر "Ibn Kathīr" (ساڵی ١٣٠١ لە بوسرای سووریە لە دایك بووە، کۆچی دوایی: ساڵی ١٣٧٣ لە دیمەشق)، دەنووسێ، کە بە فورمولبەندی یەکەم واتە ئەو کەسانەی وەبەر تووڕەیی کەوتوون،

مەبەست یەهوودیەکانە و دووهەمیان واتە لە ڕێ لادەرەکان، مەبەست مەسیحییەکانن. ابن کثیر لیستەیەکی قسەکانی محەمەد دەهێنێتەوە کە لە لایەن عالمانی ئیسلامییەوە سەلمێنراون، و تێیاندا ئەو چەشنە نووسینە پشت ڕاست دەکاتەوە.[25] شی کردنەوەیەك کە 'الطبری'ش دەیسەلمێنێ.[26] تەنانەت ئەمڕۆش ئەو بۆچوونە لە ئارا دایە کە مەبەست لەو سووڕەیە یەهوودی و مەسیحیەکانن.

---

[25] Ibn Kathīr: tafsīr, Sure 1

[26] al-Tabari: tafsīr, Sure 1

## قەدەغەی دۆستایەتیکردن، دواتریش شەڕ

لە هەنگاوێکیتردا دۆستایەتیکردن لەگەڵ مەسیحی و یەهوودی لە موسوڵمانان قەدەغە دەکرێت:

*"ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! مەبنە دۆستی ئەم مووسایی و مەسیحیانە؛ با ئەوان دۆستی یەکتر بن. هەرکەسیش لە ئێوە ببێتە دۆستیان، ئەویش لەوان دەژمێردرێ. ئەوانەی لەسەر ناهەقین، خودا ڕێیان نیشان نادا."* (سوورەی٥ ئایەی ٥١)

بە بێ بوونی هیچ بەڵگە یاخۆد هۆکارێك، هەروەها بە بێ هەڵاواردن پێش بە دۆستایەتیکردنی موسوڵمان لەگەڵ مەسیحی دەگیرێت. ڕێپێشاندەرییەکی تووناکەر، کە تا ئەمڕۆش متمانەپێکردنی پەیوەندی نێوان مەسیحی و موسوڵمانی خەوشەدار کردووە. نەک هەر ئیسلامیستەکان بۆ پەرەپێدانی شەڕخوازی و رق و کینە لە نێوان مەسیحی و موسوڵمان لەو سوورەیە کەڵك وەردەگرن، بەڵکوو زۆربەی دایك و باوکە موسوڵمانەکان منداڵیان فێر دەکەن کە لە قوتابخانەکان دۆستایەتی لەگەڵ مناڵانی مەسیحی نەکەن. هەڵس و کەوت و بۆچوونێکی ئەو تۆ دیوارێك لە نێوان مناڵان و گەنجانی موسوڵمان و کۆمەڵگا بەتایبەت لە وڵاتە بیانییەکان پێکدێنێ کە نەک هەر زیان بە پێکەوە ژیانی چەند ئایینی دەگەیێنێت، بەڵکوو دەبێتە هۆی پێکهێنانی چەند کۆمەڵگای هاوتەریب لە پەنا و لەناو یەکتردا. دیارە دەبی لەو پەیوەندییەدا ئاماژە بەوەش بکەین کە تاقمیك لە ئیمامانی ئیسلامی ئەو سوورەیە تەنیا لە پەیوەندیی ناکۆکی نێوان مەسیحی و موسوڵمانی سەردەمی محەمەددا دەبینن.

سەرەڕای ئەوەی کە مەسیحیەکان دژ بە محەمەد و کۆمەڵەکەی هیچ شەڕێکیان بەڕێوە نەبردووە و هیچ ئاژاوەیەکیان دژ بەو و یارانی نەناوەتەوە، لە لایەن ئیسلامیستەکانەوە لە شەڕی مان و نەمان دژ بە بێ دینەکاندا تێکەڵاو کراون هەر وەك لە سوورە کۆتاییەکانی قورئاندا روون کراوەتەوە:

*"وەل ئەوانەدا بجەنگن کە بە خودا و ڕۆژی سەڵا بێ باوەڕن و هەرچی خوا و پێغەمبەری خوا بە نارەوایان زانیوە، ئەمان بە ڕەوای دەزانن و نایەنە سەر دینی ڕاستیش، تا ئەو کاتەی بە زەلیلی و بە دەستی خۆ، سەرانەی خۆ بەنگۆ دەدەن."* (سووڕەی٩ ئایەی ٢٩)

ئەو سووڕەیەش لە لایەن ئیسلامیستەکانەوە بۆ پاساوکردنی شەڕ، دژایەتی لە هەنبەر مەسیحی و تووناکردنی شار و ناوچەکانی ژیانیان دەهێنرێتەوە. بە دەستەوەگرتنی پەرچەمی ئیسلامی دژ بە دنیای بێدینەکان لەمڕۆدا ئاکامیکی زۆر ترسێنەری بەدواوەیە. هەوڵی مرۆڤکوژی لە شاری مونیخی ئاڵمان لە مانگی یولای ساڵی ٢٠١٦ لە لایەن لایەنگرانی داعیشەوە لەسەر تویتر "Twitter" بەو وشانە پێشوازی لێوە کراوە: **"ئێوە لە هیچ جێگایەك ئەمنیەتتان نییە! ئێوە دەرگاکانی جەهەنەمتان کردۆتەوە!"**

تەنانەت ئەگەر ئەو ڕووداوانە لە لایەن ئیسلامیستەکانیشەوە بەڕێوە نەچووبێ، ئیسلامیستە ڕادیکاڵەکان بە قازانجی خۆیان کەڵکی لی وەردەگرن و پرۆپاگەندەی خۆیانی پێوە دەکەن. هەروەها بەهۆی پەیوەندیدانی کێشەکان بە سووڕەکانی قوڕئانەوە، پاساوی کارە شەڕخوازەکانیان دەدەن و بە یارمەتی سووڕە شەڕخوازەکانی ناو قوڕئانەوە کارە نائینسانیەکانیان بە فەرمی بەڕێوە دەبەن. دەڵێن: "ئەوە ئێمە نین کە دەرگاکانی جەهەنەممان کردۆتەوە، بەڵکوو ڕۆژئاواییەکان خۆیان دەستیان بەو کارە کردووە".

## [بەشی ٩]

### ژن لە قورئاندا

تەوەری ژن لە ئیسلامدا تەوەرێکی گەلێك جێی باس و گفتوگۆیە کە بەشێوەیەکی عاتیفی باسی لێ دەکرێت. زۆربەی ئەو باسانە لەسەر چارشێو یا لەچکە، مەلێکردنی ناو ئاو بۆ کچانی ئیسلامی لە قوتابخانەکانی ڕۆژئاوایی، بە شوو دانی بەزۆر و هەروەها کوشتنی ناموسییە. کێشەگەلێك، کە هەم بۆ کارزانان و هەم بۆ مرۆڤی ئاسایی بە بێ ئاماژەکردن یاخود دەست دانانە سەر ناوکی کێشەکانی ژن لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا زۆر جار جێی سەر لێ شێواویە.

ڕەخنەگرانی ئیسلامی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان بارودۆخی پڕمەترسی زۆربەی ژنانی ناو کۆمەڵگا ئیسلامییەکان و هەڵس و کەوتی پەرتووکی قورئاندا دەبینن. باوەڕپێکراوانی ئیسلامی و هەروەها تاقمێك لە ژنانی ئیسلامی بە پێچەوانەی ڕەخنەگران، لەسەر ئەو باوەڕەن کە ژن هەر وەك پیاو لەسەر مافێکی بەرانبەر لە ئاینی ئیسلامدا هەڵس و کەوتی لەگەڵ دەکرێت. چەوسانەوەی ژنان لە تاقمێك لە وڵاتانی ئیسلامی لەگەڵ داب و نەریتی ئەو وڵاتانە پەیوەند دەدەن و دەیگەڕێننەوە بۆ داب و نەریت و خوڕافاتی هۆزە کۆنەکانی وڵاتانی عەڕەبی سەردەمی خۆی. هەروەها بە ئامەزرۆییەوە ئاماژە بە هەڵس و کەوتی دژ بە ژنی کتێبی تەورات و ئینجیل و هەروەها ڕەفتاری تووڕەیی دژ بە ژنان لە هیند دەکەن بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئەو کێشەیە تەنیا لە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ئیسلامیدا نییە.

ئێستا زۆر کارێکی دژوار و قورس و گرانە پەیوەندیی نێوان ئایین و فەرهەنگ، واتە داب و نەریت جیا بکرێتەوە، چونکە ئیسلامی ئەو سەردەمە خۆی لەڕاستیدا بەرهەمێکی تێکەڵاو لە داب و نەریتی هۆزە عەڕەبەکانی ئەو ناوچانە بووە. زۆربەی یاساکانی ئەو سەردەمە لە

پەیوەندی لەگەڵ ژندا لە لایەن ئایینی ئیسلامەوە یەکاو یەك وەرگیراون و تاقمێکیشیان فڕێ دراون و یاسای نۆێیان لەجێ دانراوە. بەڵام ئەو کارانە هیچ شتێك ناگۆڕن کاتێ کە ئەمڕۆ، دنیای ئیسلام لە پلەی یەکەمدایە بۆ چەوسانەوەی ژن بەتایبەت هەڵس و کەوتی توورە، ئازاردان و تەنگ پێ هەڵچنینی سێکسی ژنان و کیژان لە کۆمەڵگادا.

دیارە بۆ گەیشتن بەو ئازارە تاڵە ڕاستەقینەیە لە پەنا پەروەردەکردن، جیهان بینی، خەنی بوون، شەڕ و ئاشتی، ئایینیش بە بێ شك کارتێکەری خۆی بووە کە ئایا ژن مافی خۆی لەکۆمەڵگاکاندا پێدراوە، یاخود لە قەفەزێکی فەرهەنگی – ئایینی دا قەتیس کراوە. بارودۆخی ئاڵۆز و پەرێشانی تایبەتی لێرەدا ئەوەیە کە ئایین لە جیهانی ئیسلامدا هەر وەك ڕابردوو، مەزنترین هێزی پێکهیناوە. هێزی ئەو ئایینە کارتێکەریی لەسەر پەروەردەکردن، فێربوون، جیهانبینی، ئابووری و تەنانەت چۆنیەتیی هەڵس و کەوتی ئەو بنەماڵانەش داناوە کە باوەڕیان بە یاسای ئیسلامی نییە. ئەو ئایینە شوێن لەسەر چەشنی بیرکردنەوە و بەگشتی وێناکردنی مرۆڤ دادەنێ و هەروەها تێگەیشتنێکی تایبەت لە ژن لە پەیوەندایەتی سێکسیدا دەخوڵقێنێ.

ڕوونکردنەوەی نەخش و ڕەنگاڵەیی ژنان لە ئیسلامدا زۆر چەتوونە و مرۆڤ زۆر بە هاسانی لە شەڕگە لادەدا. لە لایەکەوە ڕەخنەگران، لەو لاشەوە داکۆکیکاران و ئەوانەی وا بۆچوونێکی ڕێژەییان هەیە. هەردووك لایەنەکان بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانیان نموونەی زۆر فناتیکانەیان دروست کردووە: لە لایەکەوە ژن خراوەتە ژێر چارشێو و عەباوە، لەملاشەوە ژنێکی ئیسلامی سەرکەوتوو، ئازاد و بە بێ داپۆشراو نیشان دەدرێ. لەپێناو دۆزینەوەی ناسنامە و وەفادارییدا – کە ڕێگایەك هەڵبژێرن بۆ ڕادیکالبوونەوە یا گرتنی ڕەوتێکی میانەڕەوانە، هەردووك لا کەڵکیان لی وەردەگیرێت. ناوەڕاستی ئەو ناوە (واتە بەشی زۆرینەی مرۆڤ) زۆر کەم ڕۆشنایی دەخرێتە سەر یاخود هەستی پی دەکرێ. ڕەخنەگر هەر وەك نیسبی گەر پێێخۆشە لە وێناکردنەکەیدا شتی سەلمێنراو ببینێ .

با سەیرێکی قورئان بکەین، بزانین ئەو پەرتووکە و ئەو داب ونەریتەی لەسەر ئەو دروستکراوە، سەبارەت بە وێنەی ژن چیمان دەداتە دەست. با بزانین کتێبی پیرۆزی موسڵمانان چی لەسەر پەیوەندایەتی ژن و پیاو و تەوەری سێکس پێیە؟ ئایا ژن جیا لە دەوری "ژنی ناوماڵ و دایك"، کە بۆی دیاری کراوە، بە شێوەیەکیتر بوونی هەیە؟ ئایا پەیوەندایەتیی لە نێوان وێنەی ژنی ئیسلامی و دەستدرێژی سێکسیدا هەیە؟

**ژنی نموونە**

بە پێچەوانەی کتێبی ئینجیل، کە تەنیا"حەوا" بە بەرپرسی خولْقاندنی "گوناح" دانانێ، پەرتووکی قورئان هەم ئادەم و هەم حەوا پێکەوە بە شەریك بۆ ئەو کارە دەناسێنێ. هەردووکیان هاوکات بە مافی بەرانبەرەوە تاوانیان درایە پاڵ و لە بەهەشت دەرکران – ئەوەشیان وەك تاوانکار پێ ڕاگەیێنرا. لە قورئاندا نەگوتراوە کە حەوا لە پەراسووی ئادەم دروستکراوە، بەڵکوو:

*"ئەی خەڵکینە! هەر لە نێر و مێوێکەوە ئێوەمان وەدی هێنا و کردوومانن بە چەند گەلێك و چەند هۆزێك هەتا یەکتری بناسن. بەڕێزترینتان لای خودا، پارێزگارترەکانتانن. خوا زانایە و ئاگادارە."* (سووڕەی٤٩ ئایەی ١٣)

ئەگەرچی دەنگی پەرتووکی قورئان هەر وەك کتێبی ئینجیل زۆر باوك سالارانەیە و رووی گوتەی لە پیاوانە، بەڵام لای کەم جارجارە وەك زیندوەرێکی ئازاد و بێ هەڵواسین بە پیاوانەوە، باس لە ژنان دەکا کە بەرپرس بۆ کردەوەی خۆیانن:

*"پیاگ و ژنی موسوڵمان و مێروپیرەکی بە باوەڕ، پیاگ و ژنی فەرمانبەر و پیاو و ژنی قسەڕاست و پیاو و ژنی خۆڕاگر و پیاو و ژنی بێ فێز و خۆبەزل نەزان، پیاو و ژنی سەدەقەدەر و پیاو و ژنی ڕۆچەوان و پیاو و ژنی نامووس پارێز پیاوێ کە زۆر یادی خودا دەکەن، لە خوداوە لێخۆشبوون و پاداشێکی گەورەیان بۆ داندراوە."* (سووڕەی٣٣ ئایەی ٣٥)

جێی سەرسووڕمانە کە کتێبی قورئان بەدوای گەڕانی نموونە بۆ باوەڕپێکرانی و بۆ هێنانەوەی نموونەی مێژووی ڕابردوو، بە شێوەیەکی

ئوتۆماتیك ناچێته سەر پیاوان، بەڵکوو زۆر جار لە ژنان نموونە دێنێتەوە. جا چ نموونەی ئەرێیی بێت یا نەرێنی: بۆ وێنە ژنەکانی نوح و لوت کە هەردووکیان سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ پێغەمبەر زەماوەندیان کردووە، بەڵام هەردووکیان بە لە ڕێ دەرچووگ و خەیانەتکار، تۆمەتبار کراون. یا ژنی فیرعەون کە لەگەڵ حاکمێکی زاڵمی بێ دین زەماوەندی کردووە، بەڵام بە بێ ترس، باوەڕی بە خودا بووە. هەروەها مریەمی دایکی مەسیح:

*"خوا ژنی نووح و ژنی لووت - بۆ ئەوانەی خوانەناسن - بە نموونە دێنێتەوە. هەرتك لەبن دوو عەبدی چاکی ئیمە بوون. غەیانەتیان دەگەڵ کردن. نەیانتوانی لە لای خودا هیچ شتیان دەربارە بکەن. وترا: ئێوەش بڕۆنە ناو ئاگرەوە، وێڕای ئەوانەی دەیچنێ. خودا ژنەکەی فیرعونیش - بۆ کەسانی خاوەن باوەڕ - بە نموونە دێنێتەوە. کە لەبەر پەروەرەندەی خۆی پاڕایەوە: تۆ لە لای خۆت لە بەهەشتا ماڵێکم بۆ دیاری بکە و ڕزگارم کە لە فیرعەون و کردەوەی ئەو؛ لە کۆمەڵی ناهەقانیشم ڕاهی کە. مەریەمی کچی عیمرانیش، ئەوەی شەرمی لە کاری شوورەیی پاراست. ئەوسا ئێمە لە فووی خۆمان تێمان دەماند؛ بە وتار و کتێبانی پەروەرەندەی بڕوای هێنا و لە ڕێزەی فەرمانبەران بوو. " (سووڕەی٦٦ ئایەی ١٠ تا ١٢)*

ئەو نموونانە رووی خۆیان لە هەموو باوەڕپێکراوان دەکەن، کە وەبیریان دەهێناوە: "ژنان وەك نموونە دەبێ لە خزمەت پیاواندا بن". جێی سەرسووڕهێنەر لێرە دایە کە بڕیاری ژنێك بە ویستی پیاوەکەیەوە نەبەستراوەتەوە و ئەگەر ژنەکە بیەوێ دژ بە خوڕیی چۆم مەلی بکا، مەیلی خۆیەتی، بەتایبەت لەسەر تەوەری ئایین. تەنانەت ئەگەر ژنێك لەگەڵ باوەڕپیکراوێکی ئاییني پیاو زەماوەندی کردبێ، ئیتر زۆر لەو ئازادییە دوور ناکەوێتەوە. دواتر دەچینەوە سەر ئەو باسە.

## ژن و پیاو له یەك ڕیزدا

هاونرخی ژن و پیاو بەوەدا دەناسرێتەوە، کە قورئان حوکمی داب و نەریتێکی زاڵمانە ڕەد دەکاتەوە کە لە لای هەندێك لە هۆزەکانی دورگەی عەڕەبی باو بووە: "باوکەکان منداڵی لەدایکبووی کچیان بە زیندوویی لە گۆڕ ناوە، چونکە بەردەوام ئارەزووی کوڕیان کردووە":

*"کاتێ هەموو گیانەکانیش ولفی یەك بوون، لە دۆتی زیندەبەگۆڕیش پرسیار کرا: بە کیژان گونە ە کوژراوە." (سوورەی٨١ ئایەی ٧ تا ٩)*

لە جێیەکیتردا ئەو دابونەریتە هەمیسان وەك هەڵە ناوبراوە:

*" هەر کاتێکیش مژدەی کچێ بۆ یەکێك لەمانە بچێ، ڕوخساری ڕەش هەڵدەگرێ و لەبەر خۆی پێش دەخواتەوە. لە مەینەتی ئەو هەواڵەی پێیدراوە، لە هۆزی خۆی تەرە دەبێ؛ ئاخۆ بە سووکایەتی بەخێوی بکا، یان دەناخی ئاخی ڕاکا؟ ئای چەند خراپ پێ ڕادەگەن." (سوورەی١٦ ئایەی ٥٨ تا ٥٩)*

بەهۆی ئەوە و سوورەی پێشوو ڕوون دەبێتەوە کە پەرتووکی قورئان کوڕ و کچ وەپێش یەکتر ناخا بەڵکوو هەردووکیان وەك خەڵاتی خودا دادەنێ:

*"لەو ئاسمانانە و زەمینە فەرمانڕەوا هەر خودایە و چی بخوازێ دروس دەکا؛ بە یەکێ کچ دەبەخشێت و بە یەکێ کوڕ؛ ئیتر بەمەیلی خۆیەتی. یان جۆتکی کوڕ و کچیان دەداتێ و مەیلی لێ بێ، هێندێکیانیش نەزۆك دەکا. هەر خۆی زانایە و توانایە." (سوورەی٤٢ ئایەی ٤٩ تا ٥٠)*

ئەگەر مرۆڤ ژیننامەی محەمەد وەبیر خۆی بێنێتەوە، دەتوانێ باشتر لەو چەشن نووسراوانە تێ بگا: پێغەمبەر خۆی کوڕی نەبووە، هەر بەو هۆیەش زۆرجار خەڵکانی مەککە بە چاوی سووکەوە سەیریان کردووە. بە دانانی کوڕ و کچ لە پلەیەکدا ویستوویە خۆی لەبەرچاو خەڵکیدا ئاسایی بکاتەوە. بە پێچەوانە ناتوانێ بە تەواوی گێڕاوەیەکی ئیسلامی بێ، کاتێك داب و نەریتی کچ بە زیندوویی لە گۆڕ خستن پێش سەردەمی محەمەد لە ناو

هۆزەكاندا باو بووە. دەتوانێ وا بێ كە محەمەد كۆتایی بەو داب و نەریتە هێناوە. بە هۆی نووسراوەكانی ئەو سەردەمە و هەروەها بە پێی كتێبی قورئان، دەزانین كە محەمەد و زۆر پیاوانیتریش هاوكات لەگەڵ چەندین ژن زەماوەندیان كردووە، كە ئەوە خۆی بەڵگەیە كە لەو سەردەمەدا ژن كەم نەبوون.

بە شێوەیەكی هاوچەشن وێدەچێ كێشەی میراتیش چارەسەر كرابێ. ڕاوێژكارانی ئیسلامی دەڵێن محەمەد یەكەم كەس بووە كە مافی وەرگرتنی میراتی بۆ ژنان بەڕێوە بردوە. بەڵام ئەوكارە دژایەتی لەگەڵ سەرچاوەكانی پێش ئیسلام دەبێ چونكە یەكەم ژنی پێغەمبەر خەدیجە پێش هاتنی ئیسلامیش وەك ژنێكی دەوڵەمەند دەناسرێ كە میراتێكی زۆری پێ گەییوە. كە وابێت، محەمەد ئەو یاسایەی دروست نەكردووە، بەڵام قورئان بەشە میراتی ژنان ئاوا دیاری دەكا:

*"لە كەلەپووری دای و باب و خزمی نزیك – كەم بی یان زۆر- نێرینە بەشی خۆی هەیە و مێوینەش تیا بەشدارە و بەشیان بۆ بڕیاردراوە. گەر لەوەختی دابەشینی كەلەوپووردا، كەس و كار و هەتیوان و بی نەوایان لەوێ هەبوون، لەو ماڵە شتێكیان دەنی و بە ڕووی خۆشەوە بیاندوێنن." (سوورەی٤ ئایەی ٧ تا ٨)*

چلۆنایەتی ئەو بەشكردنە چۆن بووە لە سوورەی ٤ دا ڕوون كراوەتەوە. كچ تەنیا نیوەی براكەی میرات وەردەگرێ. بۆ مرۆڤی ئەمڕۆیی كارێكی ناعادڵانەیە. بەڵام بۆ بارودۆخی سەردەمی خۆی ڕەنگە شتێكی ئاسایی بووبێ: لەو سەردەمەدا ژن ئیزنی بووە میراتی خۆی بۆ خۆی ڕاگرێ و نە بۆ بەخێوكردنی منداڵی و نە خەمی كڕینی ماڵ یاخود چەك بۆ پارێزگاریكردن لەسەر شانی بووە، كە ئەو ئەركانە دەبوو پیاو دابینی بكا. سەرەڕای ئەوانەش بەشكردنی میرات تەنیا پێشنیار بووە، نەك یاسا:

*"خوا پێو ڕادەگەێنێ: كەلەپوورتان با بۆ نێرینە دوو بەش و بۆ مێوینە نیوەی بەشی نێرینە بێ. گەر ژمارەی مێوینە لە دوان پتر بوون، دوو بەش لە سێ بەشی میراتەكە ئەبەن. ئەگەر مێوینە یەكێ بوو، نیوەی كەلەپوور بۆ ئەمە. ئەگەر مردوو عەولادی لەپاش بەجێ ما، دای و بابی هەركامیان شەش یەكیان لەو ماڵە هەیە. ئەگەر هیچ فەرزەندی نییە و دای و بابی دەبێ میراتەكە بگرن، لە سێ كوت كوتێك بۆ دایكە. ئەگەر مردوو برا و خوشكی*

*بەجێ هێشتوون، پاش دانەوەی قەرز و قۆڵە و پێك هێنانی وەسیەتەکە، دایك شەش یەکی پێ دەبڕێ. ئێوە نازانن لە بابانو فەرزەندانوو کامیان بۆ بەهرە پێدانوو نزیکترن. بڕیارێکە لە خوداوە بۆوو دانراوە. خودا زانای لە کارزانە." (سوورەی٤ ئایەی ١١)*

پەرتووکی قورئان نەدەبووە قورئان ئەگەر سوورەی وای تێدا نەبایە کە ئەو وەك یەك دانانە ئەرێییەی نێوان ژن و پیاوی قەرەبوو نەکردبایەتەوە، کە وابوو سەیر نەدەبوو هەر وەك تەوەرەکانیتر دژ و پێچەوانە بوون لە هەنبەر ئەو وەك یەك دانانەی ژن و پیاویش دواتر پووچەڵ نەکرایەتەوە؟

لە قورئاندا زۆر بە شەففافی ئاماژە کراوە کە پیاوان لە ژنان بە دەستەڵات ترن، چونکە ئەوان پارە بە ژنەکانیان دەدەن:

*"پیاوان بەسەر ژناندا دەستەڵاتیان هەس، کە خوا هێندێکی لە هێندێ هێژاتر بەدی هێناوە. دیارە پیاوان ئەرکی بەڕێ چوونی ماڵیان لەسەر شانە. جا ژنانی باش ئەوانەن کە گوێ بیستن و – وەك خودا فەرمانی داوە – دوور لە شوویان شەرمی خۆیان دەپارێزن و ئاگایان لە ماڵێ دەبێ. ئەو ژنانەش لە ئەشقی بوونیان دەترسن، نسحەت کەن و جێگایان لێ جیا کەنەوە؛ ئەگەر لێشیان بدەن، دەبێ. ئەگەر دێنەوە بەر فەرمان، ئێوە بیانووی ئازاردانیان مەدۆزنەوە. خودا جێ بەرز و زانایە." (سوورەی٤ ئایەی ٣٤)*

سوورەکە سەرلە مرۆڤ دەشێوێنێ، چونکە محەمەد خۆی ساڵانێکی درێژ لە ڕوانگەی ماڵییەوە بەستراوە بە ژنی یەکەمیەوە بووە. هەم ئەلتەبەری و هەم ابن کثیر کۆنتێکستی ئەو سوورەیە ئاوا لێك دەدەنەوە: ژنێك لە لایەن مێردەکەیەوە شەپلاغەیەکی لێ دراوە. لەبەر ئەوەی جێگا دەستی مێردەکە لەسەر ڕوومەتی ژنەکە مابۆوە، چۆتە لای پێغەمبەر و شکایەتی لە مێردەکەی کردووە. لە سەرتاوە محەمەد گوتوویەتی پیاو ئیزنی ئەو کارەی نییە لە ژنەکەی بدا. ئەلتەبەری تەنانەت دەنووسێ محەمەد بە ژنەکەی پێشنیار کردووە کە بۆ تۆڵە، ئەویش شەپلاغەیەك لە ڕوومەتی مێردەکەی بداتەوە. سوورەی ٤ ئایەی ٣٤ بۆیە بۆی نازڵ بووە کە هەڵس

و کەوتی محەمەد سەرڕاست کاتەوە: پیاو ئیزنی لێدان لە ژنەکەی هەیە، چونکە سەروەتەکەی لە ژێر ئیختیاری داناوە و دەستەڵاتی بەسەردا هەیە.[27]

عالمانی کلاسیکی ئیسلامی دەستەڵاتداریی پیاو، کە لەو سووڕەیەدا هاتووە، وەك پایەیەك دەبینن کە ئەو مافە بە پیاو دەدا ژنەکەی تەمێ بکا و لە ماڵەکەیدا زیندانی بکا. سەرەڕای ئەوە، لەو سووڕەیەدا یاسایەك بۆ ژیانی هاوسەری دروست دەکرێ کە مافی جیابوونەوە تەنیا بە پیاو دەدات.

[27] al-Tabari: Tafsīr, Sure 4:34; Ibn Kathīr: tafsīr, Sure 4:34

یەکەم ئاماژەکردنی قورئان بە هاوسەرایەتی دەگەڕێتەوە بۆ سوورەکانی مەککە واتە سوورەی "رۆم". لێرەدا وشەی "خۆشەویستی" هاتووە، کە زۆر کەم لەو نووسراوەیەدا کەڵکی لێوەرگیراوە. لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکان ئەو تێکستە لە کاتی زەماوەنددا لەسەر کارتی داوەت چاپ دەکەن:

*"هەر لە نیشانانی ئەوە کە لە خۆتان، ئاوجووتی بۆ بەرهەم هینان؛ کە پێیان بحەسێنەوە و خۆشەویستی و ئەوینی خستۆتە ناوتان. لەمەدا بۆ کەسانێ کە بە وردی سەرنجە بدەن، بەڵگە زۆرن." (سوورەی٣٠ ئایەی ٢١)*

لە زۆربەی وەرگێڕاوەکاندا تەنیا ئاماژە بە ناوی هاوسەر کراوە، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا وشەی ئەزواج "azwaj" هاوکات دەکرێ بۆ هەردووکیان واتە هەم بۆ ژن و هەم پیاو کەڵکی لێ وەرگیرێت. لێرەدا ژن و پیاو وەك یەك سەیر دەکرێن. ئەو سوورەیە لە مەککە گوتراوە، ئەو سەردەمەی محەمەد تەنیا ژنێکی هەبووە، "خەدیجە" کە مێردەکەی خۆش ویستووە و پێی ڕاگەیوە. بەڵام دواتر ژنان لە پەرتووکی قورئاندا بەستراوە بە پیاو ناودەبرێن و وەك کەرەستەیەکی خۆشیی پیاو سەیر دەکرێن.

تاقمیك لە موسوڵمانان ئەو بۆچوونە بە هەڵە دادەنێن و دەڵێن تەنانەت سوورەیەکی تایبەتی بۆ ژنان لە قورئاندا هاتووە کە ڕێزی لێگرتوون. بەڵام ئەوان ئەو شتە لەبەرچاو ناگرن کە سوورەش لەسەر "مانگا"، "جاڵجاڵووکە"، "زەردەواڵە" یاخود "مێرووله" هەن بە بێ ئەوەی ڕێزێکی تایبەت لەو بوونەوەرانە گیرابێت. تازە، سووری ٤ کە بە ناوی نساء (ژنان) لە قورئاندا هاتووە، شتی زۆر نابەدڵی لە هەنبەر ژناندا تێدا گوتراوە. بە تایبەت لەسەر تەوەری "چەند ژنە" کە زیاتر پەیوەندی بە پیاوانەوە هەیە:

*"ئەگەر لەمەڕ کیژە هەتیوەکانەوە، لەوە ترسان کە نەتوانن بە تەرزێکی حەق و ڕەوا دەگەڵیان بجووڵێنەوە، دەتوانن وازیان لێ بێنن و ژنانی تر – چەندی خۆتان پێتان باشە و*

*پێتان دەشێن – مارە بکەن؛ دوان بن یان سیان بن یان چواریش بن هەر ڕەوایە."* (سووڕەی٤ ئایەی٣)

هەر باشە کە کتێبی قوڕئان سنوور بۆ چەند ژنەیی دادەنێ و بەو مەرجەیان دەبەستێتەوە کە پیاو لە نێوان ژنەکانیدا دادوەر بێ. کەچی ئەو کارە لە هەمان سووڕەدا باسی لێ کراوە و بە نەگونجاو دادەنرێت.

*"ئێوە هەرچەند هەوڵیش بدەن، قەت ناتوانن دەگەڵ ژنانی خۆتاندا بێ جیاوازی ڕەفتار بکەن. سا ئەوەندە لە خۆیان دوور مەخەنەوە کە بیانکەنە هەڵپەساردە و تەخسیریان کەن. ئەگەر دەگەڵیان پێك بێن و خۆ لە گونا بپارێزن، خودا بووردنی لە لایە و دڵۆڤانە."* (سووڕەی٤ ئایەی١٢٩)

پەرتووکی قوڕئان ئیزن بە موسوڵمانان نادا لەگەڵ ژنێك نیزیکایەتی سێکسی بکرێ کە هاوسەری هەبێ، مەگەر ئەوەی ئەو ژنانە ئەسیری شەڕ بن. ئەوکات موسوڵمان دەتوانێ ئەو ژنانە وەك کۆیلە لای خۆی ڕابگرێ و نیزیکی سێکسی لەگەڵیاندا بکات و بارودۆخی (هاوسەری هەبێت یا نا)، هیچ لە حیساب نایە:

*"ژنی بەشووتان پێ ناشێ؛ مەگین ئەوانەی بوونەتەماڵی خۆتان. لە خوداوە ئەم بڕیارەو بۆ نووسراوە."* (سووڕەی٤ ئایەی٢٤)

لەگەڵ ئەوەدا کە پیاو ئەو مافەی پێ دەدرێ هاوکات لە تەك چەندین ژندا زەماوەند بکا، و لە پەناشیەوە ئیزنی پێ دەدری لەگەڵ چەندین کۆیلەی ژنیش بتوانێ نیزیکی سێکسی هەبێ، ژنی مێرددار ئیزنی پێ نادرێ جیا لە مێردەکەی نیزیکی لەگەڵ پیاوێکی بیگانەدا هەبێ، تەنانەت لەگەڵ ئەو پیاوەی خۆشیشی بوێ:

*"کێش دەستەنگەو ئەو ماڵەی بۆ هەڵناسووڕێ کە ژنی خاوەن باوەڕی ئازاد بێنێ، با لەو کیژە باوەڕدارانە کە بوونەتە خۆتان، مارە بکا. خوداش لە هەرکەس زیاتر لە بڕواتان ئاگادارە. هەمووتان تیرەی یەکترن؛ بە دەستووری خاوەنیان مارەیان بکەن. چۆن باوە لەناو خۆتاندا مارەییان بۆ ببڕنەوە. ئەوانیش با کەنیزانی داوێن پاک بن، نەک داوێن تەڕ؛ لە ژێرەوە دۆستی نێرینەیان نەبێ. بەڵام ئەگەر لەپاش ئەوەی هاتنە بەر رکێفی ئێوە، دەستیان دەگەڵ پیاوی نامەحرەم تێکەڵ کرد. ئازاردانیان نیوەی ئەو ژنانە دەبێ کە شوویان*

*هەیە و ئازادن. ئەمە بۆ ئەو کەسانەیە رەبەنی ئازاریان دەدا. ئەگەر ئێوە خۆڕاگر بن، بێ گومان بۆتان باشترە. خودا لە هەڵە دەبووڕێ و دڵۆڤانە." (سووڕەی٤ ئایەی٢٥)*

پاکی و بێگەردی ژن وەك کلیلیکی ناوەندیی لە ئایینی ئیسلامدا سەیر دەکرێ. دیارە ئەو ئایینە نوێیە دەبوو لە داب و نەریتی پێش سەردەمی ئیسلام کەڵك وەربگرێ، چونکە لەو سەردەمەدا لای عەرەبەکان ڕەچەڵەکی بنەماڵە گرنگایەتییەکی تایبەتیی هەبووە، بەکارەت پێش هاوسەری و پاکی و بێگەردی لە هاوسەریدا، هەروەها خوێنی بنەماڵەکە دەبوو خاوێن ڕابگیرێت و تێکەڵ بە خوێنی بێگانە نەکرێ. ئەو داب و نەریتە تا ئەمڕۆش هیچ گۆرانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە: پاك و بێگردی ژن زۆر بە قایمیی لەگەڵ وشەی "هاوسەری"دا گرێی خواردووە. ئەگەر ژن خەیانەت بەو یاسایە بکات و لەبەر چاوی نەگرێ، دەبێتە هۆی لێڵ و پیسکردنی هەستی شانازی و شەڕەفی سەرجەم بنەماڵەکە.

تەنانەت لە وڵاتە ڕۆژئاوییەکانیش زۆربەی بنەماڵە ئیسلامیەکان لەسەر ئەو کارە سوورن کە کچەکانیان پێش بەشوودانیان هیچ پەیوەندییەکی سێکسی لەگەڵ خۆشەویستانیاندا نەگرن. زۆربەی کیژان لە لایەن دایك و باوکانیانەوە زۆر بە توندی کۆنترۆڵ دەکرێن، ئازار دەدرێن و هەر لە سەردەمی منداڵیدا بە زۆری بە شوو دەدرێن، پێش ئەوەی نەکا شەرم و سەرشۆڕی بۆ بنەماڵەکەیان پێك بێنن. لە چەندین ساڵی ڕابردوودا کێشەی کوشتنی ناموسی لە نێو بنەماڵە موسوڵمانەکانی ئورووپادا زۆر زیاتر بووە. باوك یا برا کچ و خوشکی خۆیان دەکووژن بەو تاوانەی کە گۆیا ناموس و شەڕەفی بنەماڵەکەیانی پەڵەدار کردووە. لە زۆربەی ئەو کوشتنانەدا تەنیا دۆستایەتیکردنی کچەکە لەگەڵ کوڕێکی ڕۆژئاوایی یاخود هەوڵدانی کچەکە بۆ شێواز یا ستایلێکی ژیانی ڕۆژئاوایی بوونەتە هۆی پێکهاتنی ئەو کارەساتانە.

ئەو تووڕەیی و هەڵس و کەوتە ناحەزە لە هەنبەر ژنان و کیژان کە تەنیا مەبەستیان ژیانێکی ئازادانەیە، هەم لە داب و نەریتی سەردەمی پێش ئیسلام و هەم لە سەردەمی نووسینی تێکستەکانی قوڕئاندا دژبە نیشاندانی

هەستی خۆشەویستیی ژنان ڕاوەستاوە. لێرەدا فەرهەنگ و ئایین ناتوانین لێك جیا بکەینەوە، چونکە هەردووکیان بە دووقۆڵی بانگەوازی چەوساندنەوە و بەکۆیلەکردنی ژن لە کۆمەڵگا دەدەن.

ئەو شتە لەناو کۆمەڵگای ئیسلامیدا ئاشکرایە کە نیزیکی سێکسی لەگەڵ بێگانە، هەم بۆ پیاو و هەم بۆ ژن قەدەغەکراوە. بەڵام هەر وەك لە بەشی پێشوودا باسمان لێوەکرد، جیا لەو پیاوانەی لە شەڕدا کۆیلەی ژنیان وەدەست بکەوێ. بەڵام سەیر ئەوەیە کە ئەو چەشن قەدەغەکردنە بەو شێوەیە لە قورئاندا باسی لی نەکراوە. لەوێدا وشەی زینا بەکار هاتووە کە بە گەندەڵ و خراپەکار مانا دەکرێتەوە.

هەر وەك ژیننامەکەی محەمەد، قورئانیش هەڵس و کەوتی سەبارەت بەو تەوەرە لە ئاگادارکردنەوەیەکی ئاساییەوە هەتا تاوانیکی گەورە دەگۆڕێ. بەهەمان شێوە بۆ خواردنەوەی ئەڵکۆلیش یاسایەکی هاوچەشن بەدی دەکرێ کە لە سێ هەنگاودا بەڕێوە دەچێ. لە هەوەڵەوە دەڵێ:

*"لەمەڕ شەراب و قوماریش لێت دەپرسن؛ بێژە: تاوانیان گەورەیە و بۆ خەڵکیش بەهرەیان هەیە؛ تاوانەکە لە بەهرەکەیان زۆرترە." (سووڕەی٢ ئایەی٢١٩)*

لێرەدا قەدەغەکردنی بە تەواوی و یەکجارەکی ئەڵکۆڵ ڕاناگەییندرێت، بەڵکوو تەنیا ئاماژەیەك دەکرێت بە کەڵك لێوەرگرتن و زیان گەیاندنی بە مرۆڤ. لە هەنگاوی دووهەمدا لە باوەڕ پێکراوان قەدەغە دەکرێ لە کاتی سەرخۆش بووندا بۆ لای نوێژکردن نەچن:

*"ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بە سەرخۆشی لە نوێژێ نزیك مەبنەوە، هەتا تێبگەن دەڵێن چی. بە لەش پیسیش نوێژێ مەکەن – مەگین وەختێ ڕاگوزەر بن – تا کاتێ کەخۆ دەشۆرن." (سووڕەی٤ ئایەی٤٣)*

لە هەنگاوی کۆتاییدا قەدەغەکردنەکە دەگوترێ، کە زیاتر لە پێشنیارێك دەچێ کە لە پشت پرسیارێکدا شاردراوەتەوە:

*"ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! شەڕاب خۆری و قوماربازی و کێل پەرەستی و گرێو لەسەر تیران کردن، لە کارەکانی شەیتانن؛ خۆتانی لێ بپارێزن، بەشکەم تووشی ڕزگاری بن. شەیتان مەبەستی ئەمەیە، بە شەڕاب خواردن و قومار ئاژاوەتان بخاتە ناو، لە نمێژ و*

*یادی خودا وەتان گێڕێ. ئاخۆ ئێوە دەس لەو کارانە بەردەدەن؟"* (سووڕەی٥ ئایەی٩٠ تا ٩١)

وێدەچێ لەسەر سەرخۆشبوونی ئەڵکۆڵ کێشەیەك نییە، بەڵکوو کێشەکە لەسەر ئاکاری ناحەزی زێدەڕۆیی لە ئەڵکۆڵە کە دەبێتە هۆی پێکهاتنی ڕق و کینە و دوژمنایەتی لەناو کۆمەڵدا.

بە شێوازێکی هاوچەشن مرۆڤ دەتوانێ ببینی لەسەر نیزیکی سێکسی لەگەڵ مرۆڤی بێگانە باس دەکرێ و پلەی یەکەمی وەك ئاگادارییەك دەنوێنێ:

*"تخوونی زیناح مەکەون؛ داوێن پیسی ئاکاری زۆر نالەبارە و ڕێبازێکی ناهەموارە."* (سووڕەی١٧ ئایەی٣٢)

وشەی زینا لێرەدا بە قاحبەگەری مانا دەکرێتەوە، لە تاقمێك لە وەرگێڕاوەکانیشدا بە گەندەڵ و خراپەکار مانا کراوەتەوە کە من ئەوەم پێ ڕاستە. بەو شێوەیە هەر چەشن فۆرمێکی نیزیکی سێکسی دەگرێتەوە، کە لە چوارچێوەی دیاریکردنی قوڕئان تێپەڕ بێ. بەڵام وادیارە باوەڕپێکراوان ئەو ئامۆژگارییەی قوڕئانیان نەگرتۆتە بەرچاو. لەبەر ئەوەی محەمەد شەڕەکانی دوور لە مەککە بەڕێوە بردووە و خۆی و شەڕکەرەکانی بۆ ماوەیەکی زۆر ژنەکانیان بەجێ هێشتووە، وێدەچێ کاتی گەڕانەوەیان دەبێ تاقمێك لە شەڕکەرەکان پیاویان لەسەر ژنەکانیان گرتبێ. پێغەمبەر دەبێ خۆی لەو کێشەیە وەردابێ و تاوانی بۆ زینا دیاری کردبێ:

*"ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە خوا و ڕۆژی سەڵا هەیە، داوێن پیسانی مێر و ژن – هەریەکیان – بە لێدانی سەد تازیانە تەمێ کەن. لە ئایینی سەر بە خودا، بەزەیی هاتن بەجێ یە. با چەند کەسیش لەوانەی خاوەن باوەڕن، لەو لێدانە ئاگادار بن. مێری داوێن پیس هەر دەبێ ژنی داوێن تەڕ بخوازێ؛ یان ژنی بت پەرەستی بێ. ژنی داوێن تەڕیش هەروا: یان مێرد بە داوێن پیس بکا، یان مێری بت پەرەستی بێ و لە بۆ خاوەن باوەڕانیش ئەم کارە بەربەست کراوە."* (سووڕەی٢٤ ئایەی٢ تا ٣)

لێرەدا، بە بۆچوونی من، ناوی مرۆڤی پیاو و ژنی هەوەسکار دروستترە لە ووشەکانی قاحبە و جندە. کاتێ ژنەکانی محەمەد واتە ئایشێ و ماریە

بەوە تاوانبار کران کە لەگەڵ پیاویتر نیزیکیان بووە، تاوانی ئەو کارە توندتر کرایەوە. ئەو تاوانە توندە تەنیا تۆڵەساندنەوەیەك بوو کە بووە یاسا بۆ ئەو ژن و پیاوانەی تووشی زینا دەهاتن.

لە دەقی ئەمرۆیی قورئاندا هیچ ئاماژەیەك بە بەردەبارانکردن نەکراوە، بەڵام عالمانی پێشووی ئیسلامی لەسەر ئەو کارە سوور بوون کە پێشتر دەبێ سوورەیەك لە قورئاندا بۆ ئەو کارە بوونی بووبێ کە دواتر لێی قرت کراوە. لە لایەن کێ و بۆچی، ئیتر روون نییە. یاسای کلاسیکی ئیسلامی خۆی بە شتێکەوە هەڵواسیوە کە ئیعتباری خۆی دەمێکە لە دەست داوە.

چلۆن کاری وا دەبێ؟ کاری وا تەنیا کاتێ گونجاو دەبێ کە مرۆڤی موسوڵمان نەك هەر بە قورئان، بەڵکوو متمانەی بەو نووسراوە و گێڕاوانەش هەبێ کە پەیوەندییان لەگەڵ پێغەمبەردا هەبووە. بۆ وێنە خەلیفەی دووهەم عومەری کوڕی خەتتاب (لە ساڵی ٦٣٤ تا ٦٤٤ حکوومەتی کردووە)دەڵێ:

"خودا پێغەمبەری کە نیعمەت و سڵاوی خوای لەسەر بێ، بە مافی ڕاستییەوە بۆ ناردوین. خوا کتێبی قورئانی بۆ نازڵ کردووە کە سوورەی بەردەبارانی تێدایە. ئێمە ئەو سوورەیەمان خوێندەوە، لێی تێ گەییشتین و لە مێشکی خۆماندا ڕامانگرتووە. پێغەمبەری خودا کە بەرەکەتی خوای لەسەر بێ، لەڕێگەی بەردەباران کردنەوە تاوانکارانی سزاداوە، و ئێمەش دوای ئەو، ئەو سزایەمان بەکار هێناوە. بەڵام من لەوە دەترسم، ئەگەر کاتێکی زۆر دوای سەردەمی پێغەمبەر تێپەڕ بێت، کەسێك بڵێ: ئێمە هیچ بەڵگەیەك لە کتێبی خودا بۆ ئەو کارە نابینین. دواتر دێنە سەر هەڵسو کەوتێکی هەڵە کە ئیزنی دەست تێوەردانیان نییە و خودا خۆی بۆی دیاری کردوین. لە ڕاستیدا بەردەبارانکردن لە کتێبی خوا دا هاتووە و سزایەکی ڕەوایە بۆ ئەو کەسانەی (ژن یا پیاو) زینا دەکەن سەرەڕای ئەوەی ژیانی

هاوسەرییان هەیە، ئەو کاتەی دووگیان بن یان سەریان بۆ تاوانەکەیان دانەواندبێ."[28]

ئێستا هەر کەس باوەڕی بەوە بێ کە بەردەبارانکردن خراپترین و دڕەندەترین شێوەی سزادانە بۆ زینا، ئەوکات تێ دەگا کە کاری زۆر ناحەزتریش هەیە: سوورەیەك لە قورئانی ئەمڕۆییدا هەیە کە کوشتن بە سزای بەرحەق بۆ زینا دادەنێ. بەڵام ئەو سوورەیە ئاماژەی بە ناوی پیاو نەکردووە. سەرەڕای ئەوەش، بۆ سزادان دەبێ چوار شاهید ئەو کارەیان بە چاوی خۆیان بینیبێ:

*"هەر ژنێکیان کە هەستوو کرد نامۆیان بەخۆ فێر دەکەن، چوار کەسی خاوەن باوەڕیان بەرنەسەرێ – لەو عانەدا کە لێك جووت بوون – وەختێ ئەوان هاتن و شایەتیان لەسەر دان، هەر لە ماڵدا قەتیسیان کەن تا بە مردن لەناو دەچن یان خودا دەرەتانیان نیشان دەدا." (سوورەی٤ ئایەی١٥)*

مرۆڤ دەتوانێ ئەو هەستەی تێدا پەروەردە بێ کە محەمەد نەیویستووە زیناکاری ژن و پیاو بکووژێ. وێدەچێ کە ئەو کارەی تەنیا بۆ هەڕەشەلێکردنی ئەو کەسانەی تووشی زینا دێن، گوتووە، دەنا دروستکردنی جەهەننەمی لە چی بووە. ئەو کارە دوور لە باوەڕ کە مرۆڤێك ژنەکەی لەگەڵ پیاوێکی بێگانە لە ناو جێگادا ببینێ و بە پەلە بچێتە لای دەروجیران بۆ هێنانی چوار کەسی باوەڕداری شاهد، ئەوانیش ماوەیەك سەیری ئەو جووتە بکەن و ئینجا وەك شاهید بتوانن یارمەتیدەر بۆ بەردەبارانکردنیان بن...

---

[28] Sahīh Muslim: Hadith Nr. 3201

پەرتووکی قورئان نەک هەر هەوڵ بۆ ئەوە دەدات کە ژن پێش و دوای ژیانی هاوسەری نیزیکی سێکسی لەگەڵ کەسێکی بێگانە نەبێ، بەڵکوو بە تەواوی هێزیەوە هەوڵ دەدا ژن وەك گوێڕایەڵ و کۆیلەی مێردەکەی پەروەردە بکات؛ لە ئەگەری سەرپێچی لەو کارەش، دەبێ چاوەڕوانی خراپترین چەشنی تووڕەیی و عەزاب بێت. بەڵام ئەو کارە ئۆتۆماتیك بەڕێوە ناچی و دەبێ پرۆسەیەکی تایبەت ڕووی دابێ کە مێرد بتوانێ یاخود ئیزنی هەبێ ژنەکەی سزا بدات. کتێبی قوڕئان ئەو ئیزنە کاتێ بە پێاو دەدا کە لەڕاستیدا ژنەکە گوێی نەدابێتە مێردەکەی یا پیاوەکە شك بکات کە ڕەنگە ژنەکەی گوێی نەداتێ. دیسانیش هەر باشە کە لێدان یەکەم هەنگاوی هەڵبژاردەی پیاوەکە نییە. لە هەوەڵەوە پیاو دەبێ ژنەکەی وشیار بکاتەوە و جێی لێ جیا کاتەوە. ئەگەر هەمیسانیش گوێ بیس نەبێ، یاخود مێردەکە شکی لە گوێڕایەڵی ژنەکەی لە داهاتوودا هەبێ، ئینجا ئیزنی لێدانی ژنەکەی پێ دەدرێت.

کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ لەگەڵ زانیاری ئیسلامی و فیلەسۆفی ئایینی ئەحمەد میلاد کەریمی لە بەرنامەیەکی تلەڤیزیۆنی (SWR)ی ئاڵماندا بەشدار بوین و تەوەری باسەکەمان لەسەر ئیسلام و سێکس لە ئیسلامدا بوو. بەڕێوەبەری بەرنامە کە ژنێکی ئاڵمانی بوو، پرسیارێکی سەبارەت بە تاوان و سزادان لە سوورەی ٤ ی پەرتووکی قورئان لێ کردین و لە عالمە ئایینیەکەی پرسیار کرد: "بۆچی قوڕئان ئەو ئیزنە بە پیاو دەدا لە ژنەکەی بدا؟" ئاغای کەریمی خۆشەویست ئەو کارەی بە ئەرێیی دانا کە پەرتووکی قوڕئان بە پەلە قامچی بەدەستەوە ناگرێ، بەڵکوو بە ژنی یاغی ئەو شانسە دەدا هەڵس و کەوتی خۆی بگۆڕێ و بگەڕێتەوە بۆ سەر ڕێگای ئیسلام.

ئەوەی ئایا لەڕاستیدا هەموو پیاوێك لە ژیانی ڕۆژانەدا ئەو یاسایەی قوڕئان بەڕێوە دەبا، جێی پرسیارە. باوەکوو بە ڕاشکاوی وشەی "لێدان"

له قورئاندا هاتووه تاقمێك دەڵێن "لێدان" مەبەست سزا و هێش پێ گەیاندنی لەشی نییە بەڵكوو لێبووردن و چاوپۆشیلێكردنە:

*"پیاوان بەسەر ژناندا دەستەڵاتیان هەس، كە خوا هێندێكی لە هیندی هێژاتر بەدی هێناوە. دیارە پیاوان ئەركی بەڕێ چوونیماڵیان لەسەر شانە. جا ژنانی باش ئەوانەن كە گوێ بیسن و – وەك خوا فەرمانی داوە – دوور لە شوویان شەرمی خۆیان دەپارێزن و ئاگایان لە ماڵێ دەبێ. ئەو ژنانەش لە ئەشقی بوونیان دەترسن، نسحەت كەن و جێگایان لێ جیا كەنەوە؛ ئەگەر لێشیان بدەن، دەبێ. ئەگەر دێنەوە بەر فەرمان، ئێوە بیانوی ئازاردانیان مەدۆزنەوە. خودا جێ بەرز و زانایە." (سوورەی٤ ئایەی٣٤)*

*"ئەگەر ترسان كە ژن و شوو لێك دوودڵن و وێك هەڵناكەن، كەیخودایەك لە كەس وكاری پیاوەكە و كەس و كارێكی ژنەكە بڵا بینە ناوبژیكەر؛ هەرگا هەردوك لا ڕازی بوون پێك بێنەوە، خودا پێكیان دێنێتەوە، خودا زانا و ئاگادارە." (سوورەی٤ ئایەی٣٥)*

بەڵام چلۆن كێشەكە چارەسەر دەكرێ ئەگەر ژن بەردەوام لە لایەن مێردەكەیەوە لێی بدرێت و عەزاب بدرێ؟ لێرەدا خودا چارەیەكی گەڵێك ئاشتیخوازانەی دۆزیوەتەوە:

*"ئێوە هەرچەند هەوڵیش بدەن، قەت ناتوانن دەگەڵ ژنانی خۆتاندا بێ جیاوازی ڕەفتار بكەن. سا ئەوەندە لە خۆیان دوور مەخەنەوە كە بیانكەنە هەڵپەساردە و تەخسیریان كەن. ئەگەر دەگەڵ یەك پێك بێن و خۆ لە گونا بپارێزن، خودا بووردنی لە لایە و دڵۆڤانە." (سوورەی٤ ئایەی١٢٩)*

قورئان پیاو هوشیار دەكاتەوە بە وشەی دۆستانە لەگەڵ ژنەكانیان بدوێن و بە باشی بەخێویان بكەن:

*"ماڵی خۆتان – كە خوا كردوویەتە مایەی گوزەرانتان – مەدەنە دەست كەم ئاوەزان؛ [بەڵام] جلك و بژیویان لە ماڵی خۆتان بۆ دابین كەن و بە ڕووی خۆشەوە بیاندوێنن." (سوورەی٤ ئایەی٥)* [كەم ئاوەز= كەم عەقڵ و نەفام. وەرگێڕ]

ئەوەی كە پەیوەندیی هاوسەریی بۆ ئەو مەبەستە بێت كە ژن بە شێوەیەكی باش ژیانی بۆ دابین بكرێ، لە یەكەم ڕوانیندا زۆر ئەرێیی دەنوێنێ، دیارە ژنی وەك خەدیجە (ژنی یەكەمی محەمەد) جیاواز بووە. خەدیجەی دەوڵەمەند و سەركەوتوو لە كاری بازرگانی، لە مەككە زۆر

ڕێزی بۆ دادەنرا. هاوکاتیش زۆر کەم بازرگان هەبوون کە مودێلێکی وەك خەدیجە لە ژنەکانی خۆیاندا وێنا بکەن. بەڵام دەبێ لە بیرمان بێ: ئەو چەشن ژێردەستییە بەو شێوەیە قایم دەبێ کە ژیانی هاوسەری وەك مودێلێکی بەخێوکرن سەیر بکرێ.

ئەرکی بەخێوکردنێکی گونجاو تەنانەت لە سەرووی لێك جیابوونەوە و هەڵوەشانەوەی ژیانی هاوسەرییەکەوە جێی گرتووە. بە پێی پەرتووکی قوڕئان تەنیا پیاو ئیزنی هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیوەندییەی پێ دراوە بەڵام ئاگادار دەکرێتەوە لە ئەگەری جیا بوونەوەدا ژیانی ژنەکەی دەبێ دابین کرابێ:

*"ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئەگەر ژنی باوەڕدارتان مارە کرد و بەر لەوەی دەگەڵیان بنوون تەڵاقتان دان، نابێ تا ماوەیەکی دیاری کراو قەتیسیان کەن؛ بەشەکەی خۆیان بدەنێ و بە ڕووخۆشی ئازادیان کەن." (سوورەی٣٣ ئایەی٤٩)*

محەمەد هەرچەندە ژنی زیاتر مارە دەکرد، بەو ڕادەیەش زیاتر پرەنسیپی مافی بەرانبەری ژن و پیاو، کە لە سوورەکانی پێشوویدا باسی لێکردبوون، لە ڕوانگەی پیاوەوە کاڵتر دەکرانەوە و لەبەر چاو وون دەبوون. وێدەچێ بیۆگرافی ژیانی محەمەد کارتێکەرییەکی مەزنی لەسەر ڕەنگاڵەیی پەرتووکی قورئان دانابێ. مرۆڤ نابێ ئەوەشی لەبیر بچێتەوە کە پێغەمبەر تەمەنی بەرەو ٦٠ ساڵ دەڕۆیی، لە کاتێکدا تەمەنی زۆربەی ژنەکانی (٩ ژن) هێشتا بیست و لە بیستیش کەمتر بوو. ئەو جیاوازییە ببوە هۆی بێ گومانی، بێ متمانەیی و ترسی لەدەستدان، و بارودۆخێکی وەهای بۆ پێک هێنابوو کە ژنەکان ناچار بە داپۆشین و پێچانەوەی خۆیان کرابوون بۆ ئەوەی لە لایەن پیاونیترەوە تەماحیان نەکرێتە سەر:

*"ئەی پێغەمبەر! ژنەکانت و کچەکانت و خێزانی خاوەن باوەڕان حاڵی بکە، با خۆیان بە چارشێوەکانیان داپۆشن؛ ئەم کارە باشتر دەبێتە هۆی ئەوە کە بناسرێن و ئازار نەدرێن. خودا لە خەتا دەبووریّ و دڵۆڤانە." (سوورەی٣٣ ئایەی٥٩)*

ئەو ئایەیەی سوورەی ٣٣ بۆ کۆنەپارێزە ئیسلامییەکان ئەرکێکی ئایینیە کە هەموو ژنێکی موسوڵمان دەبێ پەیرەوی لێ بکا. بەڵام کاتێ مرۆڤ سەرنج بداتە کۆنتێکستی ئەو ئایەیە، دێتە سەر ئەو بڕیارە کە لە دنیای ئەمڕۆی ئێمە و بەتایبەت لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان تەنانەت لە ڕوانگەی ئایینیشەوە، هیچ مانایەکی نییە ژنی موسوڵمان ناچار بە داپۆشینی خۆی بکرێ. لەو کۆمەڵگایەی محەمەد تێیدا دەژیا، ئازار، لەکۆڵ نەبوونەوە و تەنگ پێهەڵچنینی سێکسی کارێکی ئاسایی و ڕۆژانەی پیاوان بووە. سەرەڕای ئەوەش پێغەمبەر دوژمنی کەسیی زۆری بوون و ترسی لەوە هەبوو کە لە ڕێگەی ئازار گەیاندن بە ژنەکانیەوە، زەربە لەو بدەن؛ بەو هۆیەوە، بە داپۆشاندنیان بەرگری لە کاری تووڕەیی و دوژمنایەتی کردووە. ئەوە بەڵگەی سەرەکی بۆ داپۆشانی ژنان بووە. خۆ داپۆشان و شاردنەوەی ژنان لەژێر چارشێو لێرەدا هۆی ئایینی نەبووە، بەڵکوو زیاتر پارێزگارییەکی کۆمەڵایەتی بووە.

لەو سەردەمەوە ئیتر کات گۆڕانی بەسەردا هاتووە، دیارە ئەمڕۆش لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا، لێرە بێت یان لەوێ، دەستدرێژی سێکسی هەر بوونی هەیە؛ هەرچەند زۆر ڕاستییەکی تاڵە، بەڵام هیچ داپۆشانێك و هیچ یاسایەك ناتوانێ پێش بەو کارە بگرێ. هاوکات لەگەڵ سەردەمی محەمەد کە ئەو داپۆشانە هەوڵێکی تاقیکارانە بووە بۆ شاردنەوە و پارێزگاریکردنی ژنان، ئەمڕۆ زیاتر پێچەوانەکەیەتی: لەو کۆمەڵگایانەی کە زۆرینەی ژنان نە چارشێو بەسەردا دەدەن و نە خۆیان دادەپۆشن، دەکرێ زۆر زوو بکەونە بەر چاو و بەر نیشانەی ئەو کەسانەی کە بە گشتی ئیسلامیش ڕەد دەکەنەوە. تەنیا پەیوەندی تەنگاوتەنگ یاخود هاوتەریبی ئیسلام و داپۆشانی ژنان دەبێتە هۆی ئەوەی لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان دوژمنایەتی و هێرشی ڕەگەزپەرستانە بکرێتە سەر ژنانی موسوڵمان ، چونکە خۆیان دادەپۆشن.

لەو ساڵانەی ڕابردودا باس لەسەر داپۆشینی ژنان لە ئاڵمان گەیشتۆتە ئەوپەڕی لووتکەی خۆی. کێشەکە لەسەر ئەوەیە ئایا مامۆستایەکی قوتابخانەی ژن، یاخود دادپەروەرێکی ژنی موسوڵمان بەهۆی داپۆشینی خۆیەوە بێ لایەنییەکەی ناخاتە ژێر پرسیارەوە؟ ئەو شتەی من خۆم لەسەر ئەو باسە بۆم گرنگە ئەو پرسیارەیە کە ئایا، داپۆشان یا لەچکە بەسەردادان مانایەکی بۆ ژنی ئەمڕۆیی هەیە؟ مەبەست لە هەڵگرتنی لەچکە و چارشێوە کە لە سەردەمی خۆیدا ڕەنگە کەرەسەیەك بۆ پارێزگاریکردن لە ژن و کچ بووبێت، بۆ دەبێ ئەمرۆش یەکاو یەك بەڕێوە بچێ؟

لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا ژنی لیبڕاڵی موسوڵمان کە خۆیان سەریان داناپۆشن، بە شێکیان بە نێوی ئازادی پشتیوانی لەو ژنە موسوڵمانانە دەکەن کە لەچکە بەسەر دادەدەن و خۆ دادەپۆشن. بە هۆی ڕووداوێکی مێژوویی یاخود بارودۆخی کەسیی محەمەدەوە، قەدەغەیەکی ئەوتۆ نەک هەر بۆتە هۆی پێکهاتنی سمبولیکی ناسنامەیی بۆ زۆربەی موسوڵمانان، بەڵکوو بۆتە سمبولێکی تێکۆشانی سیاسی، کە لە لایەن زۆربەی گرووپە ئیسلامییەکانەوە بە مەبەستی خراپ، کەڵکی لێ وەردەگیرێ. زۆربەی سیاسەتوانانی ڕۆژئاوایی هاوکات هەوڵ بۆ نۆژەنکردنەوەی "لەچکە بەسەر دادان" دەدەن. ئایا ئەوە خۆی نیشانەی تۆلەرانس بوون و کراوەیی

ڕۆژئاوا نییه، که چالاکی ئایینی له کۆمەڵگاکەیاندا بوونی هەیه؟ سەرکۆماری وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا باراك ئۆباما له یاریەکانی ئولمپیکی ساڵی ٢٠١٦ی ریۆ دو ژانیرۆ "Rio de Janeiro" لەگەڵ کچێکی لەچکه بەسەری ئیسلامیدا وێنەی گرتووه. ئەو گوتوویەتی، شانازی بەو کچه گەنجەوه دەکەم که خۆی وەك نوێنەری وڵاتی ئەمریکا پێشان دەدا، هاوکات بەو کاره ویستوویه سیگنالێکیش بۆ کاندیدی ریپۆبلیکانەکان دۆناڵد ترامپ بنێرێ، که گوتبووی له ئەگەری هەڵبژاردنی بۆ سەرکۆماریی، سەفەر و هاتوچۆی موسوڵمانان بۆ وڵاتی ئەمریکا قەدەغه دەکات.

دیاره ڕاگەیاندنێکی ئەوتۆ شتێکی بێ مانایه. بۆچوونی وا جێی له کۆمەڵگایەکی ئازاددا نییه که جیاوازی له نێوان ئایین، ڕەنگی پێست، یا هەر تایبەتمەندییەکیتر دابنرێت. ترامپ بەو کارەی هەموو مرۆڤێکی موسوڵمان دەخاته ژێر گومانی گشتییەوه. هاوکاتیش وێنەیەکی ئاوا پەیامیکی نادیار و ئاڵۆزه: دەتوانی ئەو بیره پێك بێنێ که "لەچکه و ڕووپۆش" بەشێکی جیا نەبوەوه له ئایینی ئیسلامه. سەرەڕای ئەوەش دەتوانێ پرۆپاگاندایەك بێ بۆ ئیسلامیستەکان که به زۆری دەیانەوەی ئەو کاره بەسەر ژناندا بسەپێنن. هەوکاتیش بەو کاره، ئەو ژنانه له جیهانی ئیسلام دەخرێنه ژێر گوشارەوه که نایانەوێ خۆیان داپۆشن. بەداخەوه له کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا نموونه و مودێلی ژنی ناسراو(وەك شاعیر، هونەرمەند، وەرزشکار، گۆرانی بێژ و ...) که بتوانن کارتێکەری ڕاستەوخۆ لەسەر ئازادی ژنان دانێن، زۆر کەمن.

محەمەد له سەردەمی خۆیدا هەنگاوێکیش زیاتر له داپۆشینی ژنان هەڵدەگرێ، تەنانەت ئەو دواتر قەدەغه له ژنەکانی دەکات که نابێ له ماڵێش بچنه دەرەوه. له ڕوانگەی ئەوەوه له ماڵدا مانەوه کردارێکی خاوێنکردنەوەی نەهاییه:

*"له ماڵ خۆتان دەرمەکەون و وەك دەورانی سەدەمی نەزانی پێشوو، خەمڵی خۆتان نیشان مەدەن. نوێژ بکەن و زەکات بدەن؛ له فەرمانی خودا و پێغەمبەر دەرمەچن. ئێوه که خەڵکی ئەم ماڵەن خوا گەرەکیه چەپەڵیتان لەسەر لابا و پاك و خاوێنتان ڕاگرێ." (سوورەی٣٣ ئایەی٣٣)*

ئەوەی کە گوتەکانی قورئان نەك لە کۆنتێکستەکەیدا بەڵکوو وەك یاسای گشتی سەیر دەکرێ، ئاکامێکی نەگۆنجاو و خراپی لێ دروست دەبێ: کاتێ تالەبانەکان لە ساڵی ١٩٩٦ تا ٢٠٠١ هێزی سیاسیان لە ئەفغانستان بەدەستەوە گرت، ئیزن بە ژنان نەدەدرا لە ماڵەکەیان بێنە دەرەوە. کیژەکان ئیتر ئیزنی قوتابخانەچوونیان لێ زەوت کرا. هیچ ژنێك ئیزنی کارکردنی لە دەرەوەی ماڵ نەبوو تەنانەت لە نەخۆشخانەکانیش ژنانیان دەرمان نەدەکرد. دیارە تالەبانەکان بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارە، خۆیان بەو سووڕەیەی قورئانەوە هەڵواسیبوو. وڵاتەکەیان بە پتوونی گەڕاندرابۆوە بۆ سەردەمی ڕەش و تاریکی سەدەکانی ناوەڕاست؛ هەرکەسیش دژ بەو کارەیان بوەستایە، دەبوو تاوانێکی گەورە بدات.

بۆچی پێغەمبەر لە پەیوەندیی ژیانی هاوسەری و سێکسی سەردەمی خۆیدا جێی ئامۆژگاریکردن نییە، چونکە ئەو چەندین جار زەماوەندی کردووە، ئیزنی نیزیکی سیکسی لەگەڵ کۆیلە و بەدیلکراوانی شەڕی هەبووە، هەروەها هەوڵی داوە ژنە گەنجەکانی لە هەنبەر دەست درێژی موزاحیمانی سێکسی بپارێزێ. بەڵام بەداخەوە کێشەکە لێرەدایە، کە گێڕاوەکانی قورئان نەك بەهۆی پەیوەندایەتی لەگەڵ کۆنتێکستی سەردەمی خۆیەوە سەیر دەکرێن، بەڵکوو تا ئەمڕۆش وەك یاسای دانراوی بڕواپێکراو لە ئەژمار دێن. ئەو کارە، کارتێکەریی گەلێک نەرێنی هەیە، بەڕادەیەك کە بەهۆی لکاندن بە هەڵس و کەوتی سەردەمی پێغەمبەرەوە، ئەمڕۆش دەست درێژی بۆ سەر ژنان بە کارێکی ئاسایی و فەرمی دادەنرێت. ماوەیەك پێش ئێستا وتوویژێکم لەگەڵ کەنیشکێکی ئیزەدی کورد هەبوو کە بۆ ماوەی چەند مانگێك کۆیلەی داعیش بووە و ئێستا خۆی لە دەستیان ڕزگار کردووە. ئەو کچە چەندین جار لە لایەن سەرکردەیەکی داعیشەوە دەستدرێژی سێسکی کراوەتە سەر و سەرکردەکە پێی گوتوە کە بەوکارەی لە خودا نیزیکتر دەبێتەوە. هۆیەکەشی ڕوونە: بە پێی گوتەکانی قورئان، خودا ئیزنی بە باوەڕپێکراوان داوە دەست درێژی سێکسی بکەنە سەر کۆیلە و بەدیلگیراوانی شەڕ.

ڕووداوی وا دیارە کارێکی لەڕادەبەدەر ناخۆش و سەرسووڕهێنەرە بەڵام بەداخەوە بە تاقمێك ڕووداوی لێرە و لەوێ کۆتایی پێ نایەت. ڕووداوێکی هاوچەشنی ئەو کچە ئیزەدییە کوردە، لە نیجیریاش ڕوو دەدات کاتێ کە شەڕکەرە تێرۆریستەکانی گرووپی بۆکۆ حەرام "Boko Haram" ژنان و کیژان دەرفێنن و وەك کۆیلە لای خۆیان ڕایاندەگرن.

لە ئاڵمان هەڵس و کەوتی ئەوتۆ و دەست درێژی سێکسی لە شەوی ساڵی تازەی ٢٠١٥ ی زایینی لەهەنبەر ژنان و کیژان لە شاری کۆڵن و زۆربەی شارەکانیتر باس و لێکۆڵینەوەی هەڵس و کەوتی ئایینی ئیسلام لەهەنبەر ژن

و تەوەری سێکسی ژیاندەوە. لێرەشدا لە فەزایەکی گەلێك سۆزدارانەدا دوو ئوردووگا لە بەرانبەر یەکتر ڕاوەستابوون. بۆ یەکەم جار لە مێژووی نوێی ئەو وڵاتە، ژنان و کچان لەو شەوەدا لە لایەن سەدان پیاوی چاوچنۆکەوە بۆ ماوەیەکی زۆر دەور دران، جوزیان پێوە کرا، دزییان لێ کرا، سووکایەتیان پێکرا و بەشێکیشیان دەست درێژی سێکسیان لەسەر کرا. تاوانکارەکان بە مرۆڤی وڵاتانی ئیسلامی و عەرەب ناسێنران، کە تاقمێکیان وەك پەنابەر پەنایان هێنابووە بەر وڵاتەکە.

هەواڵی ئەو ڕووداوە زۆر بە هێمنی درایە دەرەوە. بەو نیازەی پەنابەر و مرۆڤی بیانی لە گومانێکی گشتی بپارێزن، ئەتنیك و ئایینی ئەو گرووپە تاوانکارانە زۆر دواتر ئاشکرا کرا. هەوڵێك کە دواتر بە درۆ دەرچوو. بەو کارە ئاو بەسەر ئاگری ئەو کەسانەدا کرا کە هەر هەواڵێك بە "درۆی مێدیاکان" دادەنێن و ئەو هەستەیان تێدایە کە بۆچوونەکان لە سەرەوە کۆنترۆڵ دەکرێن و خەڵکی بە فریودراو دادەنرێن. ئاو بەسەر ئاگری ئەو کەسانەشدا کرا کە دەڵێن مرۆڤی بیانی یەکجار زۆرن و تێکەڵاوبوون و خۆ گۆنجاندنیان لەگەڵ کۆمەڵگای ئێمە زۆر ئەستەم و نەگونجاوە.

دیارە، شتێکی سروشتیە کە ئەستەم بتوانرێت بەستێنی ئێتنیکی و ئایینی تاوانکارەکان لەبیر بکرێت ئەگەر مرۆڤ بزانێ کە تەنیا دەست درێژی ئاسایی نەبووبێ (ئەو کارە بەهۆی خواردنەوەی لە ڕادەبەدەری ئەڵکۆڵ هەموو ساڵێك لە شەوی سەری ساڵی تازەدا پێك دێ بەڵام نەك بە پانتایی ئەو شەوەی ٢٠١٥ ) کە لە لایەن هەزار پیاوی لات و لوتەوە هێرشیان کراوەتە سەر. هەروەها ئەو پیاوانە هەموویان بەستێنیکی ئایینی کولتووری وەك یەکیان بووبێت.

مرۆڤ ناتوانێ ئاوا بە ساکاری سەری ئەو ڕووداوە داپۆشێ، بەتایبەت ئەو کاتە ناتوانێ، کە مرۆڤ بۆ پێشگری و کەمبوونەوەی لەمپەری خۆگونجاندن لە کۆمەڵگادا، هۆگریی لەخۆی پیشان بدات. ڕووداوێك وەك ئەوەی لە شاری کۆڵن ڕووی دا، لەو چەشنە تایبەتییەی خۆیدا هێشتا لە لایەن ئورووپاییەکانەوە نەناسراو بوو. ئەگەر مرۆڤ ئاوڕێك لە دنیای

عەرەب بداتەوە دەبینێ کە بە گشتی موزاحیمەتی سێکسی لە هەنبەر ژنان و کیژان کێشەیەکی تایبەتی و جیددی کۆمەڵگایە. هەر توریستێکی ژنی ئاڵمانی یاخود بیانی چ بە تەنیا یا لەگەڵ هەڤالێکی لە وڵاتانی میسر، تونێز یا مەراکیش بووبێ، دەزانێ کە دەکرێ هەموو دەمێک هێرشکارییەکی ئەوتۆی لەسەر بکرێ. هەروەها ئەوەش دەزانن کە زۆر ئەستەم دەتوانرێ دژ بە پیاوی موسوڵمان کە ژنی ڕۆژئاوایی بە چاوێکی سووکەوە سەیر دەکەن، هەڵوێست بگرترێ.

من خۆم لە وڵاتی میسرەوە دێم، ئەو جێیەی موزاحیمەتی سێکسی لە هەنبەر ژنان و کیژان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ببوە کارێکی ئاسایی پیاوان، چونکە مرۆڤ ئەو دیاردەیەی بە درێژایی مێژوو لەبەرچاو نەگرتووە و گرنگایەتی پێ نەداوە. لە لایەکەوە، چونکە مرۆڤ نەیویستووە دان بەوە دا بنێت کە لە کۆمەڵگایەکی ئایینی – ئەخلاقی دا دەستدرێژی سێکسی بەهیچ شێوەیەك نابێ بوونی هەبێ، لەو لاشەوە مرۆڤ ترسی لە کەمبوونەوەی توریست بۆ وڵاتەکەی بووە کە داهاتێکی باشی بۆ بەدیاری دێنان. ئەگەریش باس لەسەر ئەو موزاحمەتە کرابێ، هۆیەکەی گەڕێنراوەتەوە سەر قوربانی بووەکە و بەرپرسایەتیەکەی کەوتۆتەوە سەر چۆنیەتیی چەشنی بەرگ لەبەرکردن و هەڵس و کەوتی.

ئەو چەشنە درۆ هەڵبەستنە و ترس لە ڕوونبوونەوەی هەڵس و کەوتی هەڵەی خۆیان، بۆتە هۆی ئەوەی لە ژمارێکی کەمی ئەو هێرشانە و دەست درێژیانەوە بەرەو ئێپیدمیەکی ڕاستەقینە و ئاسایی و فەرمی چووە و پەرەی سەندووە. تەنانەت ٩٥ لە سەدی ژنانی میسری لەسەر ئەو دەست درێژیە سێکسیانە کە بەردەوام هەموو ڕۆژێك هەستی پێدەکەن، ڕەنج دەبەن. بەتایبەت لە دووجێژنی پیرۆزی موسوڵمانان "جێژنی قوربان" و "جێژنی ڕەمەزان" لە هەموو پارك و جێی ئاسایشی شارەکە دا، لە دەست درێژی سێکسی گشتی پیاوان بێ بەش نامێنن.

هاوکات لەگەڵ خۆپێنیشاندان لە مەیدانی تەحریر لە پەیوەندایەتی لەگەڵ بەهاری عەرەبی، هەمیسان دەست درێژی سێکسی لەسەر ژنان و کیژان

گەیشتە ئەوپەڕی بێشەرمی خۆی. لەوێ تاکتیکێکی نوێیان دۆزیبۆوە کە لە شاری کوڵنیش بەڕێوە چوو: تاوان کاران دوو بازنەی داخراویان لە مرۆڤ دروست کردبوو. کاتێ قوربانییەك دەستنیشان دەکرا، لە بازنەی یەکەمدا دەوریان دەدا. لەوی پاڵی پێوە دەنرێ، خۆی لێ دەخشێندرێ، کۆمەڵەکەش بە دەنگی بەرز پێدەکەنن و هەرا و هوریا وەڕێ دەخەن، بۆ ئەوەی دەنگی قوربانییەکە نەبیسرێ، و بە گورجی دەیخەنە بازنەی دووهەمەوە بۆ ئەوەی لە ئەگەری یارمەتیدانی خەڵکی دووری خەنەوە. لەوێ دەست درێژیەکە درێژەی دەبێ و ئیتر ڕێی دەربازبوونی زۆر ئەستەم دەبێت.

بەڵام ئایا ئەو کارە هیچ پەیوەندایەتییەکی بە ئایینی ئیسلامەوە هەیە؟ ئا و نا. من خۆم لە میسریش و لە مەراکێشیش شاهیدی ئەو چەشنە دەست درێژییە گشتیانە بووم. لە زۆربەیاندا کۆمەڵێکی ئایینی بەشدار نەبوون، بەڵکوو لە کۆمەڵی بچووکی گەنج پیکهاتبوون کە لەژێر کارتێکەری ئەڵکۆڵ و مادە سڕکەرەکاندا بوون.

بە پێی تێئۆری ئیسلامی لە باوەڕپێکراوانی ئیسلامی قەدەغە کراوە دەست لە ژنێکی بێگانە بدەن، تەنانەت ئەگەر ژنەکە دەسگیرانی خۆشیان بێ. هەروەها لە باوەڕپێکراوی زێدەڕۆی ئیسلامی قەدەغە کراوە دەست لەگەڵ ژنێک لێ بداتەوە (تەوقەی لەگەڵدا بکات) یاخود بۆ ماوەیەکی کورتیش چاو لە ژنێکی بێگانە بکات. سەلەفییەکانی میسر لەسەر ئەو بۆچوونەن کە پیاو نابێ لە ئوتوبووسدا لە سەر ئەو کورسییەی ژن لەسەری دانیشتووە، دانیشێ، چونکە گەرمای لەشی ژنەکە کە ڕەنگە هێشتا لەسەر کورسییەکە هەستی پێ بکرێ، مەیلی پیاوەکە ببزوێنێت.

بەڵام بە کردەوە، وا نییە و بەهۆی ئەو داب و نەریتە توند و تێژە ئەخلاقییەوە کە ئەویش خۆی ئاوێتەی پرۆسەیەکی جینسی بووە، پوتانسیەلێك پێکدێت کە ئەزموونەکەی بە پێچەوانە دەردەکەوێ. ئایینێك کە ژن وەك ماڵ و دارایی پیاو دادەنێ، یاخود بە مەترسییەك بۆ کاری ئەخلاقی دەزانێ، بە ڕاشکاوییەوە بەرپرسە بۆ ئەو کارە. قورئانێك کە بۆ بەهەشتی پیاوان ژن وەك کەرەسەیەکی خۆشیی پیاو دەناسێنێ، ڕۆڵی ژن و کچ

سێکسوالیزه دەکاتەوه. باوەڕێکیش کە بۆ ژنی دیاری دەکات و دەڵێ ماڵەکەی تەنیا لەسەر ئیزنی مێردەکەی یا بە هاوڕێیی پیاوێکی بنەماڵەکەی دەتوانێ بەجێ بێڵێت، بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ تووڕەیی و زۆرداری دژ بەو ژنانە دەخولقێنێ کە ناتوانن پەیڕەوی لەو قەدەغەیە بکەن (بۆ نموونە. ئەو ژنە توریستانەی کە بە تەنیا ڕێگە دەبڕن). هەروەها پەرتووکێك کە مرۆڤێکی بێ باوەڕ وەك پوتانسیەلێکی خۆراک و کۆیلەیەکی سێکسی داگیرکەرانی ئیسلامی دادەنێ، لایەنێکی بەرچاوی ئەو کێشەیە دەکەوێتە ئەستۆی.

نیزیکەی چل ساڵ بەر لە ئێستا بە دەگمەن ژنی میسری لە قاهیرە لەچکەی بەسەردا دەدا. دەست درێژی سێکسی لە فەزای گشتی لەسەر ژنان لەو سەردەمەدا زۆر کەم بەڕێوە دەچوو. ئەمڕۆ هیچ ژنێک ناتوانی بێ داپۆشانی خۆی لە ماڵەوە وەدەر کەوێ و سەرەڕای داپۆشانیشی، هێشتا مەترسی خۆ پێوەنان و خۆلێخشانی پیاوانی لەسەرە. ئەو کارە لە ئێران، ئەفغانستان، پاکستان و زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکان بە هەمان شێوەیە، تەنانەت لە وڵاتی دەوڵەمەند و پیرۆزی عەرەبستانی سعودیش ئەو داب و نەریتە بەڕێوەدەچێ.

ئایا مرۆڤ دەتوانێت لێرەدا گومانی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی نێوان داپۆشین و دەست درێژی سێکسی لە ژنان بکات؟ پرسیارێکی گەلێك ئاستەم و دژوارە. بەشێکی ئەو دیاردەیە بە ڕاشکاوییەوە پەیوەندی بە بوونی ڕاستەقینەی ئیسلامەوە هەیە، بەڵام نەك هەمووی. چونکە لە هیندوستانیش دەست درێژی سێکسی بوسەر ژنان، کاری ڕۆژانەی پیاوانە. ئەو ڕاستییە، تاڵە بەڵام نابێ ببێتە هۆی لادان و ونبوونی ڕێگای ڕاست و مرۆڤ بە شێوازی ڕادەیی سەیری وڵاتی هیندوستان بکات. ئەو کارە لەڕاستیدا نە پەیوەندی بە نەتەوەی هیندەوە هەیە و نە دیاردەیەکی ئیسلامییە بەڵکوو کارێکی نارەوایە کە ڕاست لەو چەشنە کۆمەڵگا و کولتوورانەدا سەرهەڵدەدات وا ژن بە چاوی سووك و نرخی کەم سەیر دەکرێت.

## [بەشی ١٠]

## هۆمۆسێکسوالیتە(هاوجنس بازی) لە قورئاندا

ڕووداوی تێرۆریستی ژوئێنی ٢٠١٦ لە ئۆرلاندۆی فلۆریدا بووە هۆی کوشتنی چەندین مرۆڤی هۆمۆسێکسۆئێل و باسێکی مەزنی سەبارەت بە دوژمنایەتی ئاینی ئیسلام لەگەڵ خۆشەویستی نێوان مرۆڤی هاوجنسی وەڕێ خست. سەرەڕای بڵاوکردنەوەی زانیاری دژبەر و پێچەوانەی جیاواز لەسەر تاوانکارەکە، چونکە ئەو موسوڵمان و خەڵکی ئەفغانستان بوو، هۆ بۆ ئەو کارەی دەگەڕایەوە سەر داب ونەریت، فەرهەنگ – ئایینی ئیسلام. ئەگەر تاوانکارەکە خۆیشی هاوجنس باز بایە، وەك تاقمێك لە مێدیاکان بڵاویان کردبۆوە، دیسانەکە ئەو کارە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەدەهات. هۆکاری پێکهێنانی ڕووداوێکی ئاوا سامناك لێرەدا دەتوانێ بریتی بێت لە خۆ بە تاوانبارزانینێکی گەڵێك مەزن و رق و کینەیەکی زۆر لە هەنبەر "تاوان" کە مرۆڤەکە بە شێوەی ئاکتیڤ خۆی لە مێشکیدا پێکی هێناوە.

لە سەرەتای مانگی جولای ٢٠١٦ لەگەڵ دوو کەسی هاوجنسباز لە شاری کوڵنی ئاڵمان کە هەردووکیان موسوڵمان بوون، چاوپێکەوتنم هەبوو. هەرکام لەوان بۆچوونی جیاوازی خۆیان لەسەر تەوەری ئایینی ئیسلام و سێکس هەبوو. ئیبراهیم گەنجێکی لوبنانیە و باوەکوو وڵاتی لوبنان بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ وڵاتە ئیسلامییەکانی تر لەسەر تەوەری هاوجنس بازی زۆر کراوەترە، سەرەڕای ئەوەش زۆرجار لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە جوێنی پێدراوە، سووکایەتی پێ کراوە و تف و لەعنەتی لێ کراوە. تاڵترین رووداو کە بەسەری هاتووە: گرووپێکی سەلەفی ئیبراهیمیان گرتوە و لە سەربانی خانووبەرەیەکی بەرزەوە خستوویانەتە خوارەوە. سەرەڕای شکانی چەندین ئەندامی دەر و ناوەوەی لەشی، ئیبراهیم لە مردن ڕزگاری بووە و دوای ئەو ڕووداوە لە لوبنان هەڵاتوە و هاتۆتە وڵاتی ئاڵمان و لێرە

داوای مافی پەنابەری کردووە. لە کۆبوونەوەیەکی هاوجنسبازاندا چاوم بە ئیبراهیم کەوت و لەسەر پەیوەندی ئەو لەگەڵ بنەماڵەکەی و چۆنیەتی هەڵس و کەوتیان لەسەر ئەو کارەی و هەروەها پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئایینی ئیسلام، پرسیارم لێ کرد. ئیبراهیم بۆی گێرامەوە کە ئیتر موسوڵمان نەماوە: چونکە چلۆن دەکرێ لایەنگری لە ئایینێك بکا کە بوونی ئەو دەخاتە ژێر پرسیار؟ "چۆن دەتوانم ئەو ئایینە بە هی خۆم بزانم، کە دەیهەوێ بمکوژێ چونکە دەمەوێ بەو جۆرە بژیم کە سروشت پێکی هێناوم؟" لەگەڵ بنەماڵەکەشی ئیتر هیچ پەیوەندییەکی نەماوەتەوە، ئەوان بەهۆی هەڵس وکەوتی جنسیەکەیەوە، خۆیان لێ دوورخستۆتەوە و تەنانەت دوای رووداوی برینداركردنەکەشی، لێیان نەپرسیوە. ئیبراهیم سەیری خەڵکی دەورو بەری دەکا و دەڵێ: "ئێرە و ئەو مرۆڤانە بنەماڵەی منن. ئەوانە یەکەم مرۆڤ لە ژیانمدان کە بەو جۆرەی کە هەم دەمسەلمێنن و خۆشەویستیان بۆم هەیە."

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا چاوم بە فەیسەڵ کەوت و برێك پێکەوە دواین. فەیسەڵ ئیمامێکی پاکستانیە کە پێش هاتنی بۆ ئاڵمان، لە شاری موریس لە باشووری رۆژئاوای ئوقیانووسی هیند ژیانی کردووە. ئیمامێکی هۆمۆسێکسوئێل ؟ بەڵێ، مرۆڤی واش هەن. فەیسەڵ زۆر زوو هەستی بە هاوجنس بازی خۆی کردبوو، بەڵام بە بێ ویستی خۆی کەسایەتییەکی لە خۆی دروست کردبوو، کە بنەماڵە، کۆمەڵگاکەی و هاوکارەکانی لێیان دەویست. زەماوەندی کردبوو و منالیشی هەبوو. زۆربەی مرۆڤی ژن و پیاوی هاوجنسباز لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا چارەنووسێکی هاوچەشنیان هەیە. زۆربەیان تا کاتی مردنیش ژیانێکی دووچەشنیان هەیە. فەیسەڵ نەیدەتوانی و نەشیدەویست ئیتر ئەو چەشن دوو ژیانەی درێژە پێ بدا. کاتێ ژنەکەشی بەو کارەی زانیبوو، هەڵس و کەوتی ئەوی بۆ هەموو بنەماڵەکەی و دراوسێکانی گێرابۆوە. کۆمەڵی دەوروبەری کە ساڵیانی درێژ بوو فەیسەڵیان بە فەرمی وەك ئیمامی ئایینی دەناسی و رێزیان بۆی هەبوو، دوای زانینی ئەو راستییە هەر هەموویان پشتیان تێکرد و بە چاوی سووك سەیریان دەکرد. ئازاریان دەدا و هەڕەشەیان لێ دەکرد. کارەکەی لە دەست

دا و تەنانەت ئیزنی دیتنی منداڵەکانیشی لێ سەنرایەوە. کاتێ ئاگادار کرایەوە کە بنەماڵەکەی هاتوونەتە سەر ئەو بڕیارە کە بیکووژن، شارەکەی بەجێ هێشتووە و لەوێ هەڵاتووە.

کاتێ من پرسیارم لێ کرد، چلۆن دەکرێ ئیتر باوەڕپێکراوێکی ئایینی بمێنێتەوە، وەختێ دابو نەریتی ئەو ئایینە هەوڵی کوشتنی ئەوی داوە، وەڵامی دامەوە: "ئەوە ئیسلام نییە کە ئەو کارە دەکات، بەڵکوو تەنیا چەشنە تەفسیرێکی ئیسلامە. دیارە قورئان مرۆڤی هۆمۆسێکسۆئیلی شاری سدوم مەحکووم دەکا، بەڵام نەك بەو هۆیەی هاوجنس بازن، بەڵکوو بەو هۆیەی ئەوان تاوانێکی تریان کردووە." فەیسەڵ لەسەر ئەو بۆچوونەیە کە هەڵس و کەوتی شەڕخوازانەی وڵاتە ئیسلامییەکان لە هەنبەر هاوجنس بازان پەیوەندیی بە قورئانەوە نییە، بەڵکوو ئەو کارە دەگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگ و هەڵس وکەوتی پیاوسالاری کۆمەڵگا. گوتراوەکانی پەرتووکی قورئان وا تەفسیر دەکەنەوە کە وەك پشتیوانییەك بۆ پیاو سالاری دەنوێنێ."

لە کاتی ئاخەفتنەکەماندا فەیسەڵ ماسکێکی لەسەر دەموچاوی دانابوو، چونکە تەنانت لە ئاڵمانیش لە دەست ئیسلامیستەکان لە ئەمان دا نییە و ترسی لێیان هەیە. بەو هۆیەی ئەو چاوپیکەوتنە لە لایەن کاناڵێکی تلەفیزیۆنییەوە بڵاو دەکرایەوە، نەیدەویست خۆی ئاشکرا بکا و ترسی لەوە بوو کە نەکا کەسێك بیناسێتەوە. نیگەرانییەکەشی بێ جێ نەبوو: ئەو سەردەمەی وەك پەنابەر هاتبووە ئاڵمان، پەنابەرەکانیتر لێیان دابوو، سووکایەتیان پێکردبوو و لە لایەن ئەو پیاوانەوە ئازاری پێ گەیشتبوو کە بێزاری و بێزیان لە مرۆڤی هاوجنس باز هەیە. ئەو ئازاردان و سووکایەتییە نەك هەر بە هۆی ڕازی ڕاگرتنی ئەو کەسانەوە بوو، بەڵکوو بە ڕاشکاوی لە خزمەت بچووککردنەوە و پەستکردنی کەسایەتی ئەو مرۆڤانەش بەڕێوە دەچوو.

سەرەڕای ئەوەی فەیسەڵ تا ڕادەیەك لە ئاڵمان ژیانێکی هێمنی هەیە، مرۆڤی هاوجنس باز لە هەموو وڵاتە ئیسلامییەکان، هێرشیان دەکرێتە سەر، ئازار دەدرێن و سووکایەتیان پێ دەکرێ و هەڕەشەیان لێ دەکرێ. لای

کەم لە ناو دە وڵاتی ئیسلامیدا یاساکان بە ئاشکرایی دژ بەوان ڕاوەستاون. لە ئێران، عەرەبستانی سعودی، سوودان، و موریتانی هەڕەشەی لە سێدارەدانیان لێ دەکرێ. لە وڵاتەکانیتریش دەبێ چاوەڕوانی چوونە بەندیخانە بکەن. لەو جێگایانەش کە دەستی یاسایان پێ ناگا، لە لایەن فناتیك و مرۆڤی زێدەڕۆی ئایینیەوە هەر وەك دوو نموونەی فەیسەڵ و ئیبراهیم هەرەشەیان لێ دەکرێ.

بەڵام کامیەك لەو دوو مرۆڤە لەسەر هەڵوێستی ئایینی ئیسلام لە هەنبەر هاوجنس بازدا ڕاست دەکەن؟ بە گشتی هەردووکیان مافی خۆیانە. لە پەرتووکی قورئاندا هیچ بەڵگەیەکی ڕوون بوونی نییە کە هاوجنس بازی بە کارێکی نائاسایی دابنرێ. تەنانەت وشەی "هاوجنس باز" بۆ یەك جاریش لەو پەرتووکەدا نەهاتووە. ئەو شتەی لەویدا لەسەر ئەو تەوەرە دەیبینین چیرۆکی سدووم و عموورەیە کە لە کتێبی تەورات وەرگیراوە. ئەو چیرۆکە چەند جار لە قورئاندا ئاماژەی پێکراوە، جارێک بە وردی و جاری واشە تەنیا وەك هەڕەشەیەکی کورت. بە پێی ئەو گێڕاوەیە، خەڵکی شاری لووت بە هۆی ئەو هەڵس و کەوتە نائاساییەوە لەعنەتی لێ دەکرێ و سزا دەدرێ. لەسەر ئەو هەڵس و کەوتە سووك و بێ قیمەتەیان باس لە نیزیکیی پیاو لەگەڵ پیاو دەکرێ:

*"لووتیشمان نارد. ئەوسا بە هۆزەکەی خۆی گوت: ئێوە کاری ئەوەندە شوورەیی دەکەن، بەر لە ئێوە کەس لە دنیا نەیکردووە؟ ئێوە بۆ خۆ ڕەحەت کردن - لە بری ژنان - پەلاماری پیاوان دەدەن. ڕاستی ئێوە بۆ بەدفەڕی لە ئەندازەو دەرکردووە. هۆزەکەی لووت وەرامیان هەر ئەوەندە بوو : لە شاری خۆتان دەریان کەن؛ ئەمانە کەسگەلێکن کە دەیانەوێ بە پاك و خاوێنی بژین! ئیتر خۆی و کەس و کاریمان ڕزگار کرد؛ هەر تەنیا ژنەکەی نەبێ، کەوتە تەك بەجێماوان. بارانێکمان بۆ باراندن ئەمما باران! دە بڕوانە پاشەڕۆژی ئەو تاوانبارانە چۆن بوو!." (سوورەی٧ ئایەی٨٠ تا ٨٤)*

لێرەدا نوکتەی سەرنجڕاکێش پرسیاری لووتە: *"ئێوە کاری ئەوەندە شوورەیی دەکەن، بەر لە ئێوە کەس لە دنیا نەیکردووە؟"* دەبێ کام چەشنە کارێکی "شوورەیی" بووبێت کە هیچ مرۆڤێک پێش خەڵکی لووت نەیکردبێت؟ ئەوە نابێ پەیوەندی بە هاوجنس بازییەوە هەبێ چونکە ئەو کارە هەمیشە بووە و لە هەموو کولتوورەکان و سەردەمەکاندا باسی لێوەکراوە. لە مێژووی ئیسلامیشدا هاوجنس بازی کارێکی تاقانە نییە. چ لە دیوەخانی خەلیفەکان، یاخود لە گێڕاوە و شیعر و چیرۆک و بەگشتی لە هیچ باس و گێڕاوەیەکدا تەنانەت ئاماژەیەك بە نائاسایی بوونی ئەو کارە نەکراوە. تەنانەت لە شیعر

و پەخشانی عیرفانی سۆفییەکانیشدا ئاسەواری ڕوونی هۆمۆسێکسۆئێلی پێوە دیارە. لەمرۆدا زۆربەی موسوڵمانی باوەڕدار، لای کەم تا ئەو جێگایەی مرۆڤە هاوجنس بازەکە لە بنەماڵەی خۆیان هەڵنەکەوتبێ، یاخود بە ئاشکرایی خۆی لە کۆمەڵگادا نیشان نەدابێت، دەتوانن هەڵس و کەوتی نەرم و نیانی لەگەڵدا بکەن و بیسەلمینن.

ئەدی چ ڕووداوێك دەبێ بووبێتە هۆی ئەو کارە "شوورەیی"یە؟

لە جێیەکیتری پەرتووکی قورئاندا بە وردەی ئاماژەی پێکراوە: هەر وەك پەرتووکی تەورات و ئینجیل، فریشتەکان میوانی لووت دەبن کە لە لایەن خوداوە نێردراون و بە شێوازی پیاو خۆیان نیشان دەدەن. دوای ئەوەی لووت پیاوەکانی وەك میوان لای خۆی جێ کردووە، لەبەر دەرکەی ژوورەکەیان چەندین مرۆڤی هیچ و پووچی هەوەسباز کۆدەبنەوە و دەیانەوێ لەگەڵ میوانەکانی لووت نیزیکایەتی بکەن و کاتێکی خۆش تێپەڕ بکەن. بۆ پارێزگاری پیاو یاخود فریشتەکان لە هەنبەر ئەو مرۆڤانە، لووت پێشنیاریان پێ دەکا کە لەجیاتی نیزیکایەتی لەگەڵ فریشتەکان، لەگەڵ کچەکانیدا نیزیکایەتی بکەن. بەڵام پیاوە هەوەسبازەکان ئەو پێشنیارەی رەد دەکەنەوە. دوای ئەوە لووت لە لایەن خوداوە ئەمری پێ دەکرێ، گوندەکەیان بەجێ بێڵێ و خۆی و کەسەکانی ڕزگار بکات. لە کۆتاییشدا گوناهبارەکان تیونا دەکرێن. ئەوەش چیرۆکی ئەو گێڕاوەیە لە قورئاندا:

*"کاتێ کە ڕاسپاردەکان بوونە میوانی ماڵی لووت، گوتی: ئێوە کەسانێکن ناتان ناسین. گوتیان: بەڵام ئێمە شتێکمان هێناوە، کە ئەوانە لێی دوودڵ بوون. ڕاستیمان بۆ تۆ هێناوە و ئێمە دیارە درۆ ناکەین. کە چەند بەتڵێك لە شەو بووری، تۆ خاو و خێزانت بەرە و خۆت لە دوایان وەڕێ کەوە، کەسیش ئاوڕ نەداتەوە. بۆ کوێتان ڕێ نیشان دەدرێ بۆ وێ بچن. نووك و بەدی کارەکەمان لەپێش دانا؛ کە لە دەمی بەیان بەربوون ئەمانە دوابڕاو دەبن. خەڵکی شاریش - وە هەلهەلە کێشانەوە - پەیایان بوو. گوتی: ئەوانە میوانن، ڕوو زەردی ئەوەم مەکەن. ترستان لە خودا هەبێ و ئابڕووم مەبەن. گوتیان: ئەدی پێمان نەوتوی نابێ کەس تخوونت کەوێ؟ گوتی: ئەوا کیژەکانم، چیتان دەوێ وەرن دەگەڵیان بکەن. دە بەگیانی خۆت سوێندەکە، ئەوانە لەبەر سەرخۆشی، سەرگەردان بوون. دەگەڵ گزینگی هەتاوێ شریخە و گرمە گرتنی.هەمووومان ژێر و ڕوو کرد و بارانێکمان لە کەستەکێ - کە ببووە بەرد - لەسەر ئەمانە داباراند." (سووڕەی١٥ ئایەی٦١ تا ٧٤)*

له تەلموودیشدا هەر وەك لە مەسیحییەت بە پێی متی و مرقس، ئەو چیرۆکە بۆتە هۆی سیمبۆلیزیرەکردنی میوانداریەتی و چەشنە شێوازێکی خوێندنەوە کە تەنانەت کتێبی قورئانیش پەیرەوی لێکردووە: "*ئەوانە میوانن، ڕوو زەردی ئەوانم مەکەن*"تا چ ڕادەیەك پلانی هێرشکاری ئەو مرۆڤە هەوەسبازانە سروشتێکی سێکسیی بووبێ، لە چەندین وەرگێڕاوی ئینجیلدا باسێکی مەزن و ئاڵۆز و نائاشکاری لە ناو مەسیحییەکاندا دروست کردوە. لە وەرگێڕاوەکەی مارتین لۆتەر دا هاتووە: پیاوەکان ویستوویانە بە ئاگایی تەواو هێرش بکەنە سەر فریشتەکان. ئەو وەرگێراوەیەی لۆتەر زۆر لە سوورەی ٢٩ی قورئان دەچی کە بە هۆی بەدفەڕی و هێرشکاریی ئەو مرۆڤانەوە دەبێ خودا تووناى کردبن:

*"باسی لووتیشیان بۆ بکە، ئەوسا کە بە هۆزەکەی گوت: ئێوە کاری ئەوەندە شوورەیی دەکەن، لە دنیا دا کەس بەر لە ئێوە وای نەکرد. ئێوە سواری پیاوان دەبن و ڕێگریو و کردۆتە پیشە و لە دیوەخانی خۆتاندا ئاکاری ناشیرین دەکەن؟ تەنیا وەرامی هۆزەکەی هەر ئەمە بوو: ئەگەر قسەکانت ڕاستن، ئازاری خوامان بۆ بێنە. گوتی:ئەی پەروەرەندەی من! لەسەر ئەو هۆزە بدفەڕە، یاریدە لە تۆ دەخوازم." (سوورەی٢٩ ئایەی٢٨ تا٣٠)*

وێدەچی کارتێکەریی کرداری پڕ لە شوورەیی جۆراوجۆر پێکەوە بوونەتە هۆی هەڵوێستگرتنی خودا و شاروەندانی سدوومی سزا داوە. هەروەها لە کۆتایی ئەو چیرۆکەشدا هیچ پێشنیار یاخود یاسایەك بوونی نییە کە موسوڵمان بە نیەتی شەڕ بۆ هێرشکاری دژ بە مرۆڤی هاوجنسباز هان بدا.

هۆی ئەوەی لە تاقمێك لە وڵاتە ئیسلامیەکان مرۆڤی هاوجینس باز دەکووژرێن یا دەخرێنە زیندانەوە، چییە؟ بۆچی ئەو مرۆڤانە لە لایەن داعیش و گرووپە ئیسلامیستەکانی دیکەوە، دەستبەستراو و چاوبەستراو لە سەربانی باڵەخانەکانەوە دەخرێنە خوارەوە؟

هەر وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، لە پەرتووکی ئینجیلیشدا نهێنیەکی تێدایە کە بە دەنگی توورەیی دژ بە مرۆڤی هاوجینس باز هەڵوێست دەگیرێت و لە زۆربەی وەرگێڕاوەکانی ئەو پەرتووکەدا "سدوم" لە خزمەت ئاواتی ڕەدکردنەوە و وەدەرنانی ئەو مرۆڤانە لە کۆمەڵگادایە و تەنیا لە برێك لە بۆچوونەکاندا لەگەڵ شەهوەت و سروشتی ئینسانی لە یەك ڕیزدا دادەنرێ. سەرەڕای ئەو هەڵسەنگاندنەش هیچکات ئەو فەرمانە بە باوەڕپێکراوانی ئایینی مەسیحی نەدراوە کە مرۆڤی هاوجینس باز بکووژن، هەر وەك لە کتێبی قورئانیشدا باسی لێ نەکراوە.

ئەوەی بۆچی ئەو کارە لە تاقمێك لە وڵاتە ئیسلامییەکان وەك یاسای لێ هاتووە، هۆکاری جۆراوجۆری هەیە: زۆربەی لایەنگرانی مەسیحییەت پەرتووکی تەوڕات و ئینجیل کە بە مووسا و عیسا وەحی کراون و لە زۆر جێگادا وەك یاسای ڕۆژانەی کۆمەڵگای لێهاتووە، وەک گوتەی ڕاستەوخۆی خودا ناناسن. بەڵکوو تەنیا کەمینەیەکی فۆندامێنتالیست واتە فناتیکن کە بە جۆرێکیتر سەیری ئەو تەوەرە دەکەن. پشکێنەرانی پەرتووکی ئینجیل کتێبەکە و تێکستەکانی وەك نووسراوەیەکی ئینسانی سەیر دەکەن و لەسەر ئەو باوەڕەن کە هەستی ئیمپاتی (بەزەیی)، ئەزموونی کاتی و فانتازیای نووسەرەکە ئاوێتەی تێکستەکانی کتێبەکە بوون. سەرەڕای ئەوەش لە قسە و گێڕاوەکانی کتێبی ئینجیلدا خودا خۆی ئاخافتن ناکا، بەڵکوو ئەو کەسەی گێڕاوەکەی نووسیوە، جا یا خۆی بینیویە و یا لە کەسانیتری بیستووە. نووسەر زانیاریی و گێڕاوەکانی چەندین سەرچاوەی پێکەوە پینە

کردووه و چیرۆکێکی لی دروست کردووه. "گوناه + ڕووداوەی سرووشتی": **ئەوە دەبێ سزا و تاوانی خودا بێ!**

وەک چۆن کتێبی ئینجیل بە درێژایی ماوەیەکی دوور و درێژ نووسراوە و پەیتا پەیتا نووسراوەتەوە و زانیاری نوێی لێ زیاد و کەم کراوە، بە پێی کات و لێکۆڵینەوەی نوێ گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە هەتا سەردەمی ریفۆرماسیۆن، نوێ سازییەکی ئەوتۆ بە پشتیوانی رۆحی ئینسان گەرایی لە ئایینی ئیسلامدا هیچکات پێك نەهاتووە. دیارە لە کتێبی ئینجیلیشدا سوورەی شەڕخوازی بوونیان هەیە، بەڵام لەواندا هیچکات لە باوەڕپێکراوان داوا نەکراوە چاو لە هەڵس و کەوتی یەهوە "Jehova"[29] بکەن و بێ باوەڕ یاخود مرۆڤی بە بۆچوونیترەوە بکووژن. سەرەڕای ئەوەش سوورە شەڕخوازەکان و یاساکانی ناو وەسیەت نامەی کۆن(تەورات)[30] بە هۆی نووسینی وەسیەت نامەی نوێ (ئینجیل) پووچەڵ کراونەوە. ئەگەر عیسا بڵێ: "کێ لەناو ئێوەدا بێ گوناهە، ئەو کەسە یەکەم بەردی هاویشتووە"، ڕێگا خۆشکەرە بۆ لابردنی داب و نەریتی کۆنی ئەشکنجەدانی لەشیی.

بەڵام لەبەر ئەوەی پەرتووکی قورئان بۆ هەر کام لە موسوڵمانان گوتەی ڕاستەوخۆی خودایە و مرۆڤ وەك جێنشینی خودا لەسەر زەوی سەیر دەکرێ، سوورەکانی قورئان بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئینجیل بە شێوازێکیتر دەخوێنرێنەوە و هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا دەکرێت. لە قورئاندا ئەوە خودایە لەگەڵ مرۆڤی موسوڵمان ئاخافتن دەکا و چاوەڕوانییان لێ دەکا کاری چاك بکەن و ڕێ لە ناڕەوا ببەستن:

*"ئێوە چاکترین کۆمەڵن کە لەناو مەردمی دنیادا سەروو هەڵدا؛ فەرمان بە چاکە دەدەن و ڕێ لە ناڕەوا دەبەستن. باوەڕیشتان بە خوا هەیە." (سوورەی٣ ئایەی١١٠)*

---

[29] یەهوە لە کتێبی ئینجیلدا بە مانای خودای ڕاستەقینە هاتووە.

[30] لە ئایینی مەسیحیدا نووسراوەکانی ناو کتێبی تەورات بە وەسیەت نامەی کۆن و نووسراوەکانی کتێبی ئینجیل بە وەسیەت نامەی نوێ دەست نیشان کراون.

کاتێ خودا خۆی ڕق و کینەی لە هەنبەر بێدین و تاوانبار هەیە و تووانایان دەکا، دیارە دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بکرێ باوەڕپێکراوانیشی هەمان کردەوە لە خۆیان نیشان بدەن.

سەرەڕای ئەوەش: وەسیەت نامەیەکی نوێ، یاخود کەسایەتییەکی وەك عیسا لە ئایینی ئیسلامدا هیچکات بوونی نەبووە. لەویدا تەنیا پێغەمبەر وەك نموونەیەك و گوتەکانی وەك یاسا بۆ چۆنیەتی ژیان و هەڵس و کەوتی موسوڵمانان لە مرۆڤ قوت بوونەتەوە. کتێبی حەدیس وەك هەڵس و کەوتی ڕاستەوخۆی محەمەد و هەروەها سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەی نووسراوەکانی ناو قوڕئان سەیر دەکرێ. یەك لە ناودارترین گوتەکانی پێغەمبەر موسوڵمانان هان دەدا کە نەک هەر گوناە بە دادوەر بسپێردرێت، بەڵکوو بەشێوەی چالاکانە دژ بە گوناە بەربەرەکانی بکرێ:

*"هەرکەس لە ئێوە کارێکی ناحەز ببینێ، دەبێ بە دەستی خۆی هەوڵی گۆڕینی بدا، ئەگەر بۆی نەکرێ دەبێ بە زمانی خۆی گۆڕانی بەسەردا بهێنێت، ئەگەر ئەوەشی لە دەست نەهات، دەبێ بە دڵی بیگۆڕێت، کە ئەوەیان لاوازترین فۆرمی باوەڕە."* [31]

ئەوە بەو مانایەیە، بەهێزبوونی باوەڕ لێرەدا خۆی دەنوێنێ کە باوەڕپێکراو بە هەر چەشنێك کە بۆی بگونجێ، دەبێ بەربەرەکانی لەگەڵ کاری خراپدا بکات. ئەو کارەی کە من هەمیسان لەگەڵ ڕووداوی ئورلاندۆ "Orlando" پەیوەند دەداتەوە. دیارە لە هەر کولتورێك و لە هەر وڵاتێکدا مرۆڤی زێدەڕۆ هەن کە ئامادەن و توانایی ئەوەیان هەیە ڕووداوێکی توڕەیی و دژ بە مرۆڤ بخوڵقێنن. بە پێی ئەو زانیاریانەی تا ئەمڕۆ بۆ ئێمە ناسراون، تاوانکارەکە یا مرۆڤێکی باوەڕداری ئیسلامی بووە کە بێ دینەکان بە گڵاو و هاوجینس بازەکان وەك سەرچاوەی گوناە سەیر دەکا، یا کەسەکە خۆی هەستی گوناهباری تێدا پەروەردە کراوە و لەڕێگەی

---

[31] Sahīh Muslim, Hadith Nr. 73

بەڕێوەبردنی ڕووداوێکی ئەوتۆ و کوشتنی مرۆڤی بێ تاوانەوە هەوڵی پاککردنەوەی گوناهەکانی خۆی داوە.

## ڵێکۆڵینەوە لە پرسیار، ئەزمونەکەی مەترسیە بۆ گیان

تاوانکارێکی زێدەڕۆ و فناتیك تەنیا بەهۆی پەرتووکی قورئانەوە ناتوانی بە فەرمی کارەکەی بەڕێوە بەرێ. ئەدی بەهۆی حەدیسەوە چی؟ گوتەیەکی پێغەمبەر لەناو حەدیسدا هەیە کە لە هەر سێ حەدیسی کۆکراوەی باوەڕپێکراوی موسوڵمانانداهاتووە: "ئەگەر ئێوە کەسێکتان دۆزییەوە، ئەوکارە دەکات کە خەڵکی لووت کردوویانە، چالاك و ناچالاکیان لی بکووژن."[32]

بەڵام تەنانەت لێرەشدا ئەو تاوانەی هۆزی لووت کردویانە لە تاریکیدا دەمێنێتەوە. دەستڕێژی سێکسی؟ ڕووتاندنەوە؟ شکاندنی داب و نەریتی میوانداری؟ هەڵس و کەوتی هاوجینس بازی؟ هەموویان گونجاون، بەڵام بە ڕوونی ئاماژە نەکراوە. سەرەڕای ئەوەش ئەو چەشن حەدیسانە بە بەڵگە بۆ بە تاوانبار زانینی هاوجینس بازی و تووناکردنیان دەهێننەوە. تەنیا لەسەر ئەگەری گوتەی گوماناوی پێغەمبەر، گرنگترین قوتابخانە ئایینیەکانی ئیسلامی بڕیاری کوشتنیان بۆ مرۆڤی هاوجینس باز دەرکردووە. بۆ ئیمام ئەحمەد بن حەمبەڵ(٧٨٠ لە بەغدا، ٨٥٥ لە بەغدا)، ئیمام مەکیك بن ئەنەس (٧١٥ لە مەدینە، ٧٩٥ لە مەدینە)، ئیمام محەمەد بن ئیدریس ئەلشافیعی (٧٦٧ لە فەلەستین، ٨٢٠ لە فەسطاط)، تاوانی هاوجینس بازی لەگەڵ خەیانەتی هاوسەریی وەك یەك دانراوە و تاوانەکەی کوشتن بووە. بەڵام زانایەکی وەك سەیید ئەبولعەلا مەودوودی (١٩٠٣ لە هیندوستان، ١٩٧٩ لە بوفالۆی نیویۆرك)کە وەك بیرمەندێکی مودێرنی دنیای ئیسلام سەیر دەکرێ، لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە نە لە پەرتووکی قورئان و نە لە حەدیسدا بەڵگەیەکی ڕۆون لەسەر کوشتنی مرۆڤی هاوجینس باز بوونی نییە.

---

[32] Sunan abi dawuud, Hadith Nr. 4462; Sunan al-turmuthi, Hadith Nr. 1456 und Sunan ibn maja, Hadith Nr. 2561

كە وابوو ئەو تەوەرەش هەر وەك زۆربەی تەوەرەكانیتری ئايينی، دەبەسترێتەوە بە بۆچوون و تەفسیری عالمانی ئیسلامی. لە خراپترین بارودۆخدا كوشتن بۆ مرۆڤی هاوجینس باز بە دیاری دێنێ كە تەنیا وەدوای هۆگرییەكیتری جینسی كەوتوون. لە ناوچە ئیسلامییەكانی جیهان و ڕێكخراوە و كۆمەڵە ئیسلامییەكانی ڕۆژئاوا دەبێ مرۆڤی هاوجینس باز لە مەترسیدا بژین، چونكە تەنانەت لە سەدەی ۲۱یشدا هەمیشە مرۆڤی فناتیك هەن و لەسەر ئەو باوەڕەن كە ئیزنی كوشتنی مرۆڤی تریان هەیە چونكە خودا رق و كینەی سەبارەت بەو مرۆڤانە هەیە. تەنانەت لەو وڵات و كۆمەڵگایانەی ئیسلامیش نین، هەڵس و كەوتی ناحەز و خراپ لە هەنبەر مرۆڤی هاوجینس باز بەڕێوە دەچێ، بەڵام لە هیچ جێگایەك وەك وڵاتە ئیسلامییەكان و ئايينی ئیسلام ئەو كارە بە نێوی ئەركێكی ئیلاهییەوە بەڕێوە نابرێت. هۆیەكەشی ئەوەیە كە بۆچوونی مرۆڤی موسوڵمان بە گشتی لەسەر هاوجینس بازی ناكرێ لە گوناە و تاوان و هەڵسو كەوت لەهەنبەر بێ دین جیا بكرێتەوە. ئیلاهی بوون و پیرۆزبوونی كتێبی قورئان و ئیزن نەدان بە گۆڕان بەسەر ئەو كتێبەدا، هەروەها پێغەمبەرەكەی وەك جێنیشینی خودا دەبێتە هۆی پیكهینانی هێزێكی باوەڕبەخۆ كە وەك دادوەرێك ڕۆڵ و جێی خودا دەگرێتەوە و بە ناوی ئەوەوە بڕیار دەدا.

لە دنیای ئەمڕۆی ئێمەدا كە زۆر بە گورجی گۆڕانكاریی بەسەردا دێ، كێشەی ناسنامە، شوناس و وەفاداری، بوونی هەیە. زۆربەی گەنجانی موسوڵمان دەتوانن لەو كۆمەڵگایانەدا هاوسەنگییەک بۆ خۆیان بدۆزنەوە، ئەوان باوەڕەكەیان وەك تایبەتمەندییەكی كەسیی، لە پەنا هەموو تایبەتمەندییەكانیتردا سەیر دەكەن. زۆربەیان چاوەڕوانی تولەڕانس دەكەن و هەوڵی تۆلەڕانس بوون لەگەڵ دەوروبەریان دەدەن. بەڵام تاقمێك لەوان سەركەوتوو نابن. بەڵگە بۆ ئەو كارە دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆی جۆراوجۆر، لە زۆربەشیاندا ناهومێدی كەسیی دەبێتە هۆی خزان بەرەو رادیكاڵبوونیان.

دیارە ناكرێ پەرتووكی قورئان بە تەنیا بەرپرس بۆ ئەو كارە دابنرێ، باوەكو زۆرجار لەو كتێبە وەك ماكەی ئاگر-هەڵكەر كەڵكی لێ

وەردەگیرێت، بەڵکوو لە لایەن ئەو کەسانەشەوە کە هەوڵی هەڵوەشانەوەی لیبراڵەکان دەدەن و کار بۆ دنیایەکی کراوە دەکەن، هەروەها لە لایەن ئەو کەسانەوە کە لە لایەن گرووپە ڕادیکاڵەکانەوە پشتیوانی دەکرێن و لە ڕێگاچارەیەکی ساکار دەگەڕێن.

کاری ترۆریستی دوایینی پاریس، ئۆرلاندۆ، نیس، اینسباخ و وورتسبۆرگ نیشاندەری ئەوە بوون کە تێپەڕبوون لە ناهومێدییەوە بۆ رق وکینە و هەروەها هەنگاوی دواتری، زیاتر ڕێگا بەرەو چالاکبوون بۆ شەڕخوازی ئاواڵەتر دەکاتەوە. باس و گفت وگۆی سادقانە لەسەر سەرچاوەکانی ئەو رق و کینەیە گرنگایەتییەکی زۆریان هەیە. فناتیزم و ناتولەڕانسی بەرهەمی لێکدانەوەی هەڵەی کتێبی قورئان یا حەدیس نین، بەڵکوو بەرهەمی زێدەڕۆیی کردنیانن. باسێکی سالم ئەو کاتە پێکدێ کە هەر وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، پەرتووك و سەرچاوەکان وەك بەرهەمێکی ئینسانی سەیر بکرێن. ئەو کاتەی لە لووتکەی پیرۆزییەوە بهێنرێنە خوارێ: خودا یاخود پێغەمبەرەکەی بە پێی سووڕەکان رێگا بۆ مرۆڤ دیاری نەکەن و دەستنیشانی ئەوەش نەکەن کە لە کۆتاییدا کام سووڕە ئیعتباریان هەیە، بەڵکوو مرۆڤ خۆی دیاری بکا. مرۆڤ دەتوانێ بڵێ: بڕیارەکە بە خودی مرۆڤەوە بەستراوەتەوە کە ئایا قورئان بە پەیامێکی خۆشەویستی دابنێت یان وەك پەیامی رق و کینە سەیری بکات.

## [بەشی ١١]

### ئەو شتەی لە پەرتووکی قورئان دەمێنێتەوە

گوتەیەکی زۆر ناسراو دەڵێ، بۆچی تەفسیری قورئان کارێکی ئاوا دژوار و پڕ لە ریسک کردنە. علی بن ئەبی تالیب زاوای پێغەمبەر و خەلیفەی چوارمی ئیسلامی دەڵێ: **"قورئان چەندین ڕوخساری هەیە"**. سۆفیەکانیش باس لەسەر **"قات و پلەی جۆراوجۆر"**ی قورئان دەکەن. هەر مرۆڤێك بە پێی زانیاری، باوەڕ و نیازی خۆی دەتوانێ ئەو شتە لە قورئاندا بدۆزێتەوە کە بەدوایدا دەگەڕێ. هەرکەس بەدوای یاسا بۆ ژیانی ڕۆژانەیدا بگەڕێ، لەوێدا دەیدۆزێتەوە؛ هەرکەس وەدوای هێزی مەعنەوی و ڕەهەندی عیرفانی کەوتبێ، نیازی خۆی لە کتێبی قورئاندا دابین دەکات؛ تەنانەت ئەو کەسانەی بەدوای یاسای ئەخلاقی کەوتوون، گەڕانیان بێ ئەنجام نابێت: عەداڵەت، یەك بوونی هەموو مرۆڤێك لە ڕوانگەی خوداوە، سەردانەواندن بۆ یاساکان، پارێزگاریی لە خوڵقاندن، یەك ڕوویی و نێوان خۆشی تەنانەت لە پەیوەندی لەگەڵ ئایین و بۆچوونەکانیتریش. یەکیەتی لەگەڵ مرۆڤی فەقیر و لاواز و نەخۆشیش یەك لە لایەنە ئەخلاقییەکان و پرەنسیپی پەرتووکی قورئانی پێك هێناوە.

پەرتووکی قورئان لە زۆرێك لە سوورەکاندا یاسا پێکدێنێ کە دەبێتە هۆی دانانی بناخەی کۆمەڵێکی پراگماتیك. پرەنسیپێك کە لە هەمووشتێك زیاتر بەرێوەدەچێ دوپاتبوونەوی دادگەریی، یەکڕوویی و دڵ فراوانییە لە هەنبەر مرۆڤی فەقیر:

*"خوا بە عەداڵەت و چاکە و بەخشین بە خزم و کەس و کار، فەرمان دەدا و ڕێ نادا بە ئاکاری پیس و خراپە و دەسدرێژی. ئامۆژگاریتان لێ دەکا بەشکوو پەندی لێ وەرگرن."*
*(سوورەی١٦ ئایەی٩٠)*

مەرجی بەڕێوەبردنی دادگەریی تەنانەت ئەودەمەش بەڕێوە دەچێ ئەگەر خۆی بە کاروباری نێوان موسوڵمان و باوەڕەکانیتریشەوە خەریك کردبێ. دوو نموونە لە سوورەی ٥ی قورئان:

*"رکی کۆنیش هەڵتان نەنێ، کە نەیانهێشت بە زیارەتی کابەی ماڵی خودا بگەن. لەسەر چاکە و پارێزگاری یارمەتی یەکتری بدەن؛ نەك لەسەر تاوان و غەدر. ئەشێ لە خودا بترسن، چونکە خودا نافەرمانان زۆر بە توندی تەمێ دەکا." (سوورەی٥ ئایەی٢ تا ٣)*

*"ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بۆ خوا ڕاست و بێ خەوش بن و بە هەقانەت شایەتی بدەن. دوژمنی و قینی دەستەیێك هەڵتان نەنێ بە هەقانەت ڕەفتار نەکەن. بە یەکسانی و بێ جیاوازی لەگەڵ خەڵکا ڕەفتار کردن دەبێتە هۆی پتر نزیکەوەبوون بە پارێزگاری. لە خواش ترسوو هەبێ چونکوو لە هەر کارێ ئێوە دەیکەن ئاگادارە." (سوورەی٥ ئایەی ٨)*

باوەڕپێکراوان نابێ لە مامەلە و بازرگانیشدا دادپەروەری لە بیر خۆیان بەرنەوە. لێرەدا دەبێ بیۆگرافی محەمەد کارتێکەرییەکی زۆری بووبێ، چونکە ئەو دوای زەماوەند لەگەڵ یەکەم ژنی یەکەمی(خەدیجە) خۆی ڕاستەوخۆ لە کاری بازرگانیدا چالاك بووە:

*"خوا فەرمانوو پێ دەدا، هەرچی ماڵی ئامانەتە بیاندەنەوە بە خاوەنیان؛ هەرگایەکیش بە کاری مەردم ڕادەگەن، بێ لاگری و بە یەکسانی پێ ڕابگەن. خودا زۆر باش ئامۆژگاریتان بۆ دەکا. خودا هەمووشتێك دەبیسێ و هەمووشتێکیش دەبینێ." (سوورەی٤ ئایەی ٥٨)*

لە سوورەی ٥ ئایەی یەکەمدا بانگەوازی باوەڕپێکراوان دەکرێت کە لە هەنبەر پەیمانی بەستراودا دادگەرانە هەڵس و کەوت بکەن و لە سوورەی ٢٦ دا دەڵێ:

*"ڕاست بن لە پێوانە پێوان و زیان بە کەس مەگەیەنن. کێشانەشتان بە تەرازووی بەرانبەر بێ. شت لە مەردم مەدزنەوە و پا دامەگرن لەسەر بەدفەڕی لە هەردا." (سووڕەی٢٦ ئایەی١٨١ تا ١٨٣)*

له حوزوری دادپەروەردا موسوڵمانان دەبێ ڕاستی بپارێزن تەنانەت ئەگەر قسەکەیان بە زەرەری خۆیان، دایك و باب و خزمەکانیشیان تەواو بێ:

*"ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بە یەکسانی و بێ جیاوازی [بە کاری مەردم ڕابگەن] و بۆ خوداش شایەتی بدەن؛ هەرچەندە شایەتی دانوو بە زیانی خۆتان و دایك و بابتان و خزمانیشوو بێ. [ئەر شایەتی بۆ دراوان] دارا بن یاخۆ هەژار بن، خوا بۆ ئەوان دڵسۆزترە؛ مەکەونە شوێن ئارەزووتان، نە وا لە ڕێگە لا بدەن. ئەگەر زمان بخەنە لا، یا خۆتان لە شایەتی دان بدزنەوە، لە هەر کارێ ئێوە دەیکەن، خوا هەمیشە ئاگادارە." (سووڕەی٤ ئایەی ١٣٥)*

شاهیدیی بە هەڵە و درۆ بە گوناه لە حیساب دێ:

*"هەر کەس هەر گوناحێ بکا، گوناهەکەی زیان بە خۆی دەگەیێنێ و خودا زانای لە کارزانە. هەرکێ بە هەڵە یا بە قەست، تاوانێکی لێ ڕوو بدا و بیخاتە سەر بێگوناهێك، ئاشکرایە باری تاوانی بوختانی لەسەر شانە." (سووڕەی٤ ئایەی١١١ تا ١١٢)*

یارمەتیدانی مرۆڤی فەقیر و هەتیوان یەك لە یاسا گرنگەکانی ناو قوڕئانە. یاسای یارمەتی بە نەداران ٨٠ جارلە کتێبی قوڕئاندا هاتووە و ٢٩جاری لە پەیوەندی لەگەڵ نوێژ و دۆعاکردندایە:

*"کاری چاك هەر ئەوە نییە ڕوو لە ڕۆژهەڵاتێ بکەن یان ڕۆژئاوا. چاك ئەمەیە باوەڕیتان بە خوا و بە ڕۆژی سەڵایە و فریشتان و کتێب و پێغەمبەرانی خودا هەبێ و لەو سامانەی – هەرچەند زۆریشو خۆش دەوێ – بەشێ بدەن بە خزمان و هەتیوان و هەژاران و ڕێونگان و پارسەکان و عەبدانی پێ بکڕنەوە و نوێژ بکەن و زەکات بدەن؛ هەر گاش پەیمانێك دەبەستن نەی شکێنن؛ لە نەداری و گرفتاری و تەنگانەدا خۆڕاگر بن. مرۆی بەڕاستی ئەوانەن و دیارە لە خودا دەترسن." (سووڕەی٢ ئایەی ١٧٧)*

نوکتەی سەرنجڕاکێش لێرەدا ئەوەیە کە باوەڕداران نەک هەر دەبێ یارمەتی مرۆڤی فەقیری موسوڵمان بکەن، بەڵکوو یارمەتی بە مرۆڤی بێگانە و بەدیل گیراویش بگەیێنن. پرەنسیپێك کە بە پێی سووڕەکانیتری قوڕئان توند و قایمتر دەکرێ:

*"لەو خۆراکەی کە خۆیان حەزی لێدەکەن، بە هەژار و بە هەتیو و بەدیل گیراوی دەبەخشن. ئێمە – هەر لە ڕاهی خودا – ئەم خۆراکەتان دەدەینێ، نە پاداشێکمان لێوو دەوێ نە شوکرانەش." (سوورەی٧٦ ئایەی ٨ تا ٩ )*

لەبەر ئەوەی محەمەد خۆی هەتیو بووە، ژمارێکی زۆر لە سوورەکان بانگ بۆ یارمەتی و لەژێر پێ نەخستنی مافی هەتیوان دەدەن:

*"مەچنە قەرەی ماڵ و دارایی هەتیوان؛ مەگین بەچەشنێ کە باشتر [بپارێزرێ]؛ تا کاتێ کە خۆی پێ دەگا. با پێوانە و تەرازووشتان بەرامبەر بێ و کەم و کۆڕی تێدا نەبێ. ئێمە لە توانایی بەدەر هیچ ئەرکێ ناخەینە سەر کەس. کاتێ[بۆ ناوبژی یان بۆ شایەتی دان] قسە دەکەن، عەداڵەتتان لەبەر چاو بێ؛ جا باخزمی نزیکی خۆشتان بێ. پەیمانی خواش - بە تەواوی - بەجێ بێنن. خوا ئەمانەی بە ئێوە ڕاسپاردووە، شایەتا هەر لەبیرتان بێ." (سوورەی٦ ئایەی ١٥٢)*

*"ماڵی هەتیو بدەنەوە بە هەتیوان. ناپاك بە پاك مەگۆڕنەوە و ماڵی ئەوان تێکەڵ ماڵی خۆتان مەکەن؛ کە تاوانێکی مەزنە." (سوورەی٤ ئایەی٢)*

بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ یارمەتی بکا، دەبێ ئەخلاقێکی باشی کاریی هەبێ:

*"بێژە دەسا وەکار کەون، کاری ئێوە بە زوێکی زوو لە لای خودا و پێغەمبەری و خاوەن باوەران دیار ئەدا و بەو زوانە دەبرێنەوە بۆ لای زانا بە نادیاری و دیاران؛ ئەوسا ئاگاداروو دەکا کە چۆن کارێکتان کردووە." (سوورەی٩ ئایەی ١٠٥)*

*"ئەو کەسانەش کە بوونە خاوەن باوەڕ ئاکار چاکن، باشترین کەس هەر ئەوانن." (سوورەی٩٩ ئایەی٧)*

کارتێکەری باوەڕپێکراوان بە شێوەیەك لە شێوەکان هیچ زیانێك بۆ خوڵقێنەر پێك ناهێنن:

*"خراپەش مەکەن لەم زەمینە دوای باش بوونی. بە ترسەوە و بە هیوای تووشی چاکەبوون لەبەر خوا بپاڕێنەوە. ئەو کەسانەی چاکەکارن، لە بەزری خودا نزیکن." (سوورەی٧ ئایەی ٥٦)*

جیا لە بانگەواز بۆ " پارێزگاریکردن لە ژینگە" قورئان "خولْقاندن" بە هەلْێك دادەنێ بۆ هاندانی باوەڕپێکراوان بۆ پشکنینی جیهان:

*"بێژە گەشتێ لەم سەرزەمینە بدەن و تەماشا کەن، چێکردنی چۆن دەستپێکرد؟" (سوورەی٢٩ ئایەی ٢٠)*

خۆ بە خولْقاندنەوە خەریك کردن و بیرکردنەوە لەو، بەشێك لە دۆعا دەگرێتەوە:

*"ئەوانەی چ بە وێستاوی و چ لە جێوە، بە دانیشتن، چ لەسەر تەنیشت ڕادەزێن - هەر یادی خودا دەکەن و لە سازدانی ئەم عاسمانان و زەمینە ڕادەمێنن، دەلْێن: ئەی پەروەرەندەمان! تۆ ئەم دەزگایەت بە فێڕۆ ساز نەداوە، پاکی و بێ عەیبی بۆ تۆیە؛ بۆخۆشت لە ئازاری بە ئاگرمان بپارێزە." (سوورەی٣ ئایەی ١٩١)*

قورئان مرۆڤی بە زانست و ئەو کەسانەی سروشت دەپشکنن، بە ترس لە خودا دەناسێنێ:

*"ئاخۆ نەتدی، خودا ئاوی لەو بەرزەوە باراندووە، میوەجاتی هەمەڕەنگمان پێ ڕواند؟ لە کێوانیش ڕێگە و بانی سپی و سووری جۆراوجۆری بەڕەنگ جیای وەدی هێنان؟ ڕەشی وەك قەلەڕەشەشیان تێدا هەیە. لە مەردم و جانەوەر و پاتاڵیشدا، هەروەهایە؛ ڕەنگیان لە یەکتر جودایە. لەناو عەبدانی خودادا هەر ئەوانەی فرە زانان لێی دەترسن. خودا خاوەن دەسەلاتی خەتاپۆشە" (سوورەی٣٥ ئایەی ٢٧ تا ٢٨)*

پەیوەندی نێوان ئەو بیرۆکە بلاوکراوەیە کە قورئان پێش بە بیری ڕەخنەگرانە دەگرێ، چلۆنە؟ قورئان چاوەڕوانی لە موسولْمانان هەیە ڕۆژانە مێشکی خۆیان وەکارخەن، بیربکەنەوە و بپشکنن. لە بەشێکی قورئاندا هاتووە:

*"بێژە : ئەی پەروەرەندەی من! گەشە بە زانستم بدە." (سوورەی٢٠ ئایەی ١٤٤)*

ئەوەی کە ئەو زانستە تەنیا بە تەوەری ئایینەوە نەبەستراوەتەوە، دوو بۆچوونی محەمەد لە حەدیسدا ڕوونی دەکاتەوە:

"وەدوای زانست کەوتن ئەرکێکە بۆ هەموو باوەڕپیکراوان."

لە دەقێکیتری حەدیس دا دەڵێ: "وەدوای زانست بکەوە تەنانەت ئەگەر لە چینیش وەدەستت کەوێ."[33]

بەوهۆیەی لەو سەردەمەدا لە چین هیچ موسوڵمانێکی لێ نەبووە، پشکێنەران وای بۆ دەچن کە لێرەدا مەبەست زانستی جیهانییە. زیاتر لە ٥٠ جار قورئان موسوڵمانان بۆ بیرکردنەوە هان دەدا و تەنانەت بیرکردنەوە لەسەر خودی قورئانیش. بۆ ئەو کارە لە سێ کرداری جیاواز کەڵك وەردەگرێ:

Yatafakkarun (یتفکرون =بیرکردنەوە)، yaa'kilun (یعقلون =مێشك وەکارخستن، تێگەیشتن) و yatadabbarun (یتدبرون= تەدبیر ومتمانەکردن):

*"ئەگەر ئێمە ئەم قورئانەمان ناردبایەتە سەر کەژێك، تۆ دەتدی کە داهاتووە و لە ترسی خوا لەت لەت بووە. ئەم نموونانە بۆ مردم دێنینەوە، بەشکو ئەوان ڕابمێنن." (سووڕەی٥٩ ئایەی ٢١)*

لە سووڕەی ٤ ئایەی ٨٢ دا بە مرۆڤ پێشنیار دەکرێ قورئان بە پێی عەقڵ و ژیریی خۆیان بپشکنن و بیری لێ بکەنەوە:

*"ئاخۆ ئەمانە لە قورئان ورد نابنەوە و[سەرنجی ڕانەکێشاون]؟ ئەگەر قورئان کاری کەسێکیتر بایە غەیرەز خودا، دیارە مەبەستی ناڕێك و دژ یەکتریان فرە تێدا پەیدا دەکرد." (سووڕەی٤ ئایەی ٨٢)*

*"ئاخۆ ئێوە کە فەرمان بەو مەردەمە دەدەن چاکەی بکەن، خۆتانی لێ هەڵداوێرن و هەر خۆشوو کتێب خوێنەوەن؟ دەسا چێتانە تێ ناگەن؟" (سووڕەی٢ ئایەی ٤٤)*

---

[33] Al-Tabarani: al-awast, Hadith Nr. 8567

دەسا چیتانە تێ ناگەن؟ یاخود ناتانەوێ تێبگەن؟

تەواو ئەو پرسیارە هۆکاری نووسینی ئەو کتێبەی منە. من دەمهەویست مێشکی خۆم وەکار بخەم و کتێبی قورئان بپشکنم و لەو پەرتووکە حاڵی بم. ڕەنگە ئەو کارە مرۆڤێکی ئاسایی هەڵبەزێنێتەوە، کە لە زۆربەی سوورەکانی قورئاندا بیرکردنەوە خۆی زانستێکە. (لە چەندین بەشی قورئانیشدا بە پێچەوانە ئەو کارە رەد دەکرێتەوە چونکە محەمەد بە ئاشکرایی ویستوویەتی پێش بە پرسیاری سەیروسەمەرەی لایەنگرەکانی بگرێ.) هەروەها بەوەش کۆتایی پێ نایە: تەنانەت پرسیار لەسەر خودی خوداش ئیزن دراوە و داوای دەکرێ.

قورئان لەو بەشەدا هەمیسان لە ئیبراهیم دەدوێ کە نەیویستووە وەدوای داب و نەریتی خەڵکەکەی بکەوێ، بەڵکوو بە هۆی وەکارخستنی بیر و هۆش و مێشکی خۆیەوە وەدوای خودای خۆی کەوتووە:

*" هەر ئەو دەمەش بوو کە ئێمە نیشانی ئیبراهیمن دا دام و دەزگای ئەم عاسمانان و زەمینە سەر بە کێیە، تا لە ڕێزی باوەڕدارە ڕاستەکان بێ. کە شەوی بەسەردا هات، ئەستێرەیەکی بەدی کرد. گوتی: ئەمە پەروەرێنمە. هەر کە لەبەرچاو ئاوا بوو، گوتی: هەرچی ئاوا ببێ خۆشم ناوێ. وەختێ کە دیتی مانگ هەڵات، گوتی: ئەمە پەروەرینمە. کە ئەویش لەبەر چاو نەما، گوتی: ئەگەر پەروەرێنی ڕاستەقینەم خۆی شارەزاییم پی نەڵێ، منیش لە گومڕایان دەبم." (سوورەی٦ ئایەی ٧٥ تا ٧٧)*

ئیبراهیم بە هۆی گرتنی ڕێگای خۆیەوە لە لایەن خەڵکەکەیەوە سزا درا و لە ئاگر خرا، ئەو ئاگرەی کە لە لایەن خوداکەیەوە کوژایەوە. ئەو کارە بۆ ئیبراهیم گرنگترین بەڵگە بووە کە خودا خۆی لەوێ حوزووری بووە. سەرەڕای ئەوەش کەوتۆتە گومانەوە. ئەو نەک هەر گومان لە خودا بە زمان دەدرکێنێ، بەڵکوو دەیهەوێ تاقیشی بکاتەوە. ئیبراهیم دەیویست بزانێ چلۆن خودا مردوو زیندوو دەکاتەوە. خودا ئەمری پێ دەکا چوار باڵندە لەت و کوت بکا و لەتەکان جیاوز لەیەك هەرکام لەسەر شاخێك دابنێ و لە کۆتاییدا بانگیان بکاتەوە:

*"ئەوساش کە ئیبراهیم گوتی: پەروەرەندەم! ئەتۆ مریان چلۆن زیندوو دەکەیتەوە؟ نیشانم دە. گوتی: ئاخۆ تۆ هێشتا باوەڕت نییە؟! گوتی: بەڵێ، بەڵام من گەرەکمە ئیتر بە تەواوی دڵنیا بم. گوتی: دەسا چوار مەل بگرە و پەل پەلیان کە و بیانکە چوار کوت.؛ هەر کوتێکیان بەسەر کەژێکەوە دانێ و بانگیان بکە، بە فڕکە دێنەوە بۆلات. بشزانە خوا چەندە خاوەن دەستەڵات و کارزانە." (سوورەی٢ ئایەی ٢٦٠)*

کەابوو ئیبراهیم باوەڕی خەڵکەکەی وەلا ناوە و ڕەدی کردۆتەوە و دوای ماویەکی زۆر گەڕان و پشکنین خودای خۆی دۆزیوەتەوە. ئەو هێزی خوداکەی دەناسی، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بەردەوام ویستوویە خۆی دڵنیاتر بکا.

لێرەدا زەنگی تەك پەرەستی و بیری ڕەخنەگرانە لێ دەدرێ کە بەداخەوە لەمڕۆ و لە پەیوەندی ئایینی جیهانی ئیسلامیدا زۆر بە دەگمەن دەبیسرێ و دەبینرێ. تاقمێك زێدەڕۆی ئیسلامی و فناتیکی ئایینی بەسەر فازی ئیبراهیمدا بازدەدەن و هیچ زەحمەتێك بەخۆیان نادەن مێشکیان وەکار خەن و پرسیاری ڕەخنەگرانە دابڕێژن. هەرکەسیش دژ بەوان ڕاوەستێ، بە خراپتین حاڵەت گیانی لێ دەستێنن. ئەگەر ئەو فناتیکانە گوێ بۆ ڕەخنە و پرسیاری ئەو مرۆڤانە ڕاگرن، دەتوانن تێبگەن کە پشکنین، پرسیارکردن، گومانکردن و ... هەر هەموویان لە قورئاندا ئیزنیان پێ دراوە.

بەڵام سەرەڕای ئەوانەش لۆژیك و زانین لای ئەو مرۆڤە فناتیکانە بە فۆرمی بازنەییە. لە سەرەتاکەیەوە خاوەنداریی خودا بۆ خوڵقاندن و بۆ پێکهێنانی پێغەمبەر و قورئان وەستاوە. پشکێنەر و تۆش بۆتان ڕوون دەبێتەوە کە هەر هەمان سەرەتاکە لە کۆتاییەکەشیدا دووپات بۆتەوە.

لە قورئاندا ژمارێکی زۆر سوورە هەیە کە بە شێوازێکی شاعیرانە و دڵسۆزانە، هەستی مرۆڤ دەبزوێنن. کاتێ ئەو سوورانە بە دەنگی بەرزی قورئانخوێنێکی دەنگخۆش لە بارودۆخێکی گونجاودا بخوێندرێنەوە، دەتوانن بەڕاستی مرۆڤی گوێبیست بخەنە دنیایەکیترەوە.

لێرەدا تەواو ئەو هەستە دەروونی و ڕەوانبێژییەیە مانا بە قورئان دەدات، نەك ناوەڕۆکەکەی. دوو نموونە:

*"ئەو خودایەکی ئەوتۆیە کە غەیرەز ئەو کەس بۆ پەرستنێ نابێ؛ لە نەدیار و لە دیاران ئاگادارە و دڵاوایە ودڵۆڤانە. ئەو خودایەکە- لەو بەدەر شیاوی پەرستنێك نییە – پادشایە؛ لە کامایەسی بەدوورە؛ سەرچاوەی هێمنایەتی و هێمنی دەرە؛ بەسەر هەموو شت ڕادەگا؛ گش دەستەڵات بە دەس ئەوە؛ بەسەر هەموو شتدا زاڵە؛ هیچ شتێ دەروەستی نایە. پاکە خودا لەو شتانەی ئەوان دەیکەنە شەریکی." (سوورەی٥٩ ئایەی ٢٢ تا ٢٣)*

*"خوا ڕووناکی ئاسمانەکان و زەمینە. ڕووناکی ئەو وەك تاقیکە چرای تێدا هەڵکرابێ، چراکە لە جامێکدا بێ، جامەکە وەك ئەستێرەیەك ترووسکەی بێ و ماکی چرا لە زەیتوونیکی مبارەك دەس کەوتبێ؛ کە دارەکەی نە هەمیشە بەرەو ڕۆژە و نە هەمیشە لەنزارە. تۆ ئێژی ڕۆنی چراکە – بە بی ئاگرتخوونکەوتن – تیشك دەدا؛ ڕووناکی لە بان ڕووناکی. خودا هەر کەسێ حەز بکا، ڕووناکی خۆی نیشان دەدا. خودا بۆ مەردم نەزیلان دێنیتەوە. خودا بە هەموو شت دەزانێ." (سوورەی٢٤ ئایەی ٣٥)*

باوکم ئیمامێك بوو لە شارێکی بچووکی قەراخ چۆمی نیل. دەنگێکی زۆر خۆشی پێوە بوو. لە کاتی نوێژ و دۆعادا زۆر جار ئەو دوو ئایانەی بە دەنگی بەرز دەخوێندەوە. تاقمێك لە باوەڕداران و بیسەران بە دەنگی باوکم وەگریان دەکەوتن. تەنانەت زور جاریش کارتێکەری لەسەر منیش داناوە. بۆیە بیستنی ئەو ئایانە هەستی دڵسۆزانە لە مرۆڤدا پیکدێنێ، چونکە لە ڕوانگەی باوەڕپێکراوانەوە لە لایەن مرۆڤێکەوە نووسراوە کە بە دوای ڕاستی، دادگەری و بێخەوشیدا گەڕاوە. من لەو سەردەمەدا هەمیشە لەبەر چاوی خۆمەوە وێنام کردووە کە چلۆن محەمەد ناهومێد لە ناو غارێکدا دانیشتووە و ئەو سوورانەی خوێندۆتەوە. دیارە جێی شك و پرسیار نییە کە

محەمەد لایەنێکی شاعیرانە، دڵسۆزانە و ئەدەبی بووە کە ئەوی لە لایەنی شەڕخوازی و ڕق و کینە و تۆڵە سەندنەوەکەی جیا کردۆتەوە.

ئەمرۆشی لەگەڵ بێ، ئەو لایەن و ڕوانگەیەی وا بەسەر ناوەڕۆکی قورئاندا زاڵ بووە، بۆتە هۆی پێکهینانی شێوازێکی دڵسۆزانە لە ناو موسوڵمانان و هۆگرییان بۆ پەرتووکی قوڕئان. مرۆڤ ناتوانی ئەو هەستەیان لی بستینێتەوە، جا هەرچەند ناوەڕۆکەکەشی لەژێر ڕەخنە دابنێ.

هەر وەك چلۆن کتیبی قوڕئان چەندین ڕوخساری هەیە، هەر کام لە ئیمەش ڕوخساری جیاوازی خۆمان هەیە. مرۆڤ تووڕە دەبێ، نادادگەر دەبێ، هەمیسان دێتەوە سەرخۆ، بەدوای لێبووردن و قەرەبووکردنەوە دا دەگەڕێ. ئەگەر ئێمە قوڕئان وەك کارێکی ئەدەبی و مێژوویی ئینسانی سەردەمی خۆی تێ بگەین، دەتوانین لای کەم ڕوانگە شەڕخوازییەکەی پووچەڵ کەینەوە و زەخت لەسەر ئەو بەشانە بکەین کە باوەڕپێکراون بۆ هەست بە خۆشەویستی و لێ بووردن پێویستیان پێی هەیە. بە چاوی ئینسانی سەیر کردنی قوڕئان بە هیچ شێوەیەك نابێتە هۆی بێ بەهاکردنی ناوەڕۆکەکەی. بە پێچەوانە گرنگایەتی تێکستێك لەوەدایە کە بتوانێ خەڵک و لایەنگرانی ڕازی ڕاگرێ.

چەند مانگ لەمەوبەر باوکم کۆچی دوایی کرد. من هەموو جارێك کە گوێم لە دەنگخۆشێکی قوڕئان دەبێ، ئەوم وەبیر دەکەوێتەوە.

## گوتەی کۆتایی

هیوادارم بمتوانیبایە لەو نووسراوەیە دا وێنای بکەم کە سووپێرمارکتی قورئان چەندە پڕە و چەندە کەل و پەلی جیاوازی بۆ خوێنەران و باوەڕپێکراوان تێدا کۆبۆتەوە. بە داخەوە ئەو کەل و پەلانەی ناو قورئان بەهۆی ڕێک و پێکییەکی نادیار لە جێی خۆیاندا دانەنراون. ڕێکەوتی کەڵک لێوەرگرتنی زۆربەی کەل و پەلەکان دیار نین و جار و بار تەنیا ئەو کاتە دەبینرێن کە کۆنتێکستی گێڕانەوەی چیرۆکەکانی لەگەڵ ڕاستییەکانی ئێستا هەڵسەنگێندرێن. هەموو موسوڵمانێکیش لەو سۆپێر مارکتە شت ناکڕن، ئەگەرچی ئەو سۆپیر مارکتە بەگشتی بە باشیش دادەنێن. ئەو کەسانەی لەو دووکانەدا دەخولینەوە، نیازی جیاوازیان هەیە. تاقمێك سەرنجیان بۆ ئەو بەشانە ڕاکێشراوە کە لەگەڵ بارودۆخی ژیانیان، لەگەڵ کار، بیرکردنەوە و گوتەکانیاندا دەگونجێ. کەسانێك تامەزرۆییان بۆ ئەو بەشانە هەیە، کە ئالترناتیوێك بۆ بارودۆخی ژیانی کاتییان بۆ پێك دێنێ و یارمەتیدەریان دەبێ بۆ خۆ نواندن و هەست بە کەسایەتی خۆ کردن. مرۆڤێکی ژن یا پیاوی موسوڵمان کە لە سروشتیدا ئاشتیخوازە، یاخود بەو شێوەیە ڕاهێنراوە، بەدوای سووڕە ئاشتیخوازەکانیەوەیە و ئەو پەرتووکە بە ئیسلامی ڕاستەقینە دادەنێ. ئەو باوەڕپێکراوانەی سەر بۆ شەڕخوازی دادەنەوێنن و خۆیان لە کۆمەڵەکانیتر بە جیاواز دەناسن، لە لایەن بەشە شەڕخوازەکانی کتێبی قورئانەوە ڕادەکێشرێن.

بەڵام هەر وەك گوتمان: هەموو کەسێك لە ناو ئەو سوپێرمارکتەدا شت ناکڕێ. زۆربەی هەرەزۆری موسوڵمانان لە ڕێگای خوێندنەوە یا گوێ ڕاگریی ئاگاداری سووڕەکانی قورئانن. لەو ڕێگایانەوە هەست بە هەستێکی گەرم دەکەن کە ئەوان ئەندامی شتێکی مەزن و گەورەن یاخود پەیوەندایەتیان بە کارێکی ئیلاهییەوە هەیە و هەر بەو هۆیە ئاگاداری ئەوە نین کە ئایا ئەو نووسراوەیە بۆنی رق و کینەی لێ دێ، یاخود ئاشتیخوازانەیە. زۆربەی موسوڵمانان ئاگاداری ناوەڕۆکی نووسراوەکانی قورئان نین. هەروەها هەموو باوەڕپێکراوێك، ئیسلامییەکی ڕاستەقینە نییە.

هەروەك مەسیحییەکان یاخود باوەڕپێکراوانی ئایینەکانیتریش زۆربەی لایەنگرەکانیان ئاگاداری ناوەڕۆکی نووسراوەکانی ئایینەکەیان نین. زۆربەی موسوڵمانان هەڵس و کەوتێکی ئارام و بێ قرەی ئایینی وەك کاتۆلیك، یەهوودی، یا مەسیحیەکانیان هەیە. مرۆڤی ئۆرتۆدۆکس، نەریت خوازی خۆپارێز لە هەرکام لە ئایینە گەورەکان دا دەبینرێن.

مەسیحییەکان شەڕی خاچپەرەستی و فازی کۆلۆنیالیزمی خۆیان هەبووە، کە مرۆڤ دەتوانی بەکورتی بڵێ: "پرەنسیپی لە پێش هەمووشتێکەوە "شمشیر" و ئینجا پەرتووکی 'ئینجیل'". مەسیحییەکان وەپێش مێژووی چەند بەرەیی و جیابوونەوەی کلیساکانیان کەوتوون و بەپێی کات کارەساتی براکوژی و لێکهەڵبڕانیان کۆتایی پێ هێناوە و لە بزووتنەوەی گشتیدا هەمیسان یەکیان گرتۆتەوە، ئەگەرچی هێشتا بۆ گەیشتن بەو یەکیەتییە کارێکی زۆریان لە پێشە.

هەڵبڕانی سوونە و شیعە تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە و وێدەچێ کە فراکسیۆنی ئاشتی هەڵنەگر لە بەرانبەر یەکتردا هیچکات وەك ئەمڕۆ هێندە بە هێز نەبووبێت. شەڕی دژ بە بێدینان، کە بە پێی قورئان ئەو دەمە کۆتایی پێ دێ کە هەموویان توونا کرابن، نیزیکایەتی ئایینەکان نەگونجاو دەکات. تا ئەو کاتەی هێزە ئیسلامییەکان شەڕی جیهانیان لە مێشك دابێ و شەڕەکە بە ئەرکێکی ئیلاهی دابنێن، ئەو نیزیکییە هیچکات پێك نایەت و هیوای پێکەوە ژیانی پڕ لە ئاشتی و ئارامی هەموو مرۆڤ کوێر دەکرێتەوە.

بەڵام تاوانی ئەو رووداوە ناتوانین تەنیا لەسەر شانی قورئان دانێین. مرۆڤ ناشتتوانێ بە گشتی بڵێ کە ئیسلام ئایینێکی شەڕخوازانەیە. بەڵام بە ڕاشکاوییە مرۆڤ دەتوانێ بڵێ بەهۆی پرەنسیپی ڕاوێژکارانی ئەو ئایینەوە، بارودۆخێك هاتۆتە ئاراوە کە بەشێکی تایبەت لە سووڕەکانی قورئان گرنگایەتییەکی تایبەتیان پێدراوە و لەم ڕێگەیەوە زۆربەی سووڕە ئاشتیخوازەکانی بێ ڕەنگ و پووچەڵ کردۆتەوە.

ئەو کێشەیە ئەوەشی لێ زیاد دەکری کە پێشتریش باسمان لێوەکرد، ئەویش دانانی کتێبی قورئان نەك وەك تێکستێکی ئینسانی بەڵکوو وەك مانیفێستێکی ئیلاهی و گوتەی کۆتایی خودا کە بەسەر شوێن و کاتدا تێپەڕ دەبێ و گۆڕانی بەسەردا نایە. لەبەر ئەوە، بە بڕوای من ناتوانرێ نووسراوەی قورئان بەو شێوەیە سەیر بکرێت کە شێوازی پێشووی بوویەتی: حکوومەتی محەمەد و کۆمەڵەکەی، هەڵسو کەوتێك لەسەر رووداوەکان و بارودۆخی سەردەمی کاتیی خۆیەتی، وەك کۆمەڵێکی ئایینی تازەپیگەیشتوو.

ئەگەر مرۆڤ ئەو بۆچوونەی لەبەر چاو بێ، پەرتووکی قورئان دەتوانێ بەو شێوازە بە ڕوونی خۆی دەستەبەندی بکات:

- **بەشی بەڵگەیی،** کە خۆی بە پەروەردەکردنی کۆمەڵەکەی محەمەد و هەڵس و کەوت لە هەنبەر خەڵکانی مەککە، یەهوودی و تەنانەت بە ژنەکانی محەمەدەوە خەریك کردووە. ئەو بەشەی قورئان لە ڕاستیدا دەکرێ تەنیا لە کۆنتێکستی مێژوویی سەردەمی کاتیی خۆیدا بخوێندرێتەوە و لێی تێ بگەین، چونکە ناوەڕۆك و ڕوانگەی ئایینیەکەی لەسەر سروشتی سیاسی – مێژوویی سەردەمی خۆی ساغ بۆتەوە و نابێ هیچ کارتێکەرییەکی لەسەر ژیانی ئەمڕۆی موسوڵمانان هەبێ.

- **بەشی یاسایی،** کە بۆ دابینکردنی ئاسوودەیی، خۆشی ژیان و بەرگریی لە کۆمەڵی محەمەد و جار جارەش لەسەر وت و وێژ لەگەڵ دوژمنانی پێشووی ساغ بۆتەوە. ڕەنگە مێتودی بێ بەزەییانە بۆ تاوانی لەشیی دژبەران و بەجێ نەهێنەرانی یاساکان بۆ سەردەمی خۆی شتێکی ئاسایی بووبێ، چونکە لەو سەردەمەدا هێچ ئاڵترناتیوێکی تر بوونی نەبووە. بۆ وێنە پەڕینی دەستی مرۆڤ بەهۆی هەوڵی دزینی دوبارە، بۆ ئەو سەردەمە کە بەندیخانە بوونی نەبووە، بۆ ترساندنی مرۆڤ و پاراستنی ماڵ و دارایی شاروەندان بە کارێکی باش دانراوە. لەمڕۆدا وڵاتێك بە سیستەمی مافناسیی و یاساییەوە ئیمکانی زیاتری بۆ سزادانی مرۆڤی تاوانکار هەیە. لە ڕاستیدا ئەو سووڕانەی قورئانیش بۆ سەردەمی ئێستای ئێمە متمانە و ئیعتباری

خۆی لەدەست داوە و لە دنیای مودێڕندا ئیتر ناتوانن بۆ دابینکردنی ئارامی کارتێکەرییەکی ئەرێییان هەبێ. بە هەمان شێوە بۆ ئەو کەسانەی ئەڵکۆڵ دەخۆنەوە یاخود زینا دەکەن، مافی بنەماڵە، یان مافی میرات و سوود خۆری و هتد... ناکرێ یاسای ئەو سەردەمە بەکار بێنین. بۆ ئەو سەردەمە دانانی یاسای پەیوەندیدار لەگەڵ بارودۆخی تایبەت بە خۆ، پێویست بووە و زۆریش بێ بەزەییانە و دوور لە مافی مرۆڤ بوون. لەمڕۆدا لە هەرکام لە وڵاتانی مۆدێڕن - چەند ئایینیی و دێمۆکراتەکان هەوڵی پێکهێنانی کۆمەڵگایەك دەدرێ کە هەر مرۆڤێك بە هەر تایبەتمەندییەکەوە تێیدا هەست بە بەختەوەری بکات.

- **بەشی ئەدەبی،** کە خۆی بە گێڕاوەکان و چیرۆکی پێغەمبەرانی ناو کتێبی قورئان و هەروەها هەواڵ لەسەر خۆشیی بەهەشت و سووتانی جەهەننەمەوە خەریك کردووە، بە تامەزرۆییەوە داب و نەریتی سەدەی حەوتی وڵاتە عەرەبییەکان دەگێڕێتەوە. مرۆڤ نابێ ئەو مێژووە زۆر بە گرنگ دانێ، بەڵکوو تەنیا وەك گێڕاوەی سەیر بکات. عارفان دەمێکە چارەیەکیان بۆ دۆزیوەتەوە: ئەوان سووڕەکانی جەهەننەمیان لە قورئاندا ڕووحانی کردوە و بە شێوەی خوازتنەوە (استعارە) لێی تێ دەگەن. بۆ ئەوان جەهەننەمی ڕاستەقینە زیاتر بە جیابوونەوە لە خودا و بەرەنگاربوونەوە لە تاوانەکانیان دادەنێن.

- **بەشی گشتی ئەخلاقی،** پێکهاتووە لە دادپەروەریی، یەکڕوویی، یەکسانی، یەکیەتیی، بەفەرمی ناسین و سەلماندنی خوڵقاندن و بە گرنگ زانینی کاری ئەخلاقی و وەفاداریی. ئەو تایبەتمەندییانە بێ شك گرنگترین هاندەر بۆ ناسنامەی هەر مرۆڤێکن و تەنیا پەیوەندییان بە باوەڕپێکراوانی موسوڵمانەوە نییە. هەر کۆمەڵگایەکی بەکارهاتوو و کاریگەر لەم جیهانە جا هەر ئایین یا باوەڕێکیان هەبێ، کۆمەڵگاکەیان لەسەر ئەو تایبەتمەندییانە بونیات ناوە. ئەگەر عالمان و مامۆستایانی ئایینی زیاتر کاتی خۆیان بەو تایبەتمەندییانەوە خەریك کردبایە، بۆی هەبوو کۆمەڵەکانی ئەم جیهانە زیاتر لێك نیزیك ببانەوە.

- **بەشێ مەعنەوی سووڕەکان**، کە لەوێدا هەر مرۆڤێکی باوەڕدار سوکنایی و هیواداری تێدا دەدۆزێتەوە.

بەڵام مرۆڤ چلۆن هەڵس و کەوت لەگەڵ ئەو سووڕانە دەکات کە پەیوەندییان لەگەڵ محەمەد دا هەیە؟ لە ڕوانگەی منەوە ڕەخنەیەکی وشیارانە لەسەر گوتە و کردەوەی پێغەمبەر کارێکی یەکجار زۆر گرنگە. تەنیا بۆ ئەوەی گەنجانی موسوڵمان لە هەنبەر بەڵگەهێنانەوەی گرووپە ئیسلامیستە ڕادیکاڵەکان خۆیان ئامادە کردبێ. بەهۆی تەڵە دانان لە سەر ڕێی ئەو گەنجانەوە هەستی کەمیی ویژدانیان تێدا پەروەردە دەبێ کە گۆیا ژیانیان بە پێی گوتەکانی قوڕئان بەڕێوە ناچێ. ئەگەر گەنجانی موسوڵمان فێر بن بەشەکانی قوڕئان بە پێی کۆنتێکستەکەی تێ بگەن، نەک هەر دەتوانن باوەڕەکەیان ڕابگرن، بەڵکوو خۆیان بۆ تێگەیاندن و ڕوونکردنەوەی کەسانیتریش ئامادە بکەن.

پرسیارێکی هاوچەشن ئاڕاستەی هەڵس و کەوت لەگەڵ سووڕەکانی ئاشتی و شەڕخوازی ناو کتێبی قوڕئان دەکرێ. بە بڕوای من تێگەیشتن لە هەردووکیان دەبێ لە پەیوەندایەتیی لەگەڵ کۆنتێکستەکانیاندا سەیر بکرێن، هەر بەو هۆیەشەوە نەیانتوانیوە تا ئەمڕۆش ئیعتبارێکی گشتی بۆخۆیان پێکبێنن. لە قوڕئاندا تەنیا "ڕەش و سپی"، "دۆست و دوژمن"، و هەروەك بینیمان بەتایبەت دوژمنێك کە ناتوانن لەگەڵ محەمەد و کۆمەڵەکەی ژیانێکی هاوبەشیان هەبێ، بوونیان هەیە. دیارە ئەمڕۆ هۆگرییەك لە دنیای گلوبالیزە و ئاڵۆزی ئەمڕۆیی بوونی هەیە کە هەوڵی دابەشکردن دەدا، بەڵام ناتوانێ بە کردەوە کار بکات و سەرکەوتوو بێ. بەربەرەکانی سیاسی – ئابووری و کۆمەڵایەتیی وڵاتان لەسەر ئەم هەردە زۆر لەوە ئاڵۆزترن کە مرۆڤ بتوانێ شماتیکێکی ڕوون بۆ جیاکردنەوەیان بدۆزێتەوە. ئێمە لەمڕۆدا لە دنیایەکی چەند کولتووری - نەتەوەیی - ئایینیدا دەژین. پەرتووکی قوڕئان کە یەهوودی و مەسیحی بە کافر لە ئەژمار دێنێ، مەبەستی یەهوودی و مەسیحی و ئاتیستی ئەمڕۆیی نییە. ئەوان گرووپێکی تایبەت بە خۆیان بوون کە لە سەرەتاوە ڕەقیبی کاتیی محەمەد بوون و دواتر کێشە و شەڕیان لێ پەیدا بووە. پێغەمبەر لە ماوەی ٢٣ ساڵ حکوومەتیدا چەندین جار بۆچوون

و هەڵس و کەوتی خۆی بە پێی کۆنتێکست و بارودۆخ لە هەنبەر ئەو گرووپانەدا گۆڕیوە.

لەسەر ئەو بۆچوونە جیاوازانە، مرۆڤ تەنیا ئەو کاتە دەتوانێ خوی خەریك بکات، کە ئیلاهی بوونی تێکستەکانی ناو قورئان لە ژێر ڕەخنە دابنێ و یاخود لای کەم بێلایەنی بکا. ئەگەر ئەو کارە پێك نەیەت، خودا وەك کاتی بێ بن دەمێنێتەوە و هیچ گۆڕانکاریی و ڕێفۆرمێك پێك نایە. چونکە خودا پێویستیی بە کۆنتێکست نییە، گوتەکانی لە سەرووی کات و شوێنەوە وەستاون و ئەگەر لە پەرتووکی کۆتایی و سوورەی کۆتایی قورئاندا دەڵێ: **"بێ دینەکان بکووژن"** دەبێتە فەرمانێك بۆ هەموو سەردەم و کاتێك.

ئەگەر مرۆڤ بە پێچەوانە، تێکستەکانی ناو قورئان بە تێکستی ئینسانی دابنێ، دەتوانێ ئەو سووڕانەی کە لە پەیوەندیی لەگەڵ کۆنتێکستی مێژوویيدان، ڕێك و پێك بکا و سووڕە گشتییەکان کە هێزی ڕۆحیی دەجووڵێننەوە یا پەندی ئەخلاقیان بۆ مرۆڤ پێیە، بەرجەستە بکاتەوە. لەسەر پرسیاری شەڕ یاخود ئاشتی، ئەو نووسراوەیە نەك هیچ یارمەتیدەرێك بۆ مرۆڤ نییە، بەڵکوو سەر لە مرۆڤیش دەشێوێنێ. ئەگەر مرۆڤ بۆ سەلماندنی ڕوخساری ئاشتیخوازیی، بۆ تێگەیشتن لە ڕادەی ئیدیعای سیاسی کەڵك لە تێکستەکانی قورئان وەرگرێ، نووسراوەکە لە پلەیەکی باڵاتر دادەنرێ. بە هەمان شێوە ئەو تێگەیشتنە بۆ سەلماندنی ڕوخساری شەڕخوازی و خراپکاریش جێی باوەڕە ئەگەر مرۆڤ بەدوای سەلماندنی شەڕخوازی کەوتبێ. کتێبی قورئان تەیار بە دوو ڕوخساری ئاشتی و شەڕخوازییەوە، نە زۆر و نە کەم، هەوڵی پشتیوانیکردنی زۆرانبازیی محەمەد لەگەڵ دوژمنانی دەوروبەری بۆ پێکهێنانی ئایینێکی نوێ دەدەن. دروشمی "هەموو بێدینەکان بکووژن، جا لە هەر جێیەك تووشیان هاتن"، زیاتر پەیوەندی بە بیوگرافی پێغەمبەرەوە هەیە کە بەردەوام لە بارودۆخێکی پارانۆیادا دوژمنی لە دەوری خۆیدا بینیوە. چلۆن و چەند جار هەوڵی داوە فانتازیای هێزی تەواو و کامیلی خۆی بسەلمێنێ، کە بەهۆی نموونەکانی هەڵس و کەوتی لەهەنبەر یەهوودی و

مەسیحیەکانەوە ڕوون دەبێتەوە. ئەو کاتەی ئەو خەڵکانە نەیانویستووە پێغەمبەرییەکەی و ئاینێکی نوێ بسەلمێنن یاخود پشتیوانی لێ بکەن، لە پلەی ئایینی نموونە و مرۆڤی ئەهلی کتێبەوە بەرەو بێ دین و خەیانەتکار نەزمی کردوون.

پەرتووکی قورئان نەک هەر بەهۆی فۆڕمی وەحی کردنەوە، بەڵکوو بەهۆی بەڵگەی مێژوییشەوە، دانەبڕاو لە کەسایەتی محەمەد، بەردەوام چالاك بووە. تەنیا ئەگەر ئەو کاتەی مرۆڤ ئەو پەیوەندییەی ناسیوە و هەڵوێستی پەرتووکی قورئانی وەك دژەکردەوە لە بەرانبەر بارودۆخێکی تایبەتدا وێناکردووە، توانیویەتی ئەو نووسراوەیە لە لووتکەی ئیعتباری گشتی بێنێتەخوارەوە. ئەو کارە هەم بۆ موسوڵمان و هوم بۆ غەیری موسوڵمان وەك یەك وایە، چونکە ئەو کاتەی وڵاتانی ڕۆژئاواییش ڕەهەندێکی سیاسی بە قوڕئان دەدەن، مرۆڤ نابێ پێی سەیر بێ کە ئیسلامیستەکانیش بە قازانجی خۆیان کەڵکی لێ وەرنەگرن. بۆ ئەوان ئەو کتێبە، کە لە پەنا هەموو ڕوانگەکانیتریەوە شکۆ بە ئاگری شەڕ دەدا، ئیزنی بە کۆیلە کردنی ژن و منداڵ دەدا و بێزاری و نفرەت لە لایەنگری ئایینەکانیتر دەکات، وەك تەرح و نموونەیەکی شەڕخوازییە. بۆ خەڵکانیتری دنیاش "شۆڕشگێرانی نیقابدار دەبنە خوازەی ئیسلام".

یەکیان ئاوا یەك لایەنەیە، لە کۆتاییدا چەوت وهەڵە، وەك ئەویتریانە. ئەوە کورتکراوەیەکە، کە بۆ هەردووك لا زۆر ڕاحەت و ئاسوودەیە. ئاڵقەیەکی شەیتانیی کە زۆر چەتوون دەکرێ زەفەری بەسەردا بێنێ و لێی دەرباز بێ. یەکەم هەنگاو، دەبێ ئەوەبێ، کە کتێبی قوڕئان وەك نووسراوەیەکی سیاسی و یاسایی سەیر بکرێ. ئەو کتێبە فانتازی و ئاواتێکی سیاسی ناڕاستەقینەی خوڵقاندووە کە لەسەر شەیدایی پوختەکراو بونیات نراوە. لێرەدا تەنیا بە چەکی لێکۆڵینەوەی مێژوویی - ڕەخنەیی دەکرێ ناڕاستەقینەبوونی پووچەڵ بکرێتەوە. ئەو کارە تەنیا ئەو کاتە پێکدێ کە مرۆڤ بتوانێ مەودا لەو تێکست و نووسراوەیە بگرێ. وێناکردنی ئەو کتێبە وەك گوتەی خودا پێش بە لێکۆڵینەوە و پەرەسەندنی ناوەڕۆکی پەرتووکەکە دەگرێ بە تایبەت بۆ لێکۆڵێنەری موسوڵمان. هەڕەشەکردنی

فناتیکەکان و ترس لەوەی نەکا زیان بە هەستی باوەڕپێکراوان بگا، دیوارێکی قایمی پێکهێناوە کە سەرەڕای ئەوەی تێپەڕبوون لەو دیوارە زۆر ئاستەمە، سیمێکی چوکڵەداریشی بە دەوری تێکستەکەدا کێشاوە. ئەو دیوارە دەبێ بەهۆی زانست، ئازایەتی، ڕاست و دروستی و یەك ڕەنگییەوە بڕووخێنرێت.

ئورووپا ئەوکات توانی خۆی لە دۆڵپای هێزی ئایین و عەزابی سەدەی ناوەڕاست ڕزگار بکات کە فەرهەنگی پرسیارکردن بووە جێگری فەرهەنگی وەڵامدانەوە. شك، گومان و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی شۆڕشێکی زانستییان وەڕێخست کە هەموو دنیا بەهرەی لێ وەرگرت. سەرەڕای ئەوەش مەسیحییەت لەناو نەچوو، بەڵکوو تەنیا لە گۆڕەپانی سیاسیدا ئازاد کرا. یەك لە مەزنترین چالاکییە مودێرنەکان ئەوە بوو  مرۆڤیان لە بارودۆخێکی ئەوها دانا کە بتوانێ خۆی لە ژێدەر، ئایین و نەتەوە جیاکاتەوە و مەودای لێبگرێ، خۆی لەو بازنەیە بێنێتە دەرێ بۆ ئەوەی بتوانێ لە دوورەوە بە چاوی ڕەخناوییەوە سەیری بکات. لێرەدا مەبەست ئەوە نەبووە کە مانا و کۆنسێپتی ژێدەر، ئایین و نەتەوە ڕەد بکاتەوە، بەڵکوو بە شێوەی کەسیی خۆی لە هەنبەر کۆیلەتیی کۆمەڵایەتی، باوك سالاری و فناتیزم پارێزگاری بکات. تەنیا ئەو کەسەی بە شێوەی ڕەخناوی لەهەنبەر خۆی و کۆمەڵگا و مانا و کۆنسێپتی فەرهەنگ – ئایین هەڵس و کەوت بکا، دەتوانی بزانێ کە ئەم دنیایە تەنیا لە ڕەنگی ڕەش و سپی پێک نەهاتووە. دوو وشەی وەك باش و تووڕە، باوەڕدار و بی باوەڕ، ڕاستەقینە و ناڕاستەقینە، "ئەوان" و "ئێمە" بوونیان نییە. ئەوانە لە کۆمەڵگایەکی کراوەدا کە ئێمە پارێزگاری لێ دەکەین، ئیتر جێگایان بۆ نەماوەتەوە.

بەو هۆیەوە مرۆڤ دەبێ لە ئاڵمان و هەموو وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا نەهێڵێت تەوەری ئیسلام ببێتە کەرەستەیەك بۆ ڕاستەکان. ئەوە هاوکات بەو مانایەشە کە بە کراوەیی و ئازادی لەسەر کێشەکان باس و گفتوگۆ بکرێت. تاقمێکیانم لەم نووسراوەیەدا ئاماژە پێکرد. فۆندامینتالیزم، نەفرەت لە ژنان و ئازارگەیاندنی سێکسی، دژایەتی تێکەڵبوونی نەتەوەی جۆراوجۆر لە کۆمەڵگا، دروستکردنی کۆمەڵ لەناو کۆمەڵدا و هەروەها تیرۆر، چەند

نموونەی ئەو کێشانەن. بێدەنگیکردن و خۆفریودان کارەکەمان هێندەیتر لێ چەتوونتر دەکاتەوە و دەبێتە هۆی گرنگایەتی نەدان بە هەزاران باوەڕپێکراوی موسوڵمان لەم وڵاتانە کە ساڵیانی درێژە هەوڵی ژیانیکی پڕ لە ئارام و ئاشتییان داوە.

هەروەك چلۆن زۆربەی جار "بێدەنگیی زۆربەی مرۆڤی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی" جێی پرسیارە، ئێستاش "بێدەنگی زۆرینەی موسوڵمانان" بۆتە پرسیارێك. ئەوە ئیتر ڕەزامەندانە نییە کە دوای پێکدادان و تێرۆری ئیسلامیستەکان تەنیا بگوترێ: "ئەو کەسانە لە ئایینی ئیسلام خراپ کەڵك وەردەگرن و ئەوە ئیسلامی ڕاستەقینە نییە. ئەوان لە قورئان ناگەن و بە هەڵە لێی تێ گەییون. چونکە ... خودا ...".

ڕەخنەگران دەتوانن دژ بە قورئان هەر شتێك بنووسن، بەڵام ئەوە لەدەستی ڕەخنەگراندا نییە بەڵکوو تەنیا لە دەستی خودی موسوڵماناندایە بە چ شێوەیەك کەڵك لە پەرتووکی قورئان وەربگرن. ئەگەر بیانەوێ هەر وەك تا ئێستا ئەو کتێبە بە گوتەی خودا و نەگۆڕ دانێن و هەر ڕەخنەیەك بە سووکایەتی و هێرش بۆسەر هەستی کەسی خۆیان لە ئەژمار بێنن، ئەودەم بێ ئەوەی بیانەوێ پشتیوانیان لە ئیسلامیستە فناتیکەکان کردووە کە بە ناوی قورئان دەکووژن، ڕاوەدەنێن و کاری شەڕخوازی بەڕێوە دەبەن. بەڵام ئەگەر بیانەوێ کتێبی قورئان بۆ لێکۆڵینەوە و ڕەخنەلێگرتن ئازاد بکەن، ڕەنگە بەو هەڵوێستەیان شانسێك بە ڕێفۆرم و گۆڕانی ئایینەکەیان بدەن. بەو کارە خودی پەرتووکی قورئان ڕێفۆرمی بەسەردا نایە بەڵکوو شێوازی بیرکردنەوەی موسوڵمانان و هەڵس و کەوتەکانیان لە هەنبەر تێکستێکی پیرۆز و ئیلاهی گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

لە کتێبی قورئاندا هەردووك پەیامەکان بوونیان هەیە: "پەیامی خۆشەویستی" و "پەیامی ڕق و کینە". ئەوە تەنیا بڕیاری باوەڕپێکراوی موسوڵمانە کە بە کامیەك لەو پەیامانە ئیعتبار بدا. تڕۆریستەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە کارێکی ئازایانەیە، بە ناوی خودا و پێغەمبەر و قورئانەوە خۆیان بتەقێینەوە. بە بڕوای من زۆر لەوە ئازایانەتر دەبوو ئەگەر

موسوڵمانان کتێبە پیرۆزەکەیان لە ئاسمانەوە هێنابایەتە خوار و وەك تێکستێکی ئینسانی سەیریان کردبا. تەنیا بەو شێوەیە دەکرێ بۆ بەشی ئاشتیخوازیی ئەو کتێبە گوێگر پەیدا بکرێت.

بڕیارەکە تەنیا لای مرۆڤە. بە دڵنیاییەوە وەڵام سەبارەت بە داهاتووی ئایینی ئیسلام لە ئاسمانەوە ناکەونە خوارەوە!

تەواو